# نەوتی هەرێمی کوردستان

## شیکاریی، لێکدانەوەی ژمارەو داتاکان

دامەزراوەی میدیایی درەو

چاپی یەکەم
2023

NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

**ناوی کتێب:** نەوتی هەرێمی کوردستان... شیکاریی، ژمارەو داتاکان

**نوسین و ئامادەکردن:** دامەزراوەی میدیایی درەو

**دیزاینی ناوەڕۆک:** دامەزراوەی میدیایی درەو

**دیزاینی بەرگ:** دڵشاد شەهاب

**هەڵەچن:** نامیق ڕەسوڵ

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**چاپ:** سلێمانی، چاپی یەکەم، 2023

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (        )ی**

**ساڵی (2023)ی پێدراوە.**

## دامەزراوەی میدیایی درەو

دامەزراوەیەکی میدیایی ئەهلی ئازادە، پێکدێت لە سایتی درەو، بەشی سازدانی دیبەیت،بەشی ئامارو راپرسی، هاوکات ریکلام و راوێژکاری بواری هەڵبژاردن، ئەم دامەزراوەیە هەوڵێکە بۆ مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی و راگەیاندنی ئەهلییو ئازاد.

ئامانجەکانی دامەزراوەکە؛

1. بەرجەستەکردنی مۆدیلێکی نوێی کاری میدیایی ئەهلیی و سەربەخۆو ئازاد.
2. بەرەوپێشبردنی بنەماکانی دیموکراسییەت بە مەبەستی پێشکەشکردنی کاری رۆژنامەوانی بابەتیانە و سەربەخۆ و پیشەیی، لە پێناو دروستکردنی گوتاری عەقڵانی و دۆزینەوەی رایەڵەی هاوبەشیکردنی کار بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیانی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی .
3. چاودێریکردنی پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیی وەک ئەرکێکی بنەمایی دەسەڵاتی میدیا.

ناونیشانی سایت

سلێمانی – شەقامی سالم– تەلاری سالم– نهۆمی دووەم – شوقەی A3

NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY

SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

## National Endowment for Democracy

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە هەموو جیهاندا، کە لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆ دیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دوو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی (1983) دا، پێشەنگە لە تێکۆشانی دیموکراتییدا لە شوێنە جیاوازەکانداو گەشەیکردووە بۆ دامەزراوەیەکی فرە ڕەهەندو ئاراستەو بووەتە چەق بۆ چالاکی و ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوان و توێژەرانی بواری دیموکراتی لە جیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، دەبێت لە ڕێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتە دی، بەها دیموکراتییەکان لە ڕێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بە دیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات بە دووبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بە گوێرەی پێویستییەکان و دابونەریت و کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشە دەکات.

## ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................................................................... 11

چـــیرۆکی کەرتی نەوتی هەرێم ...ســـەرەتای دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردســـــتان.............................................................................. 13

یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان.............................................................. 19

قەبارەو دابەشـــبوونی جـــوگرافی و توانای بەرهەمهێنان و پشـــکی کۆمپانیا بیانییەکان ............................................................................................ 25

کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای هەولێر و توانای بەرهەمهێنانیان......................... 49

یەدەگی نەوتی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان..................... 55

کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای دهۆک و توانای بەرهەمهێنانیان ........................... 65

بلۆکە نەوتییەکانی سنوری گەرمیان ............................................................ 75

توانای کەرتی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان........................................... 83

غازی ســـروشتی هەرێمی کوردســـــتان... کارلێکە ناوخۆیی و هـــــەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ........................................................................................ 92

بۆری نەوتی هەرێم... بایەخ و خاوەندارێتی و کرێی گواستنەوەی نەوت .......... 105

پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان...................................................... 117

توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی سپی.................. 129

توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم لە بەرهەمهێنانی بەنزین ......................... 137

چنگی تورکیا لە نێو پرۆسەی نەوتی هەرێم ............................................... 143

چارەنوسی کەرتی نەوتی هەرێم لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی............... 153

ڕێوشوێنەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق......................................................... 159

ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان .............. 163

فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم لە 2021 دا ................................................... 173

**بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ ..........191**

**(دیلۆیت) کێیە و چۆن و بۆچی هاتە هەرێمی کودستان.................................197**

**نەوتی هەرێم لە سێ ئازاری (2020 – 2021 – 2022) دا............................205**

**هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022 .......................................213**

**پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق... زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی سەربەخۆ لە چارەکی یەکەمی 2022.........................................................................221**

**داهاتی نەوتی هەرێم و خەرجی موچە لە چارەکی یەکەمی 2022 ..................237**

**بەراوردکردنی داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم..............................243**

**حکومەتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022) دا بەرمیلێک نەوتی بە (15) دۆلار کەمتر لە نرخی جیهانی فرۆشتووە ........................................................................257**

**هەناردەی نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022 ..........................................269**

**نەوتی بارکراوی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022..........................................279**

**دیوی ناوەوەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت... پرۆسـەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022)دا...............................................................................................287**

**چنگی تورکیا لە کەرتی نەوتی هەرێمدا... لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا (252) ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیا تورکییەکان بووە.............................................................293**

**پرۆسەی نەوتی هەرێم لە هەردوو چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)دا ............297**

**پرۆسەی نەوتی هەرێم لە سێ تەموزی ڕابردوودا ............................................311**

**داهاتی نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ (6.85 ملیار) دۆلار بووە ........319**

**هەناردەو نەوتی بارکراوی هەرێم لە چارەکی سێیەمی 2022..........................325**

**هەناردە، نرخ، داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە (10) مانگی ڕابردوودا..........337**

**کۆمپانیای (DNO) لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان ......................................345**

**بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی گەنەڵ ئێنێرجی ...........................349**

**توانای بەرهەمهێنان لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ لە نیوەی یەکەمی 2022.....355**

گەشەی بەرهەمی نەوتی هەرێم لە هەردوو کێڵگەی (شێخان و تەق تەق)..........359
بەرهەم و داهاتی کێڵگەی نەوتی ئەتروش..........................................367
داتاکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لە چارەکی سێیەمی 2022...............375
بەرهەمهێنان لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ لە چارەکی سێیەمی 2022............381
هەناردە، نرخ، داهات، خەرجی و نەوتی بارکراوی هەرێم لە ساڵی 2022......385
گەشەی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نێوان ساڵی 2021 و 2022...........393
پوختەی بەهای نەوتی (عێراق و هەرێم) لە ساڵی (2022)دا.........................403
بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی گەنەڵ ئینێرجی تورکی لە ساڵی 2022..........411
بڕ و داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نیوەی دووەمی 2022........................421
پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا..................................................429
پوختەی بەهای نەوتی (عێراق و هەرێم) لە ساڵی (2022)دا.........................437
فرۆش و داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نێوان ساڵی 2021 –2022...........443
نەوت وەک سەرچاوەی سەرەکی داهاتی وڵاتانی نەوتی................................461
پرۆسەی نەوتی هەرێم (گرافیک)...............................................................473

## پێشەکی

پیشەسازی نەوت بایەخێکی ئێجگار گرنگی هەیە لەسەر ئاستی جیهان، رۆڵەکەی گەورەترە بۆ وڵات و ناوچەیەک کە خۆی بەشێک بێت لە بەرهەمهێنانی نەوت و پشکداربێت لە پڕکردنەوەی پێداویستی وڵاتانی بەکاربەری ئەو مادەیە.

لە هەرێمی کوردستانیش نزیکەی (30) ساڵێک دەبێت وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا بووە بە جێی سەرنجی لایەن یان چەند لایەنێکی سیاسی، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی و پاشان دەرکردنی یاسای نەوت غاز لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (2007)، بووە هۆی ئەوەی پرسەکە پێ بنێتە نێو دۆخێکی نوێوە، لەم (10) ساڵەی دوایی و دوای بڕینی زۆربەی قۆناغەکانی پرۆسەی (گرێبەست، گەڕان و پشکنین، دۆزینەوە و هەڵکەندن، دەرهێنان و هەناردەکردن)ی نەوت و دەستبردن بۆ ئابوری سەربەخۆو دەستکردن بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانەوە، پیشەسازی نەوت کەوتە سەر ڕێڕەوێکی تازە.

دۆسیەی نەوتی هەرێم هەمیشە لەگەڵ خۆیدا پانتاییەک لە مشتومڕی یاسایی، سیاسیی و ئابوریی لە ناوخۆی هەرێم و عێراق و زۆرجاریش لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هێناوەتە ئاراوە.

بەڵام هەرچۆن بێت ئێستا بۆ هەرێمی کوردستان دۆسییەی نەوت پرسێکی پڕ بەهایە، نزیکەی بۆ دەیەیەک دەچێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی زیاتر لە نیوەی، هەندێ جاریش سێ بەشی خەرجییەکانی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت.

بۆیە دامەزراوەی میدیایی درەو، لەپاڵ ئەرکی میدیایی خۆیدا بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) لە دەستپێکی ساڵی (2022)ەوە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ دۆسییەی نەوتی هەرێم تەرخان کردووە، بەردەوام بووە لە چاودێریکردنی پرۆسەکە لە (دەرهێنان، بڕی بەرهەمهێنان، کاری کۆمپانیاکان، پاڵپشتی پاڵاوگەکانی ناوخۆ، نادادی لە پەرەپێدان، هەناردەکردن، فرۆشتن و ساغکردنەوە، داهات و خەرجی...) زانیاری لە بارەیانەوە بڵاوکردووەتەوە، هاوکات لەو ماوەیەدا ئاوڕێکی لە ڕابردووی پرۆسەی نەوت داوەتەوە. لە ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی چڕ و پڕ زانیاری و داتا و ئاماری وردی لە بارەی تەواوی پرۆسەکە بڵاوکردووەتەوە.

ئەم کتێبە بەشێکە لەو هەوڵ و زانیارییانەی دامەزراوەی میدیایی درەو، کە ساڵی ڕابردوو بڵاوی کردوونەتەوە، چونکە شەفافییەت لە پرسی نەوتی هەرێمدا یەکێکە لەو ڕێچکانەی پرۆسەی ئابوری بەگشتی و بەدوای خۆشیدا پرۆسەی سیاسیی دەباتە سەر ڕێڕەوێکی دیموکراسیانەتر.

## چیرۆکی کەرتی نەوتی هەرێم ...سەرەتای دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

زیاتر لە سەد ساڵە نەوت لەم ناوچە جوگرافییەی کە بە هەرێمی کوردستان ناسراوە دۆزراوەتەوە، بەڵام ڕێگە لە پەرەپێدانی گیراوە تا دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی 1991، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1993 لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی (کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتییەکان) دەدرێت، ئەم کۆمیتەیە کاری هەوڵدان بووە بۆ دەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە ناوچەی تەق تەق و شیواشۆک، بۆ یەکەم جاریش بە شێوەیەکی سەرەتایی لە (1994/12/26) یەکەمین گاڵۆن نەوت لە بیرە نەوتی شیواشۆک دەهێنرا.

پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق و لە (2002/7/17) یەکەم گرێبەستی نەوتی لەلایەن حکومەتی هەرێم – ئیدارەی سلێمانی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەق تەق لەگەڵ کۆمپانیای (گەنەڵ ئینێرجی) ئیمزا کرا، کە یەکەمین گرێبەستی نەوتی بوو لە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی واژۆ کرابێت.

### یەکەم: دۆزینەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان

لەو ناوچە جوگرافییەی کە ئێستا بە هەرێمی کوردستان ناسراوە، لەمێژە کێڵگەی غازو نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، لە ساڵانی (1900) بەدواوە، کێڵگەی نەوت و غاز لە کەرکوک و چەمچەماڵ و قادر کەرەم (کۆرمۆر) دۆزراونەتەوە، پاشان لە ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و دوای ئەویش لە وڵاتانی کەنداو تونراوە نەوت بدۆزرێتەوە.

بەڵام بەهۆکاری سیاسیی ڕێگە لەوە گیراوە وەبەرهێنان لەم سەرچاوە سروشتییانەدا بکرێت بە تایبەتی لەم سنورە جوگرافییە، جگە لە کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک، سەرجەم ئەو کێڵگە

نەوتییانەی لەم سنورە بوون داپۆشران و تا نزیک لە ڕوخانی ڕژێمی بەعس هیچ وەبەرهێنانێکیان تێدا نەکرا.

ئەمە دەری دەخات نزیکەی سەدەیەک ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ڕێگربوون لەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە سودمەندبن لەم سەرمایە گرنگە، سەرباری ئەوە ڕێگە لەوە گیراوە زانیاریشی لەبارەوە بڵاوببێتەوە، بە تایبەت لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن جێگەیەکی ئەوتۆ بۆ ئەم سامانە گرنگ و نەتەوەییە نەکراوەتەوە تا خەڵکی زانیارییان هەبێت دەربارەی سامانێکی وەها گرنگ.

## دووەم: یەکەم هەوڵی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

لە پاش ڕاپەڕینی خەڵک لە باشووری کوردستان (باکوری عێراق) و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی نیمچە سەربەخۆ بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە، پرسی نەوتی کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک لە خەڵکانی شارەزای ناوخۆییەوە هەوڵی بۆ دراوە، هەوڵەکانیش سەرەتا بە نهێنی بوون، تا لە مانگی تشرینی یەکەمی (1993) لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی (کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتییەکان) دەدرێت، ئەم کۆمیتەیە کاری هەوڵدان بووە بۆ دەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە ناوچەی تەق تەق و شیواشۆک.

کۆمیتەکە لەلایەن ئەندازیاری نەوت (حەمە جەزا ساڵح) سەرپەرشتیکراوەو سەرۆک وەزیرانی ئەوکات (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) سەرۆکی کۆمیتەکە بووە. بە سوود وەرگرتن لەو پاشماوە ئاسنینانەی کە لە کارگەی شەکرەکە سلێمانی هەبوون، توانراوە پاڵاوگەیەکی بچوک دروستبکرێت و لە (1994/12/26) یەکەمین گاڵۆن نەوت لە بیرە نەوتی شیواشۆک دەردەهێنرێت، لە (28/ 12/ 1994) نمونەیەک لەو نەوتە دەبرێتە ئێران و لە تاقیگەکانی ئێراندا دەپشکنرێت و پاش ماوەیەک بە ئەنجامێکی ئەرێنییەوە دەگاتەوە کوردستان.

ئەم پاڵاوگەیە لە سەرەتای ساڵی (1995) دەست دەکات بە دەرهێنانی نەوت. بەرهەمەکەی دەبرێت بۆ کارگەکانی چیمەنتۆی سەرچنار و بازیان، بەشێکیش لە پێداویستییەکانی نەوت لە دەڤەری سلێمانی دابین دەکات، بە تایبەتی بۆ قوتابخانە و نەخۆشخانەکان لە بواری گەرمکردنەوەدا بەکاردەهێنرێت. هەندێک ئەم پاڵاوگە بچوکە بە سەرەتای دامەزراندنی پیشەسازی نەوت لە هەرێمی کوردستان ناودەبەن. بەڵام لەوکاتە بەدواوە بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکی پرۆسەکەو بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەیە پەکی کەوتووە، ئەوانیش؛
یەکەم؛ حکومەتی عێراقی (ڕژێمی بەعس) دژی بەرهەمهێنانی نەوت بووە لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: شەڕی ناوخۆو ململانێی یەکێتی و پارتی دەرفەتی نەداوە بە بەرەو پێشبردنی پرۆسەکە.

جارێکی ترو پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس، کە لە چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان، چەند کێڵگەیەکی نەوتی دۆزرابوونەوە وەکو ناوچەکانی (زاخۆ، تەق تەق و گەرمیان) و هەر لەم قۆناغەدا بوو هێشتا سەردەمی دوو ئیدارەیی هەولێر و سلێمانی بوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەند گرێبەستێکی نەوتی لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای نەوتی ئیمزا کرد. زۆرینەی ئەو بلۆکە نەوتییانەی گرێبەستیان لەسەر کرا، پێشتر نەوتیان تێدا دۆزرابوەوە یان بیری نەوتیان تێدا هەڵکەندرا بوو. یەکەمین گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە قۆناغی دوو ئیدارەیی هەولێر و سلێمانی ئیمزا کران. لەو پرۆسەیەشدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئیدارەی سلێمانی دەستپێشخەر بوو، بە پێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان تا ساڵانێکی درەنگتر و تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لە ساڵی (2003)دا، نەهاتە ژێرباری پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتەوە.

ساڵێک پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق و لە (2002/7/17) یەکەم گرێبەستی نەوتی لەلایەن حکومەتی هەرێم – ئیدارەی سلێمانی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەق تەق لەگەڵ کۆمپانیای (گەنەڵ ئینێرجی) تورکیی ئیمزا کرا، کە یەکەمین گرێبەستی نەوتی بوو لە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی واژۆ کرابێت.

هەر پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس بوو لە (2003/1/14) حکومەتی هەرێم – ئیدارەی سلێمانی دوو گرێبەستی دیکەی نەوتی بۆ کارکردن لە بلۆکەکانی شاکەل و پوولخانە لەگەڵ کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ) ئیمزا کرد. بەوەش ژمارەی گرێبەستەکانی ئیدارەی سلێمانی بۆ سێ گرێبەستی نەوتی هەڵکشا.

## سێیەم: دەرهێنانی نەوت لە پاش داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە لە عێراق و داگیرکردنی لەلایەن ئەمریکاوە، پاش ئەوەی گەمارۆی ئابوری لەسەر عیراق و هەرێمی کوردستان لابرا، تا ئەوکاتە تەنیا یەکێتی نیشتمانی لەڕێگەی ئیدارەی سلێمانییەوە دەستی بە ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای بیانییەکان کردبوو، بە ساڵێک دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، بۆ یەکەمجار پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕێگەی ئیدارەی هەولێرەوە دەستی بە ئیمزاکردنی چەند گرێبەستێکی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کرد.

له (2004/6/25) حکومەتی هەرێم – ئیدارەی هەولێر سێ گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی (تاوکێ، ئەربیل و دهۆک) لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر ئیمزا کرد. ئەوەش یەکەمین بەشداری ئیدارەی هەولێر بوو لە ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوتی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا.

هەر لە قۆناغی دوو ئیدارەیی هەولێر و سلێمانیدا، گرێبەستێکی دیکەی نەوت لە نێوان ئیدارەی سلێمانی و کۆمپانیای (وێسترن زاگرۆس) بۆ کارکردن لە کێڵگەی نەوتی کوردەمیر لە ڕێککەوتی (2006/5/4) ئیمزا کرا.

لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو کابینەی حکومەتی هەولێر و سلێمانی، حکومەتی هەرێم دەستی بە دەرهێنانی نەوت و پێشخستنی بواری پیشەسازی نەوت کرد. بە خێرایی پەرەدان بە کەرتی نەوتی هەرێم و گرێبەستی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت دەستپێکرد. چونکە ئەو گرێبەستانەی پێشوو بوون بە سەرەتایەک بۆ بلۆکبەندی کوردستان، پاشان لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە بارودۆخی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستان لە سایەی یەکگرتنەوەی حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی، لەلایەک. بوونی دەستورێکی نوێ لە عێراق لە لایەکی تر، ڕێگەی بۆ هەرێمی کوردستان خۆشکرد پرۆسەی نەوت پەرە پێبدات.

سەرەتای بەرفراوانبوونی کەرتی نەوت و غازی هەرێمیش لەوەوە دەستیپێکرد کە چوارچێوەی جوگرافی لە هەرێمی کوردستان بەسەر کۆمەڵە بلۆکێکی بچوک بچوک دابەشکرا کە ژمارەیان (48) بلۆک بوو لە (8) ناوچەی نەوتی هەرێمی کوردستاندا (دواتریش کرا بە (57) بلۆک)، ئەم دابەشکردنەش ئاراستەی سیاسەتی کۆمەڵە کۆمپانیاییەکی بیانی بۆ خۆی ڕاکێشا، لە یەک کاتدا بۆ پەرەپێدان و بوژانەوە و وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی هەرێم هاتنە پێشەوە.

لەساڵی (2006) وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، ساڵێک دواتر یاسای نەوت غاز لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندرا.

لێرە بەدواوە کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردو تا ساڵی (2014) دەیان کۆمپانیای گەورەو دیاری بواری نەوت، چەندین گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کرد. کە دیارترینیان کۆمپانیاکانی (گەنەڵ ئینێرجی، پیت ئۆیڵ، دی ئێن ئۆ، ویسترن زاگرۆس) بوو، لە دوای ساڵی (2009)ەشەوە (16) کۆمپانیای نوێ ڕویان لە هەرێمی کورستان کرد کە بە ناوبانگترینیان بریتی بوون لە

(کۆمپانیای دانە غاز، هانت ئۆیڵ، گۆڵف کیستۆن) دواتریش کۆمپانیاکانی وەک (ئیکسۆن مۆبیل، شیفرۆن، غازپرۆم) هاتنە نێو پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە.

کاری کۆمپانیاکان بەشێوەی جیاواز بۆ گەڕان و پشکنین و هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت بووە، تا ساڵی (2014) زیاتر لە (180) هەڵکەندن ئەنجام دراوەو بەپێی زانیارییەکان (55–60%) هەڵکەندنەکان ئەنجامی باشیان هەبووە.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/12) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9656

## سەرچاوەکان


1. د. قەیوان سوارە سیوەیلی، هەرێمی کوردستان و پرۆژەکانی غازی سروشتی، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، 2013.
2. مەسعود مەلا هەمزە. یەکەمین هەنگاوی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوتی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە. چاپخانەی هێڤی، هەولێر 2017.
3. ڕێبین فەتاح، چۆن نەوتی هەرێم کەوتە دەست کۆمپانیا پرۆپووچەکانەوە؟، پێگەی کوردستان تایمز؛
https://kurdistantimes.org/2020/09/03/%DA%86%DB%86%D9%86–%D9%86%DB%95%D9%88%D8%AA%DB%8C–%D9%87%DB%95%D8%B1%DB%8E%D9%85–%DA%A9%DB%95%D9%88%D8%AA%DB%95–%D8%AF%DB%95%D8%B3%D8%AA–%DA%A9%DB%86%D9%85%D9%BE%D8%A7%D9%86%DB%8C%D8%A7–%D9%BE%DA%95/
4. ئەردەڵان عەبدوڵڵا، نەوت نیعمەتە یان نەهامەتییە بۆ گەلان؟!: گەشتێکی کورت بەناو مێژووی خوێناوی نەوت لە جیهاندا، پێگەی مێژووی کورد هەروەها کوردستانی نوێ؛
http://www.historyofkurd.com/2020/06/22/%DA%AF%DB%95%D8%B4%D8%AA%DB%8E%DA%A9%DB%8C–%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AA–%D8%A8%DB%95%D9%86%D8%A7%D9%88–%D9%85%DB%8E%DA%98%D9%88%D9%88%DB%8C–%D8%AE%D9%88%DB%8E%D9%86%D8%A7%D9%88%DB%8C–%D9%86%DB%95%D9%88/
https://knwe.org/?p=35891

5. شهريار شيخلر، نمو قطاع النفط في إقليم كوردستان مقارنة بالعراق، موقع روداو؛
https://www.rudaw.net/arabic/business/09112018?fbclid=IwAR3PzEJqiSIAUdg5cvhOajbtpDnCJ3znr9e24WDS1jrS4R78Yo_yQDfeS8M

# یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان

بەپێی داتاکان، هەرێمی کوردستان خۆی دەخزێنێتە نێو ڕیزبەندی (10) لە گەورەترین وڵاتانی خاوەن یەدەگی نەوت لە جیهاندا بۆ ساڵی (2021)، لەدوای هەر یەک لە (فەنزوێلا، سعودییە، کەنەدا، ئێران، عێراق، کوەیت، ئیمارات، ڕوسیا و لیبیا)ەوە دێت و پلەی دەیەم دەگرێت، پێش هەریەک لە وڵاتانی (نایجیریا بە (37.1) ملیار بەرمیل، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە (36.5) ملیار بەرمیل، کازاخستان بە (30) ملیار بەرمیل و چین بە (25.5) ملیار بەرمیل) یەدەگەوە دەکەوێت.

## یەکەم: یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان

زانیاری جیاواز بەردەستە لە بارەی بڕو قەبارەی یەدەگی نەوتی هەرێم، بەڵام زانیارییە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2010)ەوە ئاماژە بەوە دەدەن کە (45) ملیار بەرمیلی خەمڵێندراو لە نەوتی یەدەگ لە هەرێمی کوردستاندایە، ئەم ژمارەیەش لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

هەر لەم بارەیەوە وەزیری پێشووی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (ئاشتی هەورامی) لە (19ی ئابی 2010) لە تەلاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت یەدەگی نەوت لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند؛ "(45) ملیار بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستان هەیە". جارێکی ترو لە (11ی تەموزی 2013) جەختی لەو ژمارەیە کردووەتەوەو بە ڕۆژنامەی حەیات–ی ڕاگەیاندووە؛ "یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستانی بە (45) ملیار بەرمیل خەمڵێندراوە" ئەمە جگە لە نەوتی ناوچە دابڕاوەکان.

لەم بارەیەوە (کەمال ئەتروشی) وەزیری ئێستای سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە (28ی حوزەیرانی 2021) لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ پەرلەمانتارانی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، لە وەڵامی پەرلەمانتاران لە بارەی یەدەگی نەوتەوە وتی؛

- کوردستان لەسەر حەوزی نەوتییە، کە لە کوردستان تا عومان درێژ دەبێتەوەو یەک حەوزی نەوتە.
- ئەم نەوتە (200) ملیۆن ساڵە جێگیر بووە و باشترین جێگەیە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و غاز.
- لە کوردستان یەدەگی نەوت تایبەتە و بەراورد ناکرێت بە یەدەگی نەوتی سعودییە و ئیمارات و عێراق، هەرچەندە یەک حەوزە.
- یەدەگی نەوتی هەرێم کەمبوەتەوە و ئێستا (١٠%)ی یەدەگی نەوتی عێراقە، هەر بۆیە یەدەگمان بەراورد ناکرێت بە یەدەگی نەوتی عێراق و کەنداو.
- یەدەگی نەوتی عێراق ١١٥ ملیار بەرمیلە، بەڵام لە کوردستان ئیشی لەسەر نەکراوە.
- توانای نەوتی کوردستان جیاوازە، ڕێژەی (52 تا 54%)ی نەوتی کوردستان لە دهۆکە و (40%)ی لە هەولێرە و (6 تا 10%)ی لە سلێمانییە.

بەڵام زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە قەبارەی یەدەگی نەوتی هەرێم زیاترە لە (45) ملیار بەرمیل، چونکە گەڕان و پشکنینی کۆمپانیاکان بۆ دۆزینەوەی نەوت بەردەوامەو زۆرجاریش گوێبیستی دۆزینەوەی بڕی زیاتری نەوت دەبین لە هەرێمی کوردستان بۆ نمونە؛

لە مانگی (ئابی 2010) دامەزراوەی نەوتی کۆریای باشوور پاش ئەوەی گرێبەستێکی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکرد و پاش سێ ساڵ گەڕان، دوو ناوچەی زۆر گەورەی لە شاری سلێمانی دۆزیەوە کە نەوتیان تێدایە، ئەوانیش بلۆکەکانی بازیان و سەنگاو بوون، ئەگەر چی ئەوکات بڕەکە ئاشکرا نەکرا بەڵکو باس لە بڕێکی زۆری یەدەگی نەوت دەکرا.

لە سەرەتای ساڵی (2011) کۆمپانیای (گۆڵف گیستۆن)ی بەریتانی کە لەهەرێمی کوردستان کاری دۆزینەوەی ئەنجام دەدا، رایگەیاند، ئەوان ئێستا نەوتی زیاتریان دۆزیوەتەوە لەو ناوچانەی کە کاری تێدا دەکەن. بەپێی لێکدانەوەی ئەو کۆمپانیایە بێت تەنها لە ناوچەی شێخان کە جێگەکەی دیاری نەکردبوو رایگەیاند "ئەوەی ئەوان تا ئێستا پێشبینیان کردووە (220) ملیۆن بەرمیل نەوتیان دۆزیوەتەوە"، (جۆن جێرسنتلاوەر) بەڕێوەبەری کۆمپانیای ناوبراو باسی لەوەکردووە، ئەوان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی نەوتەو ئەو ناوچەیەی ئەوان کاری تێدا دەکەن بەشێوەیەکی گشتی (2.2) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

لە (2012/11/9) ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز لەزاری (تۆم براتلی) وتەبێژی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بڵاویکردەوە، "کۆمپانیاکە بیرە نەوتێکی نوێی لە سنوری پارێزگای هەولێر

دۆزیوەتەوە،  کە یەدەگێکی نەوتی زۆری تێدایە بە نزیکەی (700) ملیۆن بەرمیل نەوت مەزەندە دەکرێت".

(د.بێوار خەنسی – راوێژکاری پێشوی ئاسایشی ئابوری) هەرێم لە ساڵی (2013) لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵ رایگەیاندووە؛ "هەرێم خاوەنی زیاتر لە (60) ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتە، بەڵام بەهۆی کەمی پشکنینەکان تا ئێستا هەبوونی (45) ملیار بەرمیل پشتڕاستکراوەتەوە".

هەروەها بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی ڕوداو لە (2013/5/30) بڵاوکراوەتەوە بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی–Bloomberg ی ئەمریکی: "هەردوو کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی تورکی و گۆڵف کیستۆنی بەریتانی بیرە نەوتێکی نوێیان لە پارێزگای دهۆک دۆزیوەتەوە." بەپێی راپۆرتەکە "کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی تورکی لە کێڵگەی نەوتی بەربەهاری لە پارێزگای دهۆک، بیرێکی نوێیان لێداوە و ئەنجامە سەرەتاییەکانی ئەو هەڵکەندنەش زۆر باش بووە و رۆژانە (2100) بەرمیل نەوتی خاو بەرهەم دەهێنێت".

هەر بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی ناوبراو لە کۆتاییەکانی ساڵی (2013)هەردوو کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کۆریای باشوور ناسراو بە (KNOC) و کۆمپانیای سویسری ئۆریکس کە کۆمپانیای سەرکارن، دۆزینەوەی نەوتی زیاتریان لە بلۆکی هەولێر راگەیاند، کە مەزەندەکراوە ئەو کێڵگەیە (600) ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگی لە خۆی گرتبێ.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان کە لە ساڵی (2015)دا بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە "هەرێمی کوردستان خاوەن (50) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی جێگیر و (80) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی ناجێگیرە".

لە (28ی تەموزی 2019) کۆمپانیای دانا غازی ئیماراتی کە لە کێڵگەی (کۆرمۆر) وەبەرهێنان دەکات ڕاگەیاند؛ کە "زیاتر لە (50) ملیۆن بەرمیل نەوتیان دۆزیوەتەوە بەمەش یەدەگی نەوتی کێڵگەکە بەرزتر دەبێتەوە".


جگە لەو دۆزینەوانە چەندین نمونەی دۆزینەوەی یەدەگی نوێی نەوتی لە کێڵگە جیاوازەکانی نەوتی هەرێم لەبەردەستن، هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە قەبارەی یەدەگی نەوتی هەرێم بڕێکی ئێجگار گەورەترە کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە.

## دووەم: پەدەگی هەرێم لە ڕیزبەندییە جیهانییەکاندا

ئەگەر هەر ئەو ئامارە وەربگرین کە لە سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی یەدەگی نەوتی هەرێم خراوەتەڕوو کە بە (45) ملیار بەرمیل خەملێندراوە، ئەوا بەپێی داتاکان، هەرێمی کوردستان خۆی دەخزێنێتە نێو ڕیزبەندی (10) لە گەورەترین ولآتانی خاوەن یەدەگی نەوت لە جیهاندا بۆ ساڵی (2021)، لەدوای هەر یەک لە (فەنزوێلا، سعودییە، کەنەدا، ئێران، عێراق، کوەیت، ئیمارات، ڕوسیا و لیبیا)ەوە دێت و پلەی دەیەم دەگرێت و پێش هەریەک لە ولآتانی (نایجیریا بە (37.1) ملیار بەرمیل، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە (36.5) ملیار بەرمیل، کازاخستان بە (30) ملیار بەرمیل و چین بە (25.5) ملیار بەرمیل) دەکەوێت لە یەدەگی نەوتدا. بڕوانە چارت و خشتەکە.

**ڕیزبەندی (10) ولآتی خاوەن گەورەترین یەدەگی نەوت/بەرمیل (پشتڕاستکراو)**
**ساڵی 2021**

| ز | ناوی ولآت و ناوچە | بڕی یەدەگی نەوت / بەرمیل |
|---|---|---|
| 1 | فەنزوێلا | 300,900,000,000 |
| 2 | سعودییە | 266,500,000,000 |
| 3 | کەنەدا | 169,700,000,000 |
| 4 | ئێران | 158,400,000,000 |
| 5 | عێراق + هەرێمی کوردستان | 142,500,000,000 |
| 6 | کوەیت | 101,500,000,000 |
| 7 | ئیمارات | 97,800,000,000 |
| 8 | روسیا | 80,000,000,000 |
| 9 | لیبیا | 48,400,000,000 |
| 10 | هەرێمی کوردستان | 45,000,000,000 |




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/19) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9720

## سەرچاوەکان


1. د. غالب محەمەد عەلی، نەوتی هەرێم: سیاسەتێکی ناحەکیمانە، ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان، (2015).
2. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، نەوت، تێڕوانین، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛
https://gov.krd/mnr/publications/%D9%86%DB%95%D9%88%D8%AA/
3. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی میدیاو زانیاری،وەزیری سامانە سرووشتییەکان: بۆ ئایندەی کوردستان، غاز گرنگە چونکە نەوت نامێنێت، 2021/6/29، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛
https://gov.krd/dmi/activities/news
4. یەدەگی نەوتی هەرێم بۆ 60ملیار بەرمیل بەرزدەبێتەوە، 2013/12/28، ماڵپەڕی فەرمی پی یو کەی میدیا؛
http://www.kurdiu.org/hawal/index.php?pageid=57949

5. گۆڵف کیستۆن نەوتی زیاتر لە هەرێمی کوردستان دەدۆزێتەوە، 2011/1/5، ماڵپەڕی کوردیو؛
https://www.pukmedia.com/KS/details/?Jimare=23308
6. سەمیع زوبێر، ئاشتی هەورامی: یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان 45 بلیۆن بەرمیلە، لە ڕۆژنامەی (حەیات) 2013/7/11، ماڵپەڕی ڕوداو؛
https://www.rudaw.net/sorani/business/11072013
7. نەوتی زیاتر لە بلۆکی هەولێر دۆزرایەوە، لە کۆریا تایمزەوە، 2013/11/10، ماڵپەڕی ڕوداوو؛
http://rudaw.net/sorani/business/101120132#sthash.IfEYbNTA.dpuf
8. بیرە نەوتێکی نوێ لە پارێزگای دهۆک دەدۆزرێتەوە، لە بلومبێرگەوە، 2013/5/30، ماڵپەڕی ڕوداو؛
https://www.rudaw.net/sorani/business/300520131
9. ئاشتی هەورامی: تا ساڵی 2014 دەتوانین رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکەین، 2010/8/19، ماڵپەڕی گوڵان؛
https://www.gulanmedia.com
10. دانة غاز تعلن عن أول اكتشاف نفطي في إقليم كردستان العراق وأكبر احتياطيات للغاز في العراق، موقع الرسمي للشركة؛
https://www.danagas.com/wp-content/uploads/2021/04/20190725-Reserves-KRI-Arabic.pdf
11. Oil Reserves by Country 2021, World Population Review, at the website;
https://worldpopulationreview.com/country-rankings/oil-reserves-by-country
12. Kurdistan Oil: The Past, Present and Future, The Kurdistan Project, at the website;
https://thekurdishproject.org/kurdistan-news/kurdistan-oil/


## قەبارەو دابەشبوونی جوگرافی و توانای بەرهەمهێنان و پشکی کۆمپانیا بیانییەکان
## لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ (57) بلۆکی گەڕان و پشکنین بۆ وەبەرهەهێنانی نەوت و گاز، کە دابەشبوون بەسەر پارێزگاکانی (پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی (21%)، پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (21%)، پارێزگای دهۆک بە سنوری پارێزگای موسڵ یشەوە (32%) و سنوری ناوچەی گەرمیان بە بلۆکەکانی سنوری ناوچە جێناکۆکەکانیشەوە (26%)) بلۆکەکانی بەردەکەوێت.
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە (56) بلۆکیاندا گرێبەستی لەگەڵ نزیکەی (40) کۆمپانیای بیانی کردووە، لە سەرجەم بلۆکەکاندا پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (20% – 25%) تێپەڕ ناکات.
لە هەرێمی کوردستاندا تەنها (9) بلۆکی نەوتی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان. کە (7) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای هەلێرەوە و ڕێژەی (92.7%) هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێم پێک دەهێنن.


### یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و غاز) کە (17) بلۆکیان کەوتوونەتە سنوری ناوچە جێناکۆکەکانەوە (بەلام لە سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان)، بە شێوەیەکی گشتی ئەو بلۆکانە بەسەر ناوچەو پارێزگاکانی هەرێمدا دابەشبوون بەجۆرێک (پارێزگای هەولێر (12) بلۆک، پارێزگای سلێمانی (12) بلۆک، پارێزگای دهوک بە سنوری پارێزگای موسڵ یشەوە (18) بلۆک و سنوری ناوچەی گەرمیان (15) بلۆک)ن. (بڕوانە چارتی ژمارە (1) و نەخشەی ژمارە (1))

**چارتی ژمارە (1)**




**نەخشەی ژمارە (1)**



**وردەکاری دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکان**

1. بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە قەزای زاخۆوەو بەگشتی ڕۆژهەلاتی قەزاکە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (594) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
2. بلۆکی سەنتەری دهۆک: باکوری شاری دهۆک و ناوەڕاستی پارێزگاکە دەگرێتەوەو ڕووبەرەکەی (600) کیلۆمەتر دووجایە.
3. بلۆکی سلێڤانی: لە پارێزگای دهۆک، خواروی قەزای زاخۆ تا سەر دەریاچەی موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە.
4. بلۆکی سندی– ئامێدی: لە پارێزگای دهۆک، ئەم بلۆکە قەزای ئامێدی و دەشتی سندی و باکوری قەزای زاخۆ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (2358) کیلۆمەتر دووجایە.
5. بلۆکی سەرسەنگ: لە پارێزگای دهۆک، ناحیەی سەرسەنگ و سوارەتوکەو باکوری خۆرهەلاتی دهۆک دەگرێتەوەو ڕووبەرەکەی (1085) کیلۆمەتر دووجایەو پێشبینی بڕی (2) ملیار یەدەگی نەوتی دەکرێت لەم بلۆکەدا.
6. بلۆکی بیر بەهر: لە پارێزگای دهۆک، باکوری شاری دهۆک دەگرێتەوە ڕووبەری (350) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی و گۆڵف کیستۆن بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
7. بلۆکی شێخ ئادی: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شاری دهۆک و باکوری شێخان و ڕووبەری (180) کیلۆمەتر دووجا دەگرێتەوە بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.
8. بلۆکی دهۆک: قەزای مەرکەزی دهۆک و باشووری شاری دهۆک و قەزای سیمێل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (162) کیلۆمەتر دووجایە. بڕی (2.2) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
9. بلۆکی ئەلقوش: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە خوارووی شاری دهۆک و ڕووبەرەکەی (331) کیلۆمەتر دووجایە.
10. بلۆکی ئەتروش: لە پارێزگای دهۆک، ناحیەی ئەتروش لە پارێزگای دهۆک دەگرێتەوە و ڕووبەری (269) کیلۆمەتر دووجایەو بڕی (3) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.
11. بلۆکی شێخان: لە پارێزگای دهۆک، قەزای شێخان دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (283) کیلۆمەتر دووجایەو یەدەگی نەوتی شێخان بە نزیکەی (10.5) ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت.
12. بلۆکی عەین سەفنی: ناوچەی عەین سەفنی لە ڕۆژهەلاتی موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەری (840) کیلۆمەتر دووجایە بڕی یەک ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
13. بلۆکی دینارتە: لە پارێزگای دهۆک، ناوچەی میرگەسورو بارزان و سەروی ئاکرێ و شیلادزێ دەگرێتەوە و (1139) کیلۆمەتر دووجایە.

14. بلۆکی ئاکرێ – بجیل: لە پارێزگای دهۆک، قەزای ئاکرێ و ناحیەی بجیل تا دەربەندی بێخمە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (889) کیلۆمەتر دووجایەو بڕی زیاتر لە یەک ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
15. بلۆکی ڕۆڤیا: لە پارێزگای دهۆک، سەرووی قەزای بەردەڕەش و خوارووی ئاکرێ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (517) کیلۆمەتر دووجایە و بەپێی زانیارییەکان بڕی (1) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
16. بلۆکی سارتا: لە پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە ڕۆژاوای ناحیەی مەسیف و خوارووی ئاکرێ و ڕووبەرەکەی (607) کیلۆمەتر دووجایە و بڕی (1) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
17. بلۆکی بەردەڕەش: لە پارێزگای دهۆک، قەزای بەردەڕەش دەگرێتەوە و ڕووبەری (265) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیت گروپ بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
18. بلۆکی باشیک: شارۆچکەی باشیک لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەگرێتەوە ڕووبەری (350) کیلۆمەتر دووجایە.
19. بلۆکی ئەربیل: دەکەوێتە باکوری خۆراوای هەولێرو ناوچەی بەستۆرەوە و ڕووبەری (313) کیلۆ مەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (1) ملیار بەرمیل دەکرێت.
20. بلۆکی هەولێر دەمیر داغ: شاری هەولێرو دەشتی هەولێر و ڕێگای مەخمور و ناحیەی کەڵەک دەگرێتەوە و ڕووبەری (1531) کیلۆمەتر دووجایە.
21. بلۆکی هەریر: لە پارێزگای هەولێر، ناحیەی هەریر و باکوری شەقڵاوە تا سۆران دەگرێتەوەو ڕووبەری (700) کیلۆمەترە، پێشبینی دەکرێت نزیکەی ملیارێک بەرمیل نەوتی تێدا بێت.
22. بلۆکی پیرمام: لە پارێزگای هەولێر، سەنتەری ناحیەی پیرمام و سەری ڕەش و سەربەن دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (180) کیلۆمەترە.
23. بلۆکی بێتواتە: لە پارێزگای سلێمانی، لە شارۆچکەی حاجیاواوە دەست پێدەکات و تا دەگاتە شارۆچکەی بێتواتە و بالیسان و ناوچەی خۆشناوەتی و ڕووبەرەکەی (650) کیلۆمەتر دوجایە.
24. چۆمان: لە پارێزگای هەولێرەوە، سەرەتا درا بە کۆمپانیای تورکش ئینێرجی، بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەو بلۆکە کشایەوە.
25. هندرێن: لە پارێزگای هەولێر، بە هەمان شێوەی بلۆکی چۆمان درا بە کۆمپانیای تورکش ئینێرجی، بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەم بلۆکەش کشایەوە.
26. بلۆکی شەکرۆک: لە پارێزگای سلێمانی، لە ناحیەی خدرانی دوکانەوە دەست پێدەکات تا نزیک شەقڵاوە ڕووبەرەکەی (418) کیلۆمەتر دووجایە.
27. بلۆکی سەفین: لە پارێزگای هەولێر، لە سەر چیای سەفینەوە تا هیزۆپ دەگرێتەوە ڕووبەری نزیکەی (500) کیلۆمەتر دووجایە.

28. بلۆکی بنه باوێ: له پارێزگای هەولێر، له دەربەندی گۆمەسپانەوە تا ناوچەی هیران و نازەنین دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (240) کیلۆمەتر دووجایە و زیاتر لە ملیارێک بەرمیل نەوتی تێدایە.
29. بلۆکی شۆڕش: له پارێزگای هەولێر، باکوری خۆرهەڵاتی هەولێرو ناحیەی دێگەڵە تا دەربەندی گۆمەسپان دەگرێتەوە و ڕووبەری (526) کیلۆمەتر دووجایە.
30. بلۆکی مەلائۆمەر: له پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی هەولێرەوە و ڕووبەرەکەی (285) کیلۆمەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (500) ملیۆن بەرمیل نەوت دەکرێت لەم بلۆکەدا.
31. بلۆکی قوشتەپە: له پارێزگای هەولێر، لە قوشتەپەی خوارووی هەولێرەوە دەست پێدەکات تا دوبزو پردێ و ڕووبەرەکەی نزیکەی (1180) کیلۆمەتر دووجایە.
32. بلۆکی قەڵادزێ: له پارێزگای سلێمانی، سەرجەم قەزای قەڵادزێ و بەری مەرگەو دەریاچەی دوکان و ڕانیە دەگرێتەوە نزیکەی (2000) کیلۆمەتر دووجایە.
33. بلۆکی خەلەکان: له پارێزگای سلێمانی، شارۆچکەی خەلەکان و چیای هەیبەت سوڵتان و بە شێک لە دەشتی کۆیە تا سەر زێی بچوک دەگرێتەوە و ڕووبەری (624) کیلۆ مەتر دووجایە بڕی (2.450) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
34. بلۆکی تەق تەق (کێوە چەرمەڵە): دەکەوێتە قەزای کۆیەو ناحیەی تەق تەق و ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵەوە، بڕی زیاتر لە یەک ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە، ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی زانیارییەکان بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
35. بلۆکی پیرەمەگرون: له پارێزگای سلێمانی، ڕۆژهەڵاتی ڕێگای دوکان –سلێمانی و بناری چیای پیرەمەگرون تا شارۆچکەی دوکان دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی زیاتر لە (730) کیلۆمەتر دووجایە.
36. بلۆکی میران: له پارێزگای سلێمانی، لە تاسڵوجەوە دەستپێدەکات ڕۆژئاوای ڕێگای دوکان –سلێمانی و بە شێک لە ناحیەی ئاغجەلەرو شارۆچکەی بازیان و سەیرانگای چەمی ڕەزان دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (1015) کیلۆمەتر دووجایە و دوو کێڵگەی گەورەی تێدایە میران ڕۆژهەڵات بڕی (1.637) ملیار بەرمیل نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە و میران ڕۆژئاوا بڕی (4.808) ملیار نەوتی تێدایە.
37. بلۆکی بازیان: له پارێزگای سلێمانی، چیای سەگرمەو خۆرئاوای حەوزی بازیان و شارۆچکەی تەکیە و بە شێک لە ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵ دەگرێتەوە ڕووبەری (473) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی نەوتی یەدەگی (1.178) ملیار بەرمیلە.
38. بلۆکی باکوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە باکوری ناحیەی سەنگاو لە قەزای چەمچەماڵ، ڕووبەری (492) کیلۆ مەتر دووجا دەگرێتەوە و بەپێی زانیارییەکان بڕی (6.163) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

39. بلۆکی تۆپخانە: لە ناوچەی گەرمیان، ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قادرکەرەم و ناوچەی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەری (945) کیلۆ مەتر دووجایە، بەپێی زانیارییەکان بڕی (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە سەرەڕای بڕێکی زۆری غاز.
40. بلۆکی تازە: لە ناوچەی گەرمیان، بەشێک لە سنوری ناحیەی نەوجول و خۆرئاوای ناحیەی قادرکەرەم دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە، پێشبینی بڕی (3) ملیار یەدەگی نەوت و بڕێکی زۆر غاز دەکرێت.
41. بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، قەزای دووزخورماتو ناحیەی جەبارەو ڕۆژهەڵاتی ئەو قەزایە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (529) کیلۆ مەتر دووجایە، بڕی (1.58) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
42. بلۆکی پێنجوێن: لە پارێزگای سلێمانی، لە ناوەندی شاری پێنجوێنەوە درێژدەبێتەوە تا سنوری وڵاتی ئێران و تا ئێستا هیچ وەبەرهێنانێک لەم بلۆکەدا نەکراوە.
43. بلۆکی ڕۆژهەڵاتی عەربەت: لە پارێزگای سلێمانی، ناوچەی سیوەیل و بەرزنجەو بە شێک لە شارەزوورو تا ناحیەی ناڵپارێز لە قە زای پێنجوێن دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە.
44. بلۆکی عەربەت: شاری سلێمانی و شاخی گۆیژەو ئەزمڕو ناحیەی عەربەت تا هەڵەبجەی تازە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (974) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی (1.177) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
45. بلۆکی بەرانان: لە پارێزگای سلێمانی، باشووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی و چیای بەرانان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەریاچەی دەربەندیخان و ڕووبەرەکەی (722) کیلۆمەتر دووجایە.
46. بلۆکی قەرەداغ: لە پارێزگای سلێمانی، ناوچەی قەرەداغ و خۆرهەڵاتی چیای سەگرمە و ڕۆژ ئاوای ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان و ڕووبەری ئەم بلۆکە (846) کیلۆمەتر دووجایە، بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (4.896) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.
47. بلۆکی باشووری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، سەنتەری ناحیەی سەنگاو و دەوروبەری دەگرێتەوە و ڕووبەری (846) کیلۆ مەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (2) ملیار بەرمیل نەوت دەکرێت و بڕی یەک تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی تێدایە.
48. بلۆکی کوردەمیر: لە ناوچەی گەرمیان، خوارووی ناحیەی سەنگاو و باکوری قەزای کەلار دەگرێتەوە و تا سەر ڕووباری سیروان و ڕووبەرەکەی (620) کیلۆمەتر دووجایە وبڕی (5.129) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.
49. بلۆکی گەرمیان: باکوری قەزای کەلارو ناحیەکانی باوەنورو سەرقەڵاو شێخ تەویل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (2120) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

50. بلۆكی شاكەل: لە ناوچەی گەرمیان، خواروی قەزای كەلار و ناحیەی ڕزگاری و قەزای كفری دەگرێتەوە ڕووبەرەكەی (832) كیلۆمەتر دووجایە، نزیكەی (2) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.
51. بلۆكی چیاسورخ: لە ناوچەی گەرمیان، دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان و ناحیەكانی قۆرەتوو مەیدان لە قەزای خانەقین دەگرێتەوە تا سنوری ئێران و ڕووبەری (938) كیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی سكۆتیا كاپیتاڵ بڕی (5.656) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.
52. بلۆكی كۆرمۆر:
- لە ناوچەی گەرمیان، دەكەوێتە ناحیەی قادركەرەمی سەر بە قەزای چەمچەماڵەوە و ڕووبەرەكەی (510) كیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە (2) تریلیۆن مەتر سێجا غازی تێدایە.
- بلۆكی كۆرمۆر 2: لە ناوچەی گەرمیان، بلۆكێكی جیا كراوەیە لە بلۆكی كۆرمۆری ناحیەی قادركەرەم و نزیكەی (300) كیلۆ مەتر دووجایە بڕێكی زۆر یەدەگی غازو نەوتی هەیە.
53. بلۆكی چەمچەماڵ: لە ناوچەی گەرمیان، لەزێ ی بچوكەوە تا سەر ڕووباری باسەڕە درێژ دەبێتەوە و تا شاری چەمچەماڵ ڕووبەرەكەی (1169) كیلۆمەتر دووجایە.
54. بلۆكی قەرەهەنجیر: لە ناوچەی گەرمیان، دەكەوێتە نێوان چەمچەماڵ و كەركوكەوە، ناوچەی شوان و ناحیەی قەرەهەنجیرو ناحیەی تەكیەی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەرەكەی نزیكەی (1200) كیلۆمەتر دووجایە، پێشبینی بڕی (5 بۆ 10) ملیار بەرمیل نەوت دەكرێت.
55. بلۆكی خورمەڵە: لە پارێزگای هەولێر، دەكەوێتە باشووری خۆرئاوای هەولێرەوەو درێژكراوەی كێڵگەی كەركوكە كە هەردوو ناوچەی خورمەڵەو ئاڤانەی خورمەڵە دەگرێتەوە.
56. بلۆكی هەڵەبجە: لە پارێزگای سلێمانی، دەكەوێتە سنوری هەڵەبجەی شەهیدەوەو ڕووبەرەكەی نزیكەی (1000) كیلۆمەتر دووجایەو ناحیەكانی خورماڵ و سیروان و بیارەو گلێجاڵ و سەنتەری قەزای هەڵەبجەو بەشێكی سەیدسادق دەگرێتەوە بڕی (650) ملیۆن بەرمیل نەوتی خەملێندراوی تێدایە.
57. بلۆكی جەبەل كەند: باكوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەری (400) كیلۆمەتر دووجایە.

## دووەم: كۆمپانیا بیانییەكان لە هەرێمی كوردستان

حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی (2002)ەوە دەستی بە گرێبەستی نەوتی كردووە لەگەڵ كۆمپانیا بیانییەكان، تا ساڵی (2013) ژمارەی كۆمپانیاكان لە هەرێمی كوردستان بە مەبەستی

پەرەپێدانی کەرتی نەوتی هەرێم گەیشتون بە نزیکەی (40) کۆمپانیا ، لەم خشتەیەی خوارەوە دیارترین ئەو کۆمپانیایانەو بارەگای سەرەکییان دەخەینەڕوو (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

خشتەی ژمارە (1)

کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان

| سالٌی دامەزراندن | بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکان | کۆمپانیاکان |
|---|---|---|
| 1994 | چین – پەکین | *Addax Petroleum* |
| 2004 | لەندەن – بەرتانیا | *Afren* |
| 1879 | کالیفۆرنیا – ویلایەتە یەکگرتووەکان | *Chevron* |
| 1971 | شاریقە – ئیمارات | *Crescent Petroleum* |
| 2005 | شاریقە – ئیمارات | *Dana Gas* |
| 1971 | ئۆسلۆ – نەرویج | *DNO* |
| 1999 | تەکساس – ویلایەتە یەکگرتووەکان | *ExxonMobil* |
| 1960 | ئیتالیا | *Gas Plus Khalakan* |
| 1995 | سان پترس بۆرگ – ڕوسیا | *Gazprom Neft* |
| 2011 | لەندەن – بەرتانیا | *Genel Energy* |
| 2001 | هاملتۆن – بەریتانیا | *Gulf Keystone* |
| 1933 | نیویۆرک – ویلایەتە یەکگرتووەکان | *Hess* |
| 1934 | دالاس – ویلایەتە یەکگرتووەکان | *Hunt Oil* |
| 1999 | هەولێر – هەرێمی کوردستان | *Kar Group* |
| 1979 | ئولسان – کۆریای باشور | *KNOC* |
| 1887 | تەکساس – ویلایەتە یەکگرتووەکان | *Marathon Oil* |
| 1991 | بۆدابست – هەنگاریا | *MOL* |
| 1944 | ئەکنسا – ویلایەتە یەکگرتووەکان | *Murphy Oil* |
| 2010 | کۆلۆرادۆ – ویلایەتە یەکگرتووەکان | *NewAge* |
| 1929 | بابوا – غینیا | *Oil Search* |
| 1956 | ڤییەننا نەمسا | *OMV* |
| 2010 | کالجاری – کەنەدا | *Oryx Petroleum* |
| 1975 | لەندەن – بەرتانیا | *Perenco* |
| 2003 | ئیرلەندا | *Pertroceltic* |
| 1990 | ئەنکەرا – تورکیا | *Petoil* |
| 2003 | ئیرلەندا | *Petroceltic* |

| | | |
|---|---|---|
| Petroquest Energy | لویزیانا – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1983 |
| Repsol | مەدرید – ئیسپانیا | 1987 |
| Shamaran | ڤانکۆڤەر، کەندا | 1991 |
| Talisman | کالگەری – کەنەدا | 1992 |
| TAQA | ئەبو زەبی – ئیمارات | 2005 |
| Texas Keystone | پەنسلڤانیا – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1988 |
| Total | کوربفوا – فەرەنسا | 1924 |
| WesternZagros | کالگەری – کەنەدا | 2003 |

## سێیەم: پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتی و غازییەکانی هەرێمی کوردستاندا

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ (57) بلۆکی گەڕان و پشکنین بۆ وەبەرهەهێنانی نەوت و غاز، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە (56) بلۆکیاندا گرێبەستی لەگەڵ نزیکەی (40) کۆمپانیای بیانی کردووە، لە سەرجەم بلۆکەکاندا پشکی هەرێمی کوردستان لە (20% – 25%) تێپەڕ ناکات. بەم جۆرە؛ (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و نەخشەی ژمارە (2))

1. بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، (55%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (25%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی و (20%) پشکی (کیپکۆ)یە کە خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم کوردستان.
2. بلۆکی سەنتەری دهۆک: پشکەکانی (50%) دراوەتە (مۆرفی ئۆیڵ)ی ئەمریکی و (30%) پشکی (پیترۆکویست ئێنێرجی)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
3. بلۆکی سلێڤانی: لە پارێزگای دهۆک، پشکەکانی (80%) دراوەتە (پیترۆکویست ئێنێرجی)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
4. بلۆکی سندی– ئامێدی: لە پارێزگای دهۆک؛
   (a) ڕۆژهەڵات: پشکەکانی (30.94%) دراوەتە (پرینکۆ) و (25.31%)ی پشکی (ئۆریکس پیترۆلیۆم) و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (18.75%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.
   (b) ڕۆژئاوا: بە کراوەیی ماوەتەوە.

5. بلۆکی سەرسەنگ: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (56.25%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئینەرجی) و پشکی (18.75%)ی دراوەتە (مارسۆن ئۆیڵ) و پشکی (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
6. بلۆکی بیر بەهر: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (40%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی و پشکی (40%)ی دراوەتە (گوڵف کیستۆن)ی بەریتانی و پشکی (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
7. بلۆکی شێخ ئادی: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (80%)ی دراوەتە کۆمپانیای (گوڵف کیستۆن)ی بەریتانی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
8. بلۆکی دهۆک: پشکەکانی (40%) دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) و(40%) و پشکی (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە..
9. بلۆکی ئەلقوش: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (80%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە..
10. بلۆکی ئەتروش: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (39.9%)ی دراوەتە (تاقە) و (20.1%)ی پشکی شاماران پیترۆلیۆم و (15%)ی دراوەتە (مارسۆن ئۆیڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
11. بلۆکی شێخان: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (51%) دراوەتە کۆمپانیای گوڵف کیستۆن و (13.6%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری و پشکی (3.4%)ی دراوەتە (تەکساس کیستۆنی) ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (12%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر..
12. بلۆکی عەین سەفنی: پشکی (60%)ی دراوەتە کۆمپانیای (هەنت ئۆیڵ)ی ئەمریکی و پشکی (20%)ی دراوەتە (ئافرین) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
13. بلۆکی دینارتە: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (64%)ی دراوەتە کۆمپانیای (هیسس گروپ) و (16%)ی دراوەتە کۆمپانیای (پیترۆسێڵتیک) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
14. بلۆکی ئاکرێ بجیل: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (51.2%) دراوەتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵی هەنگاری) و (12.8%) دراوەتە (گۆڵف کیستۆن) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (16%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.
15. بلۆکی ڕوڤیا: لە پارێزگای دهۆک، (شیفرۆن)ی ئەمریکی پشکی (60%)ی کڕیوە لە کۆمپانیای (ڕایەڵانس ئیندستریس)ی هندی و (15%)ی پشکی (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
16. بلۆکی سارتا: لە پارێزگای هەولێر، کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی (60%)ی پشکەکانی لە کۆمپانیای (ڕایەڵانس ئیندستریس)ی هیندی کڕیوە و (ئۆ ئێم ڤی)ی نەمساوی پشکی (15%)ی هەیەو (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

17. بلۆکی بەردەڕەش: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (60%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئافرین) و پشکی (20%)ی دراوەتە (کۆمیت گروپ) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
18. بلۆکی باشیک: لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، پشکی (80%)ی دراوەتە (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
19. بلۆکی ئەربیل: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (نیو ئەیج) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
20. بلۆکی هەولێر دەمیر داغ: لە پارێزگای هەولێر، (65%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆریکسی پیترۆلیۆم) و (15%)ی (کەی ئێن ئۆ سی)ی کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
21. بلۆکی هەریر: لە پارێزگای هەولێر، پشکەکانی (45%)ی دراوەتە (ماراسۆن ئۆیڵ) و (35%) ی دراوەتە کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەڕەنسی و و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
22. بلۆکی پیرمام: لە پارێزگای هەولێر، (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە..
23. بلۆکی بێتواتە: (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
24. چۆمان: لە پارێزگای هەولێر، سەرەتا درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (80%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەو بلۆکە کشایەوە.
25. هەندرێن: لە پارێزگای هەولێر، بە هەمان شێوەی بلۆکی چۆمان درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (80%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەو بلۆکە کشایەوە.
26. بلۆکی شەکرۆک: لە پارێزگای سلێمانی، پشکی (64%) دراوەتە کۆمپانیای (هیسس) و (16%) بۆ (پیترۆسیڵتیک) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
27. بلۆکی سەفین: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (35%) دراوەتە کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەڕەنسی و پشکی (45%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ماراسۆن ئۆیڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
28. بلۆکی بنەباوێ: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (44%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی و پشکی (36%)ی دراوەتە (ئۆئێم ڤی) نەمساوی و و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
29. بلۆکی شۆڕش: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (75%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
30. بلۆکی مەلا ئۆمەر: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (75%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە..

31. بلۆکی قوشتەپە: لە پارێزگای هەولێر، (80%)ی پشکەکانی دراوەتە (کەی ئێن ئۆ سی)ی کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
32. بلۆکی قەلادزێ: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی (80%)دراوەتە کۆمپانیای (ڕیپسۆل) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە..
33. بلۆکی خەلەکان: لە پارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (غاز پڵەس) (40%) تورکش ئینتیتی (40%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
34. بلۆکی تەق تەق (کێوە چەرمەلە): پشکەکان کۆمپانیای (ئەداکس پیترۆلیۆم) (36%) و (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی (44%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
35. بلۆکی پیرەمەگرون: لە پارێزگای سلێمانی، پشکی (80%) دراوەتە کۆمپانیای (ڕیپسۆل) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
36. بلۆکی میران: لە پارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان بڕی (75%) دراوەتە (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە...
37. بلۆکی بازیان: لە پارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (کەی ئێن ئۆ سی) کۆری (80%) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
38. بلۆکی باکوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی ئەم بلۆکە سەتەر لینگ ئینێرجی ئەمریکی (40%) و ئەداکس هاوبەشی کەنەدی و سویسری (20%و20%) (کەی ئێن ئۆ سی) کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
39. بلۆکی تۆپخانە: لە ناوچەی گەرمیان، پشکەکانی (60%) دراوەتە (تالیسمان ئینێرجی) کەنەدی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.
40. بلۆکی تازە: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (ئۆیڵ سێرچ)ی ئوسترالی و پشکی (20%) دراوەتە تۆتاڵی فەرەنسی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
41. بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (شاماران پیترۆلیۆم) و (20%) پشکی (پیت ئۆیڵ)ی تورکیە و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
42. پێنجوێن: لە پارێزگای سلێمانی، بە کراوەیی ماوەتەوە.
43. بلۆکی ڕۆژهەڵاتی عەربەت: لە پارێزگای سلێمانی، (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
44. بلۆکی عەربەت: لە پارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (شاماران پیترۆلیۆم) (60%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

45. بلۆکی بەرانان: لە پارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (تالیسمان)ی کەنەدی (60%) کۆمپانیای (مورفی) (20%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
46. بلۆکی قەرەداغ: لە پارێزگای سلێمانی، (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە..
47. بلۆکی باشوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (60%)ی دراوەتە (کەی ئێن ئۆ سی)ی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.
48. بلۆکی کوردەمیر: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (40%)ی دراوەتە (ویسترۆن زاگرۆس)ی کەنەدی و (40%)ی پشکی (تالیسمان ئێنێرجی) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
49. بلۆکی گەرمیان: پشکی (40%)ی کۆمپانیای (غاز پرۆم) لە کۆمپانیای (تالیسمانی کرێوە) و پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ویسترۆن زاگرۆس) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
50. بلۆکی شاکەل: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (80%)ی کۆمپانیای (غاز پرۆم) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
51. بلۆکی چیاسورخ: لە ناوچەی گەرمیان، کۆمپانیای (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی (60%) پشکەکانی لە کۆمپانیای (لۆنگفۆرد ئێنێرجی) کرێوە و (پیت ئۆیڵ) خاوەنی (20%)ی پشکەکانەو (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
52. بلۆکی کۆرمۆر: لە ناوچەی گەرمیان، (دانە غاز) و (کریسنت ئۆیڵ) بڕی یەک ملیار دۆلاریان تێدا وەگەڕخست، ئێستا بە بۆریەکی (181) کیلۆمەتری تیرە (24) ئینج غاز دەگەیەنرێتە وێستگە کارەباییەکانی چەمچەماڵ و هەولێر و دهۆک. کومپانیای (دانە غاز) بە بڕی (750) ملیۆن دۆلار (10%)ی پشکەکانی فرۆشت بە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری و (دانە غاز) خاوەنی (40%) و (کریسنت ئۆیڵ) (40%)و (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی (10%) و (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری (10%).
53. بلۆکی چەمچەماڵ: لە ناوچەی گەرمیان، هەریەک لە (دانە غازو کریسنت ئۆیڵ) وەبەرهێنانی تێدا دەکەن.
54. بلۆکی قەرەهەنجیر: لە ناوچەی گەرمیان، (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
55. بلۆکی خورمەڵە: لە پارێزگای هەولێر ئەم کێڵگەیە لەلایەن (گروپی کار)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پشکەکانی (100%) دراوەتە کیپکۆ.
56. بلۆکی هەڵەبجە: لەپارێزگای هەڵەبجە، (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (غاز پرۆم) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە...

57. بلۆکی جەبەل کەند: لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، سەرەتا درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (40%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) (40%) مایەوە بۆ لایەنی تر.بەڵام دواتر کۆمپانیا تورکییەکە لەو بلۆکە کشایەوە.

**خشتەی ژمارە (2)**

**پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتی و غازییەکانی هەرێمی کوردستان**

| بلۆکە کانزاییەکان | ناوی بلۆکەکان | کارکردن لە بلۆکەکان، پشکی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکان |
|---|---|---|
| BLOCK 1 | TAWKE | DNO (55%) & Genel Energy (25%) & KRG Back–in interest (20%) |
| BLOCK 2 | CENTRAL DOHUK | Murphy Oil (50%) & Petroquest Energy (30%) & KRG Back–in interest (20%) |
| BLOCK 3 | SULEVANI | Petroquest Energy (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| BLOCK 4(A) | SINDI–AMEDI EAST | Perenco (30.94%) & Oryx Petroleum (25.31%) & KRG Back–in interest (25%) & (18.75%) Net third–party interest |
| BLOCK 4(B) | SINDI–AMEDI WEST | Open licence |
| BLOCK 5 | SARSANG | HKN Energy (56.25%) & Marathon Oil (18.75%) & KRG Back–in interest (25%) |
| BLOCK 6 | BER BAHAR | Genel Energy (40%) & Gulf Keystone (40%) & KRG Back–in interest (20%) |
| BLOCK 7 | SHEIKH ADI | Gulf Keystone (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| BLOCK 8 | DOHUK | DNO (40%) & Genel Energy (40%) & KRG Back–in interest (20%) |
| BLOCK 9 | AL QUSH | ExxonMobil (80%) & KRG Back–in interest (20%) |

| | | |
|---|---|---|
| ***BLOCK 10*** | ATRUSH | TAQA (39.9%) & Shamaran (20.1%) & Marathon (15%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 11*** | SHAIKAN | Gulf Keystone (51%) & MOL (13.6%) & Texas Keystone (3.4%) & KRG Back–in interest (20%) & (12%) Net third–party interest |
| ***BLOCK 12*** | AIN SIFNI | Hunt Oil (60%) & Afren (20%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 13*** | DINARTA | Hess (64%) & pertoceltic (16%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 14*** | AKRI–BILEEL | MOL (51.2%) & Golf Keystone (12.8%) & KRG Back–in interest (20%) & (16%) Net third–party interest |
| ***BLOCK 15*** | ROVI | Chevron (60%) & OMV (15%) & KRG Back–in interest (25%) |
| ***BLOCK 16*** | SARTA | Chevron (60%) & OMV (15%) & KRG Back–in interest (25%) |
| ***BLOCK 17*** | BARDA RASH | Afren (60%) & Komet Group (20%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 18*** | BAESHIQA | ExxonMobil (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 19*** | ERBIL | DNO (40%) & NewAge (40%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 20*** | HAWLER | Oryx Petroleum (65%) & KNOC (15%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 21*** | HARIR | Marathon Oil (45%) & Total (35%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 22*** | PIRMAM | ExxonMobil (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 23*** | BETWATA | ExxonMobil (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 24*** | CHOMAN | Turkish entity (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 25*** | HINDREN | Turkish entity (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 26*** | SHAKROK | Hess (64%) & Petroceltic (16%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 27*** | SAFEEN | Marathon Oil (45%) & Total (35%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 28*** | BINA BAWI | OMV (36%) & Genel Energy (44%) & KRG Back–in interest (20%) |

| | | |
|---|---|---|
| ***BLOCK 29*** | SHORISH | OMV (75%) & KRG Back–in interest (25%) |
| ***BLOCK 30*** | MALA OMAR | OMV (75%) & KRG Back–in interest (25%) |
| ***BLOCK 31*** | QUSH TAPPA | KNOC (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 32*** | QALA DZE | Repsol (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 33*** | KHALAKAN | Gas Plus Khalakan (40%) & Turkish entity (40%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 34*** | TAQTAQ–KEWA CHARMILA | Genel Energy (44%) & Addax Petroleum (36%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 35*** | PIRMAGRUN | Repsol (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 36*** | MIRAN | Genel Energy (75%) & KRG Back–in interest (25%) |
| ***BLOCK 37*** | BAZIAN | KNOC Bazian (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 38*** | SANGAW NORTH | Sterling Energy (40%) & Addax anad Knoc (20% & 20%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 39*** | TOPKHANA | Talisman (60%) & KRG Back–in interest (20%) & (20%) Net third–party interest |
| ***BLOCK 40*** | TAZA | Oil Search (60%) & Total (20%) & KRG Back–in interest (20%) & (20%) Net third–party interest |
| ***BLOCK 41*** | PUKHANA | Shamaran (60%) & Petoil (20%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 42*** | PENJWIN | Open licence |
| ***BLOCK 43*** | ARABAT EAST | ExxonMobil (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 44*** | ARABAT | Shamaran (60%) & KRG Back-in interest (20%) & (20%) Net third-party interest |
| ***BLOCK 45*** | BARANAN | Talisman (60%) & Murphy (20%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 46*** | QARA DAGH | Chevron (80%) & KRG Back–in interest (20%) |

| | | |
|---|---|---|
| ***BLOCK 47*** | SANGAW SOUTH | KNOC (60%) & KRG Back–in interest (20%) & (20%) Net third–party interest |
| ***BLOCK 48*** | KURDAMIR | Talisman (40%) & WesternZagros (40%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 49*** | GARMIAN | WesternZagros (40%) & Gazprom Neft (40%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 50*** | SHAKAL | Gazprom Neft (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 51*** | CHIA SURKH | Genel Energy (60%) & Petoil (20%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 52*** | KHOR MOR | Crescent Petroleum & Dana Gas |
| ***BLOCK 53*** | CHAMCHAMAL | Crescnt Petroleum & Dana Gas |
| ***BLOCK 54*** | QARA HANJEER | ExxonMobil (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 55*** | KHURMALA DOME | KRG & Kar Group |
| ***BLOCK 56*** | HALABJA | Gazprom Neft (80%) & KRG Back–in interest (20%) |
| ***BLOCK 57*** | JABAL KAND | Turkish entity (40%) & KRG Back–in interest (20%) & (40%) Net third–party interest |

## چوارەم: قۆناغەکانی کارکردن و توانای بەرهەمهێنان لە بلۆکە نەوتییەکان

بەشێوەیەکی گشتی بلۆکە نەوتییەکان دابەش دەبن بەسەر سێ جۆردا، کە دوو جۆریان نەوتین و (ئەوانەی لە بەرهەمدان و ئەوانەی لەقۆناغی پێش بەرهەمدان)، سێهەمیان بلۆکە غازییەکانە.

1. ئەو بلۆکانەی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان (نەوت)

بەپێی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا تەنها (9) بلۆکی نەوتی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان. کە (7) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای هەلێرەوە و رێژەی (92.7%) هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێم پێک دەهێنن.

تەنها (1) بلۆکی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچەی سلێمانی و گەرمیان هەیە ئەویش (بلۆکی گەرمیان)ە کە بەرهەمی ڕۆژانەی بە پێی دوا ئامارەکان بریتییە لە (24) هەزار بەرمیل نەوت.

جگە لە بلۆکی گەرمیان (بلۆکی تەق تەق) کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە بەڵام لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارانی پارێزگای سلێمانیە، ئەم بلۆکە لە کۆتایی 2020 دا ئاستی بەرهەمێنانی بریتی بووە لە (8 هەزار و 580) بەرمیل نەوت، لەکاتێکدا لە ساڵی 2015 بەرهەمی رۆژانەی (128 هەزار) بەرمیل زیاتر بووە، ئەم دوو بلۆکەی ناوچەی کۆیە و گەرمیان تێکڕا ڕێژەی (7.3%) ی بەرهەمی هەرێم پێک دەهێنن. (بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (3))

**خشتەی ژمارە (3)**

**ئەو بلۆکانەی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان**

| ژ | کۆمپانیای بەرهەمهێن | وڵات | بەرهەمی بلۆکی نەوتی | پشکی کۆمپانیاکان | ڕێژە لە بەرهەمی هەرێم | ناوچەی کارکردن | بلۆک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کار | هەرێم | 170,000 | 170,000 | 38.13% | هەولێر | خورمەڵە |
| 2 | دی ئێن ئۆ | نەرویج | 113,750 | 85,313 | 25.51% | دهۆک | تاوکێ |
| 3 | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | | 28,438 | | | |
| 4 | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | 8,580 | 3,775 | 1.92% | کۆیە (هەولێر) | تەقتەق |
| 5 | ئەداکس | چین | | 3,089 | | | |
| 6 | تاقە | ئیمارات | 46,100 | 21,851 | 10.34% | دهۆک | ئەتروش |
| 7 | شاماران | کەنەدا | | 12,724 | | | |
| 8 | گۆڵف یستۆن | بەریتانیا | 42,000 | 33,600 | 9.42% | دهۆک | شێخان |
| 9 | ئێم ئۆ ئێڵ | هەنگاریا | | 8,400 | | | |
| 10 | غازپرۆم | روسیا | 24,000 | 9,600 | 5.38% | گەرمیان | گەرمیان کوردەمیر |
| 11 | ویسترن زاگرۆس | کەنەدا | | 9,600 | | | |
| 12 | ئێچ کەی ئێن | ئەمریکا | 24,700 | 15,314 | 5.54% | دهۆک | سەرسەنگ |
| 13 | تۆتاڵ | فەرەنسا | | 4,446 | | | |
| 14 | ئۆریکس | کەنەدا | 11,700 | 7,605 | 2.62% | هەولێر | هەولێر |
| 15 | شیفرۆن | ئەمریکا | 5,000 | 2,500 | 1.12% | هەولێر | سەرتە |
| 16 | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | | 1,500 | | | |
| کۆی بەرهەم | | | 445,830 | 417,754 | 100% | | |

## 2. ئەو بلۆکانەی لە قۆناغی گەڕان و پشکنیندان

جگە لەو بلۆکانەی گەیشتوون بە بەرهەمهێنانی نەوت و غاز، گەڕان و پشکنین لە بلۆکە کانزاییەکانی دیکە بەردەوامەو (خشتەی (4)) کاری گەڕان و پشکنین و پشکی کۆمپانیا بیانییەکان ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (4)**

**ئەو بلۆکانەی لە قۆناغی گەڕان و پشکنیندان**

| ژ | کۆمپانیا | وڵات | قۆناغ | پشکی کۆمپانیاکان | ناوچەی کارکردن | کێڵگە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئێکسۆن مۆبیل | ئەمریکا | گەڕان و پشکنین | %32 | دهۆک | بەعشیقە |
| | دی ئێن ئۆ | نەرویج | | %32 | | |
| | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | | %16 | | |
| | کیپکۆ | هەرێم | | %20 | | |
| 2 | ڕۆزنەفت | ڕوسیا | گەڕان و پشکنین | %80 | هەولێر و دهۆک | باتل، زاویتە، هەریر، بجیل، قەسرۆک، دارەتوو |
| 3 | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | پێش بەرهەمهێنان | %40 | سلێمانی | قەرەداغ |
| | شێفرۆن | ئەمریکا | | %40 | | |
| | کیپکۆ | هەرێم | | %20 | | |
| 4 | غازپرۆم | ڕوسیا | پێش بەرهەمهێنان | %80 | گەرمیان | شاکەل |

## 3. سێکتەری (غاز) لە بلۆکە کانزاییەکاندا

لە هەرێمی کوردستان (4) کێڵگەی غاز هەیە، ئەوانیش (کۆرمۆر – چەمچەماڵ) لە ساڵی (2009) وە لە بەرهەمهێناندایە، هەروەها (خورمەڵە) کە کێڵگەی نەوت و غازە و سوتەمەنی بۆ ویستگەی کارەبا دابین دەکات.

کێڵگەکانی دیکەش کە بریتین لە (بنەباوێ) لە پارێزگای هەولێر و (میران) لە پارێزگای سلێمانی کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی کاریان تێدا دەکات و لە قۆناغی هەڵسەنگاندن و پەرەپێداندان. (بڕوانە خشتەی ژمارە (5))

**خشتەی ژمارە (5)**

**کۆمپانیاو کێڵگەکانی غاز لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | کۆمپانیاکانی غاز | وڵات | قۆناغ | پشکی کۆمپانیاکان | ناوچەی کارکردن | کێڵگە | بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **دانا غاز** | ئیمارات | بەرهەم هێنان | %35 | سلێمانی | کۆرمۆر، چەمچەماڵ | 400 ملیۆن پێ سێجا بۆ هەرێم |
| | **هیلال** | ئیمارات | | %35 | | | |
| | **ئێم ئۆ ڤی** | نەمسا | | %10 | | | |
| | **رویست** | ئەڵمانیا | | %10 | | | |
| | **ئێم ئۆ ئێڵ** | هەنگاریا | | %10 | | | |
| 2 | **گەنێڵ ئێنرجی** | تورکیا | پەرەپێدان | %100 | هەولێر | بنەباوێ | بەرهەمی نیە |
| 3 | **گەنێڵ ئێنرجی** | تورکیا | پەرەپێدان | %100 | سلێمانی | میران | بەرهەمی نیە |
| 4 | **کار** | هەرێم | بەرهەم هێنان | زانیاری نیە | هەولێر | خورمەڵە | زانیاری نیە |

تێبینی: بەرهەمی غازی کێڵگەی کۆرمۆرو چەمچەماڵ بۆ وێستگەکانی کارەبا بەکاردێت، بەڵام بەرهەمی غازی ماڵان LPG کۆندێنسێت کۆمپانیا بۆخۆی دەیفرۆشێت.

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/14) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680

## سەرچاوەکان


1. د. سەفین جەلال فتح الله، نەوتی هەرێمی کوردستان؛ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی سیاسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر 2015، ل 81–107.
2. یادگار سدیق گەلاڵی، سەربەخۆیی دارایی و دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت وغازی هەرێم، ماڵپەڕی زەمەن؛

https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3464

3. The Oil and Gas Year, The Oil and Gas Year: Kurdistan Region of Iraq 2011 (KURDISTAN REGION EXPLORATION LICENCED & DISCOVERIES AND ACTIVITIES) p. 58–61.
4. Rdhwan Shareef Salih, Reforms Feasibility in Kurdistan Region Petroleum Contracts, Triggered by the New Regional Blocks Divisions, International Journal of Business and Social Science Vol. 11 • No. 5 • May 2020.
5. LICENCES AND ENERGY INFRASTRUCTURE, MAP 2013.

http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/images/pdfs/Licences_and_energy_infrastructure_TOGY_2013_1.pdf

## کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای هەولێر و توانای بەرهەمهێنانیان

## (14) بلۆکی نەوتی و (43%)ی بەرهەمی نەوتی هەرێم لە هەولێرە

لە کۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و گاز)، (14) بلۆکی نەوتی، دەکەونە سنوری پارێزگای هەولێرەوە، کە (10) کۆمپانیای (8) دەوڵەتی بیانی و کۆمپانیایەکی خۆماڵی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوت دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی بەپێی زانیارییەکان (65%)ی یەدەگی نەوتی هەرێم لە پارێزگای سلێمانییە بەڵام لە (1) بلۆکدا گەیشتوونەتە بەرهەمهێنان، بەڵام لە پارێزگای هەولێر لە (4) بلۆک کە گەیشتوون بە قۆناغی بەرهەمهێنان، بە هەر چوار بلۆکەکە زیاتر لە (43%) بەرهەمی نەوتی هەرێم پێکدەهێنن.

### یەکەم؛ بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای هەولێر

لە کۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و غاز)، (14) بلۆکی نەوتی، دەکەونە سنوری پارێزگای هەولێرەوە کە لە (12) بلۆکیان (10) کۆمپانیای بیانی و (1) کۆمپانیای خۆماڵی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوت دەکەن، ناسنامەی کۆمپانیاکان دەگەڕێتەو بۆ (8) وڵاتی جیاوازی هەریەک لە (ئەمریکا، فەرەنسا، کەنەدا، تورکیا، نەرویج، سویسرا، کۆریا و نەمسا). بەم شێوەیە؛ بڕوانە (خشتەی ژمارە (1)).

1. بلۆکی تەق تەق: قەزای کۆیەو ناحیەی تەق تەق دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ و گەنەڵ ئینەرجی بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە، پشکی 80%ی دراوەتە کۆمپانیای تی تی ئۆپکۆ کە لە هەردوو کۆمپانیای ئەداکسی سویسری و گەنەڵی تورکی پێک هاتوە و پشکی کیپکۆ 20%یە.
2. بلۆکی سارتا: دەکەوێتە ڕۆژاوای ناحیەی مەسیف و خوارووی ئاکرێ و ڕووبەرەکەی (607) کیلۆمەتر دووجایە و بڕی (1) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. کۆمپانیای

(شيڤرۆن)ی ئەمریکی (60%)ی پشکەکانی لە کۆمپانیای (ڕایەڵانس ئیندستریس)ی هیندی کڕیوە و (ئۆ ئێم ڤی)ی نەمساوی پشکی (15%)ی هەیە و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

3. بلۆکی ئەربیل: دەکەوێتە باکوری خۆراوای هەولێرو ناوچەی بەستۆرەوە و ڕووبەری (313) کیلۆ مەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (1) ملیار بەرمیل دەکرێت. پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (نیو ئەیج) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
4. بلۆکی هەولێر دەمیرداغ: شاری هەولێرو دەشتی هەولێر و ڕێگای مەخمور و ناحیەی کەڵەک دەگرێتەوە و ڕووبەری (1.531) کیلۆمەتر دووجایە. (65%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆریکسی پیترۆلیۆم) و (15%)ی (کەی ئێن ئۆ سی)ی کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
5. بلۆکی هەریر: ناحیەی هەریرو باکوری شەقڵاوە تا سۆران دەگرێتەوەو ڕووبەری (700) کیلۆمەترە، پێشبینی دەکرێت نزیک ملیارێک بەرمیل نەوتی تێدا بێت پشکەکانی (45%)ی دراوەتە (ماراسۆن ئۆیڵ) و (35%) ی دراوەتە کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەڕەنسی و و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
6. بلۆکی پیرمام: سەنتەری ناحیەی پیرمام و سەری ڕەش و سەربەن دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (180) کیلۆمەترە. (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
7. چۆمان: لە قەزای چۆمان، سەرەتا پشکەکان درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (80%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەو بلۆکە کشایەوە.
8. هەندرێن: بە هەمان شێوەی بلۆکی چۆمان درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)، بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەم بلۆکەش کشایەوە.
9. بلۆکی سەفین: لە سەر چیای سەفینەوە تا هیزۆپ دەگرێتەوە ڕووبەری نزیکەی (500) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (35%) دراوەتە کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەڕەنسی و پشکی (45%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ماراسۆن ئۆیڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
10. بلۆکی بنەباوێ: لە دەربەندی گۆمەسپانەوە تا ناوچەی هیران و نازەنین دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (240) کیلۆمەتر دووجایە و زیاتر لە ملیارێک بەرمیل نەوتی تێدایە.
11. بلۆکی شۆڕش: باکوری خۆرهەڵاتی هەولێرو ناحیەی دێگەڵە تا دەربەندی گۆمەسپان دەگرێتەوە و ڕووبەری (526) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (75%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

12. بلۆكی مەلا ئۆمەر: دەكەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی هەولێرەوە و ڕووبەرەكەی (285) كیلۆمەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (500) ملیۆن بەرمیل نەوت دەكرێت لەم بلۆكەدا. پشكی (75%)ی دراوەتە كۆمپانیای (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشكی (كیپكۆ)ی حكومەتی هەرێم كوردستانە.
13. بلۆكی قوشتەپە: لە قوشتەپەی خوارووی هەولێرەوە دەست پێدەكات تا دوبزو پردێ و ڕووبەرەكەی نزیكەی (1180) كیلۆمەتر دووجایە. (80%)ی پشكەكانی دراوەتە (كەی ئێن ئۆ سی)ی كۆری و (20%)ی پشكی (كیپكۆ)ی حكومەتی هەرێم كوردستانە.
14. بلۆكی خورمەڵە: دەكەوێتە باشوری خۆرئاوای هەولێرەوەو درێژكراوەی كێڵگەی كەركوكە كە هەردوو ناوچەی خورمەڵەو ئاڤانە دەگرێتەوە. ئەم كێڵگەیە لەلایەن (گروپی كار)ەوە سەرپەرشتی دەكرێت و پشكەكانی (100%) دراوەتە كیپكۆ.

خشتەی ژمارە (1)

بلۆکە نەوتییەکانی سنوری ئیداری پارێزگای هەولێر

| ز | کۆدی بلۆکە نەوتییەکان | ناوی بلۆکە نەوتییەکانی سنوری پارێزگای هەولێر | کۆمپانیای کارکەر و ناسنامەیان | روبەری بلۆک/ کم | یەدەگی نەوتی خەملێندراو/ ملیار بەرمیل |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | BLOCK 16 | SARTA | Chevron/ USA & OMV/ Austria | 607 | 1 |
| 2 | BLOCK 19 | ERBIL | DNO/ Norway & NewAge/ USA | 313 | 1 |
| 3 | BLOCK 20 | HAWLER | Oryx Petroleum/ Canada & KNOC/ South Korea | 1531 | 1 |
| 4 | BLOCK 21 | HARIR | Marathon Oil/ USA & Total/ France | 700 | 1 |
| 5 | BLOCK 22 | PIRMAM | ExxonMobil/ USA | 180 | نەزانراو |
| 6 | BLOCK 24 | CHOMAN | / | / | / |
| 7 | BLOCK 25 | HINDREN | / | / | / |
| 8 | BLOCK 27 | SAFEEN | Marathon Oil/ USA & Total/ France | 500 | نەزانراو |
| 9 | BLOCK 28 | BINA BAWI | OMV/ Austria & Genel Energy/ Turkish | 240 | 1 |
| 10 | BLOCK 29 | SHORISH | OMV/ Austria | 526 | نەزانراو |
| 11 | BLOCK 30 | MALA OMAR | OMV/ Austria | 258 | 0.5 |
| 12 | BLOCK 31 | QUSH TAPPA | KNOC/ South Korea | 1180 | نەزانراو |
| 13 | 34BLOCK | TAQTAQ | Genel Energy/ Turkish & Addax Petroleum/ Swiss | 951 | 1.5 |
| 14 | BLOCK 55 | KHURMALA DOME | Kar Group/ Kurdistan | 355 | نەزانراو |

## دووەم؛ بلۆکە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکانی پارێزگای هەولێر

بەپێی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا تەنها (9) بلۆکی نەوتی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان. کە (4) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای هەولێرەوە و ڕێژەی (43%) ی هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێم پێک دەهێنن. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2))

**خشتەی ژمارە (2)**

**ئەو بلۆکانەی لەسنوری پارێزگای هەولێر لە قۆناغی بەرهەمهێناندان**


| ژ | بلۆک | کۆمپانیای بەرهەمهێن | وڵات | بەرهەمی بلۆکی نەوتی بە بەرمیل | ڕێژەی بەرهەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان | ناوچەی کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خورمەڵە | کار | هەرێم | 170,000 | 37.50% | هەولێر |
| 2 | تەقتەق | گەنێل ئێنێرجی | تورکیا | 5,940 | 1.31% | کۆیە (هەولێر) |
| | | ئەداکس | سویسرا | | | |
| 3 | هەولێر | ئۆرێکس | کەنەدا | 14,600 | 3.22% | هەولێر |
| 4 | سارتا | شیڤرۆن | ئەمریکا | 5,000 | 1.10% | هەولێر |
| | | گەنێل ئێنێرجی | تورکیا | | | |
| | *کۆی بەرهەم* | | | 195,540 | 43.13% | |

ئەمە لە کاتێکدایە (بلۆکی تەق تەق) کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە، بەڵام لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارانی پارێزگای سلێمانییە، ئەم بلۆکە لە کۆتایی 2020 دا ئاستی بەرهەمهێنانی بریتی بووە لە (8 هەزار و 580) بەرمیل نەوت، لە کاتێکدا لە ساڵی 2014 بەرهەمی ڕۆژانەی (148 هەزار) بەرمیل زیاتر بووە، ئێستا بەرهەمی ڕۆژانەی ئەم کێڵگەیە بۆ خوار (6 هەزار) بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە، ئەمەش وایکردووە بەشێک لە چاودێران پێیان وابێت کە ناعەدالەتی لە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکاندا بکرێت، بۆ نمونە بەپێی ڕاپۆرتێکی (د. عزەت سابیر) بە ناونیشانی "دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان و پرۆسەی نەوت"، ئاماژەی کردووە بە ناعەدالەتی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان (بڕوانە خشتەی ژمارە (3))

**خشتەی ژمارە (3)**

**ناعەدالەتی لە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان لە (2014 – 2018)/ بەرمیل ڕۆژانە**

| | بلۆکی تەق تەق/ زۆنی سەوز | بلۆکی کۆرمۆر/ زۆنی سەوز | بلۆکی خورمەڵە/ زۆنی زەرد | بلۆکی تاوکێ/ زۆنی زەرد |
|---|---|---|---|---|
| 2014 | 148,000 | 15,000 | 80,000 | 60,000 |
| 2018 | 5,000 | 15,000 | 155,000 | 100,000 |
| ڕێژەی زیادبوون | %95– | %0 | %94+ | %67+ |




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/5/1) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10190

## سەرچاوەکان


1. د. سەفین جەلال فتح الله، نەوتی هەرێمی کوردستان؛ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی سیاسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر 2015، ل 81–107.
2. د. عزەت سابیر، دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان و پرۆسەی نەوت؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10166
3. درەو میدیا؛ پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680
4. ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022، بڵاوکردنەوە 2022/4/4؛
https://www.roonbeen.org/
5. یادگار سدیق گەڵاڵی، سەربەخۆیی دارایی و دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت وغازی هەرێم، ماڵپەڕی زەمەن؛
https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3464
6. The Oil and Gas Year, The Oil and Gas Year: Kurdistan Region of Iraq 2011 (KURDISTAN REGION Regional Blocks Divisions, International Journal of Business and Social Science Vol. 11 • No. 5 • May 2020.
7. LICENCES AND ENERGY INFRASTRUCTURE, MAP 2013.
http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/images/pdfs/Licences_and_energy_infrastructure_TOGY_2013_1.pdf

## یەدەگی نەوتی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان
## (65%)ی یەدەگی نەوتی هەرێم (7%) بەرهەمهێنان لە زۆنی سەوزدایە

لە کۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و گاز)، (23) بلۆکی نەوتی و (2) بلۆکی گازی، دەکەونە سنوری ناوچەی سەوزەوە لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان، کە (13) کۆمپانیای (7) دەوڵەتی بیانی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوت دەکەن (جگە لە گاز).

بەپێی زانیارییەکان یەدەگی نەوتی پارێزگای سلێمانی بە زیاتر لە (36) ملیار بەرمیل و بە (65%)ی زیاتری کۆی یەدەگی نەوتی هەرێم دەخەملێندرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە لە کۆی (9) بلۆک کە گەیشتوون بە قۆناغی بەرهەمهێنان، تەنها (1) بلۆکیان دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانەوە، بلۆکی تەق تەقیش کە سەر بە پارێزگای هەولێرە و لە سنوری ناوچەی سەوزدایە پێکەوە (7.3%) بەرهەمی نەوتی هەرێم پێکدەهێنن.

### یەکەم؛ یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان و پشکی پارێزگای سلێمانی تێیدا

زانیاری جیاواز بەردەستە لە بارەی بڕو قەبارەی یەدەگی نەوتی هەرێم، بەڵام زانیارییە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2010)ەوە ئاماژە بەوە دەدەن کە بە (45) ملیار بەرمیلی خەملێنراو لە نەوتی یەدەگ لە هەرێمی کوردستاندایە، ئەم ژمارەیەش لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

هەر لەم بارەیەوە وەزیری پێشووی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (ئاشتی هەورامی) لە (19ی ئابی 2010) لە تەلاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا سەبارەت یەدەگی نەوت لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند؛ "(45) ملیار بەرمیل نەوت لەهەرێمی کوردستان هەیە".

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان کە لە ساڵی (2015)دا بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە "هەرێمی کوردستان خاوەن (50) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی جێگیر و (80) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی ناجێگیرە".

بەپێی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان یەدەگی نەوتی پارێزگای سلێمانی بە زیاتر لە (36) ملیار بەرمیل و بە (65%)ی زیاتری کۆی یەدەگی نەوتی هەرێم دەخەملێندرێت.

## دووەم؛ بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان

لەکۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و غاز)، (23) بلۆکی نەوتی کە (1) بلۆکیان هیچ وەبەرهێنانێکی تێدا نەکراوە، جگە لە (2) بلۆکی غازی، دەکەونە سنوری ناوچەی سەوزەوە لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان، کە (13) کۆمپانیای بیانی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوت دەکەن (جگە لە غاز)، ناسنامەی کۆمپانیاکان دەگەڕێتەوە بۆ (7) وڵاتی جیاوازی هەریەک لە (ئەمریکا، روسیا، کەنەدا، تورکیا، کۆریا، ئیسپانیا، ئوستralیا و ئیتاڵیا). بەم شێوەیە؛ بڕوانە (خشتەی ژمارە (1))

1. بلۆکی بێتواتە: لە پارێزگای سلێمانی، لە شارۆچکەی حاجیاواوە دەست پێدەکات و تا دەگاتە شارۆچکەی بێتواتە و بالیسان و ناوچەی خۆشناوەتی و ڕووبەرەکەی (650) کیلۆمەتر دووجایە. (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
2. بلۆکی شەکرۆک: لە پارێزگای سلێمانی، لە ناحیەی خدرانی دوکانەوە دەست پێدەکات تا نزیک شەقڵاوە ڕووبەرەکەی (418) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (64%) دراوەتە کۆمپانیای (هیسس) و (16%) بۆ (پیترۆسیڵتیک) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
3. بلۆکی قەڵادزێ: لە پارێزگای سلێمانی، سەرجەم قەزای قەڵادزێ و بەری مەرگەو دەریاچەی دوکان و ڕانیە دەگرێتەوە نزیکەی (2000) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (80%) دراوەتە کۆمپانیای (ڕیپسۆڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
4. بلۆکی خەلەکان: لە پارێزگای سلێمانی، شارۆچکەی خەلەکان و چیای هەیبەت سوڵتان و بە شێک لە دەشتی کۆیە تا سەر زێی بچوک دەگرێتەوە و ڕووبەری (624) کیلۆ مەتر دووجایە بڕی (2.450) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی کۆمپانیاکان (غاز پڵەس) (40%) تورکش ئینتیتی (40%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

5. بلۆکی پیرەمەگرون: لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژهەڵاتی ڕێگای دوکان –سلێمانی و بناری چیای پیرەمەگرون تادەگاتە شارۆچکەی دوکان دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی زیاتر لە (730) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (80%) دراوەتە کۆمپانیای (ڕیپسۆڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
6. بلۆکی میران: لە پارێزگای سلێمانی، لە تاسلوجەوە دەست پێدەکات و ڕۆژئاوای ڕێگای دوکان –سلێمانی و بە شێک لە ناحیەی ئاغجەلەرو شارۆچکەی بازیان و سەیرانگای چەمی ڕەزان دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (1015) کیلۆمەتر دووجایە و دوو کێڵگەی گەورەی تێدایە میران ڕۆژهەڵات بڕی (1.637) ملیار بەرمیل نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە. پشکی کۆمپانیاکان بڕی (75%) دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
7. بلۆکی بازیان: لە پارێزگای سلێمانی، چیای سەگرمەو خۆراوای حەوزی بازیان و شارۆچکەی تەکیە و بە شێک لە ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵ دەگرێتەوە ڕووبەری (473) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی نەوتی یەدەگی (1.178) ملیار بەرمیلە. پشکی کۆمپانیاکان (کەی ئێن ئۆ سی) کۆری (80%) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
8. بلۆکی باکوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە باکوری ناحیەی سەنگاو لە قەزای چەمچەماڵ، ڕووبەری (492) کیلۆمەتر دووجا دەگرێتەوە و بەپێی زانیارییەکان بڕی (6.163) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی ئەم بلۆکە سەتەر لینگ ئینەرجی ئەمریکی (40%) و ئەداکس هاوبەشی کەنەدی و سویسری (20%و20%) (کەی ئێن ئۆ سی) کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
9. بلۆکی تۆپخانە: لە ناوچەی گەرمیان، ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قادرکەرەم و ناوچەی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەری (945) کیلۆ مەتر دووجایە، بەپێی زانیارییەکان بڕی (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە سەرەڕای بڕێکی زۆری غاز. لە ناوچەی گەرمیان، پشکەکانی (60%) دراوەتە (تالیسمان ئینەرجی) کەنەدی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.
10. بلۆکی تازە: لە ناوچەی گەرمیان، بەشێک لە سنووری ناحیەی نەوجول و خۆرئاوای ناحیەی قادرکەرەم دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە، پێشبینی بڕی (3) ملیار یەدەگی نەوت و بڕێکی زۆر غاز دەکرێت. پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (ئۆیڵ سێرچ)ی ئوسترالی و پشکی (20%) دراوەتە تۆتالی فەڕەنسی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
11. بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، قەزای دووزخورماتو ناحیەی جەبارە و ڕۆژهەڵاتی ئەو قەزایە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (529) کیلۆ مەتر دووجایە، بڕی (1.58) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (شاماران پیترۆلیۆم) و (20%) پشکی (پیت ئۆیڵ)ی تورکیە و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

12. پێنجوێن:لە پارێزگای سلێمانی، ناوەندی لە ناوەندی شاری پێنجوێنەوە درێژدەبێتەوە تا سنوری وڵاتی ئێران و جێگەی ئاماژەیە تا ئێستا هیچ وەبەرهێنانێک لەم بلۆکەدا نەکراوە.

13. بلۆکی ڕۆژهەڵاتی عەربەت: لە پارێزگای سلێمانی، ناوچەی سیوەیل و بەرزنجەو بە شێک لە شارەزوورو تا ناحیەی ناڵپارێز لە قە زای پێنجوێن دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە. (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

14. بلۆکی عەربەت: شاری سلێمانی و شاخی گۆیژەو ئەزمڕو ناحیەی عەربەت تا هەڵەبجەی تازە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (974) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی (1.177) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی کۆمپانیاکان (شاماران پیترۆلیۆم) (60%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

15. بلۆکی بەرانان: لە پارێزگای سلێمانی، باشووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی و چیای بەرانان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان و ڕووبەرەکەی (722) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی کۆمپانیاکان (تالیسمان)ی کەنەدی (60%) کۆمپانیای (مورفی) (20%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

16. بلۆکی قەرەداغ: لە پارێزگای سلێمانی، ناوچەی قەرەداغ و خۆرهەڵاتی چیای سەگرمە و ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان و ڕووبەری ئەم بلۆکە (846) کیلۆمەتر دووجایە، بەپێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (4.896) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە، (80%)ی پشکەکانی دراوە بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

17. بلۆکی باشوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، سەنتەری ناحیەی سەنگاو و دەوروبەری دەگرێتەوە و ڕووبەری (846) کیلۆ مەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (2) ملیار بەرمیل نەوت دەکرێت و بڕی یەک تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی تێدایە. پشکی (60%)ی دراوەتە (کەی ئێن ئۆ سی)ی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

18. بلۆکی کوردەمیر: لە ناوچەی گەرمیان، خوارووی ناحیەی سەنگاو و باکوری قەزای کەلار دەگرێتەوە و تا سەر ڕووباری سیروان و ڕووبەرەکەی (620) کیلۆمەتر دووجایە وبڕی (5.129) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە. پشکی (40%)ی دراوەتە (ویسترۆن زاگرۆس)ی کەنەدی و (40%)ی پشکی (تالیسمان ئێنێرجی) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

19. بلۆکی گەرمیان: باکوری قەزای کەلارو ناحیەکانی باوەنورو سەرقەڵاو شێخ تەویل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (2120) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (40%)ی کۆمپانیای (غاز پرۆم) لە کۆمپانیای (تالیسمانی

**کڕیوە) و پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ویسترۆن زاگرۆس) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**

20. **بلۆکی شاکەل: لە ناوچەی گەرمیان، خواروی قەزای کەلار و ناحیەی ڕزگاری و قەزای کفری دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (832) کیلۆمەتر دووجایە، نزیکەی (2) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە. پشکی (80%)ی کۆمپانیای (غاز پرۆم) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
21. **بلۆکی چیاسورخ: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان و ناحیەکانی قۆرەتوو مەیدان لە قەزای خانەقین دەگرێتەوە تا سنوری ئێران و ڕووبەری (938) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (5.656) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. لە ناوچەی گەرمیان، کۆمپانیای (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی (60%) پشکەکانی لە کۆمپانیای (لۆنگفۆرد ئێنێرجی) کڕیوە و (پیت ئۆیڵ) خاوەنی (20%)ی پشکەکانەو (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
22. **بلۆکی قەرەهەنجیر: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە نێوان چەمچەماڵ و کەرکوکەوە، ناوچەی شوان و ناحیەی قەرەهەنجیرو ناحیەی تەکێی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (1200) کیلۆمەتردووجایە، پێشبینی بڕی (5 بۆ 10) ملیار بەرمیل نەوت دەکرێت. (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
23. **بلۆکی هەڵەبجە: لە پارێزگای هەڵەبجە، دەکەوێتە سنوری هەڵەبجەی شەهیدەوەو ڕووبەرەکەی نزیکەی (1000) کیلۆمەتر دووجایەو ناحیەکانی خورماڵ و سیروان و بیارەو گڵێجاڵ وسەنتەری هەڵەبجەو بەشێکی سەیدسادق دەگرێتەوە بڕی (650) ملیۆن بەرمیل نەوتی خەمڵێندراوی تێدایە. (80%)ی پشکەکانی دراوە بە کۆمپانیای (غاز پرۆم) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**

خشتەی ژمارە (1)

بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان

| ز | کۆدی بلۆکە نەوتییەکان | ناوی بلۆکە نەوتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی | کۆمپانیای کارکەر و ناسنامەیان | روبەری بلۆک/ کم | یەدەگی نەوتی نەسەلمێندراو/ ملیار بەرمیل |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **3BLOCK 2** | BETWATA | ExxonMobil/ USA | 584 | نەزانراو |
| 2 | **BLOCK 26** | SHAKROK | Hess/ USA | 14 | نەزانراو |
| 3 | **BLOCK 32** | QALA DZE | Repsol/ Spain | 1.882 | نەزانراو |
| 4 | **BLOCK 33** | KHALAKAN | Gas Plus/ Italy & Turkish entity/ Turkey | 624 | 2.450 |
| 5 | **BLOCK 35** | PIRMAGRUN | Repsol/ Spain | 608 | نەزانراو |
| 6 | **BLOCK 36** | MIRAN | Genel Energy/ Turkey | 1.015 | 1.637 |
| 7 | **BLOCK 37** | BAZIAN | KNOC/ Korya | 473 | 1.176 |
| 8 | **BLOCK 38** | SANGAW NORTH | KNOC/ Korya | 4.190 | 6.163 |
| 9 | **BLOCK 39** | TOPKHANA | Talisman/ Canada | 670 | 4 |
| 10 | **BLOCK 40** | TAZA | Oil Search/ Australia | 511 | 3 |
| 11 | **BLOCK 41** | PUKHANA | Shamaran/ Canada | 529 | 1.4 |
| 12 | **2BLOCK 4** | | بەهیچ کۆمپانیایەک نەدراوە | | |
| 13 | **BLOCK 43** | ARABAT EAST | ExxonMobil/ USA | 2.102 | 1.177 |
| 14 | **BLOCK 44** | ARABAT | Shamaran/ Canada | 974 | نەزانراو |
| 15 | **BLOCK 45** | BARANAN | Talisman/ Canada | 722 | نەزانراو |
| 16 | **BLOCK 46** | QARA DAGH | Chevron/ USA | 846 | 4.896 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 17 | **BLOCK 47** | SANGAW SOUTH | KNOC/ Korya | 354 | 2 |
| 18 | **BLOCK 48** | KURDAMIR | Talisman/ Canada | 340 | 5.129 |
| 19 | **BLOCK 49** | GARMIAN | WesternZagros/ Canada | 1.780 | 4 |
| 20 | **BLOCK 50** | SHAKAL | Gazprom/ Russia | 632 | 2 |
| 21 | **BLOCK 51** | CHIA SURKH | Genel Energy & Petoil/ Turkey | 985 | 5.656 |
| 22 | **BLOCK 54** | QARA HANJEER | ExxonMobil/ USA | 1200 | 0.650 |
| 23 | **BLOCK 56** | HALABJA | Gazprom Neft/ Russia | 1000 | 5 |

## سێیەم؛ بلۆکە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان

بەپێی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا تەنها (9) بلۆکی نەوتی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان. کە (7) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای هەلێرەوە و ڕێژەی (92.7%) هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێم پێک دەهێنن.

تەنها (1) بلۆکی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچەی سلێمانی و گەرمیان هەیە ئەویش (بلۆکی گەرمیان)ە کە بەرهەمی ڕۆژانەی بە پێی دوا ئامارەکان بریتییە لە (24) هەزار بەرمیل نەوت.

جگە لە بلۆکی گەرمیان (بلۆکی تەق تەق) کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە بەڵام لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارانی پارێزگای سلێمانیە، ئەم بلۆکە لە کۆتایی 2020 دا ئاستی بەرهەمێنانی بریتی بووە لە (8 هەزار و 580) بەرمیل نەوت، لەکاتێکدا لە ساڵی 2015 بەرهەمی ڕۆژانەی (128 هەزار) بەرمیل زیاتر بووە، ئەم دوو بلۆکەی ناوچەی کۆیە و گەرمیان تێکڕا ڕێژەی (7.3%) ی بەرهەمی هەرێم پێک دەهێنن. (بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (2))

خشتەی ژمارە (2)

ئەو بلۆکانەی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان

| ژ | بلۆک | کۆمپانیای بەرهەمهێن | وڵات | بەرهەمی بلۆکی نەوتی | ڕێژەی بەرهەم | ناوچەی کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خورمەڵە | کار | هەرێم | 170,000 | 38.13% | هەولێر |
| 2 | تاوکێ | دی ئێن ئۆ | نەرویج | 113,750 | 25.51% | دهۆک |
| | | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | | | |
| 3 | تەقتەق | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | 8,580 | 1.92% | کۆیە (هەولێر) |
| | | ئەداکس | چین | | | |
| 4 | ئەتروش | تاقە | ئیمارات | 46,100 | 10.34% | دهۆک |
| | | شاماران | کەنەدا | | | |
| 5 | شێخان | گۆڵف کیستۆن | بەریتانیا | 42,000 | 9.42% | دهۆک |
| | | ئێم ئۆ ئێڵ | هەنگاریا | | | |
| 6 | گەرمیان کوردەمیر | غازپرۆم | ڕوسیا | 24,000 | 5.38% | گەرمیان |
| | | ویسترن زاگرۆس | کەنەدا | | | |
| 7 | سەرسەنگ | ئێچ کەی ئێن | ئەمریکا | 24,700 | 5.54% | دهۆک |
| | | تۆتاڵ | فەرەنسا | | | |
| 8 | هەولێر | ئۆرێکس | کەنەدا | 11,700 | 2.62% | هەولێر |
| 9 | سەرتە | شیڤرۆن | ئەمریکا | 5,000 | 1.12% | هەولێر |
| | | گەنێڵ ئێنێرجی | تورکیا | | | |
| | ***کۆی بەرهەم*** | | | 445,830 | 100% | |

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/4/25) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10143

## سەرچاوەکان


1. د. سەفین جەلال فتح الله، نەوتی هەرێمی کوردستان؛ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی سیاسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر 2015، ل 81–107.
2. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی دۆر، سلێمانی: شانشینی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان، ساڵی بڵاوکردنەوە 2015.
3. درەو میدیا؛ پەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9720

4. درەو میدیا؛ پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680

5. یادگار سدیق گەلاڵی، سەربەخۆیی دارایی و دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت وغازی هەرێم، ماڵپەڕی زەمەن؛

https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3464

6. The Oil and Gas Year, The Oil and Gas Year: Kurdistan Region of Iraq 2011 (KURDISTAN REGION Regional Blocks Divisions, International Journal of Business and Social Science Vol. 11 • No. 5 • May 2020.

7. LICENCES AND ENERGY INFRASTRUCTURE, MAP 2013.

http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/images/pdfs/Licences_and_energy_infrastructure_TOGY_2013_1.pdf

## کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای دهۆک و توانای بەرهەمهێنانیان
## (18) بلۆکی نەوتی و زیاتر لە (50%)ی بەرهەمی نەوتی هەرێم لە دهۆکە

لە کۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و گاز)، (18) بلۆکی نەوتی، دەکەونە سنوری پارێزگای دهۆکەوە، کە (22) کۆمپانیای (9) دەوڵەتی بیانی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوتی تێدا دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی بەپێی زانیارییەکان (65%)ی یەدەگی نەوتی هەرێم لە سنوری پارێزگای سلێمانییەو (1) بلۆکی گەیشتووە بە قۆناغی بەرهەمهێنان، بەڵام لە پارێزگای دهۆک لە (6) بلۆکدا کۆمپانیاکان گەیشتوون بە قۆناغی بەرهەمهێنان، بە هەر شەش بلۆکەکە زیاتر لە (50%)ی بەرهەمی نەوتی هەرێم پێکدەهێنن.

بەپێی داتاکانی ساڵی 2020 بەراورد بە ساڵی 2022 لە کێڵگە بەرهەمێنەرەکانی پارێزگای دهۆک سێ کێڵگەی (فیشخابور (دهۆک)، سەرسەنگ و شێخان) بەرهەمی نەوتی ڕۆژانەیان بەرزبووتەوەو لە دوو کێڵگە (تاوکێ و ئەتروش) بڕی بەرهەمیان دابەزیوە.

### یەکەم؛ بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای دهۆک

لە کۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و غاز)، (18) بلۆکی نەوتی، دەکەونە سنوری پارێزگای دهۆکەوە کە (3) بلۆکیان لە سنوری پارێزگای موسڵن (عەین سەفنی و باشیک، جەبەل کەند)، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانن لە (17) بلۆکیان (22) کۆمپانیای بیانی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوت دەکەن، ناسنامەی کۆمپانیاکان دەگەڕێتەوە بۆ (9) وڵاتی جیاوازی هەریەک لە (ئەمریکا، کەنەدا، تورکیا، نەرویج، بەریتانیا، ئایرلەندا، هەنگاریا، نەمسا، ئیماراتی عەرەبی)ی پشکی هەر کۆمپانیایەکش بەپێی گرێبەستەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بەم شێوەیە؛ بڕوانە (خشتەی ژمارە (1)).

1. بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە قەزای زاخۆوەو بەگشتی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (594) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. (55%)ی پشکەکانی دراوەتە

کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (25%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی و (20%) پشکی (کیپکۆ)یە کە خاوەنداریێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم کوردستان.

2. بلۆکی سەنتەری دهۆک: باکوری شاری دهۆک و ناوەڕاستی پارێزگاکە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (600) کیلۆمەتر دووجایە. پشکەکانی (50%) دراوەتە (مۆرفی ئۆیڵ)ی ئەمریکی و (30%) پشکی (پیترۆکویست ئێنێرجی)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
3. بلۆکی سلێڤانی: لە پارێزگای دهۆک، خوارووی قەزای زاخۆ تا سەر دەریاچەی موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە. پشکەکانی (80%) دراوەتە (پیترۆکویست ئێنێرجی)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
4. (a)بلۆکی سندی– ئامێدی: لە پارێزگای دهۆک، ئەم بلۆکە قەزای ئامێدی و دەشتی سندی و باکوری قەزای زاخۆ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (2358) کیلۆمەتر دووجایە. پشکەکانی (30.94%) دراوەتە (پرینکۆ) و (25.31%)ی پشکی (ئۆریکس پیترۆلیۆم) و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (18.75%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.
   (b) ڕۆژئاوا: بە کراوەیی ماوەتەوە.
5. بلۆکی سەرسەنگ: لە پارێزگای دهۆک، ناحیەی سەرسەنگ و سوارەتوکەو باکوری خۆرهەڵاتی دهۆک دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (1085) کیلۆمەتر دووجایەو پێشبینی بڕی (2) ملیار یەدەگی نەوتی دەکرێت لەم بلۆکەدا.پشکی (56.25%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئینەرجی) و پشکی (18.75%)ی دراوەتە (مارسۆن ئۆیڵ) و پشکی (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
6. بلۆکی بیر بەهر: لە پارێزگای دهۆک، باکوری شاری دهۆک دەگرێتەوە ڕووبەری (350) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی و گوڵف کیستۆن بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.پشکی (40%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی و پشکی (40%)ی دراوەتە (گوڵف کیستۆن)ی بەریتانی و پشکی (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
7. بلۆکی شێخ ئادی: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک و باکوری شێخان و ڕووبەری (180) کیلۆمەتر دووجا دەگرێتەوە بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی یە دەگی تێدایە. پشکی (80%)ی دراوەتە کۆمپانیای (گۆڵف کیستۆن)ی بەریتانی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
8. بلۆکی دهۆک: قەزای مەرکەزی دهۆک و باشووری شاری دهۆک و قەزای سیمێل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (162) کیلۆمەتر دووجایە. بڕی (2.2) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکەکانی (40%) دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) و(40%) و پشکی (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

9. بلۆکی ئەلقوش: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە خوارووی شاری دهۆک و ڕووبەرەکەی (331) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (80%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە، بەڵام لە ساڵی (2017) کۆمپانیا ئەمریکییەکە لەم کێڵگەیە کشایەوە.

10. بلۆکی ئەتروش: لە پارێزگای دهۆک، ناحیەی ئەتروش لە پارێزگای دهۆک دەگرێتەوە و ڕووبەری (269) کیلۆمەتر دووجایە و بڕی (3) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە. پشکی (39.9%)ی دراوەتە (تاقە) و (20.1%)ی پشکی شاماران پیترۆلیۆم و (15%)ی دراوەتە (مارسۆن ئۆیڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

11. بلۆکی شێخان: لە پارێزگای دهۆک، قەزای شێخان دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (283) کیلۆمەتر دووجایەو یەدەگی نەوتی شێخان بە نزیکەی (10.5) ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت. پشکی (51%) دراوەتە کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن و (13.6%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری و پشکی (3.4%)ی دراوەتە (تەکساس کیستۆنی) ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (12%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

12. بلۆکی عەین سەفنی: ناوچەی عەین سەفنی لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەری (840) کیلۆمەتر دووجایە بڕی یەک ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (60%)ی دراوەتە کۆمپانیای (هنت ئۆیڵ)ی ئەمریکی و پشکی (20%)ی دراوەتە (ئافرین) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

13. بلۆکی دینارتە: لە پارێزگای دهۆک، ناوچەی میرگەسورو بارزان و سەروی ئاکرێ و شیلادزێ دەگرێتەوە و (1139) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (64%)ی دراوەتە کۆمپانیای (هیسس کرۆپ) و (16%)ی دراوەتە کۆمپانیای (پیترۆسیلتیک) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

14. بلۆکی ئاکرێ بجیل: لە پارێزگای دهۆک، قەزای ئاکرێ و ناحیەی بجیل تا دەربەندی بێخمە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (889) کیلۆمەتر دووجایەو بڕی زیاتر لە یەک ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (51.2%) دراوەتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵی هەنگاری) و (12.8%) دراوەتە (گۆڵف کیستۆن) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (16%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

15. بلۆکی ڕوڤیا: لە پارێزگای دهۆک، سەروی قەزای بەردەڕەش و خواروی ئاکرێ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (517) کیلۆمەتر دووجایە و بەپێی زانیارییەکان بڕی (1) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. (شیڤرۆن)ی ئەمریکی پشکی (60%)ی کڕیوە لە کۆمپانیای (ڕایەلانس ئیندستریس)ی هندی و (15%)ی پشکی (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

16. بلۆکی بەردەڕەش: لە پارێزگای دهۆک، قەزای بەردەڕەش دەگرێتەوە و ڕووبەری (265) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیت گروپ بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوتی

**تێدایە. پشکی (60%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئافرین) و پشکی (20%)ی دراوەتە (کۆمیت گروپ) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**

17. **بلۆکی باشیک: شارۆچکەی باشیک لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەگرێتەوە ڕووبەری (350) کیلۆمەتر دووجایە. پشکی (80%)ی درا بە (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
**بەڵام کۆمپانیا ئەمریکییەکە لەساڵی (2021) سەرجەم پشکەکانی خۆی بە کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی فرۆشت و لەم کێڵگەیە کشایەوە.**

18. **بلۆکی جەبەل کەند: باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەری (400) کیلۆمەتر دووجایە. سەرەتا درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (40%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) (40%) مایەوە بۆ لایەنی تر.بەڵام دواتر کۆمپانیا تورکییەکە لەو بلۆکە کشایەوە.**

## خشتەی ژمارە (1)

## بلۆکە نەوتییەکانی سنوری ئیداری پارێزگای دهۆک

| ژ | کۆدی بلۆکە نەوتییەکان | ناوی بلۆکە نەوتییەکانی سنوری پارێزگای دهۆک | کۆمپانیای کارکەر و ناسنامەیان | روبەری بلۆک/ کم | یەدەگی نەوتی خەملێندراو/ ملیار بەرمیل |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | BLOCK 1 | TAWKE | DNO/ Norway & Genel Energy/ Turkey | 594 | 1.9 |
| 2 | BLOCK 2 | CENTRAL DOHUK | Murphy Oil/ USA & Petroquest Energy/ USA | 600 | نەزانراو |
| 3 | BLOCK 3 | SULEVANI | Petroquest Energy/ USA | 700 | نەزانراو |
| 4 | BLOCK 4(A) | SINDI–AMEDI EAST | Perenco/ UK & Oryx Petroleum/ Canada | 2358 | نەزانراو |
| | BLOCK 4(B) | SINDI–AMEDI WEST | Open licence | / | / |
| 5 | BLOCK 5 | SARSANG | HKN Energy/ USA & Marathon Oil/ USA | 1085 | 2 |
| 6 | BLOCK 6 | BER BAHAR | Genel Energy/ Turkey & Gulf Keystone | 350 | 1.9 |
| 7 | BLOCK 7 | SHEIKH ADI | Gulf Keystone/ UK | 180 | 1.9 |
| 8 | BLOCK 8 | DOHUK | DNO/ Norway & Genel Energy/ Turkey | 162 | 2.2 |
| 9 | BLOCK 9 | AL QUSH | ExxonMobil/ USA / 2017 (کشایەوە) | 331 | نەزانراو |
| 10 | BLOCK 10 | ATRUSH | TAQA/UAE & Shamaran/ Canada & Marathon/ USA | 269 | 3 |
| 11 | BLOCK 11 | SHAIKAN | Gulf Keystone/ UK & MOL/ Hungary & Texas Keystone / USA | 283 | 10.5 |
| 12 | BLOCK 12 | AIN SIFNI | Hunt Oil/ USA & Afren/ UK | 840 | نەزانراو |
| 13 | BLOCK 13 | DINARTA | Hess/ USA & pertoceltic/ Ireland | 1139 | نەزانراو |
| 14 | BLOCK 14 | AKRI–BILEEL | MOL/ Hungary & Golf Keystone/ UK | 889 | نەزانراو |
| 15 | BLOCK 15 | ROVI | Chevron/ USA & OMV/ Austria | 517 | 1 |
| 16 | BLOCK 17 | BARDA RASH | Afren/ UK & Komet Group interest | 265 | 1.5 |
| 17 | BLOCK 18 | BAESHIQA | ExxonMobil/ USA (لە ساڵی 2021 پشکەکانی فرۆشی بە دی ئێن ئۆ) | 350 | نەزانراو |
| 18 | BLOCK 57 | JABAL KAND | Turkish entity/ Turkey | 400 | نەزانراو |

## دووەم؛ بلۆکە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکانی پارێزگای دهۆک

بەپێی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا (10) بلۆکی نەوتی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان. کە (6) بلۆکیان دەکەونە سنوری پارێزگای دهۆکەوە زیاتر لە رێژەی (50%) ی هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێم پێک دەهێنن، چونکە بەپێی ئامارەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە (400 – 450 هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و (220 – 250 هەزار) بەرمیل نەوتی بەرهەمی کێڵگەکانی سنوری پارێزگای دهۆکە (بڕوانە خشتەی ژمارە (2))

خشتەی ژمارە (2)

ئەو بلۆکانەی لەسنوری پارێزگای دهۆک لە قۆناغی بەرهەمهێناندان

| ژ | بلۆک | کۆمپانیای بەرهەمهێن | وڵات | بەرهەمی بلۆکی نەوتی بە بەرمیل | رێژەی بەرهەم لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆک | ناوچەی کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تاوکێ | دی ئێن ئۆ<br>گەنێڵ ئێنێرجی | نەرویج<br>هەرێم | 46,933 | %21 | دهۆک |
| 2 | سەرسەنگ | ئێچ کەی ئێن<br>شاماران | ئەمریکا<br>کەنەدا | 31,000 | %14 | دهۆک |
| 3 | دهۆک (فیشخابور) | دی ئێن ئۆ<br>گەنێڵ ئێنێرجی | نەرویج<br>هەرێم | 61,780 | %27 | دهۆک |
| 4 | ئەتروش | تاقە<br>شاماران | ئیمارات<br>کەنەدا | 41,273 | %18 | دهۆک |
| 5 | شێخان | گۆڵف کیستۆن<br>ئێم ئۆ ئێل | بەریتانیا<br>هەنگاریا | 46,800 | %21 | دهۆک |
| 6 | عەین سەفنی | ئافرین<br>هۆنت ئۆیڵ | بەریتانیا<br>ئەمریکا | نەزانراو | / | موسڵ |
| | کۆی بەرهەم | | | 227,786 | %100 | |

## سێیەم: گەشەسەندن و پاشەکشەی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای دهۆک

بەپێی داتاکانی ساڵی 2020 بەراورد بە ساڵی 2022 لە (6) کێڵگە بەرهەمێنەکەی پارێزگای دهۆک سێ کێڵگەی (فیشخابور (دهۆک)، سەرسەنگ و شێخان) بەرهەمی نەوتی رۆژانەیان بەرزبووتەوەو لە دوو کێڵگە (تاوکێ و ئەتروش) بڕی بەرهەمیان دابەزیوەو هیچ زانیارییەکیش دەربارەی بەرهەمی بلۆکی (عەین سەفنی) بەردەست نیە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (٣))

## تاوکی و فیشخابور (دهۆک)

بەرهەمی کێڵگەی تاوکی لە کۆتایی ساڵی 2020 دا بریتی بووە لە (55,850) بەرمیل و بەرهەمی فیشخاپور (56,320) بەرمیل بووە، بەسەریەکەوە بەرهەمی رۆژانەی هەردوو کێڵگەکە کە بەناوچەی گرێبەستی تاوکێ ناسراوە بریتی بووە لە (110,170) بەرمیل نەوت، لە کاتێکدا لە ساڵی 2019 دا بەرهەمی هەردوو کێڵگەکە (123,930) هەزار بەرمیلی رۆژانە بووە. واتە لەماوەی ساڵێکدا ئاستی بەرهەم رۆژانە (13,760) بەرمیل کەمی کردووە.

بەپێی داتاکان لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022 ئاستی بەرهەمی کێڵگەی تاوکێ بەرزبووەتەوە بۆ (61,780) بەرمیل لە کاتێکدا بەرهەمی کێڵگەی فیشخابوور (دهۆک) دابەزیوە بۆ (46,933) بەرمیل و پێکەوە بەرهەمەکەیان (108,713) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

## سەرسەنگ

کێڵگەی سەرسەنگیش یەکێکی ترە لەو کێڵگانەی لە ساڵی 2020 و سەرەتای 2021 دا بەرهەمی زیادی کردووە. لە مانگی کانوونی یەکەمی 2020 دا بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەکە (30,800) بەرمیل بووە. لەمانگی کانوونی دووەمی 2021بەرز بووەتەوە بۆ (31,500) بەرمیل، لە کاتێکدا لەساڵی 2019 دا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە بریتی بووە لە (23,300) بەرمیل و لەساڵی 2018 بەرهەمی رۆژانە تەنها (6,000) بەرمیل بووە. بەمانایەکی تر بەرهەمی کێڵگەی سەرسەنگ لەساڵی 2019 دا بڕی (17,300) بەرمیلی رۆژانە زیادیکردووە بەراورد بە ساڵی پێشتر. هەروەها لە ساڵی 2020 دا بڕی (8,500) بەرمیلی نەوتی رۆژانە زیادتر بووە لە ساڵی 2019.

پێی داتاکان لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022 ئاستی بەرهەمی کێڵگەی سەرسەنگ دابەزیوە بۆ (31,000) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

## ئەتروش

بەرهەمی نەوتی ئەتروش لە ساڵی 2021 زیادیکردووە و گەیشتووەتە (47,450) بەرمیل، لە کاتێکدا تێکڕای بەرهەمی لە ساڵی 2020دا بریتی بووە لە (45,100) بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. ئەم بڕە 38% زیاتر بووە لە بەرهەمی ساڵی 2019.

لە کانوونی دووەمی 2018دا بەرهەمی رۆژانەی ئەم کێڵگەیە بریتی بووە لە (22,157) لە مانگی کانوونی یەکەمی 2019دا بەرز بووەتەوە بۆ (41.648) بەرمیل و لە کانونی یەکەمی 2020دا بە تێکڕا لە (47,450) هەزار بەرمیل زیاتر بووە.
بەڵام لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022 ئاستی بەرهەمی کێڵگەی ئەتروش جارێکی تر دابەزیوە بۆ (41,273) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

### شێخان


کێڵگەی شێخان لە مانگی کانونی دووەمی 2021دا تێکرای بەرهەمی رۆژانەی بریتی بووە لە (44,405) بەرمیل نەوت لە کاتێکدا تێکڕای ئاستی بەرهەم لە 2020دا بریتی بووە لە (36,625) بەرمیل نەوت واتە بەتێکرا (7,780) بەرمیل بەرهەمی ئەم کێڵگەیە زیادیکردووە.

بەڵام لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022 جارێکی تر ئاستی بەرهەمی کێڵگەی شێخان بەرزبووتەوە بۆ (46,800) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

**خشتەی ژمارە (٣)**

گەشەسەندو پاشەکشەی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای دهۆک (2018 – 2022)

<table>
<tr><th></th><th>2018</th><th>2019</th><th colspan="2">2020</th><th>2021</th><th colspan="2">2022</th></tr>
<tr><td>تاوکێ</td><td>/</td><td rowspan="2">123,930</td><td>53,850</td><td rowspan="2">110,170</td><td>/</td><td>46,933</td><td rowspan="2">108,713</td></tr>
<tr><td>دهۆک</td><td>/</td><td>56,320</td><td>/</td><td>61,780</td></tr>
<tr><td>سەرسەنگ</td><td>6,000</td><td>23,300</td><td colspan="2">30,800</td><td>31,500</td><td colspan="2">31,000</td></tr>
<tr><td>ئەتروش</td><td>22,157</td><td>41,648</td><td colspan="2">45,100</td><td>47,450</td><td colspan="2">41,273</td></tr>
<tr><td>شێخان</td><td>/</td><td>/</td><td colspan="2">36,625</td><td>44,450</td><td colspan="2">46,800</td></tr>
</table>



## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/5/13) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10264

## سەرچاوەکان


1. د. سەفین جەلال فەتحوڵا، نەوتی هەرێمی کوردستان؛ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی سیاسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر 2015، ل 81-107.
2. درەو میدیا؛ پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680
3. ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022؛
http://www.roonbeen.org/wp-content/uploads/2022/04/%D8%A6%D8%A7%D8%B3%D8%AA%DB%8C-%D8%A8%DB%95%D8%B1%D9%87%DB%95%D9%85%DB%8C-%DA%A9%DB%8E%DA%B5%DA%AF%DB%95-%D9%86%DB%95%D8%AA%DB%8C%DB%8C%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%D9%A2%D9%A0%D9%A2%D9%A2.pdf
4. یادگار سدیق گەڵاڵی، سەربەخۆیی دارایی و دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت وغازی هەرێم، ماڵپەڕی زەمەن؛
https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3464
5. سپی میدیا، زانیاری لەسەر ئاستی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم 2021؛
https://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=101129&Jor=22
6. The Oil and Gas Year, The Oil and Gas Year: Kurdistan Region of Iraq 2011 (KURDISTAN REGION Regional Blocks Divisions, International Journal of Business and Social Science Vol. 11 • No. 5 • May 2020.
7. LICENCES AND ENERGY INFRASTRUCTURE, MAP 2013.
http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/images/pdfs/Licences_and_energy_infrastructure_TOGY_2013_1.pdf

## بلۆكە نەوتییەكانی سنوری گەرمیان

## گەرمیان خاوەنی (34) ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتە

> لە كۆی (57) بلۆكی كانزایی (نەوت و غاز)، (10) بلۆكی نەوتی و (2) بلۆكی غازی، دەكەونە سنوری ناوچەی گەرمیانەوە، كە (10) كۆمپانیای بیانی كاری پشكنین و گەڕان و هەڵكەندن و بەرهەمێنانی نەوت و غاز دەكەن، ناسنامەی كۆمپانیاكان دەگەڕێتەوە بۆ (6) دەوڵەتی جیاوازی بیانی.
>
> بە گوێرەی راپۆتی دیلۆیت لە ساڵی (2021)دا، حكومەتی هەرێم بە بەهای زیاتر لە (651) ملیۆن دۆلار نەوتی تەنها لە كێڵگەی گەرمیان فرۆشتووە، جگە لە بەرهەم و داهاتی كێڵگەی غازی كۆرمۆر و بەرهەمی كێڵگەكانی تر.

### یەكەم؛ بلۆكە نەوتییەكانی سنوری گەرمیان

لە كۆی (57) بلۆكی كانزایی (نەوت و غاز)، (10) بلۆكی نەوتی و (2) بلۆكی غازی، دەكەونە سنوری ناوچەی گەرمیانەوە، كە (10) كۆمپانیای بیانی كاری پشكنین و گەڕان و هەڵكەندن و بەرهەمێنانی نەوت و غاز، ناسنامەی كۆمپانیاكان دەگەڕێتەوە بۆ (6) جیاوازی هەریەك لە (روسیا، كەنەدا، توركیا، ئیمارات، كۆریا و ئوسترالیا). بەم شێوەیە؛ بڕوانە (خشتەی ژمارە (1))

1. بلۆكی باكوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، دەكەوێتە باكوری ناحیەی سەنگاو لە قەزای چەمچەماڵ، ڕووبەری (492) كیلۆ مەتر دووجا دەگرێتەوە و بەپێ ی زانیارییەكان بڕی (6.163) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشكی ئەم بلۆكە سەتەر لینگ ئینەرجی ئەمریكی (40%) و ئەداكس هاوبەشی كەنەدی و سویسری (20%و20%) (كەی ئێن ئۆ سی) كۆری و (20%)ی پشكی (كیپكۆ)ی حكومەتی هەرێم كوردستانە.
2. بلۆكی تۆپخانە: لە ناوچەی گەرمیان، ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قادركەرەم و ناوچەی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەری (945) كیلۆ مەتر دووجایە، بەپێی زانیارییەكان بڕی (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە سەرەڕای بڕێكی زۆری غاز. لە ناوچەی گەرمیان، پشكەكانی (60%) دراوەتە (تالیسمان ئینەرجی) كەنەدی و (20%)ی پشكی (كیپكۆ)ی حكومەتی هەرێم كوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێكی تر.

3. **بلۆکی تازە: لە ناوچەی گەرمیان، بەشێک لە سنوری ناحیەی نەوجول و خۆرئاوای ناحیەی قادرکەرەم دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە، پێشبینی بڕی (3) ملیار یەدەگی نەوت و بڕێکی زۆر غاز دەکرێت. پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (ئۆیڵ سێرچ)ی ئوسترالی و پشکی (20%) دراوەتە تۆتاڵی فەرەنسی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
4. **بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، قەزای دووزخورماتو، ناحیەی جەبارە و ڕۆژهەڵاتی ئەو قەزایە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (529) کیلۆ مەتر دووجایە، بڕی (1.58) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (شاماران پیترۆلیۆم) و (20%) پشکی (پیت ئۆیڵ)ی تورکیە و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
5. **بلۆکی باشووری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، سەنتەری ناحیەی سەنگاو و دەوروبەری دەگرێتەوە و ڕووبەری (846) کیلۆ مەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (2) ملیار بەرمیل نەوت دەکرێت و بڕی یەک ترلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی تێدایە. پشکی (60%)ی دراوەتە (کەی ئێن ئۆ سی)ی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.**
6. **بلۆکی کوردەمیر: لە ناوچەی گەرمیان، خوارووی ناحیەی سەنگاو و باکوری قەزای کەلار دەگرێتەوە و تا سەر ڕووباری سیروان و ڕووبەرەکەی (620) کیلۆمەتر دووجایە وبڕی (5.129) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە. پشکی (40%)ی دراوەتە (ویسترۆن زاگرۆس)ی کەنەدی و (40%)ی پشکی (تالیسمان ئێنێرجی) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
7. **بلۆکی گەرمیان: باکوری قەزای کەلارو ناحیەکانی باوەنورو سەرقەڵاو شێخ تەویل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (2120) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (40%)ی کۆمپانیای (غاز پرۆم) لە کۆمپانیای (تالیسمانی کڕیوە) و پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ویسترۆن زاگرۆس) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
8. **بلۆکی شاکەل: لە ناوچەی گەرمیان، خوارووی قەزای کەلار و ناحیەی ڕزگاری و قەزای کفری دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (832) کیلۆمەتر دووجایە، نزیکەی (2) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە. پشکی (80%)ی کۆمپانیای (غاز پرۆم) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**
9. **بلۆکی چیا سورخ: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان و ناحیەکانی قۆرەتوو مەیدان لە قەزای خانەقین دەگرێتەوە تا سنوری ئێران و ڕووبەری (938) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (5.656) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. لە ناوچەی گەرمیان، کۆمپانیای (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی (60%) پشکەکانی لە کۆمپانیای (لۆنگفۆرد ئێنێرجی) کڕیوە و (پیت ئۆیڵ) خاوەنی (20%)ی پشکەکانەو (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**

10. بلۆکی کۆرمۆر: دەکەوێتە ناحیەی قادرکەرەمی سەر بە قەزای چەمچەماڵەوە و ڕووبەرەکەی (510) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە (2 تریلیۆن) مەتر سێجا غازی تێدایە، لە ئێستا دا بە بۆڕیەکی (181) کیلۆمەتری تیرە (24) ئینج غاز دەگەیەنرێتە وێستگە کارەبایەکانی چەمچەماڵ و هەولێر و دهۆک.
11. بلۆکی چەمچەماڵ: لەزێ ی بچوکەوە تا سەر ڕووباری باسەڕە درێژ دەبێتەوە و شاری چەمچەماڵ لە سەر ئەم بلۆکەیە ڕووبەرەکەی (1169) کیلۆمەتر دووجایە، جگە لە نەوت کێڵگەیەکی گەورەی غازی تێدایە کە درێژیەکەی نزیکەی (80) کیلۆمەترو پانی پتر لە (10) کیلۆمەترە بڕی (3) تریلیۆن مەتر سێ جا غازی تێدایە،هەریەک لە دانە غازو کریسنت ئۆیڵ پشکی 40%یان هەیە.
12. بلۆکی قەرەهەنجیر: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە نێوان چەمچەماڵ و کەرکوکەوە، ناوچەی شوان و ناحیەی قەرەهەنجیرو ناحیەی تەکێی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (1200) کیلۆمەتردووجایە، پێشبینی بڕی (5 بۆ 10) ملیار بەرمیل نەوت دەکرێت. (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

خشتەی ژمارە (1)

بلۆکە نەوتییەکانی سنوری گەرمیان

| ز | کۆدی بلۆکە نەوتییەکان | ناوی بلۆکە نەوتییەکانی سنوری گەرمیان | کۆمپانیای کارکەر و ناسنامەیان | روبەری بلۆک/ کم | یەدەگی نەوتی نەسەلمێندراو/ ملیار بەرمیل |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **BLOCK 38** | SANGAW NORTH | KNOC/ Korya | 4.190 | 6.163 |
| 2 | **BLOCK 39** | TOPKHANA | Talisman/ Canada | 670 | 4 |
| 3 | **BLOCK 40** | TAZA | Oil Search/ Australia | 511 | 3 |
| 4 | **BLOCK 41** | PUKHANA | Shamaran/ Canada | 529 | 1.4 |
| 5 | **BLOCK 47** | SANGAW SOUTH | KNOC/ Korya | 354 | 2 |
| 6 | **BLOCK 48** | KURDAMIR | Talisman/ Canada | 340 | 5.129 |
| 7 | **BLOCK 49** | GARMIAN | WesternZagros/ Canada | 1.780 | 4 |
| 8 | **BLOCK 50** | SHAKAL | Gazprom/ Russia | 632 | 2 |
| 9 | **BLOCK 51** | CHIA SURKH | Genel Energy & Petoil/ Turkey | 985 | 5.656 |
| 10 | **BLOCK 52** | KHOR MOR | Crescent Petroleum/ EUA & Dana Gas/EUA | 510 | دەوڵەمەندە بە غاز |
| 11 | **BLOCK 53** | CHAMCHAMAL | Crescent Petroleum/ EUA & Dana Gas/EUA | 1169 | دەوڵەمەندە بە غاز |
| 12 | **BLOCK 54** | QARA HANJEER | ExxonMobil/ USA (ساڵی 2016 کشایەوە) | 1200 | 0.650 |

## دووەم؛ ئەو بلۆکانەی گەیشتوون بە قۆناغی بەرهەمهێنان لە سنوری گەرمیان

### بلۆکی گەرمیان

دەکەوێتە سنوری ناحیەی سەرقەڵایی سەر بە کفریەوە، پێکدێت لە چوار بیرە نەوت (سەرقەڵا١، سەرقەڵا٢، سەرقەڵا٣ و سەرقەڵا٤). بیری ژمارە چوار لە مانگی ئازاری (2021) تەواو بوە. بە گوێرەی سەرچاوەکانی وزە(پێشبینیەکان) حەوت تریلیۆن پێی سێجا غازی سروشتی لەم بلۆکە نەوتیەدا هەیە.

بەپێی دواین ئامارەکان لە چارەکی یەکەمی (2022) بڕی (30 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەرهەمی بووە.

### بلۆکی نەوتی چیاسورخ

دەکەوێتە سنوری ناحیەی قۆرەتو، ئەگەرچی ئەم ناحیەیە سەر بە قەزای خانەقینە، بەڵام بەوپێیەی لە راپەڕینی ساڵی 1991 دا بەشێکی زۆری ئازادکراوە، ئیدارەدانی لەسەر هەرێمی کوردستانە و راستەوخۆ پەیوەستە بە ئیدارەی گەرمیانەوە.

لەم بلۆکە نەوتیە دا 9 بیری کۆن هەیە، کە لە ساڵی 1902 تا 1954 لەلایەن (ئەنگلۆ-پێرژەن) کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی بەریتانی-ئێرانیە کاری تێداکراوە، لە کۆتایی ساڵی 2009 کۆمپانیای (GGFZ)ی چینی کاری بەدواداگەڕانی بۆ کرد(سایزمیک)، بە سەرپەرشتی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی(تورکی-بەریتانی) لە کۆتایی ساڵی 2012، بیری ژمارە(10، 11، 12)ی تێدا لێدراوە.

یەکێک لە گرفتەکانی ئەم بلۆکە نەوتیە ئەوەیە کاری دەرهێنانی دراوە بە چەند کۆمپانیایەک کە ئەزمونیان کەمە و بە بەردەوامی گرفتیان بۆ دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی دەرهێنانی نەوتەکەیدا ئاو و نەوت پێکەوە تێکەڵ دەبن، بەمەش تێچوی زیاتری دەوێت، دەبێت بنێردرێت بۆ پاڵاوگە بۆ جیاکردنەوەیان.

بەرهەمی رۆژانەی ئەم بلۆکە نەوتییە لە ئێستادا بەپێی زانیارییەکان لە نێوان (1500 – 2000) بەرمیل نەوتە، چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمی رۆژانەی بگاتە چوار هەزار بەرمیلی رۆژانە.

### بلۆکی نەوتی کوردەمیر

دەکەوێتە نێوان سنوری ناحیەی شێخ تەویلی سەر بە کەلار و سەنگاوی سەر بە چەمچەماڵەوە. ئەم بلۆکە نەوتییە بەرهەمی غازی لە نەوتی رەش زیاترە، پێکهاتوە لە 6 بیرە نەوت ئەوانەش

ئەمانەن: (k44،k39،k1, k2, k3, k4). لە ئێستادا قوفڵ لە بیرەکانی دراوەو کاری دەرهێنانی بۆ ناکرێت.

بەپێی سەرچاوەکانی وزە ئەم کێڵگەیە (541) ملیۆن بەرمیل نەوت یەدەگی هەیە، هەروەها 2 تریلیۆن پێی سێ جا غازی سروشتی هەیە.

ئەم بلۆکە نەوتیە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی ویسترن زاگرۆسی کەنەدی بوو، کە دواتر پشکەکانی فرۆشتەوە بە کۆمپانیای تالیسمان، دواتریش هەردوو بیرە نەوتی (k44،k39) فرۆشتەوە بە ریپسۆڵی ئیسپانی، کۆمپانیا ئیسپانیەکەش بلۆکەکەی فرۆشتوەتەوە بە داینا سیتی پترلیۆم، کە کۆمپانیایەکی ناوخۆییە و بارەگاکەی لە سلێمانیە، بەڵام وەزیری پێشووتری وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم "ئاشتی هەورامی، واژۆی کۆتایی بۆ رادەستکردنی بلۆکە نەوتیەکە بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکە نەکرد، کە دواتر کۆمپانیای دایناستی لە دادگای باڵای بەریتانیا سکاڵای لەسەر حکومەتی هەرێم تۆمارکرد و داوای ملیارێک و شەست ملیۆن دۆلار دەکات وەک قەرەبوو، پاش چەند جارێک دانیشتنی دادگا لەو بارەیەوە بریارە لە داهاتوودا دادگای باڵای بەریتانیا لەو بارەیەوە بڕیار بدات، ئێستاش دووبارە بلۆکە نەوتییەکە دراوەتەوە کۆمپانیای ویسترن زاگرۆس.

### بلۆکی نەوتی تازە

پێکهاتوە لە 3 بیرە نەوت، کاری دەرهێنان تێیدا شکستی هێناوە، چونکە نەوتەکەی لە جۆری سوێر و قورس بووە.

### بلۆکی نەوتی شاکەل

دەکەوێتە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری. دوای چەند ساڵێک کارکردن لێی و هەڵکەندنی سێ بیر تێیدا، سەرئەنجام غازپرۆمی روسی ساڵی 2019 ئەو بلۆکەی رادەستی حکومەت کردەوە.

بلۆکی نەوتی شاکەل سێ بیری تێدا هەڵکەندرابوو(شاکەلی یەک، شاکەلی دو و شاکەلی سێ) هەرسێ بیرەکەشی شکستیان هێنابوو، بەپێی زانیارییەکان هۆکارەکەی خراپی کوالێتی و کەمی نەوت بووە لەو بلۆکە نەوتییەدا.

بە پێی زانیارییەکان لە شکستهێنانی ئەو بیرە نەوتییانەدا نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار زیان بەر کۆمپانیای غازپرۆم و حکومەتی هەرێم کەوتوە، کە پشکەکانی ئەو بلۆکە نەوتیە (80٪)ی پشکی کۆمپانیا روسیەکەیە و (20٪)ی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

## بلۆکی کۆرمۆر

**هاوکات هەر لە سنوری گەرمیان کێڵگەی (کۆرمۆر) کە کێڵگەیەکی غازییە لە ساڵی (2009) وە لە بەرهەم هێندانایە، ئەم کێڵگەیە کە لەلایەن کۆمپانیای (دانە غاز)ی ئیماراتییەوە وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت، لە مانگی کانونی دووەمی 2022 لە ڕاگەیاندراوێکدا کۆمپانیاکە ئاشکرایکرد، لە کێڵگەی (کۆرمۆر) ئاستی بەرهەمهێنانی غازیان بەرزکردووەتەوە و گەیشتوەتە (452 ملیۆن) پێ سێجای ڕۆژانە. وەک ئەوەی کۆمپانیاکە دەیڵێت، پلانیشیان هەیە تا مانگی نیسانی 2023، ئاستەکە بگەیەننە (700 ملیۆن) پێ سێجای ڕۆژانە.**

**لە ئێستادا کێڵگەکە سێ جۆر بەرهەمی هەیە؛**

1. **ڕۆژانە (452) ملیۆن پێ سێجا (13ملیۆن مەتر سێجا) غازی سروشتی بەرهەم دەهێنێت و لە ڕێگەی بۆرییەوە دەنێردرێت بۆ هەردوو وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ و هەولێر.**
2. **ڕۆژانە بڕی (22) هەزار بەرمیل کۆندێنسەیت بەرهەمدەهێنێت و بەتانکەر دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەی پەمپی خورمەڵەو تێکەڵ بە نەوتی هەرێمی کوردستان دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی نەوتی هەرێم و حکومەتی هەرێم بەنرخی ڕۆژ لە کۆمپانیاکەی دەکڕێتەوە.**
3. **بڕی (1050) تۆن غازی شل LPJ بەرهەم دێت و دانەغاز خۆی دەیفرۆشێتەوە کۆمپانیا ناوخۆییەکان و ئێستا کۆمپانیای ساوس کوردستان دەیکڕێت و دەیگوازێتەوە.**

## سێیەم؛ داهاتی نەوتی گەرمیان لە ساڵی ڕابردوو

**بە گوێرەی ڕاپۆتی دیلۆیت لە ساڵی (2021)دا، تێکڕای نرخی فرۆشتنی بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (59.49) دۆلار بوە، تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت (70.68) دۆلارە، بەمەش هەرێم (11.19) دۆلار کەمتر لە نرخی برێنت نەوتەکەی فرۆشتوە.**

**بۆ ئەمەش ئەو نرخە هەژمار دەکەین کە حکومەتی هەرێم نەوتەکەی پێی فرۆشتوە، لە ئەنجامدا داهاتی ساڵی ڕابردوی نەوتی گەرمیان ئەگەر بە (30) هەزار بەرمیلی ڕۆژانەو بە نرخی (59.49) دۆلار هەژماری بکەین، دەکاتە (1 ملیۆن و 784 هەزار و 700) دۆلاری ڕۆژانە، بە کۆی ساڵەکە دەکاتە (651 ملیۆن و 415 هەزار و 500) دۆلار، ئەم داهاتەش تەنها داهاتی نەوتی بلۆکی گەرمیانە جگە لە بەرهەم و داهاتی کێڵگەی غازی کۆرمۆر.**

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/5/19) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10311

## سەرچاوەکان


1. د. سەفین جەلال فەتحولا، نەوتی هەرێمی کوردستان؛ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی سیاسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر 2015، ل 81–107.
2. یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان"، ڕاپۆرتێک دەربارەی "کەرتی نەوت لە گەرمیان"، 2021، گەرمیان.
3. وریا عەبدولخالق، بلۆکی کۆرمۆر؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9701
4. درەو میدیا؛ پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680
5. یادگار سدیق گەلاڵی، سەربەخۆیی دارایی و دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت وغازی هەرێم، ماڵپەڕی زەمەن؛
https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3464

6. The Oil and Gas Year, The Oil and Gas Year: Kurdistan Region of Iraq 2011 (KURDISTAN REGION Regional Blocks Divisions, International Journal of Business and Social Science Vol. 11 • No. 5 • May 2020.
7. LICENCES AND ENERGY INFRASTRUCTURE, MAP 2013.
http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/images/pdfs/Licences_and_energy_infrastructure_TOGY_2013_1.pdf

# توانای کەرتی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان
# بایەخەکانی گەشەپێدانی

> هەرێمی کوردستان خاوەن یەدەگێکی گازی سروشتی ئەوەندە بێ شومارە، ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست و دوور لە گەندەڵی پەرەی پێبدرێت و بەدەردی پرسی نەوت نەبرێت، بەتەنها لە توانایدایە سەرجەم پێداویستییە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە موچەشەوە پڕ بکاتەوە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەشە بودجەی حکومەتی فیدراڵ و سەرچاوەکانی دیکەی داهات بێت.

## سەرەتا

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە پرسی وزەو نەوت و غاز، پانتاییەکی گەورەی لە سیاسەتی ئابووریی و بازرگانی سیاسیی و دیبلۆماسیی هەرێمی کوردستان داگیرکردووە، بەتایبەتیش لە دوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005 کە دەرفەتی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان ڕەخساند پەرە بە کەرتی وزە بدات و لە ساڵی 2006 وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی دامەزراند و لە ساڵی 2007 یاسای نەوت و غازی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچواند.

بەڵام کەرتی وزە بەردەوام بەشێک بووە لە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی یاسایی و دەستووریی و سیاسیی و ئابووریی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ. چونکە نەوت و غاز وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژیی و گرنگ پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی بایەخی گەورەی هەیە بۆ دەوڵەتان بە گشتی و عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، چونکە عێراق و هەرێمی کوردستان خاوەن ئابوورییەکی کرێخۆرن (الاقتصاد الريعي) و زیاتر (90%) ئابوورییەکەیان پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت.

هەرێمی کوردستان سەرەڕای تێبینی و پرسیارە بەردەوامەکان لەسەر پرۆسەی فرۆشتنی نەوتەکەی، بەڵام توانیویەتی لە ماوەیەکی کەمدا قۆناغێکی گەورە ببڕێت لە کەرتی وزەدا و بەتایبەتیش لە بواری نەوتدا، کە توانی لە ڕووی یاساییەوە پێش ناوەند بکەوێت و لە ساڵی

2007 لە پەرلەمەنی کوردستان یاسای نەوت غاز تێپەڕێنێت و بە دوایشیدا کۆمەڵێک گرێبەستی گەورە ئەنجام بدات لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان کە دیارترینیان (شیڤرۆن، ئێکسۆن مۆبێل، تۆتاڵ، ڕۆس نەفت و گەنەڵ ئینێرجی... )

ئەم هەنگاوانەی هەرێمی کوردستان مایەی دڵخۆشی نەبوو بۆ حکومەتی ناوەندی، چونکە حکومەتی ناوەندی وەک سەپاندنی ئیرادەی هەرێم بەسەر خۆیدا دەیبینی و هەرێمی تۆمەتبار دەکرد بە سەرپێچی دەستوریی و یاسایی و چەندین هەنگاوی توندیشی بەرامبەر هەرێم گرتەبەر لەڕووی یاساییەوە تا گەیشت بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستاش گوشارەکانی حکومەتی فیدراڵ بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوامەو باشترین بەڵگەش تێپەڕاندنی یاسای بودجەیساڵی (٢٠٢١)ی عێراقە کە ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی مەرجدارکردووە بە گەڕانەوەی داهاتی (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە نرخی سۆمۆ لەگەڵ نیوەی داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

بۆیە لە ئێستا بەدواوە کاتی وەبەرهێنانی گەورەو جدییە لەم کەرتەدا، چونکە غازی سروشتی بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەی هەیەتی بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ وڵاتان بەگشتی و دەوڵەتە خاوەن پیشەسازییەکان بەتایبەتی، بەم کارەش هەرێمی کوردستان بازێکی گەورە دەدات لە ڕووی ئابوریی و سیاسیی و ستراتیژییەوە.


## بایەخی غازی سروشتی لە جیهاندا

غازی سروشتیی بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ وڵاتان بەگشتی و وڵاتە خاوەن پیشەسازییەکان بە تایبەتی، چونکە غازی سروشتی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی گرنگەو بووە بە پێداویستی ڕۆژانەی مرۆڤ.


جگە لەوەی لە پیشەسازییە گەورە پترۆ کیمیاییەکاندا ڕۆڵی گەورە دەبینێت، بەپێچەوانەی نەوت و خەڵوز، هیچ پاشەڕۆیەکی لێ بەجێ نامێنێت و ژینگەو سروشت بە پاکی دەهێڵێتەوە، سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی وزەی کارەباشە، وڵاتانی خاوەن پیشەسازی ئۆمبێلیش لە هەوڵدان لە داهاتوودا جێگەی بەنزینی پێ بگرنەوە (جا ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلی کارەباییەوە)، سەرەڕای ئەوانەش غاز بووە بە پێداویستییەکی سەرەکی ماڵان بۆ گەرمکردنەوە و خۆراک ئامادەکردن و پڕکردنەوەی زۆر پێداویستی تر.

بەڵام لەبەرئەوەی لە جیهاندا بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە دابەش نەبووە (بڕوانە چارتی ژمارە (١)) لە ڕووی جوگرافییەوە، بەشێک لەو وڵاتانەشی خۆیان خاوەنی غازی سروشتیین پێداویستییە ناوخۆییەکانی خۆیان پڕ ناکاتەوەو ناچارن لە دەرەوە هاوردەی بکەن، بۆیە دەبینین خواستێکی گەورە لە سەر ئاستی جیهان لەسەر غازی سروشتییە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو خواستە لە زیادبووندایە. (بڕوانە چارتی ژمارە (٢))

چارتی ژمارە (١)



چارتی ژمارە (٢)





## یەدەگی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخێراییەکی زۆر توانی گەشە بە کەرتی نەوتی هەرێم بدات و وەبەرهێنانی گەورەی تێدا بکات و قۆناغە یاساییەکە ببڕێت و سەرنجی کومپانیایەکی زۆری بیانی ڕابکێشێت بۆ کاری گەڕان و پشکنین و هەڵکەندن و دەرهێنان و بەبازاڕخستن و فرۆشتنی. بەڵام سەربارى ئەوەی گرنگی غازی هەرێمی کوردستان هیچی کەمتر نییە لە نەوت کەچی وەک پێویست نەیتوانیوە یاخو نەیویستووە پەرە بەو بوارە بدات، لە کاتێکدا بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن هەرێمی کوردستان خاوەنی (3%)ی یەدەگی غازی جیهانە، یەدەگی غازەکەی بە 100–200 ترلیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکرێت کە دەکاتە نزیکەی (2.8 – 5.7) ترلیۆن مەتر سێجا، کە بەشی زۆری لە ناوەڕاست و باشووری هەرێمی کوردستان چڕ بووەتەوە، گەورەترین و دیارترینیان کێڵگەکانی غازی (خورمەڵە و کۆرمۆر)ە.

ئاماری جیاواز بەردەستن کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەو غازە زۆرەیە، بۆ نمونە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی پەیمانگای ئۆکسفۆرد بۆ لێکۆڵینەوەی وزە، لە ژێر

ناوی (Kurdish Oil and Regional Politics: Under the Mountains) کە (Robin Mills) نوسیویەتی و لە مانگی 1ی ساڵی 2016 بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژەی بە قەبارەو بەشێک کێڵگەکانی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان داوە (بڕوانە چارتی ژمارە (3))

چارتی ژمارە (3)




تێبینی: 1 مەتر سێجا = 35.3147 پێ سێجا

هاوکات بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دەستەی ڕوپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی ( United States Geological Survey) هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە (60) ترلیۆن پێ سێجا غازی سروشتییە. هەروەها (تۆنی هیوارد) سەرۆکی کۆمپانیای (Genel energy) تورکی لە ساڵی 2015دا ڕایگەیاند مەزەندە دەکرێت هەرێمی کوردستان خاوەنی (5) ترلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی بێت کە نزیکەی (177) ترلیۆن پێ سێجایە.

ئەم ڕێژەیە لە یەدەگی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان زیاترە لەو ڕێژەیەی بەشێک لە وڵاتانی گەورە وەبەرهێن کە غازی یەکێتی ئەوروپا دابین دەکەن زیاتر بێت، بۆ نمونە (نەرویج

61، ليبيا 51، ئازەربێجان 47، هۆڵندا 23) ترليۆن پێ سێجا یەدەگی غازیان هەیە، بەپێی داتاکانی ساڵی 2017.

بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای دانە غازی ئیماراتی لە ساڵی 2015، یەدەگی غازی سروشتی تەنها لە کێڵگەکانی (کۆرمۆر و چەمچەماڵ) بە (75) ترليۆن پێ سێجا دەخەمڵێنرێت.

بە گوێرەی (ڕاپۆرتەکانی وزەی ئەمەریکی) و (Gaffney Cline Associates) یەدەگی سەلمێنراوی غازی هەرێمی کوردستانی عێراق 25 تریلیۆن پێ سێجایە، هەروەها یەدەگی غازی نەسەلمێنراو دەخەمڵێنن بە 200 تریلیۆن پێ سێجا.

هەروەها بە گوێرەی پێشبینییەکانی ڕێکخراوی وزەی جیهانی (IEA)، هەرێمی کوردستان لە توانایدایە تا ساڵی 2035 بە قەبارەی (29)ملیار مەتر سێجا ساڵانە وەبەرهێنانی خۆی لە کەرتی غاز پەرە پێبدات، توانای خۆی 14% بەرزبکاتەوە کە دەکاتە (4)ملیار مەتر سێجای ساڵانە.

هەموو ئەم ئامارانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە هەرێمی کوردستان قەبارەیەکی گەورەی غازی سروشتی هەیەو شایەنی ئەوەیە پشتی پێ ببەسترێت.

کەواتە پشت بەست بەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن سەرچاوەیەکی بێشومارە لە غازی سروشتی لە تەک نەوتدا، ئەو یەدەگەی لە نەوت هەیەتی بە 45 ملیار بەرمیل نەوت دەخەمڵێنرێت، هاوکات خاوەن 5.7 ترلیۆن مەتر سێجا یەدەگە لە غازی سروشتی کە سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشە بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان و ڕاکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان.

## بایەخی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان

درککردن بەم سەرمایە سروشتییە گەورەیە،هاندەر بوو بۆ دامەزراندنی (پرۆژەی غازی کوردستان) لە ساڵی 2007، کاتێک حوکمەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیاکانی (دانە غاز و کریسنت پترۆلییەم) بەیەکەوە کرد، بۆ پێدانی مافی نرخ لەسەر دانان، گەشەپێدان، بەرهەمهێنان، بە بازاڕکردن و فرۆشتنی هایدرۆکاربۆن لە کێڵگەکانی (کۆرمۆر و چەمچەماڵ) ئەمانیش لە چوارچێوەی کۆمپانیای (پێرڵ پترۆلییەم) کە پێکهاتووە لەو دوو کۆمپانیای سەرەوە و کۆمپانیاکانی( OMV ی نەمسایی، MOL هەنگاری و RWE ئەڵمانی) کە هەریەکەیان خاوەنی لە سەدا ١٠ی پشکەکانی هەردوو کێڵگەکەن. دواتر ئەو خاوەندارییەیان پێ بەخشرا.

بەپێی ڕاپۆرتەکان یەدەگ لە هەردوو کێڵگەکەدا بەم شێوەیە: 4.4 تریلیۆن غازی سروشتی، 136 ملیۆن بەرمیل کۆنسێندەیت، 13.3 ملیۆن تەن غازی شل(غازی ماڵان) و 18 ملیۆن بەرمیل نەوت. هەروەها دانە غاز و کریسنت پترۆلییەم 180 کیلۆمەتر بۆرییان بونیادنا لە کۆرمۆرەوە بۆ هەولێر. بەرهەمی غازی ئەو کێڵگانەیان دەفرۆشتەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمیش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاری هێناوەتەوە و ئێستاش بەو شێوەیە بەردەوامە. واتە بەرهەمهێنانی ئەم غازە تەنها بۆ ناوخۆ بووە.

ئێستا هێڵێکی بۆری 176 کیلۆمەتری، غاز لە کێڵگەی کۆرمۆرەوە دەبات بۆ وێستگەکانی کارەبا لە هەولێر و سلێمانی و بۆ خورمەڵە.

هێڵێکی بۆری 50 کیلۆمەتری غازیش لە کێڵگەی سیمێلەوە بۆ وێستگەی کارەبای دهۆک لە 2013ەوە تەواو بووەو لە سەرەتای 2014 ەوە غاز دەگوازێتەوە بۆ وێستگەی کارەبای دهۆک کە پێشتر بە غازوایل کاری دەکرد.

دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار بوو ساڵی 2020 لە ڕێگەی بۆری غازی سروشتی هەرێمی کوردستانەوە دەست بە هەناردەکردنی غاز بکات بۆ تورکیا بە قەبارەی (10) ملیار مەتر سێجا ساڵانە، بەڵام پرۆسەکە تا ئێستا دەستی پێنەکردووە.

ئەو زانیارییانەی سەرەوە پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان نزیکەی 15 ساڵە دەستی بە وەبەرهێنان کردووە لە کەرتی غازی سروشتیدا، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە پێداویستی ناوخۆ پڕبکاتەوە بەتایبەتی لە دابینکردنی وزەی کارەبادا، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاوی گەورەتر بنێت لەم بوارەدا و بتوانێت؛

1. پلانی ئەوەی هەبێت لە ماوەیەکی کورتدا پێداویستی ناخۆ پڕبکاتەوەو ڕێژەی بەرهەمهێنانی کارەبا بەرزبکاتەوە.
2. پلان دابنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی عێراق لە غاز و کارەبا، چونکە عێراق خۆی کڕیارێکی گەورەی وزەی کارەبایە لە ئێران، ئێران ئێستا لە ژێر سزاکانی ئەمریکادا لە کێشەی گەورەدایە، ئەمەش وەک دەرچەیەک بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە دارایی و ئابورییەکانی نێوانیان دەرفەتێکی گەورەیە.
3. لە بەبازاڕخستنی غازی سروشتی هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە چونکە؛

داهاتووی بازاڕی جیهان ڕووی لە پیشەسازی غازەو حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن ئەزمونێکی نزیک لە 10 ساڵ وەبەرهێنانە لە کەرتی نەوتدا، ئەوەش یارمەتیدەرێکی گەورەیە

بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتوانەتر ئیدارەی غازی سروشتی بدات و هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی بکات.

ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەم ستراتیژە بەجێ بگەیەنێت، لانی کەم دەتوانێت ڕۆژانە 30 ملیۆن مەتری سێجا غاز ڕەوانەی تورکیا و ئەوروپا بکات، ئەگەر نرخی هەر مەتر سێجایەکیش بە دوو دۆلار بفرۆشێت (کە ئێستا لەو نرخە زیاترە) ئەوا داهاتی ڕۆژێکی 60 ملیۆن دۆلار دەبێت، داهاتی مانگێکی 1.8 ملیار دۆلار دەبێت. ئەو بڕەی تا ئێستاش دۆزراوەتەوە بەشی 200 ساڵی داهاتوو دەکات.

ئەگەر وردبینەوە ئەمە ئەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی ئابوری لە داهاتوودا، هەروەها دەتوانرێت تەنها بە داهاتی غازی سروشتی زیاتر لە دوو جار لە مانگێکدا موچەی تەواوی موچەخۆرانی بەبێ پاشەکەوت پێ دابەشبکرێت (چونکە کۆی موچەی موچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەبێ پاشەکەوت بۆ مانگێک 915 ملیار دینارە کە ئێستا دەکاتە 631 ملیۆن دۆلار).

ماوەتەوە بڵێین هەم هەنگاوانەی کە پێویستە لە بواری کەرتی وزەدا بنرێن لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە بێ گرفت و ئاڵنگاری نابن، بەڵکو لەبەردەم چەندین هەڕەشەی ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییدایە، لە ڕاپۆرتی داهاتوودا بەدیڤی ئەو ئاڵنگاری و کارلێکانە دەخەینەڕوو.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2021/4/6) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8131

## سەرچاوەکان


1. دانا نەقی، غازی سروشتی هەلێکی تر بۆ هەرێمی کوردستانی باشوور، ماڵپەڕی درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=6895
2. هونەر عەلی، غازی سروشتی کوردستان؛
https://www.kurdiu.org/ku/b/12791
3. کاوە ڕیشێنی، هەرێمی کوردستان لە سایەی غازی سروشتیدا؛
http://chawykurd.com/detailsWtar.aspx?NusarID=49&Jmare=1035
4. د. وحيد انعام الكاكائي، جيوسياسية النفط والغاز في اقليم كوردستان العراق والفواعل الاقليمية والدولية؛
https://portal.arid.my/Publications/6e75af02-7f62-4c6d-8778-3c215ea66565.pdf
5. أكبر 10 دول في احتياطي الغاز في العالم 2020
https://attaqa.net/2020/04/12/%D8%A3%D9%83%D8%A8%D8%B1-%D8%B9%D8%B4%D8%B1-%D8%AF%D9%88%D9%84-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D8%AD%D8%AA%D9%8A%D8%A7%D8%B7%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%BA%D8%A7%D8%B2-%D8%A7%D9%84%D8%B7%D8%A8%D9%8A%D8%B9/

6. Robin Mills, Under the Mountains: Kurdish Oil and Regional Politics
https://www.oxfordenergy.org/wpcms/wp-content/uploads/2016/01/Kurdish-Oil-and-Regional-Politics-WPM-63.pdf
7. List of countries by natural gas consumption
https://en.wikipedia.org/wiki/List_of_countries_by_natural_gas_consumption

## غازی سروشتی هەرێمی کوردستان... کارلێکە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

هەرێمی کوردستان لە یەدەگی گازی سروشتیدا لە ڕیزبەندی (10) یەکەمەکانە لەسەر ئاستی جیهان، بۆیە لە توانایدایە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئابوریی و بازاڕی وزەی جیهاندا دروست بکات.

هەر بۆیە لە ناوخۆشدا هەر هێزێکی سیاسی هەرێمی کوردستان بتوانێت دەست بەسەر کەرتی گازی سروشتی هەرێمدا بگرێت، ڕاستەوخۆ کەرتی ئابوری کۆنترۆڵ دەکات، ئەوەشی کەرتی ئابوری هەرێم کۆنترۆڵ بکات، بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت کۆنترۆڵی حکومڕانی لە ناوەوەو سیاسەت لە دەرەوە دەکات.

### سەرەتا

هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ستراتیژیی و سیاسیی و دیبلۆماسییەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ وڵاتانی ناوچەکەو جیهان، لەم دواییانەشدا بەدیاریکراویش لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە پاشانیش پەرەدان بە کەرتی وزە و نەوت، بایەخی گەورەی ئابوریشی هاتەسەر، هەر زوو بووە جێی بایەخی کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت و غاز.

پشت بەست بەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن سەرچاوەیەکی بێشومارە لە نەوت و غازدا تا ئێستا ئەو یەدەگەی لە نەوت هەیەتی بە 45 ملیار بەرمیل نەوت دەخەمڵێنرێت.


هاوکات گۆڤاری (ئۆیڵ پرایز)ی بەریتانی تایبەت بە وزەو نەوت و غاز ئاماژەی بەوە داوە کە هەرێمی کوردستان بە تەنها، خاوەن (3%)ی یەدەگی غازی جیهانە. ئەویش بە قەبارەی 5.7 ترلیۆن مەتر سێجا، بەمەش ڕیزبەندی دەیەم دەگرێت لەسەر ئاستی جیهان بۆساڵی 2020 و لە دوای هەریەک لە (روسیا، ئێران، قەتەر، تورکمانستان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەنزویلا، چین، ئیمارات، سعودیە) وە دێت (بڕوانە خشتەی ژمارە (1)) کە سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشە بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان و ڕاکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان.

ئەو سەرچاوە گرنگانە لە نەوت و غازی هەرێم، وایکرد لە ماوەیەکی کورتدا دەیان کۆمپانیای بیانی لە بواری نەوت و غازدا بەقەبارەی دەیان ملیار دۆلار ڕویان لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ وەبەرهێنان لە نێویشیاندا گەورە کۆمپانیاکانی وەک (دانە غاز)ی ئیماراتی و (شیڤرۆن و ئیکسۆن مۆبێل)ی ئەمریکی و (تۆتاڵ)ی فەرەنسی (ڕۆس نەفت)ی ڕوسی و (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی ... چەندین کۆمپانیای دیکە.

بەڵام هەرێمی کوردستان بەراورد بەو قەبارە گەورەیەی کە لە غازی سروشتیدا هەیەتی نەیتوانیوە وەبەرهێنانی پێویست لەم کەرتەدا بکات وەک سەرچاوەیەکی گەورەی ئابوری. چونکە سەرچاوەکان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن (بڕوانەی خشتەی ژمارە (2))،

سەرەرای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی زۆری هەبووەو هەیە بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە گرنگەدا. بەڵام لەبەردەم کۆمەڵێک کارلێک و ئاڵنگاری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدایە، کە جێی بایەخی ئەم ڕاپۆرتە دەبێت.

**خشتەی ژمارە (1)**



**خشتەی ژمارە (2)**

**کۆمپانیاو کێڵگەکانی غاز لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | کۆمپانیاکانی غاز | وڵات | قۆناغ | پشکی کۆمپانیاکان | ناوچەی کارکردن | کێڵگە | بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دانە غاز | ئیمارات | بەرهەم هێنان | %35 | سلێمانی | کۆرمۆر، چەمچەماڵ | 400 ملیۆن پێ سێجا بۆ هەرێم |
| | هیلال | ئیمارات | | %35 | | | |
| | ئێم ئۆ ڤی | نەمسا | | %10 | | | |
| | رویست | ئەڵمانیا | | %10 | | | |
| | ئێم ئۆ ئێڵ | هەنگاریا | | %10 | | | |
| 2 | گەنەڵ ئینێرجی | تورکیا | پەرەپێدان | %100 | هەولێر | بنە باوی | بەرهەمی نیە |
| 3 | گەنەڵ ئینێرجی | تورکیا | پەرەپێدان | %100 | سلێمانی | میران | بەرهەمی نیە |
| 4 | کار | هەرێم | بەرهەمهێنان | زانیاری نیە | هەولێر | خورمەڵە | زانیاری نیە |

**تێبینی: بەرهەمی غازی کێڵگەی کۆرمۆر و چەمچەماڵ بۆ وێستگەکانی کارەبا بەکاردێت، بەڵام بەرهەمی غازی ماڵان LPG کۆندێنسێت کۆمپانیا بۆخۆی دەیفرۆشێت.**

**سەرچاوە: یادگار سدیق گەلاڵی، سەربەخۆیی دارایی و دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت وغازی هەرێم، ئەکاونتی نوسەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک.**

## کارلکێک و ئاڵنگارییەکانی کەرتی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان

### یەکەم: لەسەر ئاستی ناوخۆ

1. **ئاڵنگاری ئابوریی: هەرێمی کوردستان لە ژێر قەرزێکی کەڵەکەبووی گەورەتر لە (٣٠) ملیار دۆلاردایە، بەجۆرێک ئێستا زیاتر لە (٩) ملیار دۆلاری قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی لەلایە و زیاتر لە (8) ملیاری قەرزی موچەخۆران و (8) ملیار دۆلاری پابەندیە داراییەکان قەرزدارە. نزیکەی (4) ملیار دۆلاری هەردوو بانکی بازرگانی عێراقی و بانکی نێودەوڵەتی کوردستان قەرزدارە. ئەمە سەرەڕای وەستانی سەدان پرۆژەی گەورەو بچوک لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە لە ساڵی 2014، نەهاتنی بەشە بودجە لە عێراقەوە.**

**ئەو قەرزانەی حکومەتی هەرێم بەهۆی جۆرێک لە شکستی ئابوری سەربەخۆ وای کردووە نەتوانێت وەک پێویست ئاوڕ لە کەرتی غازی سروشتی بداتەوەو وەبەرهێنانی پێویستی تێدا بکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕاکێشانی کۆمپانیای وەبەرهێنی گەورەی بواری کەرتی غاز هەیە.**

2. ململانێی یەکێتی و پارتی بۆ کۆنترۆڵکردنی وزەو غازی سروشتی هەرێمی کوردستان وەک ئاڵنگاری سیاسی: ناکۆکی و ململانێی یەکێتی پارتی تەنها ململانێی سیاسی و ئیداری و جوگرافی و کارگێڕی و ئیعلامی نەبووە و نیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو کەرتی ئابوری لەناویشدا کەرتی وزە بوارێکی فراوانی نێوانیانی داگیر کردووە، چونکە هەردوو لایەن لەو ڕاستییە تێگەیشتوون "هەر لایەک دەست بەسەر کەرتی وزەی هەرێمدا بگرێت، ڕاستەوخۆ کەرتی ئابوری کۆنترۆڵ دەکات، ئەوەشی کەرتی ئابوری هەرێم کۆنترۆڵ بکات بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت کۆنترۆڵی ناوەوەو دەرەوەی حکومڕانی هەرێم دەکات".

لەماوەی ڕابردوودا پارتی دیموکراتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی کەرتی نەوتی هەرێمی کردووە، بەمەش توانیویەتی تا ئاستێکی بەرز کۆنترۆڵی ئابوری هەرێم و پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی کوردستان بکات لە دەرەوە، لە ناوەوەش پێگەی خۆی بە بەهێزی بهێڵێتەوە بەراورد بە هێزەکانی تر.

هەر بۆیە یەکێتی نایەوێت ئەو هەڵەیەی لە بواری کەرتی نەوتدا بەسەریدا تێپەڕی، لە وەبەرهێنانی کەرتی غازی هەرێمدا دووبارە ببێتەوە، پارتی بە هەمان شێوەی دۆسییەی نەوت کۆنترۆڵی بکات، چونکە بەشی زۆری یەدەگی غازی هەرێم، کێڵگە گەورەکانی دەکەوێتە ئەو سنورەی پێی دەوترێت ناوچەی سەوز. پارتی لە وەبەرهێنانی نەوتدا کەمترین وەبەرهینانی تێداکردووە و زۆرترین گرێبەستە نەوتییەکانی لە سنوری ناوچەی زەرد ئەنجامداوە.

هەربۆیە خوێندنەوەیەک هەیە بۆ ئەو گرێبەستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دانە غاز هەیەتی لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر، بە مەبەست پارتی لە ڕێگەی وەزیری سامانە سروشتییەکانی پێشووەوە (ئاشتی هەورامی) لە کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێم پابەندی گرێبەستەکە نەبووە و کێشەی بۆ کۆمپانیای ناوبراو دروستکردووە، لەبەرمبەردا کۆمپانیایەکە سکاڵای یاسایی لە دادگای لەندەن لە سەر حکومەتی هەرێم تۆمار کردو، دۆسیەکەی بردەوەو حکومەتی هەرێم پابەند کرا بە قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیاکە بە بڕی (2) ملیار دۆلار.

ئەمەش ئەو گومانە زیاتر دەکات کە هۆکاری پابەند نەبوونی حکومەتی هەرێم، سیاسی بووە زیاتر لەوەی تەکنیکی بووبێت، چونکە وەبەرهێنانەکە لە سنوری ناوچەی سەوزدایە.

هەموو ئەو ناکۆکییە جدیانەی نێوان یەکێتی و پارتی هەڕەشەی گەورە دەبن لە ئایندەی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستاندا، ڕەنگە بەشێک لە هۆکاری دواخستنی وەبەرهێنان لە کەرتی غازدا بۆ ئەو ململانێیە بگەڕێتەوە.

لەم بارەیەوە لە توێژینەوەیەکی (د. وحید انعام الکاکائي) بە ناونیشانی (جیوسیاسیة النفط والغاز في اقلیم کوردستان العراق والفواعل الاقلیمیة والدولیة)هاتووەو ئەوەمان بیردەخاتەوە؛ پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم و لە کۆتاییەکانی شەڕی داعش لە 2ی 3ی 2017، هێزە چەکدارەکانی یەکێتی کۆمپانیای نەوتی باکوریان کۆنترۆڵکرد لە پارێزگای کەرکوک، دواتر کەوتنە هەناردەکردنی نەوتی بەشێک لە وێستگەکانی کەرکوک لە رێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی. پاش 7 ڕۆژ لەو روداوە هێزە چەکدارەکانی سەر بە پارتی لە کێڵگە نەوتییەکانی هاڤانا و بای حەسەن لە ڕۆژئاوای کەرکوک بڵاوەیان پێکرا. ئەم جۆرە لە هەوڵی ئەو دوو لایەنە بۆ کەرتی نەوت و غاز بەردەوامەو بەردەوامیش دەبێت.

3. ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ: لەپاڵ ناکۆکییە دورو درێژەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لە بوارەکانی (ماددەی 140 و ناوچە جێناکۆکەکان و پرۆسەی نەوت و بوجە و پێشمەرگە و پرسە یاسایی و دەستورییەکان...) کەرتی غازیش یەکێک دەبێت لە ناکۆکییە گەورەکانی نێوان هەردوولا، ڕەنگە لە هەندێ وێستگەشدا قوڵتر ببێتەوە، چونکە عێراق بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆی، غاز لە دەرەوە هاوردە دەکات بە تایبەت بۆ دابینکردنی کارەبا. بۆ نمونە ئێستا عێراق نزیکەی (6) ملیار دۆلار لە پارەی غازی سروشتی و کارەبا قەرزداری ئێرانەو نەیتوانیوە کارەبای پێویستیش دابین بکات. بۆیە بە وەبەرهێنانی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی کێشەکان چڕتر و ئاڵۆزتر دەبن، بەتایبەتی کە ئەوان پێیان وایە هەناردەکردنی نەوت و غازی هەرێم بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی پێچەوانەی ماددەکانی (111) و (112)ی دەستوری عێراقە، کە تێیاندا هاتووە؛

ماددەی (111) (نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا)

ماددەی (112) یەکەم: حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات، بە مەرجێک داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەر و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت ...

دووەم: حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ بەرەو پێشبردنی سامانی نەوت و غاز...

بۆیە ڕەنگە بە وەبەرهێنان لە کەرتی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان بەبێ حکومەتی فیدراڵ، عێراق هەنگاوی توندتر و مەترسیدارتر بنێت.

### دووەم: لەسەر ئاستی هەرێمی

1. تورکیا

ئەگەر نەڵێین هەرێمی کوردستان تەنها یەک سەرچاوەی هەناردکردنی وزەی هەیە بۆ دەرەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە تورکیا تاکە دەروازەی سەرەکی دەبێت بۆ هەناردەکردنی غازە سروشتییەکەی هاوشێوەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستان – جەیهانی تورکی. چونکە تورکیا بە 352 کم هاوسنورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و زیاتر لەوەش تورکیا پێگەیەکی ستراتیژی هەیە لە ڕووی جوگرافییەوە، وەکو دەوڵەتی ڕێڕەوی گواستنەوەی بەرهەمی غازی وڵاتانی بەرهەمهێنی وەک ئێران و ئازەربایجان و روسیا و هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە وڵاتانی بەکاربەری یەکێتی ئەوروپا کە ئەمەش لەڕووی سیاسییەوە بە (دیبلوماسییەتی بۆرییەکان) بۆ تورکیا ناسراوە.

بەمەش بژاردەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان تەسک دەبێتەوە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی غازی سروشتی و هەناردەکردنی. سەرباری ئەوەی تورکیا خۆی کڕیارێکی گەورەی غازی سروشتییەو دوور نابێت هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر مەرجی قورسەوەو بیکاتە بارمتەی ئابوری خۆی.

باشترین بەڵگەش ئەو هەڵوێستە توندانەی تورکیا بوو کە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی 2017دا. هەر ڕۆژێک دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە لە 26ی 9ی 2017 مانۆڕێکی سەربازی لەسەر سنور ئەنجامدا بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراقدا و هاوکات سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە هەر زوو لێدوانی توندو هەڕەشە ئامێزی سیاسی و ئابوری و سەربازی ئاراستەی هەرێمی کوردستان و سەرکردە سیاسییەکان کرد.

لەگەڵ ئەوانەشدا تورکیا چاوی بڕیوەتە غازی هەرێمی کوردستان، چونکە (99%)ی غازی ئەو وڵاتە هاوردە دەکرێت لە ڕێگەی وڵاتانی ڕوسیاو ئێران و ئازەربایجانەوە، ساڵانە نزیکەی (60) ملیار دۆلار لەسەر تورکیا دەکەوێت.

هەر لەم بارەیەوە لە ساڵی 2013 ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا کرا بۆ فرۆشتنی غازی کوردستان. دواتر حکومەتی هەرێم گرێبەستەکەی لە ساڵی 2015 لەگەڵ کۆمپانیای (گەنەڵ ئینێرجی) کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی بەریتانی– تورکییە لە ساڵی 2017 هەموار کردەوە، ئەو کۆمپانیایەی ڕاسپارد بە شێوەی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش کێڵگەکانی غازی (بنەباوی و میران) گەشە پێبدات و غازی تێدا بەرهەمبهێنێت و بینێرێت بۆ تورکیا. ئەمەش دەبوو لە هەموو کێڵگە

**بەرهەمدارەکانی غازی کوردستانەوە، لە 2020دا حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بە ڕێژەیەکی زۆر غاز هەناردە بکات وەکو نەوتەکەی. بەڵام بەهۆکاری ناڕون ئەم پلانە هێشتا سەری نەگرتووە، هەروەها کۆمپانیای (گەنەڵ ئینێرجی)ش لە هەردوو کێڵگەکە کارەکانی ڕاگیراوە.**

2. **ئێران: بەراورد بە تورکیا، ئێران کەمتر ڕۆڵی هەیە لە پیشەسازی نەوت و غازی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بە هۆکاری سزا ئابورییەکانی سەر وڵاتەکەی و تێوەگلانی بە قەیرانەکانی سوریا و یەمەن و ناوچەکە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەکتەرێکی سەرەکی گۆڕەپانەکە نییە، بەڵکو هەموو هەوڵێکی ئێستای بوونی عێراقێکی یەکگرتووی خاوەن حکومڕانییەکی بەهێزی شیعییە لە وڵاتەکەدا، ڕۆڵێکی گەورەی سیاسیشی هەیە لە هەرێمی کوردستان و هەموو هەوڵێکیشی دروستکردنی هاوسەنگی هێزە، بۆ کاریگەری تورکیا لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆیە پەرەدان بە کەرتی غازی هەرێم و بازرگانی پێوەکردنی لەگەڵ تورکیا، بۆ ئێران تەحەدایەکی گەورە دەبێت و زیان بە کەرتی غازی سروشتی ئێران دەگەیەنێن چونکە؛**

أ. **هەرێمی کوردستان دەبێتە جێگرەوەی ئێران لە فرۆشتنی غازی سروشتی بە تورکیا، چونکە نرخەکەی بۆ تورکیا کەمتر دەبێت، لە کاتێکدا تورکیا یەکێکە لە کڕیارە گەورەکانی غازی سروشتی لە ئێران تا ساڵی 2026 گرێبەستیان پێکەوە هەیە.**

ب. **گەشەدان بە پیشەسازی غازی سروشتی هەرێمی نەک هەر بۆ تورکیا بەڵکو بۆ ئەوروپاش گرنگتر و هەرزانتر بەردەست دەبێت، بەمەش غازی هەرێمی کوردستان دەبێتە رکابەرێکی دیاری کەرتی غازی سروشتی ئێران، ئێران ئەمە بە هەڕەشە دەبینێت بۆ سەر ئابورییەکەی کە ئێستا لەژێر فشارێکی توندی ئابوریدایە.**

ج. **بەپێچەوانەی کێڵگە غازییەکانی ئێرانەوە کە دەکەونە باشووری ئەو وڵاتەوە لە ڕووی جوگرافییەوە کێڵگە غازییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و لە داهاتوودا بۆ ئەوروپا نزیکترە، بەمەش تێچونی گواستنەوە کەمدەکاتەوەو خێراییەکەشی زیاد دەکات، ڕەنگە لەڕووی ئەمنییشەوە پاراستنی ئاسانتر بێت بەراورد بەوەی ئێران.**

د. **غازی هەرێمی کوردستان تەنها نابێتە جێگرەوەی غازی ئێران بۆ تورکیاو ئەوروپا، بەڵکو لە توانایدایە پێداویستی ناوخۆی عێراقیش پڕ بکاتەوە بۆ**

پشەسازی و بەرهەمهێنانی کارەبا، کە ئێستا عێراق غاز و کارەبا لەو وڵاتە دەکرێت.

## سێیەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

1. ڕوسیا: دیبلۆماسییەتی وزە یەکێکە لە گرنگترین و ستراتیژییترین ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی روسیا، بەتایبەتی لە ناوچەکەو ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێویشیاندا سوریا و عێراق، لەو بابەتەدا هەرێمی کوردستانیشی پشتگوێ نەخستووە و گرنگی تایبەتی پێداوە، لە وەبەرهێنانیشدا لە کەرتی وزەی هەرێم دوا نەکەوتووە. لە مانگی 8ی ساڵی 2012 لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی (لوک ئۆیڵ و گاز پرۆم)ەوە هاتە نێو بازاڕی وزەی هەرێمی کوردستانەوە، دوای واژۆ کردنی دوو گرێبەست بۆ هەڵکەندن و بەرهەمهێنانی نەوت، لە کێڵگەکانی گەرمیان و هەڵەبجە لە دوای کۆمپانیا گەورەکانی (ئیکسۆن مۆبێل و شیڤرۆن)ی ئەمریکی و تۆتاڵی فەرەنسی وەک چوارەم گەورە کۆمپانیای بواری وزە هاتە نێو گۆڕەپانەکەوە.
لە1ی حوزەیرانی 2017 لە (کۆڕبەندی ئابوری جیهانی سان پیترسبۆرگ) حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای رۆزنەفتی ڕوسی گرێبەستێکی (20) ساڵەیان واژۆ کرد بۆ هاریکاری لەبواری گەڕان و پشکنین و وەبەرهێنانی سەرچاوە هایدرۆ کاربۆنییەکان، لە مانگی 10ی هەمان ساڵ ڕێککەوتنەکە فراوان کرا بۆ هاریکاری و ڕاکێشانی بۆری غازی سروشتی کە توانای گواستنەوەی (30) ملیار مەتر سێجای ساڵانەی هەبێت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستانی لێوە هەناردەی بازاڕەکانی دەرەوە بکرێت.
کاتێکیش هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، ڕوسیا تاڕادەیەک هەڵوێستێکی بێ لایەنانەی نیشاندا، بەپێچەوانەی هێزە نێودەوڵەتییەکانی تر، کە دژ بە پرۆسەکە بوون. لە 8ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 وەزیری وزەی ڕوسیا (ئەلیکساندەر نۆڤاک) ڕەزامەندی نیشاندا هێڵی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ببەستێت بە دەریای ڕەشەوە، هاوکات لە 19ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 و سێ ڕۆژ دوای ڕوداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و (هێرشی حکومەتی عێراق بۆ سەر ناوچە جێناکۆکەکان) ڕوسیا بە بەهای 1.8 ملیار دۆلار بە پشکی60% خاوەندارێتی بۆری نەوتی کوردستان – جەیهانی کڕییەوە، سەرباری ئەوەش کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕوسی قەرزێکی بە گوژمەی 1.2 ملیار دۆلار بە هەرێمی کوردستان بەخشی.

هەروەها لە 25ی ئایاری 2018 لە (کۆڕبەندی ئابوری جیهانی سان پیترسبۆرگ) کۆمپانیای رۆزنەفتی ڕوسی گرێبەستێکی نوێی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد بۆ گەشەدان بە ژێرخانی کەرتی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان.
هەموو ئەو هەوڵ و هاوکاری و گرنگی پێدانەی ڕوسیا بۆ هەرێمی کوردستان چەند تێبینییەکی لێ دەخوێندرێتەوە.

أ. ڕوسیا و کوردستان خاوەن پەیوەندییەکی مێژوویین و ئەو پەیوەندییەش بۆ چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.
ب. بایەخی ڕوسیا بۆ نەوت و غازی هەرێمی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژی لە جیهاندا.
ج. زیادکردنی هەژمونی ڕوسیا لە ناوچەکەدا بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی، کێبرکێکردن لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپییەکانی بوارەکە لەم ناوچەیەدا.
د. خواستی ڕوسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان، یان لانی کەم پشکی هەبێت لەم سەرچاوە گرنگە، بەتایبەت مەترسی هەیە غازی هەرێمی کوردستان ببێتە جێگرەوەی غازی ڕوسیاو ئێران و ئازەربایجان بۆ تورکیا و ئەوروپا، لێرەشەوە فرۆشی خۆی بپارێزێت.
ه. لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت غازی سروشتی خۆی هەناردە بکات، ببێتە کێبرکێکاری غازی ڕوسی، روسیا خۆی سودمەندی سەرەکی پرۆسەکە بێت.

هەموو ئەمانەش پێمان دەڵێت غازی هەرێمی کوردستان بەبێ ڕوسیا ئاسان نییە هەناردە بکرێت، ئەگەرچی ئەمە دیوێکی ئەرێنی هەیە، بەڵام دیوی نەرێنیشی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پاراستنی هاوسەنگیەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

2. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

هەرێمی کوردستان یەکێکە لە گرنگترین ناوچەکانە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەک تەنها لە ڕووی ئابوری و بازرگانییەوە، بەڵکو لەڕووی سیاسیی و سەربازیی و ستراتیژییەوە بایەخی تایبەتی هەیە، (لێرەدا تەنها پرسی غاز جێی باسی ئێمەیە بۆیە ناچینە ئەو وردەکارییەوە).
کۆمپانیا گەورەکانی ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کەرتی وزەی عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، لە دیارترین ئەو کۆمپانیایانەش (ئیکسۆن مۆبیل

و شیڤرۆن) هەر زوو دەستیان کرد بە چالاکی لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ناڕەزاییەکانی حکومەتی عێراق لە ڕێککەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا بیانییەکان، گرژی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2011، کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبێل یەکەم گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم واژۆ کرد بۆ هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەڕەشەکانی نوری مالیکی، فشاری بۆ سەر ئیدارەکەی ئۆباما بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە، کە گەڕان و پشکنین بوو لە شەش ناوچەی هەرێمی کوردستان لە (ئەلقوش، بەعشیقە، پیرمام، بێتواتە، ڕۆژهەڵاتی عەربەت و قەرەهەنجیر)، لە کاتێکدا بەشێک لەو ناوچانە دەکەونە سنوری ناوچە جێ ناکۆکەکانەوە. ئەمەش دەرگای لەبەردەم کۆمپانیا گەورەکانی دیکەی وەک شیڤرۆن و تۆتاڵ و دواجاریش غازپرۆم کردەوە.

سەرباری ئەوەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هاوکاری یەکێتی ئەوروپا چاویان لەوەیە پاڵپشتی کەرتی غازی هەرێم بکەن، هەناردەی ئەوروپای بکەن بۆ فشار دروستکردن لەسەر ڕوسیاو کێبرکێکردن لەگەڵ غازی ڕوسییدا، لە ڕێگەی هاوبەشی پێکردنی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی هێڵی (تاناپ) کە پرۆژەی دانانی هێڵی بۆری و هەناردەکردنی غازی سروشتییە لەڕێی ئەنادۆڵی تورکیاوە، لە 17ی تشرینی دووەمی ساڵی 2011، دەست بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کرا، کە دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە ڕێیەوە غازی سروشتی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت و ئاسانکاری بۆ کڕیارانی دەکات. ئەمریکا پشتگیری پرۆسەکە دەکات.

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆشحاڵ نیەو نابێت بە زیادکردنی هەژمونی ڕوسیا بەسەر کەرتی وزەو غازی هەرێمدا.

### تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/4/7) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8145

## سەرچاوەکان


1. دەستوری هەمیشەیی عێراق.
2. چارەنوسی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان بەرەوکوێ دەچێت؟
https://kogc.co.uk/kurdi/5504 /
3. قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم بوونە 32 ملیار دۆلار، ماڵپەڕی شار پرێس؛
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=179002
4. الغاز في «كردستان العراق»: وقائع السوق والفرص الجيوسياسية؛
https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/alghaz-fy-krdstan-alraq-wqay-alswq-walfrs-aljywsyasyt
5. د. وحيد انعام الكاكائي، جيوسياسية النفط والغاز في اقليم كوردستان العراق والفواعل الاقليمية والدولية؛
https://portal.arid.my/Publications/6e75af02-7f62-4c6d-8778-3c215ea66565.pdf

**بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە (2019/1/1 – 2021/6/30) حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (393 ملیۆن و 528 هەزار و 260) بەرمیل نەوتی لەڕێگەی بۆرییەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، لەو ماوەیەدا بڕی (1 ملیار 744 ملیۆن و 391 هەزار و437) دۆلاری وەک کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە خەرجکردووە، کە بۆ هەر بەرمیلێک دەکاتە (4.4) دۆلار.**

**ئەو خەرجییەش زیاترە لەو بڕە پارەیەی کە حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2017) لە ڕێگەی فرۆشتنی بۆری نەوتی کوردستان بە کۆمپانیای ڕۆزنەفتی روسیی دەستی کەوتووە، کە بڕەکەی (1 ملیار و 700 ملیۆن) دۆلار بوو.**

**هەر بەپێی زانیارییەکانی دیلۆیت تا نیوەی یەکەمی ساڵی (2021)، حکومەتی هەرێمی کوردستان (76 ملیۆن و 869 هەزار و 888) بەرمیل نەوتی خاوی فرۆشتووە، کۆی بەهاکەی (4 ملیار و 108 ملیۆن و 404 هەزار و 110) دۆلار بووە، بڕی (454 ملیۆن و 413 هەزار و 772) دۆلار بەڕێژەی (11.1%)ی داهاتی گشتی نەوت، بۆ کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە خەرج کردووە.**

## بایەخی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان

**پرۆسەی گواستنەوەی نەوت قۆناغی دووەمی پیشەسازی نەوتە لە دوای بەرهەمهێنانییەوە. بۆیە دەتوانرێت بوترێت قۆناغی گواستنەوە هیچی کەمتر نییە لە قۆناغی بەرهەمهێنان و پێکەوە یەکتر تەواودەکەن، چونکە بەرهەمهێنانی نەوت هیچ بەهایەکی نابێت ئەگەر بە ڕێگەیەک نەگواسترێتەوە بۆ بازاڕی بەکاربەر و کڕیارانی نەوت، جا گواستنەوەکە بە ڕێگەی (وشکانی یان ئاوی) بێت.**

**پرۆسەی گەیاندنی نەوتیش پێویستی بە ئامراز و ئامێرێ گرنگ و گەورە هەیە بۆ گواستنەوە، سەرەڕای ئەوەی پێگەی جوگرافییش زۆرجار بەشێکە لە (کارئاسانی یان ئاستەنگ) بۆ ئەو گواستنەوەیە. بۆیە دەکرێت داخراوی پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان نەگەیشتنی بە دەریا**

ئاستەنگێکی گەورەبێت بۆ ئەو پرۆسەیە، بۆیە بەناچاری دەبێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ یەکێک لە وڵاتە دراوسێکانی. بۆ ئەمەش زیاتر پشت بە وڵاتی تورکیا بەستراوە بۆ گەیاندنی بەرهەمی نەوتی هەرێم بە بازاڕەکانی ئەوروپا.

سەرەتای پیشەسازی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تەق تەق لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (1994) دەگەڕێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتی بە (تانکەر) بەستوە بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکەی. تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای پرۆسەی ئازدی عێراقەوە کە بە چڕی دەستیکرد بە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی هەرێم، بەتایبەتیش لەدوای پەسەندکردنی یاسای ژمارە (22ی ساڵی 2007) یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام گواستنەوەی نەوت هەر بە ڕێگەی (تانکەر) بەردەوام بوو، چونکە تا ساڵی کۆتایی ساڵی (2013) هەرێمی کوردستان تەنها دەیتوانی لە ڕێگەی تەنکەرەوە بەرهەمە نەوتییەکەی هەناردەی وڵاتانی دەرەوە بکات و بەو پێیەش لە توانایدا بووە ڕۆژانە نزیکەی (50) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی تانکەرەوە هەناردەی تورکیا بکات.


بەڵام بونیادنانی بۆری نەوتی هەرێم، پرۆسەی نەوتی هەرێمی بردە قۆناغێکی دیکەوە. بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە لە سەرەتای ساڵی (2014) وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دووڕیانی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا، پێگەیەکی نمونەیی هەیە بۆئەوەی ببێتە هاوبەشێکی گرنگ لە دابینکردنی وزەدا بۆ جیهان. لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیاکان لە قۆناغی گەڕانەوە دەچنە سەر بەرهەمهێنان، کوردستان ئامادە دەبێت ببێتە ناوەندێکی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ بازاڕەکانی وزەی جیهان".

لە سەرەتای سەرپێکەوتنی بۆری نەوتی هەرێم، حکومەتی هەرێم ئەوەشی ڕاگەیاندووە؛ "ڕێگەی نەوت لە کێڵگە بەرهەمهێنەرەکانی کوردستانەوە پێشتر بە هێڵی بۆریەکانی کەرکوک– جەیهاندا تێپەڕ بووە لە ڕێگەی هێڵێکی دوانەیی هەناردەکردنەوە. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان هێڵێکی بۆری هەناردەکردنی نوێ دروست دەکات کە بە هاتنی ساڵی 2015 لە توانایدا دەبێت (1) ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بگوازێتەوە بۆ سنوری تورکیا. هێڵی بۆریەکە لە خورمەڵەوە درێژ دەبێتەوە تا فیشخابوور لەسەر سنوری تورکیا".


هەروەها حکومەتی هەرێم ئاماژەی بەوەش داوە "بە مەبەستی بەستنەوەی بە ژێرخانی هەناردەکردنەوە، هێڵێکی سەرەکی نوێی بۆری (81) کیلۆمەتری ناوخۆیی لە تەق تەقەوە بۆ خورمەڵە تەواو کردووە. لە توانیادایە بڕی 150,000 بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم بهێنرێت لە تەق تەقەوە بۆ خورمەڵە کە دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە پاڵاوگەی هەولێر و هێڵی بۆریەکانی

هەناردەكردنەوە. هێڵی بۆریەكانی تەق تەق– خورمەڵە یارمەتی هەرێمی كوردستان دەدات درک بە تەواوی بەرهەم و توانای هەناردەكردنی كێڵگەی تەق تەق بكات" (بڕوانە چارتی ژمارە (1) كە بڕی بەرهەمهێنانی نەوت دەردەخات پێش بونیادنانی بۆری نەوتی هەرێم) هەروەها (چارتی ژمارە (2) كە بڕ بەرهەمهێنانی نەوت دەردەخات دوای بونیادنانی بۆری نەوتی هەرێم)

**چارتی ژمارە (1)**



چارتی ژمارە (2)




## خاوەندارێتی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان

بەپێی یاداشتێکی پەرلەمانتار (عەلی حەمە ساڵح) کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، دەربارەی (بۆری نەوتی کوردستان و کرێی گواستنەوەی نەوتی هەرێم).

بۆری نەوت لە سنوری هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2010)ەوە دەست بە دروستکردنی کراوە، کۆتایی ساڵی (2013) بۆ یەکەمجار لە ڕێگەیەوە نەوتی هەرێمی کوردستانی گواستەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی.

بەپێی زانیارییەکانی نێو یاداشتەکە کۆمپانیای کار بۆری نەوتی دروستکردووە و (40%) خاوەندارێتی بۆرییەکە هی کۆمپانیای ناوبراوە، بەپێی زانیارییەکان بۆرییەکە نزیەکەی (600) ملیۆن دۆلار تێچوونەکەی بووە.

(60%) بۆری نەوتی هەرێم خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمپانیای (ڕۆزنەفتی ڕوسی) دەگەڕێتەوە، کاتێک لە 2017/6/2 لە شاری (سان پیترسبۆرگ)، بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی و وەزیری سامانە سروشتییەکانی لە کابینەی هەشتەم گرێبەستێکیان لەگەڵ


بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای رۆزنەفرت واژۆ کرد، بەشێکی گرێبەستەکە فرۆشتنی (60%)ی بۆری نەوتی کوردستان بوو بە کۆمپانیای رۆزنەفت بە بەهای (1 ملیار و 700 ملیۆن) دۆلار.

درێژی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان (896) کیلۆمەترە، لە سنوری هەرێمی کوردستان لە کێڵگەی خورمەڵەوە دەستپێدەکات و بەنێو بلۆکە کانزاییەکانی (هەولێر، بەردەڕەش، عەین سەفنی، جەبەل کەند، ئەلقوش، دهۆک و سلیڤانی)یدا تێدەپەرێت و دەگات بە (فیشخابور)، (221) کیلۆمەترە، بەم پێیەش (24.6%) بۆری نەوت لە سنوری هەرێمی کوردستاندایە، خاوەندارێتییەکەی بۆ هەردوو کۆمپانیای (کار و رۆزنەفتی ڕوسی) دەگەڕێتەوە.

ئەو بەشەی لە سنوری تورکیایە، خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی دەگەڕێتەوە کۆمپانیای "بۆتاش" سەرپەرشتی دەکات. لە فیشخابورەوە تا دەگات بە بەندەری جەیهانی تورکی (675) کیلۆ مەترەو (74.6%)ی درێژی بۆرییەکە پێکدەهێنێت. (بڕوانە نەخشەی بۆری نەوتی هەرێم)

بەپێی یاداشتەکە ئەم گرێبەستە ئەوەندە لە سودی کۆمپانیای رۆزنەفت بووە، بەپێی بەیاننامە داراییەکانی لقی سەنگافورەی کۆمپانیای رۆزنەفت کە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای رۆزنەفت بڕی (250 ملیۆن) دۆلاری داوەتە ڕاوێژکارێکی دەرەکی تاوەکو دڵنیابێتەوە لە بەدەستهێنانی ڕێککەوتنە نەوتییەکانی لە هەرێمی کوردستان.

**هێڵی بۆری نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جەیهانی تورکی**




## کرێی گواستنەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری هەرێمی کوردستانەوە

**بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە (2019/1/1 – 2021/6/30) حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (393 ملیۆن و 528 هەزار و 260) بەرمیل نەوتی لەڕێگەی بۆرییەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، هەر بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای ناوبراو لەو ماوەیەدا بڕی (1 ملیار 744 ملیۆن و 391 هەزار و437) دۆلای وەک کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە خەرجکردووە، کە بۆ هەر بەرمیلێک دەکاتە (4.4) دۆلار.**

**ئەو خەرجییەش زیاترە لەو بڕە پارەیەی کە حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2017) لە ڕێگەی فرۆشنی بۆری نەوتی کوردستان بە کۆمپانیای رۆزنەفت دەستی کەوتووە کە بڕەکەی (1 ملیار و 700 ملیۆن) دۆلار بووە، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە. (بۆ وردەکاری تەواوی ماوەی (2019– 2021/6/30) لە نەوتی فرۆشراو و کرێی بۆری بڕوانە خشتەی ژمارە (1))**

**خشتەی ژمارە (1)**

**نەوتی فرۆشراو و کرێی بۆری (2019/1/1 – 2021/6/30)**

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ماوەی ساڵانی 2019 –2021/6 | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | کرێی گواستنەوەی بۆری بە دۆلار | | کرێی گواستنەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2019/3/31 – 2019/1/1 | 38,584,174 | 122,055,061 | | 3.2 |
| 2 | 2019/6/30 – 2019/4/1 | 39,764,446 | 172,578,942 | | 4.3 |
| 3 | 2019/9/30 – 2019/7/1 | 39,953,584 | 174,572,125 | | 4.4 |
| 4 | 2019/12/31 – 2019/10/1 | 40,210,756 | 175,166,726 | | 4.4 |
| 5 | 2020/3/31– 2020/1/1 | 42,323,769 | 179,094,807 | | 4.2 |
| 6 | 2020/6/30 – 2020/4/1 | 37,408,005 | 84,890,716 | | 2.3 |
| 7 | 2020/9/30 – 2020/7/1 | 39,265,779 | 191,273,212 | | 4.9 |
| 8 | 2020/12/31 – 2020/10/1 | 39,147,859 | 190,346,076 | | 4.9 |
| 9 | 2021/3/31 – 2021/1/1 | 37,444,522 | 215,480,909 | | 5.8 |
| 10 | 2021/6/30 – 2021/4/1 | 39,425,366 | 238,932,863 | | 6.1 |
| | کۆ | 393,528,260 | 1,744,391,437 | تێکرا | 4.4 |

هەر بەپێی زانیارییەکەکانی دیلۆیت تا نیوەی یەکەمی ساڵی (2021) حکومەتی هەرێمی کوردستان (76 ملیۆن و 869 هەزار و 888) بەرمیل نەوتی خاوی فرۆشتووە و کۆی بەهاکەی (4 ملیار و 108 ملیۆن و 404 هەزار و 110) دۆلار بووە، بڕی (454 ملیۆن و 413 هەزار و 772) دۆلار بەڕێژەی (11.1%)ی داهاتی گشتی نەوت بۆ کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە خەرج کردووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2))


**خشتەی ژمارە (2)**

فرۆش و داهات و کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2021)

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار | کۆی کرێی بۆری گواستنەوە بە دۆلار | ڕێژەی کرێ گواستنەوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2021/1/1 – 2021/3/31 | 37,444,522 | 48.961 | | 1,833,324,620 | 215,480,909 | 11.8% | |
| 2 | 2021/4/1 – 2021/6/30 | 39,425,366 | 57.706 | | 2,275,079,490 | 238,932,863 | 10.5% | |
| کۆ | | 76,869,888 | تێکڕا | 53.334 | 4,108,404,110 | 454,413,772 | تێکڕا | 11.1% |


کرێی گواستنەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری نەوتەوە بەردەوام ڕووی لە بەرزبوونەوەیە، بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە سەرەتای ساڵی (2019) تا نیوەی یەکەمی (2021) کە ژمارەیان (10) ڕاپۆرتە، ئەم بەرزبوونەوەیە بە ڕوونی دەبینرێت، بۆ نمونە لە ڕاپۆرتی یەکەمی دیلۆیت کە وردەکاری پرۆسەی نەوتی هەرێمی ڕوونکردووەتەوە لە ماوەی (2019/1/1 – 2019/3/31) کرێی گواستنەوەی (1) بەرمیل نەوتی هەرێم (3.2) دۆلار لەسەر حکومەتی هەرێم بووە، بەڵام لە دوا ڕاپۆرتی کۆمپانیا وردبینییەکەدا لە ماوەی (2021/4/1 – 2021/6/30) کرێی گواستنەوەی (1) بەرمیل نەوتی هەرێم (6.1) دۆلار لەسەر حکومەتی هەرێم وەستاوە. (بڕوانە چارتی ژمارە (3)).

**چارتی ژماره (3)**




بەجۆرێک لە (2019/1/1 – 2019/3/31) کۆی کرێی گواستنەوەی نەوتی هەرێم (122 ملیۆن و 55 هەزار و 61) دۆلار لەسەر حکومەتی هەرێم بووە، بەڵام لە دوا ڕاپۆرتی کۆمپانیا وردبینییەکەدا لە ماوەی (2021/4/1 – 2021/6/30) کۆی کرێی گواستنەوەی نەوتی هەرێم (238 ملیۆن 932 هەزار و 863) دۆلار لەسەر حکومەتی هەرێم وەستاوە. (بڕوانە چارتی ژمارە (4)).

**چارتی ژمارە (4)**




**لە یاداشتەکەی (پەرلەمانتار – عەلی حەمە ساڵح)دا هاتووە لە ماوەی (2020 – 2021/6) واتە ساڵێک و شەش مانگ (1 ملیار و 584 ملیۆن دۆلار) دراوەتە کرێی گواستنەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە، لە ساڵی (2020) دا (21.3%) کۆی داهاتی نەوت دراوەتە کرێی بۆری نەوتی هەرێم، ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بۆری نەوت لە سنوری هەرێمی کوردستان تەنها (24.6%) کۆی درێژی بۆری نەوتە لە خورمەڵەوە تا بەندەری جەیهان، بەڵام (70%)ی کۆی کرێی گواستنەوەی پێدراوە.**

**ئەگەر (18) مانگی سەرەتای (2020) بۆ شەش مانگی یەکەمی (2021) وەک پێوەر وەربگیرێت (70%) کرێی گواستنەوەی نەوت بۆ کۆمپانیاکانی (کار و ڕۆژنەفت) ڕۆشتووە (30%) بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی بووە! (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)). ئایا دەکرێت بۆری نەوت لە سنوری تورکیا دوو هێندەو نیوی بۆری نەوت بێت لە سنوری هەرێمی کوردستان، بەڵام کرێی بۆری لە سنوری هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر بێت لە سنوری تورکیا؟**

**خشتەی ژمارە (3)**

**کرێی بۆری نەوتی هەرێم (2020/1/1 – 2021/6/30)**

| درێژی بۆری نەوت | درێژەی لە سنووری هەرێمی کوردستان | درێژی لە سنووری تورکیا | کۆی کرێ ی بۆری بۆ 18 مانگ | کرێی بۆری بۆ سنووری کوردستان | کرێی بۆری بۆ سنووری تورکیا |
|---|---|---|---|---|---|
| 896 km | 221 km | 675 km | 1,584,000,000 $ | 1,108,000,000 $ | 476,000,000 |
| # | 24.6 % | 75.4 % | # | 70 % | 30% |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/21) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9734

## سەرچاوەکان


- **ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ماوەی (2019/1/1 – 2021/6/30) کە ژمارەیان (10) ڕاپۆرتە و سەرجەمیان لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەستە.**
- **عەلی حەمە ساڵح، یاداشت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان (وێنەیەکی لای درەو میدیایە)**
- **هێڵی بۆریەکانی نەوت، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛**
https://gov.krd/mnr/publications/%D9%86%DB%95%D9%88%D8%AA/
- **هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دەستپێکرد، 2013/12/13، ماڵپەڕی ڕوداوو؛**
https://www.rudaw.net/sorani/business/131220131#sthash.rRkwbuML.dpuf
- **د. أحمد ياسين & د.شيركو كرمانج & م. يادكار عبدالله، طرق نقل النفط من حقول كوردستان العراق، مجلة وادي النيل للدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية والتربوية؛**
https://jwadi.journals.ekb.eg/article_85184_20d92d83d507b1d588bfd4d469478ad6.pdf
- Andrew Snow, Kurdistan and Baghdad: A Tangled Web Over Oil and Budgets;
https://www.usip.org/publications/2018/01/kurdistan-and-baghdad-tangled-web-over-oil-and-budgets

## پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

### حکومەتی هەرێمی کوردستان (13%) پێداویستی نەوتی خاویان بۆ دابین دەکات

> پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (4) پاڵاوگەی فەرمییە، پێکەوە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاویان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی سوتەمەنی و وزە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (2019 – 2021/6) بە تێکڕا نزیکەی (33) هەزار بەرمیل بە بڕی (13%) توانای خۆیان نەوتی خاویان بە هەردوو شێوازی (فرۆشتن و پاڵاوتن بۆ حکومەت) بۆ دابینکردون.

### پاڵاوگەی نەوت

پاڵاوگەی نەوت یان (پاڵاوتنی نەوت) بریتییە لە پرۆسەیەک کە تێیدا نەوت دەپاڵێون بۆ لێوەرگیراوەکانی، وەک (سوتەمەنی سووک، غازۆلین، بەنزین، ئەسفلت (قیر)، ڕۆنی گەرمکردنەوە، کیرۆسین (نەوتی سپی)، غازی شل(LPG)، سوتەمەنی جێت و سوتەمەنی چەور (سوتەمەنی قورس). ماددەی تری پترۆکیمیاوی هەن وەک ئەثیلین و پرۆپلین ئەتوانرێت بەرهەم بهێنرێت لە نەوتی خاو، بەبێ بەکارهێنانی پاڵاوگەی نەوت بەهەمان شێوەش وەک نەفتا کە لە هەمان ڕێگەوە بەرهەمدێت.

هەر پاڵاوگەیەک ڕێکخستنی تایبەت بەخۆی هەیە و تێکەڵکردنی پرۆسەکانی پاککردنەوە بە ڕەچاوکردنی شوێنی پاڵاوگە، بەرهەمە خواستراوەکان و باری ئابوری دیاری دەکرێت.

پاڵاوگەی نەوت بە بەشێکی گرنگ و سەرەکی لە پیشەسازی نەوت دائەنرێت، هەندێک لە پاڵاوگە مۆدێرنەکان ئەتوانن ڕۆژانە بڕی (800 هەزار) بۆ (900 هەزار) بەرمیل نەوت بپاڵێوێت و پرۆسێسی بکات.

## پاڵاوگەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (2009)ەوە، دەستی کردووە بە پەرەدان بە پاڵاوگەی نەوت لە هەرێمی کوردستان، لە (2013/8/28) ڕایگەیاند "بەپێی ڕێکەوتنێک کە لە ئەیلولی 2012 دا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقدا ئەنجامدرا، هەرێمی کوردستان مافی بەدەستهێنانی 17% ی بەرهەمە پاڵێوراوەکانی عێراقی هەیە، لەگەڵ 17%ی نەوتی خاوی عێراق بۆ سوتەمەنی وێستگەکانی کارەبا. بەڵام حکومەتی فیدراڵی ئەم مافەی بەرهەمە پاڵێوراوەکان بە تەواوەتی دابین ناکات بۆ هەرێم".**

**بۆیە لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "لەپێناو بەدیهێنانی خواستی ناوخۆییمان و یارمەتیدان بۆ خزمەتکردنی پێویستیی ناوچەکانی تر، هەرێمی کوردستان گەشە بە کەرتی پاڵاوتن دەدات. لەگەڵ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی زیاتردا، توانای پاڵاوتنی هەرێمی کوردستان".**

**لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاگەیەندراوەدا دوو پاڵاوگەی گەورە پاڵاوگەیەکی بچوکی و فەرمی لە هەرێمی کوردستان لە بەرهەمهێناندابوون کە ئەوانیش بریتی بوون لە؛**

یەکەم: **پاڵاوگەی کار (کەڵەک یان کەورگۆسک) لە نزیک شاری هەولێر، لەلایەن کۆمپانیای (کار گروپ)ەوە بەڕێوە دەبرێت، کە کۆمپانیایەکی ناوخۆییە، لە ئێستادا توانای بەرهەمهێنانی (110 هەزار) بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا، بەڵام هەموو توانای خۆی بەکارناهێنێت و ڕۆژانە (50 هەزار) بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت.**

دووەم: **پاڵاوگەی بازیان لە پارێزگای سلێمانی، پاڵاوگەکە لە سەرەتادا بۆ نەوتی خاوی کەرکوک دروستکرا بوو، بەڵام ئەو کۆمپانیا بیانیەی کە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی پێسپێردرا بوو نەیتوانی کارەکانی تەواو بکات دواتر پرۆژەکە درا بە کۆمپانیای (وزە پێترۆلیەم)ی کوردی سەر بە کۆمپانیای "قەیوان" لە کۆتایی (2009) دا بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرا.**

**ئەم پاڵاوگەیە یەکێکە لە پاڵاوگە گرنگەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕۆژێکدا پاڵاوگەی بازیان (40) هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت، چەندین بەرهەمی جیاواز لە نەوتی خاو بەرهەم دەهێنێت، بۆ نمونە ئێستا بەرهەمی ڕۆژانەی پاڵاوگەکە بەم جۆرەیە؛**

1. (1 ملیۆن و 500 هەزار) لیتر بەنزین.
2. (80) تەن غازی شلی ماڵان.
3. (2 ملیۆن و 700 هەزار) لیتر نەوتی ڕەش.
4. (200 هەزار) لیتر نەوتی سپی.

5. (250 هەزار) بەنزینی فڕۆکە
6. (1 ملیۆن و 500 هەزار) دیزڵ (غاز)

سێیەم: پاڵاوگەی لاناز: یەکێکی دیکەیە لە پاڵاوگە گەورەکانی هەرێمی کوردستان و لە پارێزگای هەولێر و لە ساڵی (2008)ەوە بە ئاست و تەکنیکێکی بەرز بونیاد نراوە، بەپێی داتاکان توانای پاڵاوتنی (100 هەزار) بەرمیل نەوتی خاوی هەیە لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئێستا (30%) ئەو توانایە بەکاردەهێنێت و کە پاڵاوتنی (30 هەزار) بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا و چەندین بەرهەمی جیاوازی نەوت بەرهەم بهێنێت.

چوارەم: پاڵاوگەی تاوکێ لە کێڵگەی تاوکێ لە پارێزگای دهۆک، کۆمپانیای DNO ی نەرویجی خاوەنی پاڵاوگەیەکی بچووکە کە نەوتی خاو ئامادە دەکات لەپێناو دەستکەوتنی خەسڵەتی هەناردەکردندا، ئێستا توانای بەرهەمهێنانی (6 هەزار) بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا.

## پاڵاوگەکان کار بۆ کێ دەکەن و چۆن نەوتی خاو دەست دەخەن؟

بەشێوەیەکی گشتی پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەو سەرچاوەی جیاواز نەوتی خاو دەست دەخەن بۆ کاری پاڵاوتن و بەرهەمهێنان ئەوانیش؛

یەکەم: حکومەتی عێراق و هاوردەی دەرەکی

ڕۆژی (2021/6/18) سەرکۆ ئازاد گەلاڵی، بڕیاردەری لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە لە بەشێکیدا هاتبوو؛ "لە هەرێمی کوردستان دوو پاڵاوگە هەیە، هەردووکیان نەوت و بەنزین بۆ عێراق دەپاڵێون. پاڵاوگەی کار لە هەولێر ڕۆژانە (50 هەزار) بەرمیل نەوت دەپاڵێویت و (25 هەزار) دەداتەوە بە عێراق و (25 هەزار) بەرمیلیش بۆ ناوخۆ دەپاڵێوێت، ئەوەی بۆ عێراقی دەنێرێتەوە لیتری دەدرێت بە (450) دینار بەڵام ئەوەی بۆ ناوخۆی هەرێم دەیپاڵێوێت لیتری دەیداتە (800 و 900) دینار.. بۆچی بۆ عێراق بە (450 ) دینار و بۆ هەرێمیش (800 ) دینار".

هەروەها ئاشکراشیکردوە"لە پارێزگای سلێمانی پاڵاوگەی بازیان (قەیوان) هەیەو ڕۆژانە نزیکەی (40 هەزار) بەرمیل نەوت و بەنزین دەپاڵێویت و دەینێرێتەوە بۆ عێراق، لەوێ لیتری دەدرێتەوە بە (450) دینار".

لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەو پەرلەمانتارە ئەوەش هاتووە؛ "پاڵاوگەی لاناز ڕۆژانە (30 هەزار) بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت و نەوتە خاوەکە لە سوریا دەکڕێت و بەرهەمەکەی لە بازاڕی هەرێمی

کوردستان دەفرۆشێتەوەو بە نرخی بازار کە لەئێستادا (800 بۆ 900) دینارە". بەپێی قسەی سەرکۆ گەلاڵی "ئێستا پاڵاوگەی کار توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی (4 ملیۆن و 500 هەزار) لیتر بەنزینی هەیە، پاڵاوگەی قەیوان توانای بەرهەمهێنانی (2 ملیۆن) لیتر بەنزینی هەیە، لانازیش بەهەمان شێوە، تاکەی حکومەت ئەو پاڵاوگانە ناچار ناکەن نەوتی سپی و بەنزین بۆ ناوخۆ بپاڵێون و چیتر چاویان لە بەنزینی پڕ لەسەرەتانی ئێرانی نەبێت".

ئەمە دەریدەخات کە سەرچاوەی نەوتی خاوی پاڵاوگەکان تەنها نەوتی خاوی هەرێم نییە، بەڵکو بەشێک لەو نەوتە خاوە لە حکومەتی عێراق وەردەگرن و بەشێکیشی لە دەرەوە هاوردە دەکەن.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان

جگە لەوەی پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان نەوتی خاو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان (عێراق و دەرەوە) هاوردە دەکەن و دەیپاڵێون بە دوو ڕێگاش نەوت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن بۆ پاڵاوتن، ئەوانیش؛

1. پاڵاوتنی نەوت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان


بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو دەدات بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و لە بەرامبەردا حکومەت بڕێک پارە دەدات بە پاڵاوگەکان بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆ، بەڵام بڕەکە زۆر لەوە کەمترە کە پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ بکاتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (1)) کە بڕی ئەو نەوتە خاوە نیشان دەدات کە پاڵاوگەکان لە ماوەی (2009 – 2021/6) نیشان دەدات، کە بۆ دوو ساڵ و حەوت مانگ تەنها (20 ملیۆن و 632 هەزار و 369) بەرمیل نەوتی خاو بووە. واتە بە جۆرێک ئەو ماوە دەکاتە (941) ڕۆژ و ئەگەر ئەو بڕە نەوتە دابەشی ڕۆژەکان بکەین دەکاتە (20 هەزار و 926) بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە.

خشتەی ژمارە (1)

ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن (2019 – 2021/6)

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ماوەی 2019 –2021/6 | ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لەیان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن |
|---|---|---|
| 1 | 2019/12/31 – 2019/1/1 | 8,737,444 |
| 2 | 2020/12/31– 2020/1/1 | 8,245,586 |
| 3 | 2021/3/31 – 2021/1/1 | 1,783,160 |
| 4 | 2021/6/30 – 2021/4/1 | 1,866,179 |
| | کۆ | 369,632,20 |

چارتی ژمارە (1)




ئەو بڕە نەوتە خاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەینێرێت بۆ پاڵاوتن (تێچوون، بەرهەم، داهات، خەرجی)ی خۆی هەیە کە ساڵی (2019) بە نمونە وەرگیراوەو بڕەکەی (8 ملیۆن و 737 هەزار و 444) بەرمیل بووە (6) بەرهەمی بە بڕی جیاواز هەبووە و (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

خشتەی ژمارە (2)

وردەکاری ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن (تێچوون، بەرهەم، داهات، خەرجی) لە ساڵی (2019)

| نەوتی دراو بە پاڵاوگە بەرمیل | 8,737,444 | 1 بەرمیل نەوتی خاو = 159 لیتر | | نەوتی دراو بە پاڵاوگە/ لیتر | | 1,389,253,596 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی نەوت | ڕێژە لە بەرمیل | بەرمیل | لیتر | نرخ/ دینار | داهات بە دینار | داهات بە دۆلار |
| بەنزین | 21.23% | 1,854,959 | 294,888,735 | 250 | 73,722,183,750 | 61,435,153 |
| دیزڵ | 23.58% | 2,060,289 | 327,654,150 | 150 | 49,148,122,500 | 40,956,769 |
| نەوتی ڕەش | 42.45% | 3,709,045 | 589,777,470 | 10 | 5,897,774,700 | 4,914,812 |
| نەوتی سپی | 3.14% | 274,356 | 43,622,563 | 200 | 8,724,512,600 | 7,270,427 |
| بەنزینی فڕۆکە | 3.93% | 343,382 | 54,609,025 | 570 | 31,127,144,250 | 25,939,287 |
| کازی ماڵان (تەن) | 0.20% | 17,475 | داهاتەکەی نادیارە | | | |
| | 94.53% | | کۆی داهاتی بەرهەمە نەوتییەکان | | 168,619,737,800 | 140,516,448 |
| | | | | | پارەی دراو بە پاڵاوگەکان | 186,629,355 |

2. فرۆشتنی نەوتی خاو بە پاڵاوگەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

جگە لەوەی پاڵاوگەکان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپاڵێون (وەک لە خاڵی پێشتر ئاماژەی پێکراوە)، ڕۆژانە بڕێکیش نەوتیان پێ دەفرۆشێت، بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی (2019 – 2021/6) بڕی(2 ملیۆن 649 هەزار و 286) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای نرخی (45) دۆلار بە پاڵاوگەکان فرۆشتووە، کە بۆ هەر ڕۆژێک (12 هەزار و 496) بەرمیل بووە. کۆی داهاتەکەی دەکاتە (117 ملیۆن و 738 هەزار و 947) دۆلار بووە، بۆ بەرچاوڕونی زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (3) و چارتەکانی ژمارە (2، 3، 4)).


### خشتەی ژمارە (3)

### شیکاری پاڵاوگەو فرۆشتنەکانی ناوخۆ (2019 2021/6)


| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ماوەی 2019 –6/2021 | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیل/ دۆلار | کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو/ دۆلار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2019/1/1 – 2019/3/31 | 739,132 | 45.93 | 33,943,058 |
| 2 | 2019/4/1 – 2019/6/30 | 451,718 | 47.83 | 21,609,622 |
| 3 | 2019/7/1 – 2019/9/30 | 368,277 | 44.33 | 16,328,609 |
| 4 | 2019/10/1 – 2019/12/31 | 374,930 | 45.26 | 16,970,278 |
| 5 | 2020/1/1 –2020/3/31 | 97,614 | 51.15 | 4,993,033 |
| 6 | 2020/4/1 – 2020/6/30 | 304,574 | 15.78 | 4,806,178 |
| 7 | 2020/7/1 – 2020/9/30 | 12,961 | 31.66 | 410,345 |
| 8 | 2020/10/1 – 2020/12/31 | بەردەست نیە | بەردەست نیە | بەردەست نیە |
| 9 | 2021/1/1 – 2021/3/31 | 124,238 | 59.47 | 7,388,907 |
| 10 | 2021/4/1 – 2021/6/30 | 175,842 | 64.19 | 112,88,944 |
| کۆ | | 2,649,286 | تێکڕا 45.07 | 117,738,974 |

تێبینی: لە نێو ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت ئاماژە تێکڕاو کۆی نرخی ئەو نەوتە نەدراوە کە لە ماوەی (2020/4/1 – 2020/9/30) دراوە بە پاڵاوگەکان بۆیە پشت بەو نرخە بەستراوە کە حکومەتی نەوتی لە بازاڕەکانی جیهان پێ فرۆشتووە.


چارتی ژماره (2)




چارتی ژماره (3)



چارتی ژمارە (4)




## پاڵاوگەکان دەتوانن کێشەی سوتەمەنی لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن؟

بەشێکی وەڵامی ئەم پرسیارە لە شیکارییەکانی پێشتردا ڕوون بووەتەوە، کە پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەیان (4) پاڵاوگەی فەرمییە، پێکەوە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاویان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی سوتەمەنی و وزە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (2019 – 2021/6) بە تێکڕا نزیکەی (33) هەزار بەرمیل بە بڕی (13%) توانای خۆیان نەوتی خاویان بە هەردوو شێوازی (فرۆشتن و پاڵاوتن بۆ حکومەت) بۆ دابینکردوون.

بۆیە بەشێک لە چاودێران شارەزایانی بوارەکە پێیان وایە پاڵاوگەی کار بەتەنیا دەتوانێت کێشەی سوتەمەنی لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات.

بۆ نمونە "عەلی حەمە ساڵح– ئەندامی لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان" لە نامەیەکیدا لە (2021/10/17) کە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی

کردووه تێیدا هاتووه "نرخی سوتەمی بەشێوەیەکی بەرچاو گران دەبێت، ئەم پێشنیارەی بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەیخەمەڕوو، بەبێ هیچ پشتیوانییەکی دارایی دەتواندرێت بە کوالیتییەکی باش سوتەمەنیەکی باش دابینبکرێت".

ئەو پەرلەمانتارە هۆکاری گرانبوونی سوتەمەنی گەڕاندووەتەوە بۆ؛ "بەشی هەرە زۆری سوتەمەنی لە دەرەوە دێت، پاڵاوگە نەوتی خاو بە نرخی جیهانی دەکڕێت و قازانجی لێوەردەگرێت، قازانجی بازرگان و گومرگ و تێچوی گواستنەوە هەمووی دەچێتە سەر نرخی سوتەمەنی.

چارەسەر:
هیچ حوکمڕانییەک نیە لە جیهاندا پاڵاوگەی هەبێت و نەوتی خاوی هەبێت، بەڵام نەوت نەپاڵێوێت و ساڵانە زیاتر لە 2 ملیار دۆلار بۆ کڕینی سوتەمەنی بچێتە دەرەوە! .

سێ پاڵاوگەی نەوت هەن لە کوردستان (کەڵەک– کار، بازیان –قەیوان، لاناز)، توانای پاڵاوتنی 240 هەزار بەرمیل نەوتیان هەیە لە ڕۆژێکدا... کە نزیکەی دوو هێندەی پێداویستی خەڵکی کوردستانە.

بەڵام ئێستا تەنیا پاڵاوگەی کار 25 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت و بەرهەمەکەی ڕۆژانە نزیکی ملیۆنێک لیترەو ئەویش بە چەند بەنزینخانەیەک لە هەولێر دەدرێت! کار بەتەنیا دەتوانێت کێشەی سوتەمەنی چارەسەر بکات.

بەبێ ئەوەی حکومەت پشتیوانی بکات، تەنیا ئەم خەرجیانە بگەڕێتەوە بەسە بۆ ئەوەی نرخی بەرهەمە نەوتییەکان دابەزێت و کوالێتییەکەشی باشتر بێت.

1. کرێی بۆری بۆ هەر بەرمیلێک بەنرخی ئێستا 12 دۆلارە، دەگەڕێتەوە.
2. داشکاندن لەو نرخی نەوتەی کە دەکڕێت، کە هەرێمی کوردستان 12 دۆلار کەمتر لە برێنت دەیفرۆشێت.
3. گەڕانەوەی قازانجی بازرگان و تێچوی گواستنەوەو گومرگ و رسوماتی کۆمپانیا.

### تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/28) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9777

## سەرچاوەکان


- پاڵاوتن، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/ku/downstream-ku/refining-ku.html
- سەرکۆ ئازاد گەلالی، پاڵاوگەکانی هەرێم دەیپاڵێون"، لەعێراق لیتری بەنزین بە 450 دینارەو لە هەرێم نزیک دەبێتەوە لە هەزار دینار، ماڵپەڕی ئاوێنە؛
https://www.awene.com/detail?article=50141
- یادگار سدیق گەلالی و فریاد کالێ، چەند سەرنج و تێبینیەک لەسەر وردبینی دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێم (2019)، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت؛
http://www.roonbeen.org/wp-content/uploads/2020/06/3rd-Roonbeen-report-Delloite-on-KRG-2019-report.pdf
- پاڵاوگەی نەوت، ویکیپیدیا؛
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D9%BE%D8%A7%DA%B5%D8%A7%D9%88%DA%AF%DB%95%DB%8C_%D9%86%DB%95%D9%88%D8%AA
- عەلی حەمە ساڵح، "پاڵاوگەی کار بەتەنیا دەتوانێت کێشەی سوتەمەنی چارەسەر بکات"، 2021/10/17، درەو میدیا؛
https://z-upload.facebook.com/drawmedia/posts/1070599347102381
- پاڵاوگەی بازیان، کەناڵی ڕوداو، بەرنامەی میدی ئین کوردستان؛
https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/made_in_kurdistan_31082015
https://www.youtube.com/watch?v=AZMFO4WlAoY
- U.S. Energy Information Administration, Background Reference: Iraq, Last Updated: March 29, 2021
https://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iraq/iraq_bkgd.pdf
- Lanaz to use Honeywell technology to modernize Iraqi refinery, 10/1/2022
https://www.hydrocarbonprocessing.com/news/2022/01/lanaz-to-use-honeywell-technology-to-modernize-iraqi-refinery

## توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی سپی
## پاڵاوگەکان لە توانایاندایە لە ساڵێدا دوو هێندەی پێداویستی ماڵان نەوتی سپی بەرهەمبهێنن

**# ژمارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە (1 ملیۆن و 200) خێزانەو ساڵانە پێویستیان بە (240 ملیۆن و 200 هەزار) لیتر نەوتی سپی هەیە، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان ئەگەر تەنها (1) بەرمیلی (200) لیتری بەکاربەرن.**

**# چوار پاڵاوگە نەوتییەکەی هەرێم لە توانایاندایە ساڵانە (446 ملیۆن و 508 هەزار) لیتر نەوتی سپی بەرهەم بهێنن، ئەمەش نزیکەی دوو هێندەی پێداویستی ناوخۆیە.**

**# پاڵپشتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوگەکان ئەگەر تا کۆتایی ساڵ بە هەمان بڕو قەبارەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا لە سەرجەم ساڵەکەدا، ئەو بڕە نەوتەی بەرهەم دەهێنرێت بریتی دەبێت؛ لە (44 میلۆن و 455 هەزار) لیتر نەوتی سپی و (19%)ی پێداویستی هەرێمی کوردستان دابین دەکات و بڕی (195 ملیۆن و 744 هەزار) لیتری کەمتر دەبێت لە پێداویستیی ماڵان.**

## یەکەم؛ قەبارەی خێزان و پێداویستی نەوتی سپی لە هەرێمی کوردستان

**بەپێی دواین زانیارییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم، کە لە شوباتی ساڵی (2021) بڵاوی کردووەتەوە، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم و دابەشبونیان بەسەر پارێزگاکاندا بەم شێوەیە بووە؛**

- **کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بریتی بووە لە (6 ملیۆن و 171 هەزار و 83) کەس.**
- **زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لە سنوری پارێزگای هەولێر بووە کە ژمارەیان (2 ملیۆن و 254 هەزار و 422) کەسە.**
- **ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بریتی بووە لە (2 ملیۆن و 152 هەزار و 595) کەس. پارێزگای هەڵەبجەش ژمارەی دانیشتوانەکەی، گەیشتبووە (115 هەزار و455) کەس. واتە هەردوو پارێزگاکە پێکەوە ژمارەی دانیشتوانیان بریتی بووە؛ لە (2 ملیۆن و 268 هەزار و 50) کەس.**

- دانیشتوانی پارێزگای دهۆکیش ژمارەکەی (1 ملیۆن و 648 هەزار و 611) کەس بووە.

لە سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ "سیروان محەممەد – سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان" لە لێدوانێکدا راگەیاندووە: "بەپێی رووپێوێک کە لە ساڵی 2017 ئەنجاممان دا، قەبارەی خێزان لە هەموو هەرێمی کوردستان رووی لە بچووکبوونەیە، بەجۆرێک، قەبارەی خێزان لە پارێزگای سلێمانی (واتە پارێزگای هەڵەبجەش دەگرێتەوە) لە (5.8) ەوە دابەزیوە بۆ (4.6). لە پارێزگای هەولێریش قەبارەی خێزان لە (6.4) ەوە دابەزیوە بۆ (5.1). هەروەها لە پارێزگای دهۆک قەبارەی خێزان لە (7) ەوە دابەزیوە بۆ (6.2).

کەواتە بە هەمان ئەو پێودانگەی سەرەوە پێداویستی هەرێم و پارێزگاکان بۆ نەوتی سپی بەم جۆرەیە؛

- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر (2 ملیۆن و 152 هەزار و 595) کەسە، ئەگەر دابەشی قەبارەی خێزانی بکەین کە (5.1) کەسە، ئەوا ژمارەی خێزان لە پارێزگاکە دەکاتە (442 هەزار و 44) خێزان، کە لە ساڵێکدا پێویستیان بە (442 هەزار و 44) بەرمیل نەوتی سپی هەیە کە بەرامبەرە بە (88 ملیۆن و 408 هەزار و 706) لیتر (ئەگەر بەرمیلک یەکسان بێت بە (200) لیتر).
- ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە یەکسان بێت بە (2 ملیۆن و 268 هەزار و 50) کەس، دابەشی قەبارەی خێزانی بکەین کە (4.6) کەسە، ئەوا ژمارەی خێزان لە هەردوو پارێزگاکە دەکاتە (493 هەزار و 54) خێزان، کە لە ساڵێکدا پێویستیان بە (493 هەزار و 54) بەرمیل نەوتی سپی هەیە کە بەرامبەرە بە (98 ملیۆن و 610 هەزار و 870) لیتر.
- هەروەها ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆکیش (1 ملیۆن و 648 هەزار و 611) کەسە، ئەگەر دابەشی قەبارەی خێزانی بکەین لەو پارێزگایە. کە (6.2) کەسە، ئەوا ژمارەی خێزان لە پارێزگاکە دەکاتە (265 هەزار و 905) خێزان، کە لە ساڵێکدا پێویستیان بە (265 هەزار و 905) بەرمیل نەوتی سپی هەیە کە بەرامبەرە بە (53 ملیۆن و 181 هەزار) لیتر.
- بەم پێیەش ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە (6 ملیۆن و 171 هەزار و 83) کەس بێت، دابەشی تێکڕای قەبارەی خێزانی بکەین کە (5.3) کەسە، ئەوا کۆی ژمارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە (1 ملیۆن و 201 هەزار و 3) خێزان. کەواتە بەلانی کەمەوە لە ساڵێکدا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێویستان بە (1 ملیۆن و 201 هەزار و 3) بەرمیل نەوتی سپی هەیە کە بەرامبەرە بە (240 ملیۆن و

200 هەزار و 575 لیتر (ئەگەر بەرمیلێک یەکسان بێت بە (200) لیتر) بۆ پڕکردنەوەی پیداویستییەکانیان بەتایبەت لە وەرزی زستان و سەرمادا.

لەم بارەیەوە بڕوانە؛ (خشتەی ژمارە (1))

خشتەی ژمارە (1)

ژمارەی دانیشتوان و قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان و پێداویستی ساڵانەیان بە نەوتی سپی

| پارێزگاکانی هەرێم | ژمارەی دانیشتوان | قەبارەی خێزان | ژمارەی خێزان | بڕی (200) لیتر نەوتی سپی بۆ هەر خێزانێک |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2,254,422 | 5.1 | 442,044 | 88,408,706 |
| سلێمانی و هەڵەبجە | 2,268,050 | 4.6 | 493,054 | 98,610,870 |
| دهۆک | 1,648,611 | 6.2 | 265,905 | 53,181,000 |
| کۆ / تێکڕا | 6,171,083 | 5.3 | 1,201,003 | 240,200,575 |

## دووەم؛ توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی سپی

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (2009)ەوە، دەستیکردووە بە پەرەدان بە پاڵاوگەی نەوت لە هەرێم، لە (2013/8/28) ڕایگەیاند؛ "بەپێی ڕێککەوتنێک کە لە ئەیلولی 2012 دا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقدا ئەنجامدرا، هەرێمی کوردستان مافی بەدەستهێنانی 17% ی بەرهەمە پاڵێوراوەکانی عێراقی هەیە، لەگەڵ 17% ی نەوتی خاوی عێراق بۆ سوتەمەنی وێستگەکانی کارەبا. بەڵام حکومەتی فیدراڵی ئەم مافەی بەرهەمە پاڵێوراوەکان بە تەواوەتی دابین ناکات بۆ هەرێم".

بۆیە لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "لەپێناو بەدیهێنانی خواستی ناوخۆییمان و یارمەتیدان بۆ خزمەتکردنی پێویستیی ناوچەکانی تر، هەرێمی کوردستان گەشە بە کەرتی پاڵاوتن دەدات. لەگەڵ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی زیاتردا، توانای پاڵاوتنی هەرێمی کوردستان".

ئێستا پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەیان (4) پاڵاوگەی فەرمییە، پێکەوە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاویان هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی سوتەمەنی و وزە، ئەوانیش بریتین لە؛

1. پاڵاوگەی کار (کەڵەک یان کەورگۆسک) لە نزیک شاری هەولێر، لەلایەن کۆمپانیای (کار گروپ)ەوە بەڕێوەدەبرێت کە کۆمپانیایەکی ناوخۆییە، ئێستا توانای

بەرهەمهێنانی (110 هەزار) بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا، بەڵام هەموو توانای خۆی بەکارناهێنێت و ڕۆژانە (50 هەزار) بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت.

2. **پاڵاوگەی بازیان؛** لە پارێزگای سلێمانی، پاڵاوگەکە لە سەرەتادا بۆ نەوتی خاوی کەرکوک دروستکرا بوو، بەڵام ئەو کۆمپانیا بیانیەی کە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی پێسپێردرا بوو نەیتوانی کارەکانی تەواو بکات دواتر پرۆژەکە درا بە کۆمپانیای (وزە پێترۆلیەم)ی کوردی سەر بە کۆمپانیای "قەیوان" لە کۆتایی (2009) دا بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرا. ئەم پاڵاوگەیە یەکێکە لە پاڵاوگە گرنگەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕۆژێکدا پاڵاوگەی بازیان (40) هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت، چەندین بەرهەمی جیاواز لە نەوتی خاو بەرهەمدەهێنێت.
3. **پاڵاوگەی لاناز؛** یەکێکی دیکەیە لە پاڵاوگە گەورەکانی هەرێمی کوردستان و لە پارێزگای هەولێر و لە ساڵی (2008)ەوە دەست بە ئاست و تەکنیکێکی بەرز بونیاد نراوە، بەپێی داتاکان ڕۆژانە توانای پاڵوتنی (100 هەزار) بەرمیل نەوتی خاوی هەیە لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئێستا (30%) ئەو توانایە بەکاردەهێنێت کە پاڵوتنی (30 هەزار) بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا و چەندین بەرهەمی جیاوازی نەوت بەرهەمدەهێنێت.
4. **پاڵاوگەی تاوکێ؛** لە کێڵگەی تاوکێ لە پارێزگای دهۆک، کۆمپانیای DNO ی نەرویجی خاوەنی پاڵاوگەیەکی بچووکە کە نەوتی خاو ئامادە دەکات لەپێناو دەستکەوتنی خەسڵەتی هەناردەکردندا، ئێستا توانای بەرهەمهێنانی (6 هەزار) بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا.

بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو نەوتە خاوەی پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان دەیپاڵێون بڕێکی کەمی نەوتی سپی و بڕەکانی تری بریتییە لە بەرهەمەکانی دیکەی نەوت، وەک لە خشتەی ژمارە (2) بەشێوەیەکی ڕێژەیی _واتە دەکرێت بەپێی جۆری نەوتەکە گۆڕانکاری لە بەرهەمەکان ڕووبدات_ ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (2)

بەرهەمە نەوتییەکان لە بەرمیلێک نەوتی خاوی هەرێم (بەشێوەیەکی ڕێژەیی)

| بەرهەمی نەوت | ڕێژە لە بەرمیل |
|---|---|
| بەنزین | 21.23% |
| دیزڵ | 23.58% |
| نەوتی ڕەش | 42.45% |
| نەوتی سپی | 3.14% |
| بەنزینی فڕۆکە | 3.93% |
| غازی ماڵان | 0.20% |
| بەرهەمی ترو بەفیڕۆچوون | 5.47% |
| کۆ | 100% |

کەواتە سەرجەم پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم کە (4) پاڵاوگەن، ئەگەر بە سەرجەم توانای خۆیانەوە کاربکەن و ڕۆژانە (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاو پاڵاوتە بکەن، ئەوا لە ساڵێکدا دەتوانن بڕی (93 ملیۆن و 440 هەزار) بەرمیل نەوتی خاو بپاڵێون _ئەگەر بەرمیلێک نەوتی خاو بریتی بێت لە (159) لیتر وەک لە ستانداردی جیهاندا دەستنیشان کراوە_ ئەوا لە ساڵەکەدا پاڵاوگەکان توانای پاوڵتنی (14 ملیار و 856 ملیۆن و 960 هەزار) لیتر نەوتی خاویان دەبێت، لەو بڕەش ئەگەر (3.14%)ی بەرهەمەکەیان بریتی بێت لە نەوتی سپی ماڵان، ئەوا دەریدەخات کە دەتوانن بڕی (446 ملیۆن و 508 هەزار و 544) لیتر نەوتی سپی بەرهەمبهێنن (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)) کە نزیکەی دوو هێندەی پێداویستی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە لە ساڵێکدا. (وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا (240 ملیۆن و 200 هەزار و 575) لیتر نەوتی سپی پێداوستی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە).

خشتەی ژمارە (3)

توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەم هێنانی نەوتی سپی

| ڕۆژانە/بەرمیل | ساڵانە/ بەرمیل | ساڵانە/ لیتر (بەرمیلێک 159 لیتر) | ڕێژەی نەوتی سپی لە بەرمیلێک نەوتی خاودا (3.14%) |
|---|---|---|---|
| 256,000 | 93,440,000 | 14,856,960,000 | 466,508,544 |

## سێیەم؛ پاڵپشتی حکومەتی هەرێم لە پاڵاوگە نەوتییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم کە لە مانگی (تەمموزی 2022) بڵاویکردەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (1ی کانونی دووەمی 2022 تا 31ی ئازاری 2022)، واتە لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنها بڕی (2 ملیۆن و 226 هەزار و 83) بەرمیل نەوتی خاوی ڕادەستی پاڵاوگە نەوتییەکان کردووە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

ئەم پاڵپشتییەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەگەر تا کۆتایی ساڵ بە هەمان بڕو قەبارە بەردەوام بێت ئەوا لە سەرجەم ساڵەکەدا، پاڵپشتییەکە دەگاتە (8 ملیۆن و 904 هەزار و 332) بەرمیل نەوتی خاو، خۆ ئەگەر هەر بەرمیلێکی نەوتی خاو بریتی بێت لە (159) لیتر بەپێی ستانداردی جیهانی _وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا_ ئەوا پاڵپشتییەکە بە لیتر دەکات (1 ملیار و 415 ملیۆن و 788 هەزار 788)، لەو بڕەش ئەگەر (3.14%)ی لە پاڵاوگەکان نەوتی سپی لێ بەرهەمبهێنرێت، ئەوا تەنها بڕی (44 ملیۆن و 455 هەزار 768) لیتری دەمێنێتەوە بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییەکانی ناوخۆ (بڕوانە خشتەی ژمارە (4))
بەم پێیەش بەپێی پاڵپشتییەکانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو بڕە نەوتەی بەرهەم دەهێنرێت (19%)ی پێداویستی هەرێمی کوردستان دابین دەکات و بڕی (195 ملیۆن و 744 هەزار و 808) لیتری کەمترە لە پێداویستییەکانی ناوخۆ، ئەگەر تەنها بۆ پێداویستی ماڵان بەکاربهێنرێت و هەر ماڵێک (200) لیتر نەوتی سپی پێ بدرێت.

**خشتەی ژمارە (4)**

**پاڵپشتی حکومەتی هەرێم لە پاڵاوگە نەوتییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ**

| لە سێ مانگی یەکەمی 2022 (بەرمیل) | لە ساڵێکدا / بەرمیل | بەرمیلێک = 159 لیتر | ڕێژەی نەوتی سپی لە بەرمیلێک نەوتی خاودا (3.14%) |
|---|---|---|---|
| 2,226,083 | 8,904,332 | 1,415,788,788 | 44,455,768 |

### تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/9/3) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10990

## سەرچاوەکان

- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان – عێراق، شوباتی 2021؛

https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/kurdistan-population-analysis-report-kurdish-v6-final-corrected-29052022.pdf

- دیلۆیت، بەرهەمی نەوت و هەنارده و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢ (وەرزی یەکەم)، تەمموزی 2022؛

https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202022/RCOG%20Q1%202022%20Report%20on%20Oil%20and%20Gas%20review.pdf

- ڕاپۆرتی درەو میدیا، پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، 2022/2/28؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9777

- ئاسۆ فیشەگی، دەستەی ئامار: ژمارەی لەدایکبوون لە هەرێمی کوردستان لە کەمبوونەوەدایە، 2022/4/1؛

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0104202221

## توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم لە بەرهەمهێنانی بەنزین
## خواستی ناوخۆ ڕۆژانە (5 ملیۆن) لیترەو پاڵاوگەکان دەتوانن (8.6) ملیۆن لیتر بەرهەمبهێنن

# لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (1.9 ملیۆن) ئۆتۆمبێل هەیە، کە (51%)ی لە پارێزگای هەولێر و (34%)ی لە سلێمانی و (15%)ی لە پارێزگای دهۆکە.

# هەرێم ڕۆژانە پێویستی بە (5 ملیۆن) لیتر بەنزین هەیە، واتە هەولێر (2.5 ملیۆن) و سلێمانی (1.6 ملیۆن) و دهۆک (754 هەزار) لیتر بەنزینیان دەوێت.

# پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم ئەگەر هەموو هێزی خۆیان بخەنەگەڕ و نەوتی خاویان بدرێتی، دەتوانن ڕۆژانە زیاتر لە (8.6 ملیۆن) لیتر بەنزین بەرهەمبهێنن.

# ئەو نەوتە خاوەی حکومەتی هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵ بە پاڵاوگەکانی داوە، تێکڕای ڕۆژانەی (3.9 ملیۆن) لیتر بووە، (21%)ی بەنزینی لێ بەرهەم هاتووە کە تەنها (835 هەزار) لیتر و (17%)ی خواستی ناوخۆ پڕ دەکاتەوە.

## یەکەم؛ ژمارەو جۆری ئۆتۆمبێل و پێداویستی بەنزین لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، لە پارێزگاکانی هەرێمدا زیاتر لە (ملیۆنێک و 915 هەزار) ئۆتۆمبێل هەن. سەربارى (19 هەزار) ئۆتۆمبێلی بێ سەرەتا و ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کە لە ئامارەکەدا تۆمارنەکراون، ژمارە و جۆرەکانی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان بەمشێوەیەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە (1)).

**خشتەی ژمارە (1)**

**ژمارەو جۆری ئۆتۆمبێلە تۆمارکراوەکان لە هەرێمی کوردستان**

| جۆری ئۆتۆمبێل | ژمارەی ئۆتۆمبێل | ڕێژە |
|---|---|---|
| تایبەت | 1,091,466 | 58% |
| کرێ | 96,787 | 5% |
| بارهەڵگر | 421,267 | 23% |
| ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی | 38,396 | 2% |
| ئامێری پیشەسازی | 27,035 | 1% |
| ژمارەی کاتی و کارتی زانیاری | 146,052 | 8% |
| ئۆتۆمبێلی حکومی | 29,952 | 2% |
| ماتۆڕسکیل | 18,638 | 1% |
| کۆی گشتی | 1,869,593 | 100% |

بەشی هەرە زۆری ئەو ئۆتۆمبێلانە بە بەنزین و بەشێکی کەمیشیان بە گازوایل کار دەکەن و بەپێی وتەی (وەزیری پێشووی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان/ کەمال ئەتروشی) "هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە (5 ملیۆن) لیتر بەنزینە، لەو بڕە تەنیا نزیکەی (1 ملیۆن) لیتر بەرهەمی نێوخۆییە و ئەوی دیکەی هاوردە دەکرێت".

هاوکات بە وتەی (ئەحمەد محەمەد/ وتەبێژی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان) "بەپێی ئەو زانیارییانەی لای ئێمە هەیە، لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆژانە نزیکەی (7 ملیۆن) لیتر بەنزین و گازوایل دەسوتێندرێت".

ئەگەر هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە (5 ملیۆن) لیتر بەنزین بێت ئەوا پارێزگای هەولێر ڕۆژانە پێویستی بە (2 ملیۆن و 571 هەزارو 409) لیتر بەنزین دەبێت بەو پێیەی زۆرترین ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ئەو پارێزگایەوە، پارێزگای سلێمانیش پێویستی بە (1 ملیۆن و 674 هەزارو 609) لیتر و پارێزگای دهۆکیش ڕۆژانە پێویستی بە (753 هەزارو 981) لیتر بەنزین هەیە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

خشتەی ژمارە (2)

ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پێداویستی ڕۆژانەیان بە بەنزین

| پارێزگا | ژمارەی ئۆتۆمبێل | ڕێژە | پێداویستی ڕۆژانەی بەنزین / لیتر |
| --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | 946,094 | 51.4% | 2,571,409 |
| سلێمانی | 616,136 | 33.5% | 1,674,609 |
| دهۆک | 277,411 | 15.1% | 753,981 |
| کۆ | 1,839,641 | 100% | 5,000,000 |

## دووەم؛ توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی بەنزین

لە ئێستادا پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەیان (4) پاڵاوگەی فەرمییە، پێکەوە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاویان هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی سوتەمەنی و وزە، ئەوانیش بریتین لە؛

1. پاڵاوگەی کار (کەڵەک یان کەورگۆسک)
2. پاڵاوگەی بازیان
3. پاڵاوگەی لاناز
4. پاڵاوگەی تاوکێ

بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو نەوتە خاوەی پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان دەیپاڵێون بەگشتی هەر بەرمیلێک نەوتی خاو بە ڕێژەی (21.23%) بەنزینی لێ بەرهەم دەهێنرێت _ بەشێوەیەکی ڕێژەیی و دەکرێت بەپێی جۆری نەوتەکە گۆڕانکاری لەو ڕێژەیە ڕووبدات_ و بەرهەمەکانی دیکەی بریتین لە (دیزڵ، نەوتی ڕەش، نەوتی سپی، بەنزینی و فرۆکە و غازی ماڵان ...).

کەواتە سەرجەم پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم کە (4) پاڵاوگەن، ئەگەر بە سەرجەم توانای خۆیانەوە کاربکەن و ڕۆژانە (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاو پاڵاوتە بکەن _ئەگەر بەرمیلێک نەوتی خاو بریتی بێت لە (159) لیتر وەک لە ستانداردی جیهاندا دەستنیشان کراوە_ ئەوا پاڵاوگەکان ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (40 ملیۆن و 704 هەزار) لیتر نەوتی خاویان دەبێت، لەو

بڕەش ئەگەر (21.23%)ی بەرهەمەکەیان بریتی بێت لە بەنزین، ئەوا دەریدەخات کە دەتوانن بڕی (8 ملیۆن و 641 هەزار و 459) لیتر بەنزین بەرهەم بهێنن  کە بڕی (3 ملیۆن و 641 هەزار و 459) لیتری زیاترە لە خواستی ناوخۆ لە ئەو سوتەمەنییە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3))

خشتەی ژمارە (3)

توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەم هێنانی بەنزین

| توانای پاڵاوگەکان ڕۆژانە/بەرمیل | ڕۆژانە/ لیتر (بەرمیلێک 159 لیتر) | ڕێژەی بەنزین لە لیترێک نەوتی خاودا (21.23%) | خواست لە سەر بەنزین لە هەرێم ڕۆژانە/ لیتر |
|---|---|---|---|
| 256,000 | 40,704,000 | 8,641,459 | 5,000,000 |

## سێیەم؛ پاڵپشتی حکومەتی هەرێم لە پاڵاوگە نەوتییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم کە لە مانگی (تەموزی 2022) بڵاویکردەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (1ی کانونی دووەمی 2022 تا 31ی ئازاری 2022)، واتە لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنها بڕی (2 ملیۆن و 226 هەزار و 83) بەرمیل نەوتی خاوی ڕادەستی پاڵاوگە نەوتییەکان کردووە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

واتە ڕۆژانە (24 هەزار و 734) بەرمیل نەوتی خاوی ڕادەستی پاڵاوگەکان کردووە، خۆ ئەگەر هەر بەرمیلێکی نەوتی خاو بریتی بێت لە (159) لیتر بەپێی ستانداردی جیهانی _وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا_ ئەوا پاڵپشتییەکە بە لیتر دەکاتە (3 ملیۆن و 932 هەزار 747) نەوتی خاو، لەو بڕەش ئەگەر (21.23%)ی لە پاڵاوگەکان بەنزینی لێ بەرهەم بهێنرێت، ئەوا تەنها بڕی (834 هەزار و 922) لیتری دەمێنێتەوە بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم پێداویستییەکانی ناوخۆ کە یەک لەسەر پێنجی ناکات و و (17%)ی خواست پڕ دەکاتەوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (4))

**خشتەی ژمارە (4)**

**پاڵپشتی حکومەتی هەرێم لە پاڵاوگە نەوتییەکان بۆ پڕکردنەوەی بەنزین و پێداویستییەکانی ناوخۆ**

| لە سێ مانگی یەکەمی 2022 (بەرمیل/ نەوتی خاو) | ڕۆژانە / بەرمیل | بەرمیلێک = 159 لیتر | ڕێژەیی بەنزین لە لیترێک نەوتی خاودا (%21.23) |
|---|---|---|---|
| 2,226,083 | 24,734 | 3,932,747 | 834,922 |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/9/8) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11020

## سەرچاوە


- **درەو میدیا، نرخی بەنزین گیرفانی شۆفێرانی تەکاندووە،** 2021/8/25؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8788
- **درەو میدیا، پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان،** 2022/2/28؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9777
- **درەو میدیا، توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی سپی،** 2022/2/28؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10990
- **دیلۆیت، بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢ (وەرزی یەکەم)، تەموزی** 2022؛
https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202022/RCOG%20Q1%202022%20Report%20on%20Oil%20and%20Gas%20review.pdf

## چنگی تورکیا لە نێو پرۆسەی نەوتی هەرێم
## تورکیا لە سێ گۆشەوە گەمارۆی نەوتی هەرێمی داوە

جگە لەوەی کۆمپانیا نەوتییەکانی تورکیا لە (8) کێڵگەی نەوتی هەرێمدا کاردەکەن بە جۆرێک کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی لە بلۆکەکانی (تاوکێ (25%)، بیر بەهر (40%)، دهۆک (40%)، بنەباوێ (44%)، تەق تەق (44%)، میران (75%)، چیا سورخ (60%)) پشکی هەیە، هاوکات کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ)یش لە کێڵگەکانی (چیا سورخ و پەڵکانە) بە ڕێژەی (20%) پشکی هەیە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی (75%) بۆری نەوتی کوردستان بەخاکی تورکیادا تێپەڕ دەبێت و کۆمپانیای وزەی تورکی خاوەندارێتی دەکات، بەشێکی کرێی گواستنەوەی نەوتیشی بۆ دەمێنێتەوە.

زیاتر لەوانەش پارەی فرۆشی نەوتی کوردستان بە فلتەری بانکە تورکیەکاندا تێپەڕ دەبێت و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## یەکەم: بایەخی نەوت و وزەی هەرێم بۆ تورکیا

هەرێمی کوردستان لە چەندین ڕوانگەوە پێگەیەکی دەگمەنی هەیە بۆ دۆخی ئێستای تورکیا. بەبێ سامانی سروشتیی کوردستان، تورکیا ناتوانێت لە گەشەکردن بەردەوامبێت، بەبێ بازاڕی کۆنترۆڵکراوی کوردستان، ئابوری تورکیا لە قەیراندا دەبێت. بەبێ پەیوەندی لەگەڵ هەرێمدا، کێشەی بێکاری لە ناوچە کوردییەکان زیاتر دەبێت، پەککەکە چەکداری زیاتر دەبێت، بەبێ پەیوەندی لەگەڵ هەرێمدا، تورکیا لە نەوتی عێراق بێبەش دەبێت و داهاتووی پڕ قەیرانتر دەبێت، کاتێک کە دەستی نەگاتە کانە نەوت و غازەکانی هەرێم.

کەواتە هەرێم بۆ تورکیا ئەو دەرفەتەیە، کە تورکیا لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێز دەکات. ئەگەر جاران مەترسی تورکیا لەوەبوو، کە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمدا ڕەنگە ببێتە هۆی دابەشبوونی

تورکیا، ئەوا ئەمڕۆ ترسەکە جودایە. ئەوەی مایەی ترسە، دەستبەسەرداگرتنی نەوت و پرۆسە نەوتییەکانی هەرێمە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

بۆ ئەوەی لەم پەیوەندییە تێبگەین دەبێت ئاماژە بە چەند هۆکارێک بدەین، لەوانە؛

1. تورکیا خۆی هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆی وزەی نیە، هەموو وزەی پێویستی لە دەرەوە دەهێنێت. چەند هۆکارێک هەیە وەک: گەشەی ئابوری، گەشەی دانیشتوان، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، کە هەمویان پێکەوە هۆکارن لەسەر زیادبوونی خواستی وزە لە دەرەوە.
2. وزە یەکێکە لە هەرە بوارە گرنگەکانی سیاسەتی ئابووری، ناوخۆ، دەرەوەی تورکیا. بەبێ وزە تورکیا ناتوانێت ببێتە خاوەن ئابووری گەشاوە، کە بنەمای بوونیەتی وەک دەوڵەتێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا.
3. تورکیا لە پێگەیەکی سەیردایە لەم بارەوە، لە کاتێکدا زۆر نزیکە لە سەرچاوەکانی نەوت و غازەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرباری نزیکیەکەی هێندە سودمەندنیە لێی. چونکە تورکیا زۆر نزیکە لە سەرچاوەی زیاتر لە (70%)ی غازی دونیا، و نزیکەی (73%)ی نەوتی یەدەگ، بەتایبەت ئەوانەی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای قەزوینن.


ئەم هۆکارانە راستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر داڕشتنی شێوازی پەیوەندی تورکیا بە هەرێمەوە. تورکیا لە رێگای پەیوەندی بە هەرێمەوە دەخوازێت جۆرێک لە پەیوەندی بهێنێتە ئاراوە، کە بەبەراورد بە پەیوەندییەکانی تر، زیاتر لە قازانجی تورکیابێت، بۆ ئەوەی تورکیا وەک کارتێکی فشار بەکاریبهێنێت لەسەر ئەوان. بەم پێیە دەبێت لە زۆر رووەوە گرێبەستی نێوان تورکیاو هەرێم وەهابێت، کە زیاتر لە قازانجی تورکیا بێت و باڵادەستی تورکیا پێشاندات بەسەر شێوازی گرێبەستەکاندا، لە بەرامبەر ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ ئێران و روسیا کە تورکیا وەک لاوازێک دەبینرێت. ئەمەشە پاڵنەری ئەو هەموو سەرکێشیەی، کە تورکیا ئامادەیە بیکات لە گرێبەستی لەگەڵ هەرێمدا، لە بەرامبەر عێراق و ئەمریکا و ئێرانیش.

ئەمە سەرەڕای گرنگی وزەی هەرێم بۆ تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ بڕی وزەی هەرێم و نزیکی وزەی هەرێم بۆی و ئاسانکاری فشارکردن لەسەر هەرێم، ئامادەبوونی مەرجەکانی تورکیا وەک بەردەوامی هەرزانی و ئاسانی فشاری سیاسی و، بوونی توانا بۆ دارشتنی، جۆرێک لە پەیوەندی، کە بڕی زۆری پارەی وزە بگەڕێتەوە بۆ تورکیا.

## دووەم: پێویستی تورکیا بە نەوت

تورکیا لە ماوەی نێوان ساڵانی (2002 – 2017) گەشەیەکی ئابوری گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک ئەو گە شە سەندنە کردیە سیازدەیەمین وڵاتی خاوەن ئابوریی گەورە لە سەر ئا ستی جیهان. بە گوێرەی داتای "OECD" تورکیا لە ڕوانگەی پێویستی بە وزەوە لە ڕیزبەندییەکەدا لە پلەی یەکەمدا دێت بۆ ئەوەی ئابوری لە گەشـــەکردن بەردەوام بێت، دەبێت بە شـــێوەیەکی بەردەوام و بەبێ پچڕان وزەی پێویـست بۆ ئەو سێکتەرانە دابین بکرێت کە گە شەکردنی ئابوری دەســـتەبەر دەکەن. تورکیا بە هۆی ئەو گەشـــەکردنانەی کە لە ڕووی ئابورییەوە بەدەســـتی هێناوە، بەکاربردنی وزەی زیاتر کردووە. ســـەبارەت بە بەکاربردنی وزە لە تورکیا بڕوانە (چارتی ژمارە (1))

**چارتی ژمارە (1)**





ئەمە سەرەڕای ئەوەی یەدەگی نەوتی تورکیا لە ساڵی 2018 دا بە (366) ملیۆن بەرمیل خەملێنراوە. ئەم یەدەگە، بەراورد بە ڕێژەی بەکارهێنانی ساڵانە، پێشبینی دەکرێت لە ماوەی (18) ساڵدا کۆتایی بێت. کۆنیی کەرەستە و تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی نەوت لە تورکیادا، کاریگەریی لەسەر خێرایی بەرهەمهێنانی نەوت کردووە. بە هۆی بەتەمەنی کێڵگە نەوتییەکانەوە لە تورکیا، بە تێپەڕبوونی کات بەرهەمیان ڕوو لە دابەزین دەکات. لە ساڵی 2019 دا لە تورکیا بەنزیکەیی (22) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی بەرهەمهێنراوە، لە بەرامبەردا نزیکەی (250) ملیۆن

بەرمیل نەوتی خاو بەکار براوە. لە ساڵی 2019 دا، بەرهەمهێنان و بەکاربردنی نەوتی خاوی ناوخۆیی ڕێژەی (8.8 %)ی پێک هێناوە.

بە مانایەکی دیکە ڕێژەی هاوردەی نەوت لە ســـاڵی 2019دا بریتی بووە لە (91.2%) تورکیا لە ســـاڵی 2017دا بەم ڕێژانە هاوردەکاری نەوت بووە لەم وڵاتانەوە، بڕوانە چارتی ژمارە (2)):

**چارتی ژمارە (2)**





## سێیەم: بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردســـتانی عێراق لە ســـاڵی (2006)ەوە بە هۆی ئەو گرێبەســـتانەی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان ئەنجامیدا، بە شێوەیەکی خێرا دە ستی بە چالاکییەکانی گەڕان و پشکنین کرد و لە کۆی (10) بیرە نەوت، (8)یان ئەنجامێکی ئەرێنیی هەبوو.

کۆمپانیای گۆڵف کیســـتۆن، لە کێڵگەکانی شـــێخان لەنزیک ســـنورەکانی تورکیا، لە ئەنجامی گەڕانەکـــانی لە نـــاوچەکەدا، نـــاوچەیەکی بەرفراوانی نەوتی دۆزییەوە کە بە گوێرەی پێشـــبینییەکان بڕی خەمڵێنراو لەنێوان (12 بۆ 15) ملیار بەرمیل نەوتدایە، پێشـــبینی دەکرێ بڕی 45 ملیار بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق دۆزرابێتەوە، بە گوێرەی ئامارەکانی

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەگەڵ ئەو نەوتەی کە لە ناوچەی شـــێخان دۆزراوەتەوە، وا پێشـــبینی دەکرێت بڕی یەدەگی نەوت (60 – 65) ملیار بەرمیل ببێت.  بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردســـــتان  بەم شـــێوەیە دابەش بووە، بڕوانە (خشتەی چارتی ژمارە (3)).

**چارتی ژمارە (3)**




## چوارەم: چنگی تورکیا لە نێو پرۆسەی نەوتی هەرێمدا

### 1. بۆری نەوتی هەرێم لە خاکی تورکیادا

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی (450) هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی وڵاتی دەرەوە دەکات سەرجەم ئەو بڕەش لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوەیە کە بە خاکی تورکیادا تێپەڕدەبێت.

بۆری نەوت لە سنوری هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2010)ەوە دەست بە دروستکردنی کراوە، کۆتایی  ساڵی (2013) بۆ یەکەمجار لە ڕێگەیەوە نەوتی هەرێمی کوردستانی گواستەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی.

بونیادنانی بۆری نەوتی هەرێم، پرۆسەی نەوتی هەرێمی بردە قۆناغێکی دیکەوە. بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە لە سەرەتای ساڵی (2014) وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پێشتر تەنها لە ڕێگەی تانکەر و بڕێکی کەم نەوت هەنارده دەکرا. بەڵام لەسەرەتای سەرپێکەوتنی بۆری نەوتی هەرێم، گۆڕانکاری گەورە بەسەر بڕو داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا هات.

ئەم هێڵە لە سەرەتادا پلان وابووە کە بۆ غاز بێت، چونکە هێڵی نەوتی عێراق بوونی هەبووە. بەڵام لەبەر قەیران لەگەڵ حکومەتی ناوەندیداو دواکەوتنی دەرهێنانی غاز، بڕیاردرا بۆرییەکان بگۆڕدرێن بۆ نەوت. تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە بۆ تورکیاش گرنگ بوو، لەبەرئەوەی پێویستیی بە نەوت و غازی سروشتی ئێران و روسیا کەمکردەوە.

بەپێی زانیارییەکان کۆمپانیای کار بۆری نەوتی دروستکردووە و (40%) خاوەندارێتی بۆرییەکە هی کۆمپانیای ناوبراوە، پرۆژەکە نزیەکەی (600) ملیۆن دۆلار تێچوونەکەی بووە لە سنوری هەرێمی کوردستاندا.

(60%) بۆری نەوتی هەرێم خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمپانیای (ڕۆزنەفتی ڕوسی) دەگەڕێتەوە، کاتێک لە 2017/6/2 لە شاری (سان پیترسبۆرگ)، بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی و وەزیری سامانە سروشتییەکانی لە کابینەی هەشتەم گرێبەستێکیان لەگەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ڕۆزنەفت واژۆ کرد، بەشێکی گرێبەستەکە فرۆشتنی (60%)ی بۆری نەوتی کوردستان بوو بە کۆمپانیای ڕۆزنەفت بە بەهای (1 ملیار و 700 ملیۆن) دۆلار.

درێژی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان (896) کیلۆ مەترە، لە سنوری هەرێمی کوردستان لە کێڵگەی خورمەڵەوە دەستپێدەکات و بەنێو بلۆکەکانزاییەکانی (هەولێر، بەردەڕەش، عەین سەفنی، جەبەل کەند، ئەلقوش، دهۆک و سلیڤانی)یدا تێدەپەڕێت و دەگات بە (فیشخابور)، (221) کیلۆ مەترە، بەم پێیەش (24.6%) بۆری نەوت لە سنوری هەرێمی کوردستاندایە، خاوەندارێتییەکەی بۆ هەردوو کۆمپانیای (کار و ڕۆزنەفتی ڕوسی) دەگەڕێتەوە.

ئەو بەشەی لە سنوری تورکیایە، خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی دەگەڕێتەوە کۆمپانیای "بۆتاش" سەرپەرشتی دەکات. لە فیشخابوورەوە تا دەگات بە بەندەری جەیهانی تورکی (675) کیلۆ مەترەو (74.6%)ی درێژی بۆرییەکە پێکدەهێنێت.

هەر بەپێی زانیارییەکان لە ماوەی (18) مانگی (2020 – 2021) حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (476) ملیۆن دۆلاری تەنها بۆ کۆمپانیای وزەی تورکی خەرج کردووە لە بری خەرجی گواستنەوەی نەوت کە سنوری تورکیا تا بەندەری جەیهانی تورکی.

راکێشانی بۆری نەوت لە کوردستانەوە بۆ تورکیا، بە سەربەخۆ لە تورکیا، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دۆخی وزە، دۆخی ئابوری، پەیوەندی نێوان هەرێم و تورکیا، پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغداد، هەروەها پەیوەندی نێوان تورکیاو عێراق.

### 2. کۆمپانیا تورکییەکان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

دوو گەورە کۆمپانیای بواری وزەی تورکی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، هەردوو کۆمپانیای ناوبراو لە سەرەتاکانی دەستکردن بە پرۆسەی نەوت و پێش نوسینەوەی دەستوری عێراق لە ساڵی (2005) لە هەرێمی کوردستان دەستیان بەکارکردن کردووە بە جۆرێک، لە 14ی کانوونی دووەمی 2003 دا حکومەتی هەرێم/ئیدارەی سلێمانی گرێبەستی نەوتی بۆ کارکردن لە بلۆکەکانی شاکەل و پوولخانە لەگەڵ کۆمپانیای پیت ئۆیڵ ئیمزا کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو پێش ئەو رێککەوتە ئیدارەی سلێمانی گرێبەستی پێشتری هەبوو لەگەڵ کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی و لە 20ی کانونی دووەمی 2004دا هەمواری گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەتی هەرێم/ ئیدارەی سلێمانی کردەوە.

ئێستا هەردوو کۆمپانیاکە لە چەند کێڵگەیەکی کانزایی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێم گرێبەست و پشکیان هەیە، بە جۆرێک؛


ا. کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی، گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە لە کێڵگەکانی؛

- بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە قەزای زاخۆو بەگشتی رۆژهەلاتی قەزاکە دەگرێتەوە و رووبەرەکەی (594) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی راپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی پشکی (25%)ی لەم کێڵگەیە هەیە.
- بلۆکی بیر بەهر: لە پارێزگای دهۆک، باکوری شاری دهۆک دەگرێتەوە رووبەری (350) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی راپۆرتی و گوڵف کیستۆن بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (40%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی.

- بلۆکی دهۆک: قەزای مەرکەزی دهۆک و باشوری شاری دهۆک و قەزای سیمێل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (162) کیلۆمەتر دووجایە. بڕی (2.2) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکەکانی (40%) دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی).
- بلۆکی بنە باویێ: لە پارێزگای هەولێر، لە دەربەندی گۆمەسپانەوە تا ناوچەی هیران و نازەنین دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (240) کیلۆمەتر دووجایە و زیاتر لە ملیارێک بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (44%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی.
- بلۆکی تەق تەق (کێوە چەرمەڵە):دەکەوێتە قەزای کۆیەو ناحیەی تەق تەق و ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵەوە، بڕی زیاتر لە یەک ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە، ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایە وبەپێی زانیارییەکان بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (44%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی.
- بلۆکی میران: لە پارێزگای سلێمانی، لە تاسڵوجەوە دەست پێدەکات ڕۆژئاوای ڕێگای دوکان – سلێمانی و بە شێک لە ناحیەی ئاغجەلەرو شارۆچکەی بازیان و سەیرانگای چەمی ڕەزان دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (1015) کیلۆمەتر دووجایە و دوو کێڵگەی گەورەی تێدایە میران ڕۆژهەڵات بڕی (1.637) ملیار بەرمیل نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە و میران ڕۆژئاوا بڕی (4.808) ملیار نەوتی تێدایە. پشکی (75%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی.
- بلۆکی چیا سورخ: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان و ناحیەکانی قۆرەتوو مەیدان لە قەزای خانەقین دەگرێتەوە تا سنوری ئێران و ڕووبەری (938) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (5.656) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە. پشکی (60%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی.

ب. کۆمپانیای پیت ئۆیڵ، گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە لە کێڵگەکانی؛

- بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، قەزای دووزخورماتو ناحیەی جەبارە و ڕۆژهەڵاتی ئەو قەزایە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (529) کیلۆ مەتر دووجایە، بڕی (1.58) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە، پشکی (20%)ی دراوەتە (پیت ئۆیڵ)ی تورکی.
- بلۆکی چیا سورخ: جگە لەوەی کۆمپانیای (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی لەم بلۆکەدا پشکی هەیە بەهەمان شێوە، پشکی (20%)ی دراوەتە (پیت ئۆیڵ)ی تورکی.




### 3. پارەی نەوت و هاڵک بانک

پارەی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان دەخرێتە سەر هەژماری تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بانکەکانی تورکیا، هەر بۆیە بینیمان لە ساڵی (2015) ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وغاز بەنوسراوی ژمارە (553) لەبەرواری (31 ی ئایاری 2015)، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەدواین کۆبونەوەی خۆی کە (15ی ئەیلولی 2015) ئەنجامیدا بەنوسراوی ژمارە (983) بڕیاریدا:

1. پێویستە گشت داهاتەکانی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت ڕاستەوخۆ لە حسابی بانکی کڕیاری نەوتی هەرێمەوە بخرێتە سەر تەنها حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بانکی (هاڵک بانک) لە وڵاتی تورکیا بەبێ نێوەندگیری بانکی سێهەم، جگە لەو حسابەش نابێت هیچ حسابێکی بانکی تری هەبێت بۆ داهاتی هەنادەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێم لەڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابوری زانیاری تەواو لەسەر ئەو حسابە بەنوسراوێک ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بکات بەزووترین کات.

2. لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وغاز ئاماژە پێدراو لەسەرەوە، وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم بەڕێز (ڕێباز محەمەد حەملان) کەسی ڕێگاپێدراو دەبێت بۆ رەفتارکردن و جوڵاندنی نەقدی لەسەر ئەو حسابە بەناوی حکومەتی هەرێم بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی یاساو ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکان لەهەرێم.
3. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی و ئابوری ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ماوەیەکدا بەشێوەیەک کە لە بەرواری 1-10-2015 تێپەڕ نەکات.

ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2015) دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سەرجەمی پارەی فرۆشی نەوتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی تورکیا کۆدەکرێتەوە، چەند جارێکیش ئەم پرسە لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە فشاری لەسەر دروست کراوە، بەڵام پرۆسەکە بە هەمان شێوەی خۆی ماوەتەوە.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/3/24) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9923

## سەرچاوەکان


- د. زولفو داغدەڤیرەن، پەیوەندییە وزەییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵا، گۆڤاری ئایندەناسی ژمارە (12) ئازاری 2022، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، لا 64-95.
- د. سەردار عەزیز، تورکیاو هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندییەک؟، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم 2015، سلێمانی. (بەرهەمی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان).
- عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا، دیسانەوە هاڵک بانک، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لە تۆڕی کومەڵایەتی فەیس بووک؛
https://ar-ar.facebook.com/1497770880440978/posts/1658359767715421/
- ڕێبین فەتاح، چۆن نەوتی هەرێم کەوتە دەست "کۆمپانیا پروپووچەکانەوە؟"، 3/9/2020, ماڵپەری کوردستان تایمز؛
https://kurdistantimes.org
- درەو میدیا، بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان، لینکی ماڵپەڕ؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9734
- درەو میدیا، پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا، لینکی ماڵپەڕ؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680

# چارەنوسی کەرتی نەوتی هەرێم لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سیناریۆ چاوەڕوان کراوەکان

> حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لە بەردەم کۆمەڵێک بژاردەو سیناریۆدایە، کە مەترسیدارترینیان بۆ حکومەتی هەرێم تەسلیمکردنی تەواوی پرۆسەی نەوتی هەرێمە. بەڵام جگە لەوە چەند بژاردەو سیناریۆیەکی دیکە لە ئارادان کە دەکرێت حکومەتی هەرێم کاریان لەسەر بکات.

## دەستپێک

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە وەبەرهێنان و پەرەدان بە کەرتی نەوتی هەرێم و لەم پێناوەدا چەندین قۆناغی یاسایی و سیاسی و ئابوری قورسی بڕیوە، کە قۆناغی یەکەمی بە نوسینەوەی دەستوری عێراق و قۆناغی دووەم بە دەرکردنی یاسای نەوت و غازی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، دواتر ئەنجامدانی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، بەجۆرێک لە ساڵی (2002)ەوە دەستی بە گرێبەستی نەوتی کردووە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، تا ساڵی (2013) ژمارەی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی نەوتی هەرێم گەیشتون بە نزیکەی (40) کۆمپانیا. بۆ ئەم مەبەستە هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ (57) بلۆکی گەڕان و پشکنین، بۆ وەبەرهێنانی نەوت و غاز دابەشکراوە و بەشێکی زۆری ئەو کێڵگانە هێشتا نەگەیشتوون بەرهەمهێنان، بەڵکو لە قۆناغەکانی پێش بەرهەمهێنانن.

هەر لە سەرەتای دەستبردن بۆ پرسی نەوت لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەردەوام لەگەڵ حکومەتی عێراقی پرسی نەوت جێی ناکۆکی بووەو تا لە ساڵی (2014) ململانێکە گەیشت بە بڕینی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق. لە 2022/2/15 بڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵی لەبارەی کەرتی نەوت و غازی هەرێمەوە، کە نوێترین هەنگاوی دەسەڵاتی ناوەندە دۆسیەکە زۆر قورس و ئاڵۆزتر دەکات، بەچونە بواری جێبەجێکردنی بڕیارەکە زەرەرمەندی گەورەو سەرەکی لایەنی هەرێمی کوردستان دەبێت.

## یەکەم؛ بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم

ڕۆژی 2022/2/15 دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بە ئامادەبوونی (9) ئەندامی دادگاکەو بە زۆرینەی دەنگی (7) ئەندام و (2) دەنگی پێچەوانە، دادگاکە بڕیارێکی لەبارەی نادەستوریی بوونی یاسای نەوت و غازی هەرێم و نادەستوریی بوونی فرۆشتنی نەوتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرکرد بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند پێدەنێتە نێو قۆناغێکی نوێ لە کێشە و قەیران، بەتایبەت بڕیاری دادگا لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێم، کە لە ساڵی (2007) ەوە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و ڕێگەی خۆشکردووە بۆ حکومەتی هەرێم، بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، بۆ گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە کێڵگە نەوتییەکانی سنوری هەرێمی کوردستان، لە پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) سەرباری دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، لە بەشێک لە کێڵگەکانی پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوک و سەلاحەدین بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی.

بەپێی بڕیاری دادگاکە؛

1. یاسای نەوت و غازی هەرێم، ژمارە 22ی ساڵی 2007 نادەستورییەو پێچەوانەی مادە دەستورییەکانی (110، 111، 112، 115، 121 و 130)ە.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەکرێت بە ڕادەستکردنی سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەریهێناون، بە وەزارەتی نەوتی عێراق.
3. ماف دراوە بە سکاڵاکار بەدواداچوون بکات بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە نەوتییانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکیو دەوڵەتو کۆمپانیاکان سەبارەت بە دۆزینەوەی نەوتو دەرهێنانیو هەناردەکردنو فرۆشتنی ئیمزای کردووە.
4. بڕیارەکە حکومەتی هەرێم پابەند دەکات، ڕێگە بە وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی بە هەموو گرێبەست و مامەڵەیەکی نەوتیدا بچنەوە، بۆ وردبینی و دیاریکردنی پابەندییە داراییەکان کە دەکەونە سەر حکومەتی هەرێم، دواتریش لە ژێر ڕۆشنایی ئەوە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی دیاریدەکرێت.

## دووەم؛ هۆکارەکانی پشت بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم

هەر لەدوای دەرچونی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە دۆسیەتی نەوتی هەرێم، کاردانەوەی زۆر و خێرای بەدوای خۆیدا هێنا، لێکدانەوەو خوێندنەوەی جیاواز دەکرێت و کرا بۆ هۆکارەکانی پشت بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، تایبەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم، بەتایبەت

له هەڵبژادنی کات (تەوقیت)ی بڕیارەکە، چونکە دادگاکە پێشتر دوو سکاڵای تری لە بارەی هەمان پرسەوە لە ساڵی (2012) ەو (2019) لای تۆمار کراوە، هیچ بڕیارێک لەو بارەوەیەوە نەدرا.

بەڵام هەڵبژاردنی ئەم ساتە چەند پرسیارێک دێنێتە ئاراوە، لەوانەش؛ بۆ (15) ساڵ دەچێت پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و غازی هەرێمی پەسەند کردووە، لە ساڵی (2009)ەوە دەست بە دەرهێنانی نەوت و لە ساڵی (2014)ەوە نەوت هەنارده دەکرێت، بۆچی دوای ئەو هەموو ماوەیە ئەم پرسە براوەتە بەردەم دادگای فیدراڵی؟ لە ئێستادا عێراق لە نێو کۆمەڵێک گێروگرفتی حکومڕانی (هەڵبژادنی سەرۆک کۆمار دروستکردنی کابینەی نوێی حکومەت، هاوپەیمانێتییەکانی نێو پەرلەمان ...هتد) بۆ دەبێت لە گرفتی نوێ بهێنرێتە ئاراوە؟ بۆیە دەبینین لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەرێم و کەسایەتی و چاودێران و بەرپرسان لێکدانەوەو وەڵامدانەوەی جیاوازیان هەیە بۆ هۆکارەکانی پشت بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، ئەوانیش؛

1. بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی یاساییە، بەڵام لە ژێر کاریگەری هەندێک دۆخدا دواخراوە، لەم بارەیەوە (عەلی ئەلتەمیمی – شارەزای یاسایی) لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی (ئەلحورە) ڕایگەیاندووە؛ "عێراق وڵاتیکی فیدراڵییە نەک کۆنفیدراڵی، کۆمپانیای بەبازاڕخستنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) دەبێت تاکە لایەن بێت نەوت هەناردەی دەرەوە بکات". زیاتر لەوەش دەڵێت "دادگای باڵای فیدراڵی تیشکی خستووەتە سەر ماددەی (111)ی دەستوری عێراق، نەوت وغاز موڵکی گەلی عێراقە، هەر لەبەرئەوە ئیدارەدانی نەوت و غاز بەشێکە لە بازرگانی دەرەکی، ئەوەش لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییە بە گوێرەی ماددەی (110)ی دەستوری عێراقی".

   بەڵام (یاسین تەها – نوسەر و ڕۆژنامەنوس) لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی "لەبارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە" نوسیویەتی "شارەزایان هاوڕان لەسەر ئەوەی لە سیستمە فیدراڵییەکان باڵادەستی لە سامانی سروشتیدا ناوەندییە، بەڵام لە دەستوری عێراقدا بەکاریگەریی هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی کورد و شیعە (2005)، هەندێ بڕگەو دەستەواژە دانراون کە ناڕوون و لاستیکین و بەجێهێڵراون بۆ تەفسیر و تەئویل (مادەی 111)، ئەمەش وا دەکات هەمیشە مشتومڕ هەبێت. لەهەندێ ماددەشدا باسی ئیدارەی هاوبەش و مافی لەپێشینەی هەرێمەکان هاتووە (112 و 115 و 122)، ئەمەش زیاترە لە فیدراڵییە باوەکانی دنیا".

2. بەشێکی دیکە لە شارەزایان و پێیان وایە بڕیارەکە سیاسییە زیاتر لەوەی پرسێکی یاسایی بێت، هۆکارەکەشی دەگێڕنەوە بۆ لێکنزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی وەک (پارتی دیموکراتی کوردستان و کوتلەی سەدر هاوپەیمانی تەقەدوم بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی)، هەندێک زیاتر لەوەش دەڕۆن و پێیان وایە هێزەکە لەوە

گەورەترەو بە دەستێوەردانی دەرەکی بەتایبەتیش ئێرانییەکان بە بەشێک لە هۆکاری پشت بڕیارەکە لێکدەدەنەوە دەیەوێت کێشە بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە دروستبکات. جێگەی سەرنجە (د. بورهان یاسین) لە وتارێکی دورودرێژی بە ناونیشانی (پێشهاتە هەرە مەترسیدارەکە لە پێشمانەوەیە!) نوسیویەتی "بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی لە ماوەیەکی کەمدا، بووە هۆی کاردانەوەی جیاجیا، بەتایبەتی لە دامەزراوە و حزب و ناوەندە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق. هەندێک لە ڕاگەیەندراوەکان زیاتر وروژاندنی هەست و نەستی خەڵکی کوردستانی پێوە دیار بووە، تا عەقڵانیەت و وەڵامدانەوە بە زمانی یاساو دەستور. لە ڕاستیدا زۆرێک لە ڕاگەیەندراوەکان پڕن لە دژایەتی". ئەو نمونەی ڕاگەیەندراوەکەی مەسعود بارزانی (سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان)ی هێناوەتەوە کاتێک ڕایگەیاند؛ "بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی عێراق لەبارەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی تەواو سیاسییەو پێچەوانەی دەستووری عێراقی فیدراڵە و، ئامانج لێی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستانە و دژی سیستەمی فیدراڵی عێراقە... بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەکەین کە هەرێمی کوردستان بە هەموو توانایەکییەوە بەرگری لە مافە دەستورییەکانی خۆی دەکات". بەڵام ئەم ڕاگەیەندراوە تەواو پێچەوانەی ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانەکەیەتی کە (موقتەدا سەدر)ە، لە تویتێکدا نوسیوویەتی "ڕێز لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەگرین تایبەت بە دۆسییەی نەوت غازی هەرێم و بڕیارەکان ئیلزامین و ناچارمان دەکەن بە ڕێزگرتن لە بڕیارەکان".

هەندێک لە مەسەلەی نادەستوری بوونی بڕیارەکە ئەوە بە بەڵگە دەهێننەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای پەسندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005، بە بەردەوامی داوای دەرچوونی یاسای نەوت و غازی لە بەغدا دەکردووە، دوای ئەوەی بێهیوا بووە، پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (2007) یاسای تایبەت بە نەوت و غازی لە هەرێمی کوردستان پەسند کردووە.

پاڵپشت بە مادەی (120)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە تێیدا هاتووە: هەرێمی کوردستان دەتوانێت یاساکانی تایبەت بە خۆی دەربکات. هەروەها بە پێی مادەی (121)ی دەستور، هەرێمی کوردستان دەتوانێت یاساکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئەو دوو مادەیە و دەسەڵاتی هاوبەشیی نێوان بەغدا و هەولێر لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت، بوونە بە بنەمای دەرچوونی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی (2007) لە پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە نەوت و غاز.

3. بڕیارەکە سیاسی بێت یان یاسایی، شتێکی ئەوتۆ لە بڕیارەکە ناگۆڕێت، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و ڕوداوەکانی (16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017) پێگەی هەرێم لە بەغداد بەردەوام ڕووی لە لاوازی

کردووەو بەغداش نایەوێت پێگەی هەرێم بەهێزبێت و بەردەوام لە هەوڵی بەهێزکردنی ناوەنددایە، بۆیە دەکرێت ئەم هەوڵەش بەشێک بێت لە درێژکردنەوەی ئەو پرۆسەیە، بۆیە دەکرێت چاوەڕوانی هەنگاوی مەترسیدارتریش بکرێت کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان.

4. دەست نەبردن بۆ هەناردەکردنی غازی هەرێم؛ لەگەڵ پێخستنە نێو ساڵی نوێی (2022)ەوە جۆرێک لە بەنگەشە و هەوڵ هاتنە ئاراوە بۆ بە پیشەسازی کردنی غازی هەرێم و کوردستان هەناردەکردنی بۆ تورکیاو وڵاتانی ئەوروپا هاوشێوەی نەوتی هەرێم. بۆیە بەشێک لە چاودێران هۆکاری بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ ئەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێم دەگێڕنەوە، بۆیە بڕیارەکە وا لێکدەدەنەوە کە دژ بە وەبەرهێنانی غازە تا پرۆسەی نەوتی هەرێم.

## سێیەم؛ سیناریۆ و بژاردەکانی بەردەم حکومەتی هەرێم تایبەت بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی

لەگەڵ ئەوەی بڕیارەکە یەکلاکەرەوەیەو پێویستە جێبەجێ بکرێت، چونکە بەپێی ماددەی (94)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق بڕیارەکانی دادگاکە یەکلاکەرەوەن بە دەق هاتووە "دەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن"، بەم پێیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەردەم چەند سیناریۆ و بژاردەیەکەوە، لەوانە؛

1. بەشێکی جێبەجێکردنی بڕیارەکە پەیوەندی بە لێکنزیکبوونەوەو سروشتی پەیوەندییە سیاسییەکان و پەیوەندی پارتە کوردییەکانەوەیە لەسەروو هەموویانەوە (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەگەڵ "کوتلەی سەدری" وەک براوەی یەکەمی هەڵبژاردن و ئەو گروپە سیاسییەی بە (چوارچێوەی هەماهەنگی) ناسراوە، لەو ڕێیەوە کاربکرێت بۆ هێشتنەوەی بڕیارەکە لەسەر کاغەز، نەچونە بواری جێبەجێکردنەوە.

   بەمانایەکی دیکە لایەنە سیاسییەکانی هەرێم پەیوەندییە سیاسییەکانیان بەجۆرێک دابڕێژنەوە کە زیان بە پرۆسەی نەوتی هەرێم نەگات و بڕیارەکەی دادگا کاری پێنەکرێت.

2. بەگەڕخستنی هەوڵە دیبلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان و فشار دروستکردن لەسەر حکومەتی ناوەندی، بۆ ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگا، چونکە حکومەتی هەرێم دەتوانێت لەڕێگەی ئەو کۆمپانیا بیانییانەی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، کە ژمارەیان نزیکەی (40) کۆمپانیایە بنکەی سەرەکییان لە زیاتر لە (15) وڵاتی دنیا هەیەو لە هەرێمی کوردستان لە بواری نەوت و غازدا کار دەکەن.

3. حکومەتی هەرێم دەستهەڵبگرێت لەو کێڵگە نەوتیانی دەکەونە سنوری ناوچە جێناکۆکەکانی دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم (موسڵ و کەرکوک و دیالەو سەلاحەدین) ئەوەی لە سنوری هەرێمدایە، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەببرێت.
4. هەرێمی کوردستان کار بۆ دەرکردنی یاسای نەوت غاز بکات لە پەرلەمانی عێراق، و بتوانێت ئەوە لە یاساکەسا جێبکاتەوە، کە حکومەتی هەرێم خۆی ئیدارەی نەوت و غازی هەرێم بدات.
5. کۆتا سیناریۆ کە سیناریۆیەکی لاوازە تەسلیمکردنی داهاتی نەوتی هەرێمە بە حکومەتی ناوەندی و ئیدارەدانی کێڵگە نەوتییەکانە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە (کە ئەمە بۆ هەردوو لای ئەستەمە)، یان ئیدارەدانی هاوبەش بۆ سەرجەم پرۆسەکە.

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/3/7) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9828

## سەرچاوەکان


- دەقی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم
- د. بورهان یاسین، پێشهاتە هەرە مەترسیدارەکە لە پێشمانەوەیە!، پێگەی تایبەتی نوسەر؛
https://www.burhanyassin.com/Peshhate%20metirsidareke%2024.2.2022.pdf
- یاسین تەها، لەبارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە، ماڵپەڕی درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9719
- پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا، ماڵپەڕی درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680
- کارتی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دژ بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق، ماڵپەڕی کوردستان 24؛
https://www.kurdistan24.net
- السيناريوهات المتوقعة بعد قرار القضاء العراقي تسليم نفط إقليم كردستان لبغداد، 2022/2/20، موقع الجزيرة؛
https://www.aljazeera.net/
- العراق.. قرار "الاتحادية" بشأن نفط الإقليم بين جدل "الدستور" وشبهات السياسة، 17/2/2022، موقع الحرة؛
https://www.alhurra.com/

## ڕێوشوێنەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق
## بۆ گەمارۆدانی کەرتی نەوتی هەرێم

حکومەتی عێراق دەیان ڕێوشوێنی گرتووەتەبەر بۆ گەمارۆدانی نەوتی هەرێم، چاوەڕوان دەکرێت هەنگاوی دیکەشی لێبوەشێتەوە، لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو هەوڵانەی وەزارەتی نەوتی عێراق داویێتی یان چاوەڕوان دەکرێت هەنگاوی بۆ بنێت.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو ڕێوشوێنانە چین کە حکومەتی هەرێم گرتوونیەتیەبەر؟، یان پێویستە بیگرێتەبەر؟ ئایا حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە بەرەی بەرگری دەمێننەوە یان دەتوانن بەر بەو ڕێوشێنانە بگرن، کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە دۆسیەی نەوتی هەرێم دەیگرێتەبەر؟

### دوا هەڵوێستی وەزیری نەوتی عێراق

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق، تایبەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم ڕۆژی (2022/5/7) ئیحسان عەبدولجەبار وەزیری نەوتی عێراق لە کۆبوونەوەی چوارەمی دەستەی رادەربڕین لە وەزارەتی نەوتی عێراق، سەبارەت بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق رایگەیاند؛ "سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیدراڵیی ژمارە 59ی ساڵی 2012 لەگەڵ پاشکۆی بڕیارەکە ژمارە 110ی ساڵی 2019؛ ئەم بڕیارە گرنگە، لە رووی پرەنسیپەوە ئەو شێوازەی کە نەوتی هەرێمی پێوە بەڕێوەدەبرێت هەڵەیە، نابێت تێچووی هەر بەرمیلێک بگاتە 50٪ی نرخی فرۆشتنی، چونکە پێموایە تێچووی هەر بەرمیلێک لە (هەرێمی کوردستان) دەگاتە 50 دۆلار، هەروەها نابێت نرخی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان هێندە کەمتر بێت لە نرخی فرۆشتنی نەوت لەلایەن سۆمۆوە... لە ئەنجامدا ئەو داهاتەی نەوت، کە دەگاتە بودجەی هەرێمی کوردستان لە هەر دۆخێکدا ناگاتە زیاتر لە 50٪ی نرخی نەوتی فرۆشراو ".

وەزیری نەوتی عێراق دەشڵێت، "بنەمایەکی دیکەی سەرەکی ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک نییە لە جیهاندا دوو سیاسەتی وزە پەیڕەو بکات، تەنانەت لە هەموو جیهاندا سیاسەتی نەوت

یەکگرتووە، نابێت دەوڵەتێک بە دوو سیاسەت نەوت و غاز بەرهەمبهێنێت، دەوڵەتێک بەشێکی هاوردە دەکات و بەشێکی دیکەی دەستپێشخەری پێشکەش دەکات بۆ هەناردەکردن، ئەمە لە هەموو جیهاندا هاوشێوەی نییە، ئێمە کاریگەری نەرێنی ئەمەمان بینی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپێکدا، کاتێک عێراق نەیتوانی پابەندی مەرجەکانی ئۆپێک بێت بەهۆی پابەندنەبوونی هەرێم بە مەرجەکانی ئۆپێک، ئەمە ئاماژەیەکی زۆر روونە کە سیاسەتی نەوتی عێراق یەک دەست نییە ".

وەزیری نەوتی عێراق دوای ئاماژەدان بە چەند بابەتێکی تر لە چوارچێوەی پرسەکەدا، ئەوەشی ڕاگەیاند: ئێمە بەرەو جێبەجێکردنی دەقی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی دەچین، ژمارە 59ـی ساڵی 2012 و ژمارە 110ـی ساڵی 2019، دەستپێشخەری و نەرمی نواندن و ویستی دروستکردنەوەی متمانە و چارەکردنی پرسەکانی رابردوو ئەنجامیان نەبوو، ئەم بابەتە ئاسان نییە، ئێمە هەرێممان ئاگادارکردەوە، کە دەمانەوێت پرۆسەیەکی روون و رێکاری کارکردنی روون بەڕێوەببەین بۆ مسۆگەرکردنی مافی هەموو لایەنەکان، بەڵام جێبەجێکردنی دەقی بڕیارەکە دووچاری ئاڵەنگاری نێوخۆیی و دەرەکیمان دەکەن، ئاڵەنگاری دەرەکی پرسی وزەیە، واتا لێکەوتەکانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە چین؟ بۆیە دەبێ کۆمپانیای نیشتمانیی نەوت و کۆمپانیای سۆمۆ رۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی کاریگەرییەکە لەسەر بازاڕی نێودەوڵەتیی لە کاتی جێبەجێکردنی دەقەکانی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی.

## ڕێوشوێنەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ گەمارۆدانی کەرتی نەوتی هەرێم

لە دوای دەربڕینی ئەو هەڵوێستانەی وەزیری نەوتی عێراق، ڕۆژی (2022/5/10) (عەبدولمەهدی ئەلعەمیدی/ بەڕێوەبەری پێشووی فەرمانگەی گرێبەست و مۆڵەتەکان)، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی (10) خاڵەوە تیشکی خستووەتە ئەو ڕێوشوێنانەی کە وەزارەتی نەوتی عێراق دەیگرێتەبەر، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، هەر هەمان ڕۆژ لە لاپەڕەی فەرمی وەزارەتی نەوتی عێراق بڵاوکرایەوەو تێیدا هاتبوو، پاڵپشت بەو لێدوانەی ئیحسان عەبدولجەبار وەزیری نەوت، سەبارەت بەگفتوگۆکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان – عێراق، تایبەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ژمارە (59)، و ئاماژەدان بە قۆناغی بنبەستگەیشتنی گفتوگۆکان، وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق ناچار دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەکەی دادگا، بۆ ئەم مەبەستەش دیارترین ڕێوشێنەکان ئەم هەنگاوانە دەبن؛

1. وەزارەتی نەوتی عێراق لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتەوە (سۆمۆ) سەرجەمی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییە کڕیارەکانی نەوتی هەرێم ئاگاداردەکاتەوە، کە مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم نەکەن، هاوکات ئەو کۆمپانیا بیانیانەی گرێبەستیان هەیە (لەژێر ناوی گرێبەستی هاوبەش) پاڵپشتی بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم دەکەن، کارەکانیان ڕابگرن. ئەگەرنا (سۆمۆ) سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو کۆمپانیایانە تۆماردەکات کە

نەوتی هەرێم دەکڕن، بەو بیانووەی بەپێی یاسا خاوەندارێتی و مامەڵەکردنی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عێراق.

2. وەزارەتی نەوتی عێراق لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە کڕیارانی نەوت ئاگادار دەکاتەوە، دەبێت ئەو بڕە پارەیە بدەن کە لە جیاوازی نرخی نەوتی خاوەوە دەکەوێتەوە بۆ ئەو بڕە نەوتەی کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە پێیان فرۆشراوە، بەپێی ئەو نرخە فەرمییانەی کە سۆمۆ بەپێی کات و بەرواری نرخی کڕین و فرۆشتنی ئاشکرای دەکات.
3. وەزارەتی نەوت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە بۆ ئامادەکردنی پەیامێک کە وەزارەتی دەرەوە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانی عێراقەوە بۆ هەموو وڵاتانی جیهان نێردراوە، ڕوونکراوەتەوە کە خاوەندارێتی سامانی نەوتیی (نەوت و غاز)ی خەڵکی عێراق و گەشەکردنی ئەم سامانە و گەڕانەوەشی هی هەموو گەلانی عێراقە، کارێکی ناڕەوایە بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بکرێت، پێویستە ڕێگەنەدرێت هیچ جۆرە چالاکییەکی پەیوەندیدار بەنەوت و غاز لەلایەن نوێنەرانی هەرێمەوە ئەنجام بدرێت.
4. وەزارەتی نەوت سەرجەمی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمدا هەیە ئاگادار دەکاتەوە، کە گرێبەستەکانیان لەسەر بنەمای بڕیاری دادگای فیدراڵی پوچەڵ و نادروستە و دەبێت چاو بەو دۆخەدا بخشێننەوە، ئەگەرنا ئەنجامە یاساییەکانی بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستانە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان.
5. وەزارەتی نەوت، حکومەتی تورکیای ئاگادار کردووەتەوە کە ڕێگە بە هەناردەکردنی نەوتی خاوی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان نەدات و ئاسانکاری نەکات، ئەگەرنا حکومەتی تورکیا لە دەرەنجامە دارایی و یاساییەکانی بەرپرسیار دەبێت.
6. بە هەماهەنگی نێوان وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی عێراق، بانکەکان ئاگادار دەکرێنەوە، کە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو لەکێڵگەکانی هەرێم دەستیان بەسەردا بگیرێت یان بلۆک بکرێن، پاڵپشت بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی.
7. وەزارەتی نەوت ئەو کۆمپانیایانە ئاگادار دەکاتەوە کە کار دەکەن بۆ دروستکردنی بۆری نەوت و غاز لە هەرێمەوە بۆ دەرەوەی عێراق یان ئەو کۆمپانیایانەی کە سیستمی بۆری کار دەکەن بۆ وەستاندنی کار و چالاکییەکانیان و ئەوەی دەیکەن پێچەوانەی یاسایە.
8. بە هەماهەنگی نێوان وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی – بە ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران – بۆ ڕاگرتنی هەر جۆرە پارەدانێکی مانگانە بۆ حکومەتی هەرێم، جێگە نەکردنەوەی پشکی هەرێم یاسای بودجەی گشتی ساڵی 2022ی عێراق.

9. وەزارەتی نەوت بەردەوام دەبێت بۆ نزیکبونەوە لە حکومەتی هەرێم بۆ بەردەوامبون لە گفتوگۆو دانوستانەکان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەومەرجەی وەفدی دانوستانکاری هەرێم لە ئاستێکی گونجاودا بێت، نەک شاندەکەی لە ئاستێکی نزمتردا بێت یان مەبەستی بەفیڕۆدانی کات بێت.
10. هەماهەنگی نێوان وەزارەتی نەوت و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی بۆ پێداچوونەوە بە تۆمار و بەڵگەنامەکانی بەتایبەت بە بڕی نەوتی خاو و غازی سروشتی بەرهەمهێنراو لە کێڵگەکانی هەرێم و بەرهەمە نەوتییەکان، دەکرێت و دەبێت کار بۆ گەڕانەوەی ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت و غازوە بەدەستدێت دەکرێت.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو ڕێوشوێنانە چین کە حکومەتی هەرێم گرتوونیەتەبەر، یان پێویستە بیگرێتەبەر؟ ئایا حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە بەرەی بەرگری دەمێننەوە یان دەتوانن بەر بەو ڕێوشێنانە بگرن، کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە دۆسیەی نەوتی هەرێم گرتوویەتیەبەر، چاوەڕوان دەکرێت هەنگاوی نوێش بنێت.

### تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/6/4) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10413

## ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان دوای سێ ساڵ پەککستن، پارتی لە ڕێگەی پرۆژە یاسایەکەوە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و کاراکردنەوەیدایە

**زیندوکردنەوەی ئەنجومەنەکە!**

ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، دوای سێ ساڵ پەککستن، پارتی لەڕێگەی پرۆژە یاسایەکەوە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و کاراکردنەوەیدایە.

زیاتر لە سێ ساڵە هیچ کۆبوونەوەیەکی "ئەندامانی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێم" بەڕێوەنەچووە، لەئێستادا دەیانەوێت ئەندامێکی تری بۆ زیاد بکەن، کە ئەمە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنەکە دەبێت، چونکە لەرێگەی سەرۆکێک و دوو ئەندامەوە، پارتی هەر بڕیارێکی بوێت تێدەپەڕێت، هەروەک چۆن هەرچییەکی بوێت پەکیدەخات. بەتایبەتی کە ئێستا چاوەڕوان دەکرێت بڕیاری حکومەت بۆ پێکهێنانی کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت و غاز (KROC) تایبەت بە بواری دۆزینەوە، دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و غاز و کۆمپانیای کوردستان بۆ بەبازاڕکردنی نەوت (KOMO) بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## یەکەم: پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی هەرێمی لە چوارچێوەی یاسادای نەوت غازدا

پەرلەمانی کوردستان (15) ساڵ پێش ئێستا ، یاسای ژمارە ( 22 )ی ساڵی 2007یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان–عێراق ی پەسەند کرد، لە یاساکەدا زۆرترین دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوتو غاز بەخشیوە، بەڵام ئەم ئەنجومەنە تەنها ناوێکی گەورەبووەو ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لە داڕشتنی سیاسەتی نەوتی هەرێمدا.

یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، لە چەند ماددەیەکدا ئاماژەی بە پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی هەرێمی داوە کە بریتین لە؛

لە (ماددەی سێیەم: بڕگەی چوارەم)دا هاتووە حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی هەموو پرۆسەکانی نەوت دەگرێتە ئەستۆ، بە پێی ماددەی (115) وە بە خۆگونجاندن لەگەڵ ماددەی (112) لە دەستوری فیدراڵدا، وەزیریش بۆی هەیە لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی ڕێگا بەلایەنی سێیەم بدا کە پرۆسەکانی نەوت جێبەجێ بکات لە پێناو زیادکردنی داهاتەکان لە سامانی نەوتی هەرێمدا.

بەپێی (ماددەی چوارەم) ئەنجومەنی هەرێمی بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:-

1. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆک.
2. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران - جێگر.
3. وەزیری سامانە سروشتییەکان - ئەندام.
4. وەزیری دارایی وئابوری- ئەندام.
5. وەزیری پلان دانان- ئەندام.

هاوکات لە (ماددەی پێنجەم) دا هاتووە؛ ئەنجومەنی هەرێمی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1. دانانی پرینسیپەکانی گشتی بۆ سیاسەتەکانی نەوت و پلانی بەدواگەڕان و پەرەپێدانی کێڵگەکان لە هەرێمدا لەگەڵ هەمووارکردنیان.
2. پێدانی ڕەزامەندی بۆ ئەو گرێبەستانەی تایبەتن بە پرۆسەکانی نەوت.
3. دیارکردنی ئاستی بەرهەمهێنان لە هەرێمدا بەشێوەیەک لەگەڵ بڕگەی دووەمی ماددەی (112)ی دەستوری فیدراڵی بگونجێت.

وەک لە یاساکەدا هاتووە **"کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت (KEPCO)"** دادەمەزرێندرێت و لە (**ماددەی دەیەم: بڕگەی چوارەم**): کۆمپانیا بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی بۆی هەیە:

1. ڕکابەریکردن لەگەڵ کۆمپانیای دیکەوە، بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی ڕێپێدانی تایبەت بە کێڵگەکانی ئایندە.
2. ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەکانی هاوبەشیکردن و هاوشێوەکانی لە ڕێککەوتنەکانی کارکردن لە هەرێمدا یان لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا یان لە دەرەوە.

3. دامەزراندنی کۆمپانیاکانی بە کارخستنی سەربەخۆی بێت و بە موڵکداریەتی خۆی بێت تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت کە پەیوەستە بەکێڵگەکانی ئایندەدا.

هاوکات بەپێی یاسای نەوت و غازی هەرێم **"کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC)"** دادەمەزرێندرێت و لە (**ماددەی یازدەم: برگەی** چوارەم): بەڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی کۆمپانیا بۆی هەیە:

1. ڕکابەری لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە بکات بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی ئێستا.
2. ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەی هاوبەشیکردن لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت کە شارەزاییان هەیە و ناودەنگیان باشە لە پرۆسەکانی نەوتدا، بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی ئێستا بۆ بەدەستهێنانی پتری داهاتەکان بە خێرایی.
3. ڕکابەریکردن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی تایبەت بە کێڵگەکانی ئاینده و هەریەکەو بەپێی دۆخی تایبەتی خۆی.

جگە لەو دوو کۆمپانیایە یاساکە ئاماژەی داوە بە دروستکردنی **" کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی (KODO)"** بەپێی (**ماددەی سێزدەم: بڕگەی چوارەم: خاڵی 2 و 3 و 4**):

2. ڕکابەریکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەوە بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتەکان دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی، وە مافی ئەوەی هەیە هەڵبستێت بە کارەکانی بەگەڕخستنی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوتی، وە ڕێککەوتنەکانی هاوبەشی کردن یان گرێبەستنی هاوشێوەی ئەنجام بدات، چ لە هەرێم بێت و یان لە هەرێمەکان و پارێزگاکانی تردا.

3. بە هاوبەشی کردن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان یان لەگەڵ کەرتی تایبەت لە پرۆسەکانی نەوتی تازەو بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی.

4. بەڕێگەدان بەلایەنی سێیەم بۆ بەڕێوەبردنی هەریەکێک لە دەزگاکانی و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی.

هاوکات لە (**بەشی دەیەم**: **گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان: مەرجەکانی گرێبەست :ماددەی سی و حەوت: برگەی دووەم)دا هاتووە:** ئەگەر وەزیر وایدانا کە گرێبەستی نەوت مەترسییە بازرگانیەکان گەورەیە یان پێویستی بەپشتیوانی پارەی زۆرە لە سەرەتای وەبەرهێناندا، وەزیر بۆی هەیە لە دوای رەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی ڕێژەی موڵکانەی جێگیر لە بڕگەی یەکەمی

(7) لەم ماددەیەدا کەمبکاتەوە،و بڕی خەرجی گەڕاوەو جێگیر لە بڕگەی یەکەمی (6) لەم ماددەیەدا بەپێی مەترسییەکان زیاد بکات.

## دووەم: ئەنجومەنێکی کارتۆنی بە دەسەڵاتێکی زۆرەوە

وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بە پێکهاتەو دەسەڵاتە گەورەو زۆرەکانی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غازدا، بەڵام ئەنجومەنەکە بەهیچ شێوەک جێ دەستی بە پرۆسەی نەوتی هەرێمەوە دیار نییە. ئاماژە بە "ڕاپۆرتی ڕێکخراوی روونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت سەبارەت بە وردبینی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ داهاتی نەوتی هەرێم لەساڵی ٢٠١٩"دا کە لە لایەن (یادگار گەلاڵی و فریا کاڵێ)ەوە نوسراوە، لەم بارەوە ئاماژەیان داوە بەوەی؛

هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش کێشەی یاسایی نییە لە بواری نەوتدا بەڵکو کێشەکە لە بوارە کرداریەکەدایە (جێبەجێکردنی یاساکان)، لەم بارەیەوە؛

1. یاسای نەوت و غازی هەرێم بڕگە گرنگ و جەوهەرییەکانی پشتگوێ خراوە و حکومەتی هەرێم هەتا ئەم ساتە وەختە چەند مادەیەکی گرنگی یاساکەی جێ بەجێ نەکردووە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بنیادنان و ڕێکخستنی ژێرخانی نەوتی هەرێمەوە، وە ماوەی (15) ساڵە دواکەوتووە و بەبێ هیچ هۆیەکی تەکنیکی. بە پێی ئەو یاسایە دەبوایە ئەم چوار کۆمپانیایە دروست بکرانایە (١. کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمێنان(KEPCO) ، ٢. کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت(KNOC)، ٣. کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت(KOMO) ، ٤. کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی(KODO)) . گرنگی ئەم کۆمپانیایانە لەوەدایە هەلی کاری ناوخۆ زیاد دەکات، پسپۆری خۆماڵی پێدەگەیەنێت و پشتی پێ دەبەستێت، لە ئەنجامیشدا دەتوانێت کۆنترۆڵی بەڕێوبردنی سێکتەری نەوت بکات بەشێوەیەکی باشتر. ئێستا هەندێک لە گرێبەستە نەوتییەکان هەژدە ساڵ زیاتری تێپەڕاندووە. بۆ نمونە گرێبەستی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی لە کێڵگەی تەق تەق، گرێبەستی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ لە کێڵگەی تاوکێ لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ئیمزا کراون. ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بین و کۆمپانیاکان دروست نەکرێن، ئەوە لە کاتی کۆتایی هاتنی گرێبەستەکاندا هەروەک سەرەتای گرێبەستەکان هیچ جێگرەوەیەکی کۆمپانیا نێودەوڵەتێکانمان نیە، ناچار دەبین کە بەهەمان مەرجی سەرەتای کارکردنمان ڕازی بین و هیچ جۆرە پسپۆریەکیش بەدەست ناهێنین. بۆیە تا ڕۆژێک زووتر

دەستپێشخەری بکەین لە دروستکردنی ئەم چوار کۆمپانیایە، شارەزایی زیاتر بەدەست دەهێنین و باشتر ئەم کەرتە بەڕێوەدەبەین لە ئایندەدا.

بەپێی یاسای نەوت وغاز سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ئەو کۆمپانیایانە دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەیان پێ بدرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەم کۆمپانیایانە دروستکرابن سەرۆکی حکومەت تەنها دوای یەک ساڵ لە دەرچوونی یاسای نەوت و غاز بەناوی کۆمپانیای کیپکۆ KEPCOوە چەند گرێبەستێکی ئیمزا کردووە، لە ناویاندا گرێبەستی کێڵگەی هەولێر لە نێوان کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کۆریا (Korea National Oil Corporation) و کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنان(KEPCO)، نێچیرڤان بارزانی لە بری کۆمپانیای کیپکۆ ئیمزای کردووە. یاسایی بوون و نەبوونی کۆمپانیایەک کە بوونی نەبێت بۆ پەرلەمان و داواکاری گشتی جێ دەهێڵین.

دواتر لە 1ی نیسانی ساڵی 2015 پەرلەمانی کوردستان یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەکانی دەرکرد. ئەم کارە ئەرکێکی یاساییە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007ی (یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان). ئەم دامەزراوانە بەیەکەوە تەواوکەری یەکترین و دەکرا دۆسیەی نەوت لە ئاستێکی تاڕادەیەک بەرزدا بەرەوپێش بەرێت.

2. دیلۆیت بەرپرسە بەرامبەر ئەنجومەنی نەوت وغازی هەرێم چونکە گرێبەستی لەگەڵ ئەودا هەیەو پابەندی ڕێکەوتنەکەیەتی، ئەوە تێدەگەین و بەشێکە لە پابەندی گرێبەستەکەی نێوانیان. ئەی ئەنجومەنی نەوت و غاز کە لە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و سامانە سروشتییەکان و پلان دانان پێک دێت بەرامبەر کێ بەر پرسیارە؟ کێ متمانەی پێداون؟ ئەسڵ وایە پەرلەمان ئەو لایەنەیە کە متمانە دەدات بە حکومەت و لێپرسینەوەی لێدەکات. لە کاتێکدا ئێمە باسی ڕوون بینی و شەفافییەت دەکەین، لە بازنەیەکی فراوانتردا هاوڵاتیش متمانەی بەو نوێنەرانە داوە لە پەرلەمان، ئەوانیش حکومەت هەڵدەبژێرن، بۆیە مافی هاوڵاتیشە لە وردەکاری داهات و خەرجی ئاگاداربێت. هەروەها دەستخستنی زانیاری بەشێکە لە مافی مرۆڤ بەواتایەکی تر شاردنەوەی زانیاری پێشێلی مافی مرۆڤە.

ئەوەی لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە بەشی زۆری ئەو دەسەڵاتانەی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت غاز هەیانە، دوای تێپەڕبوونی پانزە ساڵ بەسەر یاساکەدا تێپەڕیووە دامەزراوەکانی دروست نەکراون (کۆمپانیا خۆماڵییەکانی نەوت) تا ئەوەی ئەنجومەنەکە بتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی بەکاربهێنێت.

باشترین بەڵگە ڕاگەیەندراوەکەی (ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێم) کە لە (2022/3/3) لە ڕونکردنەوەیەکیدا بۆ وەڵامدانەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، کاتێک مەسرور بارزانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا باسی لەوەکردبوو کە وەزیری دارایی ئاگاداری داهاتی نەوت چەندە و چەندی بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

ئەویش لە ڕێگەی میدیای بزوتنەوەکەیەوە ئەوەی بڵاوکردەوە: **"ئێمە ئاگاداری راپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت و ئەو (350) ملیۆن دۆلارەین کە دێتە سەر هەژماری وەزارەتەکەمان"**

## سێیەم: بۆچی هەمواركردنەوەی یاسای نەوت و غازو دەستکاریکردنی پێکهاتەی ئەنجومەنی هەرێمی؟

سێ ساڵ و چەند ڕۆژێک تێپەڕ دەبێت بەسەر دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، واتە لە (2019/7/12)ەوە لە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە ئەنجومەن هیچ کۆبونەوەیەکی ئەنجام نەداوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە سەردەمی کابینەکانی پێشووتر، هەفتانە ئەو ئەنجومەنە کۆبونەوەی ئەنجام داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دوای لەکارخستنی ئەنجومەن لەو ماوە درێژەدا، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە ڕۆژی (2022/6/15) بە بڕیاری ژمارە (154)، پرۆژە یاسای هەمواری یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی ئاراستەی پەرلەمان کردووە بۆ زیادکردنی ئەندامێکی ئەنجومەکە، کە ئەویش (سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانە) (ئەو پۆستە ئێستا لە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە). بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی خولی بەهارەی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی (2022/6/22) خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە دەکرێت، هۆکاری سەرەکی ئەم هەوڵە نوێیەش دەگەڕێتەوە بۆ؛

**یەکەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ئەم مانگەدا نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی (ئەرکی حکومەتی فیدراڵ بەرامبەر بە ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان: ڕوانگەی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە دۆسیەی نەوت) لە دەستپێکی نامیلکەکەدا هاتووە "حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت و غاز (KROC) تایبەت بە بواری دۆزینەوە، دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و غاز و کۆمپانیای کوردستان بۆ بەبازاڕکردنی نەوت (KOMO) دادەمەزرێنێت... ئەو دوو کۆمپانیایە لەلایەک هەماهەنگییان لەگەڵ یەک هەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە هەماهەنگیان لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق (سۆمۆ) هەبێت و هەمان پەیوەندیش لە نێوان وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت". ئەم هەنگاوەش پێویستی بە کاراکردنەوەی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز هەیە.

**دووەم**: هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ زیادکردنی ئەندامێکی خۆی لە نێو ئەنجومەنەکەدا، لەم بارەیەوە (زانا عەبدولرەحمان/ ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نوسیویەتی؛ "نزیکەی سێ ساڵە پارتی نەهێشتووە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غاز کۆبونەوە بکات، چونکە لە (٥) ئەندامی ئەنجومەنەکە تەنها (٢) کەس پارتی بوون، ئێستا پرۆژەیەکی ئاراستەی پەرلەمان کردوە کە ئەندامێکی تری پارتی زیاد بکرێت ببێتە (٦) ئەندام بۆ ئەوەی ئەنجومەنەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات". (گرافیکەکان ئەم ڕاستییە ڕوونتر دەکەنەوە).

ئەوەش ئەم ڕاستییە ڕونتر دەکاتەوە لە پرۆژە یاساکەی حکومەت (ماددەی چوارەم: بڕگەی دووەم) بەم شێوەیە هەموار دەکرێتەوە "ئەنجومەنی هەرێمی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە، و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکات، و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆک دەنگی لەگەڵداوە".

بەم شێوەیەش بەپێی یاساکە ئەنجومەنی هەرێمی لە دوو ئەندام و سەرۆکێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت و دوو جێگرو ئەندامێکی یەکێتی و ئەندامێکی بزوتنەوەی گۆڕان پێکدێت، بەم پێکهاتەیەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر بڕیارێکی بوێت تێدەپەڕێنێت، هەروەک چۆن هەرچییەکی بوێت پەکی دەخات.

**گرافیک**

**ئەندامانی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و غازی هەرێم لە (ئێستاو کابینەکانی پێشتر)**


ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عیراق
کابینەی حەوتەم
نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیران
عیماد ئەحمەد
جێگری سەرۆک وەزیران
عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان (ناشتی هەورامی)
وەزیری سامانە سروشتییەکان
عەلی عوسمان سندی
وەزیری پلاندانان
بایز سەعید تاڵەبانی
وەزیری دارایی و ئابووری


ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عیراق
کابینەی هەشتەم
نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیران
قوباد تاڵەبانی
جێگری سەرۆک وەزیران
عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان (ناشتی هەورامی)
وەزیری سامانە سروشتییەکان
عەلی عوسمان سندی
وەزیری پلاندانان
ڕێباز محەمەد حەملان
وەزیری دارایی و ئابووری


ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عیراق
کابینەی نۆیەم
DRAW
مەسرور بارزانی
سەرۆک وەزیران
قوباد تاڵەبانی
جێگری سەرۆک وەزیران
کمال محمد صالح خلیل
وەزیری سامانە سروشتییەکان – وەکالەت
دارا رشید محمود
وەزیری پلاندانان
ئاوات جەناب نوری ساڵح
وەزیری دارایی و ئابووری


ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عیراق
کابینەی نۆیەم – پرۆژە یاسا
DRAW
مەسرور بارزانی
سەرۆک وەزیران
قوباد تاڵەبانی
جێگری سەرۆک وەزیران
کمال محمد صالح خلیل
وەزیری سامانە سروشتییەکان
وەکالەت
دارا رشید محمود
وەزیری پلاندانان
ئاوات جەناب نوری ساڵح
وەزیری دارایی و ئابووری
ئومێد سەباح عوسمان
سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/6/25) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10547

## سەرچاوەکان


1. یاسای نەوت غازی هەرێم ژمارەی (22)ی ساڵی 2007.
2. دەقی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای نەوت و غازی هەرێم (درەو میدیا).
3. دەقی نامیلکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی (ئەرکی حکومەتی فیدراڵ بەرامبەر بە ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان: ڕوانگەی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە دۆسییەی نەوت) (درەو میدیا)
4. وەزیری دارایی هەرێم: ئاگاداری راپۆرتی دیلۆیت و (350) ملیۆن دۆلارەکەین. (ماڵپەڕی فەرمی بزوتنەوەی گۆڕان) 2022/3/3
5. یادگار گەلاڵی و فریا کالێ؛ ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونبیین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت سەبارەت بە وردبینی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ داهاتی نەوتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٩. (ڕوونبین)
6. زانا عەبدولرەحمان/ ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان. (لاپەرەی فەرمی: فەیسبوک)
7. دوو ساڵ و پێنج مانگە ئەنجومەنی نەوت و غاز کۆنەبووەتەوە (بوار نیوز)

## فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم لە 2021 دا





حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا، زیاتر لە (151 ملیۆن) بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە کردووە، بەپێی داتاکان تێکڕای نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان زیاتر لە (70) دۆلار بووە، بەم پێیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان "پێش لێدەرکردنی خـــــەرجییەکانو فرۆشتنی نەوت بە پێی نرخی بازاڕەکانی جـــیهان" بەبەهای زیاتر لە (10 ملیار 670 ملیۆن) دۆلار نەوتی هەناردە کردووە، کە بەرامبەرە بە زیاتر لە (15 ترلیۆن و 553 ملیار) دینار.

بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانیو هەرزانتر فرۆشتنی هەر بەرمـیلێک بە (10) دۆلار کەمتر لە بازاڕەکانی جیهان، تەنها بڕی (3 مـــلیارو 870 ملیۆن) دۆلار داهاتی بۆ مـــاوەتەوە کە بەرامبەر بە (5 ترلیۆنو 611 ملیار) دینارە لە ماوەی ساڵی (2021) دا.

## یەکەم: تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ساڵی 2021

بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی (Country Economy) تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بۆ ساڵی (2021) برتی بووە لە (70.68) دۆلاری ئەمریکی، بە جۆرێک مانگی (تشرینی یەکەمی ساڵی 2021) بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە و تێکڕای نرخی نەوت لە مانگەکەدا بریتی بووە کە (83.54) دۆلار و لە مانگی (کانونی دووەمی ساڵی 2021) نزمترین نرخی نەوت تومار کراوە لە ساڵەکەدا کە بریتی بووە لە (54.77) دۆلار. (بڕوانە چارتی ژمارە (1))


چارتی ژمارە (1)




## دووەم: فرۆشی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2021

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ساڵی (2021) دا بڕی (151 ملیۆن و 211 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، بەجۆرێک لە مانگی (نیسانی 2021) دا بەرزترین ڕێژەی نەوتی هەناردە کردووە بە قەبارەی (14) ملیۆن بەرمیل لە مانگەکەدا، لە مانگی (ئابی 2021) دا کەمترین بڕی هەناردە کردووە بەراورد بە مانگەکانی دیکەی هەمان ساڵ کە (11 ملیۆن و 50 هەزار) بەرمیل بووە. بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە چارتی ژمارە (2)).

چارتی ژماره (2)




## سێیەم: داهاتی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2021 دا:

1. <u>داهاتی نەوت هەرێم، پێش لێدەرکردنی خەرجییەکان و فرۆشتنی بە نرخی بازاڕە جیهانییەکان</u>

**بەپێی داتاکان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی (ئەیلولی 2021) دا زۆرترین داهاتی نەوتی هەبووە بەو پێیەی (13 ملیۆن و 90) هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە کردووەو نرخی نەوت بە تێکڕا لە مانگی ناوبراو (74.49) دۆلار بووە، ئەگەر حکومەتی هەرێم نەوتەکەی بە هەرزانتر نەفرۆشتبێت و بەبێ لێدەرکردنی خەرجییەکانی نەوت بەها گشتییەکەی بریتی بووە لە (1 ملیار و 35 ملیۆن و 411 هەزار) دۆلار، کە بەهاکەی بەرامبەر بە دینار بریتی بووە لە (1 ترلیۆن و 501 ملیار و 345 ملیۆن و 95 هەزار) دینار.**

**کەمترین داهاتیش لە مانگی (کانونی دووەمی 2021)دا تۆمار کراوە کە (12 ملیۆن و 800) هەزار بەرمیل هەناردە کراوەو تێکڕای نرخی نەوت لەو مانگەدا بریتی بووە لە (54.77) دۆلار، بەم پێیەش داهاتی نەوت لەو مانگەدا بریتی بووە لە (701 ملیۆن و 56 هەزار) دۆلاری ئەمریکی**

بەرامبەر بە (ترلیۆنێک و 16 ملیارو 531 ملیۆن و 200 هەزار) دیناری عێراقی. بۆ زانیاری زیاتری تایبەت بە سەرجەم مانگەکانی ساڵی (2021) (بڕوانە خشتەی ژمارە (1)).


سەبارەت بە کۆی گشتی فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021)دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان (151 ملیۆن و 211 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە تێکڕای نرخی نەوت لە ساڵەکەدا بریتی بووە لە (70.68) دۆلاری ئەمریکی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1)). کۆی ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکەدا هەناردەی کردووە بەبێ هیچ خەرجی و هەرزان فرۆشییەک دەکاتە (10 ملیارو 670 ملیۆن و 453 هەزار و 860) دۆلاری ئەمریکی، بۆ وردەکاری مانگەکانی ساڵەکە بڕوانە (چارتی ژمارە (3))، ئەو بڕە داهاتەی لە فرۆشی نەوت دەستدەکەوێت بە دینار بریتی دەبێت لە (15 ترلیۆن و 553 ملیار و 358 ملیۆن و 97 هەزار دینار) بۆ وردەکاری مانگەکانی ساڵەکە بڕوانە (چارتی ژمارە (4)).

**خشتەی ژمارە (1)**


**وردەکاری فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2021 (پێش لێدەرکردنی خەرجی)**

| 2021 | کۆی فرۆشی نەوتی هەرێم/ بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت | کۆی داهاتی نەوت/ مانگانە بە دۆلار | کۆی داهاتی نەوت/ مانگانە بە دینار |
|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12800000 | 54.77 | 701056000 | 1016531200000 |
| شوبات | 12540000 | 62.28 | 780991200 | 1132437240000 |
| ئازار | 11981000 | 65.41 | 783677210 | 1136331954500 |
| نیسان | 14000000 | 64.81 | 907340000 | 1315643000000 |
| ئایار | 13000000 | 68.53 | 890890000 | 1291790500000 |
| حوزەیران | 12370000 | 73.16 | 904989200 | 1312234340000 |
| تەموز | 13175000 | 75.17 | 990364750 | 1436028887500 |
| ئاب | 11050000 | 70.75 | 781787500 | 1133591875000 |
| ئەیلول | 13900000 | 74.49 | 1035411000 | 1501345950000 |
| تشرینی یەکەم | 11825000 | 83.54 | 987860500 | 1432397725000 |
| تشرینی دووەم | 12170000 | 81.05 | 986378500 | 1430248825000 |
| کانونی یەکەم | 12400000 | 74.17 | 919708000 | 1333576600000 |
| **کۆ** | **151211000** | **تێکڕا 70.68** | **10670453860** | **15472158097000** |

چارتی ژمارە (3)




چارتی ژمارە (4)



2. **<u>داهاتی نەوت هەرێم، دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان و فرۆشتنی بە نرخی کەمتر بازاڕە جیهانییەکان</u>**

**رۆژی (28ی حوزەیرانی 2021) کۆبونەوەی هاوبەشی پەرلەمانی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان (کەمال ئەتروشی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان)، ڕایگەیاند (58%)ی داهاتی نەوت دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت، بە جۆرێک (20%)ی داهات تێچووی دەرهێنانی نەوتە (14%) شایستەی کۆمپانیاکانە و (6%)ی کرێی گواستنەوەیە. ئەوەی دەمێنێتەوە قەرەبووی قەرزەکانە.**

**ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام نەوتی هەرێم بە (10) دۆلار کەمتر لە بازاڕەکانی جیهان دەفرۆشرێت، بۆیە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت و هەرزانتر فرۆشتنی. ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە لە فرۆشتنی (151 ملیۆن و 211 هەزار) بەرمیل نەوت دەکاتە (3 ملیار و 870 ملیۆن 24 هەزار و 521) دۆلار، ئەگەری بەهای (1) دۆلار بەرامبەر بێت بە (1450) دیناری عێراقی. ئەوا ئەو بڕە بەرامبەرە (5 ترلیۆن و 611 ملیار و 535 ملیۆن و 410 هەزار و 740) دینار لەماوەی ساڵی (2021)دا. هاوکات بڕی (5 ملیاو 344 ملیۆن و 319 هەزار و 439) دۆلار دەڕوات بۆ خەرجی پرۆسەکەو قەرزی کۆمپانیاکان لە بەرامبەرە (7 ترلیۆن و 749 ملیار و 263 ملیۆن و 186 هەزار و 260) دیناری عێراقی، بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (2).**

خشتەی ژمارە (2)

وردەکاری فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2021 (دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان و کەمتر فرۆشتنی هەر بەرمیلێک بە (10) دۆلار کەمتر)

| 2021 | کۆی فرۆشی نەوتی هەرێم/ بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم کە بە (10) دۆلار کەمتر فرۆشراوە | کۆی فرۆشی نەوت/ مانگانە بە دۆلار | لێدەکردنی (58%) خەرجی پرۆسەی نەوت بە دۆلار | (42%)داهاتی ماوە بە دۆلار | داهاتی ماوە بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12800000 | 44.77 | 573056000 | 332372480 | 240683520 | 348991104000 |
| شوبات | 12540000 | 52.28 | 655591200 | 380242896 | 275348304 | 399255040800 |
| ئازار | 11981000 | 55.41 | 663867210 | 385042982 | 278824228 | 404295130890 |
| نیسان | 14000000 | 58.81 | 823340000 | 477537200 | 345802800 | 501414060000 |
| ئایار | 13000000 | 58.53 | 760890000 | 441316200 | 319573800 | 463382010000 |
| حوزەیران | 12370000 | 63.16 | 781289200 | 453147736 | 328141464 | 475805122800 |
| تەموز | 13175000 | 65.17 | 858614750 | 497996555 | 360618195 | 522896382750 |
| ئاب | 11050000 | 60.75 | 671287500 | 389346750 | 281940750 | 408814087500 |
| ئەیلول | 13900000 | 64.49 | 896411000 | 519918380 | 376492620 | 545914299000 |
| تشرینی یەکەم | 11825000 | 73.54 | 869610500 | 504374090 | 365236410 | 529592794500 |
| تشرینی دووەم | 12170000 | 71.05 | 864678500 | 501513530 | 363164970 | 526589206500 |
| کانونی یەکەم | 12400000 | 64.17 | 795708000 | 461510640 | 334197360 | 484586172000 |
| **کۆ** | **151211000** | **تێکڕا 61.01** | **9214343860** | **5344319439** | **3870024421** | **5611535410740** |

## چوارەم: کڕیارانی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2021


لە ساڵی (2021)دا نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لەلایەن کەشتی (12) وڵاتەوە بارکراوە و زۆرترین بارکردن کەشتییە ئیتالییەکان کردوویانە کە (56 ملیۆن و 81 هەزار) بەرمیل نەوت بووە بە ڕێژەی (37.1%)، کەمترین بڕی بارکراویش کەشتی پۆڵەندی و بولگارییەکان بووە کە بڕەکەی (600 هەزار) بەرمیل بووە بە ڕێژەی (0.4%) بووە. (خشتەی ژمارە (3) و چارتی ژمارە (5).

خشتەی ژمارە (3)

نەوتی بارکراوی هەرێم لە بەندەری جەیهان – لە ساڵی 2021

| کڕیاران | بڕی نەوتی بارکراو | ڕێژەی نەوتی بارکراو |
|---|---|---|
| ئیتاليا | 56081000 | 37.1% |
| یۆنان | 34178000 | 22.6% |
| کرواتیا | 21188000 | 14.0% |
| ئیسپانیا | 15574000 | 10.3% |
| ئیسرائیل | 12664000 | 8.4% |
| ڕۆمانیا | 4270000 | 2.8% |
| چین | 1000000 | 0.7% |
| سەنگاپورە | 1000000 | 0.7% |
| قوبرس | 1000000 | 0.7% |
| میسر | 1000000 | **0.7%** |
| بولگاریا | 600000 | 0.4% |
| پۆڵەندا | 600000 | 0.4% |
| نادیارە | 2056000 | 1.4% |
| کۆ | 151211000 | **100%** |

چارتی ژمارە (5)




## تێبینی

**ئەم راپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/1) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9584

## سەرچاوەکان

- **کەمال ئەتروشی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، بەشی سێیەمی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (16)ی ئاسایی خولی بەهارە ڕۆژی 28/6/2021، دەقی وتەکانی لە چەناڵی یوتیوب؛**

https://www.youtube.com/watch?v=6fpM-92PuRc

- **ڕێکخراوی ڕوونبیین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، نەوتی بارکراوی هەرێم، ماڵپەڕی ڕێکخراوی ڕوونبیین؛**

https://www.roonbeen.org/%d9%86%db%95%d9%88%d8%aa%db%8c-%d8%a8%d8%a7%d8%b1%da%a9%d8%b1%d8%a7%d9%88%db%8c-%d9%87%db%95%d8%b1%db%8e%d9%85/

- Crude Oil Brent US Dollars per Barrel, at the site;

https://countryeconomy.com/raw-materials/brent?year=2021

- **ئەنوەر کەریم، داتای ورد لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان، داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2021، ماڵپەڕی زەمەن؛**

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=54202

- Deloitte, Review of the Kurdistan Regional Government of Iraq’s oil production, export, consumption and revenue for the period 1 January 2021 to 31 March 2021, at the site;

https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202021/KRG%20Q1%202021%20Report%20on%20OIl%20and%20Gas%20review.pdf

- Deloitte, Review of the Kurdistan Regional Government of Iraq’s oil production, export, consumption and revenue for the period 1 April 2021 to 30 June 2021, at the site;

https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202021/KRG%20Q2%202021%20Report%20on%20OIl%20and%20Gas%20review.pdf

# زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی هەرێم




حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (8) ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (ملیارێک و 100 ملیۆن) بەرمیل نەوتی فرۆشتووەو کەمتر لە (31 ترلیۆن) دیناری بۆ ماوەتەوە.


لە کاتێکدا ئەگەر تەنها (1) بەرمیل نەوتیشی نەفرۆشتایە، ئەوا زیاتر لە (81 ترلیۆن) دیناری لە بودجەی گشتی عێراق وەک پشکی خۆی لە حکومەتی ناوەند وەردەگرت، کە بەهۆی فرۆشی نەوتی سەربەخۆوە ئەو پشکە ڕاگیراوە.

پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی (2014 – 2021) بریتی بووە لە بڕی (97 ترلیۆن) دینار، لەم بڕە پارەیە تەنیا (15 ترلیۆن) دینار ڕەوانەی هەرێم کراوە، واتا بڕی (81 ترلیۆن) دینار لە پشکی هەرێم ڕاگیراوە.

## یەکەم؛ پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق، قۆناغی (2004 – 2014)

**پێش بڕیاری ئابوری سەربەخۆ ، لەچوارچێوەی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراقدا مانگانە لە بەغدادەوە بڕێکی گەورەی بودجە لە عێراقەوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەجۆرێک لە دوای ساڵی 2004 –2014، کە حکومەتی فیدراڵ 17%ی بودجەی ناردووە بۆ هەرێم، بەپێی سەرچاوەکان ئەو پارانەی دەست حکومەتی هەرێم کەوتووە لە ڕێگەی بەشە بودجەی هەرێم لە حکومەتی فیدراڵ، کە لە ساڵی 2004ەوە تا ساڵی 2014 بەردەوام بوو، بریتی بووە لە (75 ملیار و 177 ملیۆن) دۆلار (بڕوانە چارتی ژمارە (1))؛**

**چارتی ژمارە (1)**




**ساڵی 2014 بەهۆی شەڕی داعشو گرفتەکانی پێکهێنانی حکومەتی ناوەندی هیچ پێشنیارێکی بودجە نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی خەرجییەکان درابوو بە وەزارەتەکان، بەشی هەرێمیش بڕا. هاوکات بەپێی توێژینەوەیەکی (فەرمانگەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە تشرینی یەکەمی 2020 بڵاوکراوەتەوە، هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2005–2019 (96 ترلیۆن و 196ملیار و 503 ملیۆن دیناری لە بەغدا وەرگرتووە، لە بەرامبەردا تەنها (2 ترلیۆن و 273 ملیار و 430 ملیۆن) دینار داهاتی گەڕاندووەتەوە بۆ ناوەند.**

## دووەم؛ پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق، قۆناغی (2014 – 2021)

لە دوای ساڵی (2014)ەوە دۆخەکە بەشێوەیەکی ترە، ئەگەرچی یاساکانی بودجەی (2014–2021) پشکی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، بەڵام بەهۆی ڕادەستنەکردنی نەوتی هەرێم و سەربەخۆیی ئابوری هیچ کات ئەو بڕەی وەک پشکی هەرێم دیاریکراوە، وەک خۆی نەنێدراوە، بۆ نمونە بڕوانە خشتەی ژمارە (1)؛

**خشتەی ژمارە (1)**

**پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق (2014–2021) (دینار)**

| بودجەی ساڵانە | ڕێژە | پشکی هەرێم | بڕی تەمویل کراوە | بڕی تەمویل نەکراوە |
|---|---|---|---|---|
| **2014** | 1/12 | 19,999,616,000 | 2,280,000,000 | 17,719,616,000 |
| **2015** | 17% | 14,871,000,000 | 2,476,000,000 | 12,395,000,000 |
| **2016** | 17% | 12,570,000,000 | 0 | 12,570,000,000 |
| **2017** | 17% | 11,605,028,000 | 0 | 11,605,028,000 |
| **2018** | 12.7% | 6,767,173,000 | 3,175,403,000 | 3,591,770,000 |
| **2019** | 12.7% | 9,783,026,000 | 5,439,130,000 | 4,343,896,000 |
| **2020** | 12.7% | 5,436,000,000 | 1,359,000,000 | 4,077,000,000 |
| **2021** | 12.7% | 16,509,112,000 | 1,200,000,000 | 15,309,112,000 |
| **کۆی گشتی** | | 97,540,955,000 | 15,929,533,000 | 81,611,422,000 |

**تێبینییەکان دەربارەی خشتەی ژمارە (1)**

1. حکومەتی عێراق لە ساڵی 2020 یاسای بودجەی نەبووە.
2. سێ مانگی سەرەتای 2020، هەموو مانگێک 453 ملیار لە عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە.
3. (6) مانگی سەرەتای ساڵی (2021) تێپەڕی بەڵام حکومەتی عێراق هیچ بڕە پارەیەکی بۆ هەرێم نەناردووە، لە (6) مانگی دووەمی ساڵی (2021) بە شێوەی سلفە حکومەتی عێراق مانگانە بڕی (200 ملیار) دینار وەک سلفە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە.

**شیکاری خشتەی ژمارە (1)**

1. پشکی هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان ساڵی (2014–2021) بریتی بووە لە بڕی (97 ترلیۆن و 540 ملیار و 995 ملیۆن دینار.
2. تەنها بڕی (15 ترلیۆن و 929 ملیار و 533 ملیۆن) دینار ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کراوە.

3. بڕی (81 ترلیۆن و 611 ملیار و 422 ملیۆن) دینار لە پشکی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە.

## سێیەم؛ داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە چوارچێوەی ئابوری سەربەخۆ

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئابوری سەربەخۆ لە ماوەی ساڵی (2014) تا کۆتایی ساڵی (2021) زیاتر لە (1 ملیار و 100 ملیۆن) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕا بەرمیلێکی نەوتی بە بڕی (54) دۆلار فرۆشتووە، بەکۆی گشتی و بەبێ هیچ خەرجی و تێچونێک بەهای ئەو بڕە نەوتەی فرۆشتویەتی زیاتر بوو لە (55 ملیار دۆلار) بەرامبەر بە زیاتر لە (68) ترلیۆن دینار (بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی ژمارە (2)

فرۆشی نەوتی هەرێم (2014– 2021)

| ساڵ | بەرمیل | نرخی نەوت | داهات بە دۆلار | نرخی دینار | داهات بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|
| **2014** | 33,538,311 | 82 | 2,750,141,502 | 1,166 | **3,206,664,991,332** |
| **2015** | 133,139,398 | 44 | 5,858,133,512 | 1,166 | **6,830,583,674,992** |
| **2016** | 183,642,057 | 38 | 6,978,398,166 | 1,180 | **8,234,509,835,880** |
| **2017** | 180,028,303 | 48 | 8,641,358,544 | 1,182 | **10,214,085,799,008** |
| **2018** | 132,395,714 | 65 | 8,605,721,410 | 1,182 | **10,171,962,706,620** |
| **2019** | 132,302,891 | 60 | 7,938,173,460 | 1,182 | **9,382,921,029,720** |
| **2020** | 157,599,661 | 28 | 4,412,790,508 | 1,182 | **5,215,918,380,456** |
| **2021** | 151,211,000 | 70 | 10,584,770,000 | 1,450 | **15,347,916,500,000** |
| **کۆ/ تێکڕا** | 1,103,857,335 | (54.4) | 55,769,487,102 | (1.211) | **68,604,562,918,008** |

بەڵام بەپێی وتەی (کەمال ئەتروشی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان) کە ڕۆژی (28ی حوزەیرانی 2021) کۆبونەوەی هاوبەشی پەرلەمانی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند؛ (58%)ی داهاتی نەوت دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت، بە جۆرێک (20%)ی داهات تێچووی دەرهێنانی نەوتە (14%) شایستەی کۆمپانیاکانە و (6%)ی کرێی گواستنەوەیە. ئەوەی دەمێنێتەوە قەرەبووی قەرزەکانە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام نەوتی هەرێم بە (10) دۆلار کەمتر لە بازاڕەکانی جیهان دەفرۆشرێت، بۆیە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت و هەرزانتر فرۆشتنی. ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە لە (8) ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی فرۆشتنی (1 ملیار و 103 ملیۆن و 211 هەزار) بەرمیل نەوتەوە دەکاتە (25 ملیار و 485 ملیۆن 858 هەزار و 150)

دۆلار، کە بەهای (1) دۆلار بە تێکڕا لەماوەی (8) ساڵی ڕابردوو بریتییە لە (1 هەزار و 211) دیناری عێراقی. ئەوا ئەو بڕە بەرامبەرە (30 ترلیۆن و 863 ملیار و 374 ملیۆن و 220 هەزار و 231) دینار وەک داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان، بڕوانە (بڕوانە خشتەی ژمارە (3))

خشتەی ژمارە (3)

فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم (2014–2021)

پاش لێدەرکردنی خەرجییەکان و هەرزانتر فرۆشتنی

| نەوتی فرۆشراوی هەرێم | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم پاش هەزانتر فرۆشتنی بە (10) دۆلار | داهاتی نەوتی هەرێم/ دۆلار | لێدەرکردنی بڕی(58%)ی خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت | داهاتی ماوە بە دۆلار | داهاتی ماوە بە دینار<br>نرخی (1) دۆلار بە تێکڕا بریتی بووە لە (1.211) دینار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1,103,857,335 | 44.4 | 49,011,265,674 | 28,426,534,091 | 25,485,858,150 | **30,863,374,220,231** |

## چوارەم؛ دەرەنجامی فرۆشی سەربەخۆی نەوت

ئەگەر بەراوردی ئەو داهاتە بکەین کە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دەستی کەوتووە، لە بودجەی گشتی عێراق لە دەستی داوە، ئەوا؛

1. حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی (2014)ەوە بە بڕی (81 ترلیۆن و 611 ملیار و 422 ملیۆن دینار بودجەی لە پشکی هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بڕی (1 ملیار و 103 ملیۆن و 857 هەزار 335) بەرمیل نەوت لە ماوەی (8) ساڵدا هەناردە بکات و بڕی (30 ترلیۆن و 863 ملیار 374 ملیۆن و 220 هەزار 231) دینار _دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان و هەرزانتر فرۆشتنی_ بۆ بمێنێتەوە.

3. ئەو جیاوازییەی لە بەراوردی فرۆشی سەربەخۆی نەوت و بودجەی گشتی عێراق دەکەویتەوە؛ بریتییە لە (50 ترلیۆن و 748 ملیار و 47 ملیۆن 779 هەزار و 769) دینار.

## پێنجەم: کەڵەکەبونی قەرزە گشتییەکان

بەهۆی کورتهێنانە بەردەوامەکان و بەتایبەتیش بەهۆی قەیرانەکانی ساڵانی (2014–2017 و 2020) هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، کە بەشی زۆری قەرزی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و بەدوای ئەویشدا پابەندییە داراییەکان و قەرزی دەرەکی و قەرزی بانکی (تی بی ئای) و قەرزی ناوخۆین و بڕەکەی زیاترە لە (31 ملیار) دۆلاری ئەمریکی (بڕوانە چارتی ژمارە (2)) بەشێکی گەورەی قەرزەکانیش دەگەڕێنەوە پێش کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بڕوانە چارتی ژمارە (3)). هاوکات (خشتەی ژمارە (4)) دەربڕی قەبارەی قەرزە گشتیە کەڵەکە بووەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە درێژایی ساڵانی (2012 – 2021).

چارتی ژمارە (2)



**چارتی ژمارە (3)**



**خشتەی (4)**

**قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر حکومەتی هەرێم (2012–2021) بە دۆلاری ئەمریکی**

| ساڵ | بڕی قەرزە کەڵەکە بووەکان | بڕی گەشە | ڕێژەی گەشە |
|---|---|---|---|
| **2012** | 1,000,000,000 | ––– | ––– |
| **2013** | 2,800,000,000 | 1,800,000,000 | 180.0% |
| **2014** | 8,600,000,000 | 5,800,000,000 | 207.1% |
| **2015** | 17,000,000,000 | 8,400,000,000 | 97.7% |
| **2020** | 28,476,000,000 | 11,476,000,000 | 67.5% |
| **تا مانگی ئازاری 2021** | 31,637,000,000 | 31,61,000,000 | 11.1% |
| **2021 – 2012** | 28,837,000,000 | 3,605,000,000 | 70.4% |
| **2021 – 2014** | 31,637,000,000 | 3,164,000,000 | 63.4% |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/7) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9631

## سەرچاوەکان


1. **کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و تیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە** 2021/6/28.
2. **م.جهانگیر سدیق ئەحمەد، چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان، پاساو و بەربەستەکان لە** (2019 – 2005)**، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، مجلة الدراسات السياسية و الأمنية – المجلد (الرابع) العدد (الثامن) كانون الاول ٢٠٢١؛**
https://www.centerfs.org/files/2021/12/3-Vol.4-No.8k-81-112-3.pdf
3. **ماڵپەڕی درەو میدیا، زیانەکانی ئابوری سەربەخۆ بەپێی داتاو ژمارەکانی حکومەت؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5813
4. **ماڵپەڕی درەو میدیا، فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم لە** 2021 **دا؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9584
5. **ماڵپەڕی درەو میدیا، لە ئابوری سەربەخۆوە بۆ ئابوری سەربەخۆیان؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8611
6. **قانون الموازنة العامة الاتحادية للسنة المالية**2021.
7. **ابتسام عبداللطيف محمد، مستحقات اقليم كوردستان وكميات ومبالغ تصدير النفط خارج اطار شركة (سومو) ومدى تاثيرها على الموازنة الاتحادية للمدة** (2005–2019)**، دائرة البحوث والدراسات النيابية مكتب بحوث الموازنة.**
8. Deloitte, Kurdistan Regional Government of Iraq, Oil production, export, consumption and revenue for the year ended 31 December 2020, 20 June 2021.

## بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ فرۆشی ساڵی (2021) بە نمونە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی سەربەخۆوە بۆ فرۆشتنی هەر بەرمیلێک نەوت بە تێکڕا تەنها بڕی (25) دۆلاری بۆ ماوەتەوەو بە کۆی گشتی کردوویەتیە (3 ملیار و 870 ملیۆن 24 هەزار و 521) دۆلار.

لە کاتێکدا هەمان ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەناردەی کردووە لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)ەوە هەناردەی کردبا نزیکەی سێ هێندە داهاتی دەست دەکەوت بە جۆرێک داهاتەکەی بریتی دەبوو لە (10 ملیار و 324 ملیۆن 712 هەزار و 520) دۆلاری ئەمریکی.

## یەکەم: جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پێش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

بەپێی زانیاری و بەدواداچوونەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا (151 ملیۆن و 211 هەزار) بەرمیل نەوتی بە بۆری نەوتی کوردستان و لەڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە هەنارده کردووە، تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ساڵەکەدا بریتی بووە لە (71) دۆلاری ئەمریکی، بەڵام حکومەتی هەرێم نەوتەکەی لە بازاڕدا (10 – 12) دۆلار کەمتر دەفرۆشێت، بۆیە ئەو نرخانەی لە (خشتەی ژمارە (1)) دانراوە بە هەر بەرمیلێکی فرۆشراوی کوردستان بە تێکڕا (10) دۆلار کەمتر دانراوە لە نرخی نەوتی برێنت و حکومەتی هەرێم لە ساڵەکەدا تێکڕای بەرمیلێک نەوتی بە (61.01) دۆلار فرۆشتووە.

بۆیە دەبینین کۆی ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکەدا هەناردەی کردووە بەبێ هیچ خەرجیەک دەکاتە (9 ملیارو 214 ملیۆن و 343 هەزار و 860) دۆلاری ئەمریکی.

**بەڵام ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی کردووە، لە ساڵی (2021)دا لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندی و کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)ەوە هەناردە بکرایە جیاوازییەکەی چەند دەبوو؟**

**بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆمپانیای سۆمۆ لە ساڵی (2021)دا بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (68.8) دۆلار فرۆشتووە، واتە؛ ئەو بڕە نەوتەی حکومەتی هەرێم بەشێوەی سەربەخۆ فرۆشتویەتی، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بەبازاڕی بخستایە، بەهاکەی بریتی دەبوو لە (10 ملیارو 324 ملیۆن و 712 هەزار و 520) دۆلاری ئەمریکی، بەم پێیەش داهاتی نەوتی هەرێم بڕی (1 ملیارو 110 ملیۆن و 368 هەزار و 660) دۆلاری ئەمریکی بە هەرزانتر فرۆشراوە لە ساڵی (2021)دا. بۆ وردەکاری تەواوی مانگەکانی ساڵی (2021) و جیاوازی داهات لە نێوان هەردوو ڕێگاکە بڕوانە (خشتەی ژمارە (1)).**

## خشتەی ژمارە (1)

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای نرخی نەوت بۆڕی نەوتی کوردستان/ (1)بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ / (1)بەرمیل | جیاوازی نرخ/ بەرمیل | کۆی داهات/ بە بۆڕی کوردستان | کۆی داهات/ بە ڕێگەی سۆمۆ | جیاوازی داهات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 21–Jan | 12,800,000 | $44.77 | $53.59 | $8.82 – | $573,056,000 | $685,952,000 | $112,896,000 – |
| 21–Feb | 12,540,000 | $52.28 | $60.49 | $8.21 – | $655,591,200 | $758,544,600 | $102,943,400 – |
| 21–Mar | 11,981,000 | $55.41 | $63.37 | $7.96 – | $663,867,210 | $759,235,970 | $95,368,760 – |
| 21–Apr | 14,000,000 | $58.81 | $62.78 | $3.97 – | $823,340,000 | $878,920,000 | $55,580,000 – |
| 21–May | 13,000,000 | $58.53 | $65.84 | $7.31 – | $760,890,000 | $855,920,000 | $95,030,000 – |
| 21–Jun | 12,370,000 | $63.16 | $70.80 | $7.64 – | $781,289,200 | $875,796,000 | $94,506,800 – |
| 21–Jul | 13,175,000 | $65.17 | $71.58 | $6.41 – | $858,614,750 | $943,066,500 | $84,451,750 – |
| 21–Aug | 11,050,000 | $60.75 | $69.24 | $8.49 – | $671,287,500 | $765,102,000 | $93,814,500 – |
| 21–Sep | 13,900,000 | $64.49 | $73.33 | $8.84 – | $896,411,000 | $1,019,287,000 | $122,876,000 – |
| 21–Oct | 11,825,000 | $73.54 | $79.27 | $5.73 – | $869,610,500 | $937,367,750 | $67,557,250 – |
| 21–Nov | 12,170,000 | $71.05 | $77.51 | $6.46 – | $864,678,500 | $943,296,700 | $78,618,200 – |
| 21–Dec | 12,400,000 | $64.17 | $72.76 | $8.59 – | $795,708,000 | $902,224,000 | $106,516,000 – |
| ئەنجام | 151,211,000 | $61.01 | $68.38 | $7.37 – | $9,214,343,860 | $10,324,712,520 | $1,110,368,660 – |

## دووەم: جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پاش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

بەپێی وتەی هەر یەک لە وەزیری سامانە سروشتییەکان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (58%)ی داهاتی نەوت دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت، بە جۆرێک (20%)ی داهات تێچووی دەرهێنانی نەوتە (14%) شایستەی کۆمپانیاکانە و (6%)ی کرێی گواستنەوەیە. ئەوەی دەمێنێتەوە قەرەبووی قەرزەکانە.

بۆیە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت و هەرزانتر فرۆشتنی. ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە لە فرۆشتنی (151 ملیۆن و 211 هەزار) بەرمیل نەوت لە ساڵی (2021)دا دەکاتە (3 ملیار و 870 ملیۆن 24 هەزار و 521) دۆلار، واتە بە تێکڕا لە ماوەی ساڵەکەدا هەر بەرمیلێک نەوت تەنها (25.62) دۆلار ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەمە لە کاتێکدایە لەسەر بنەمای هەمان گریمانەی پێشوو ئەگەر ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی کردووە، کۆمپانیا بەبازاڕ کردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) هەناردەی بکردایە، بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک بەتێکڕا لە ساڵی (2021) دا حکومەتی هەرێم بڕی (42.76) دۆلاری بۆ دەمایەوەو بە کۆی گشتی دەیکردە (6 ملیارو 454 ملیۆن و 688 هەزار و 640) دۆلاری ئەمریکی.

بەمانایەکی دیکە حکومەتی هەرێم لە بری (3 ملیار و 870 ملیۆن 24 هەزار و 521) دۆلار، نزیکەی سێ هێندەی ئەو بڕەی دەستدەکەوت کە بڕەکەی بریتی دەبوو لە (10 ملیار و 324 ملیۆن 712 هەزار و 520) دۆلاری لە فرۆشی نەوتی هەرێمەوە دەستدەکەوت. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (2))

## خشتەی ژمارە (2)

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای نرخی نەوت بۆری نەوتی کوردستان/ بەرمیل | پاش لێدەرکردنی (58%)ی خەرجی نەوت / بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ / بەرمیل | جیاوازی نرخ/ بەرمیل | کۆی داهات بە دۆلار/ بە بۆری کوردستان/ دوای لێدەرکردنی خەرجی | کۆی داهات بە دۆلار/ بە ڕێگەی سۆمۆ | جیاوازی داهات دوای لێدەرکردنی خەرجی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 21–Jan | 12,800,000 | $44.77 | $18.80 | $53.59 | $54.79 – | $240,683,520 | $685,952,000 | $445,268,480 – |
| 21–Feb | 12,540,000 | $52.28 | $21.96 | $60.49 | $38.53 – | $275,348,304 | $758,544,600 | $483,196,296 – |
| 21–Mar | 11,981,000 | $55.41 | $23.27 | $63.37 | $40.10 – | $278,824,228 | $759,235,970 | $480,411,742 – |
| 21–Apr | 14,000,000 | $58.81 | $24.70 | $62.78 | $38.08 – | $345,802,800 | $878,920,000 | $533,117,200 – |
| 21–May | 13,000,000 | $58.53 | $24.58 | $65.84 | $41.26 – | $319,573,800 | $855,920,000 | $536,346,200 – |
| 21–Jun | 12,370,000 | $63.16 | $26.53 | $70.80 | $44.27 – | $328,141,464 | $875,796,000 | $547,654,536 – |
| 21–Jul | 13,175,000 | $65.17 | $27.37 | $71.58 | $44.21 – | $360,618,195 | $943,066,500 | $582,448,305 – |
| 21–Aug | 11,050,000 | $60.75 | $25.52 | $69.24 | $43.73 – | $281,940,750 | $765,102,000 | $483,161,250 – |
| 21–Sep | 13,900,000 | $64.49 | $27.09 | $73.33 | $46.24 – | $376,492,620 | $1,019,287,000 | $642,794,380 – |
| 21–Oct | 11,825,000 | $73.54 | $30.89 | $79.27 | $48.38 – | $365,236,410 | $937,367,750 | $572,131,340 – |
| 21–Nov | 12,170,000 | $71.05 | $29.84 | $77.51 | $47.67 – | $363,164,970 | $943,296,700 | $580,131,730 – |
| 21–Dec | 12,400,000 | $64.17 | $26.95 | $72.76 | $45.81 – | $334,197,360 | $902,224,000 | $568,026,640 – |
| ئەنجام | 151,211,000 | $61.01 | $25.62 | $68.38 | $42.76 – | $3,870,024,421 | $10,324,712,520 | $6,454,688,099 – |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/3/15) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9873

## ڕاپۆرتی پەیوەندیدار

- **لە (2021)دا داهاتی نەوتی عێراق ( 75 ملیار) دۆلار و هەرێم (4 ملیار) دۆلار بووە**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9857

- **فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێم لە 2021 دا**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9584

## (دیلۆیت) کێیە و چۆن و بۆچی هاتە هەرێمی کودستان
## دیوی ناوەوەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت... پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021)دا

حکومەتی هەرێم بەردەوامە لە هەڕاجکردنی نەوتی هەرێم و بەپێی داتاکانی دیلۆیت نەوتی هەرێم بەردەوام (11 – 12) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دەفرۆشرێت.

سەربارەی ئەوەی بەردەوام پرۆسەی نەوتی هەرێم خەرجی و تێچووەکانی گەورەترە لەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت کۆی نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا بە هەردوو شێوەی (بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ) بەهاکەی زیاتر بووە لە (9 ملیار) دۆلاری ئەمریکی، لەو بڕەش (5 ملیار) دۆلاری بە ڕێژەی (56%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە، تەنها نزیکەی (4 ملیار) دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

### (دیلۆیت) کێیە و چۆن و بۆچی هاتە هەرێمی کودستان؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، کۆمپانیای (دیلۆیت تۆش تۆهامتسۆی سنوردار)، کە ناسراوە بە (دیلۆیت)، یەکێکە لەو "چوار گەورە" کۆمپانیایەی بواری ژمێریاری و وردبینی کە گەورەترین تۆڕی خزمەتگوزاری جیهانیین، لە بواری ئەژمارکردنی داهات و ژمارەی کەسانی پسپۆڕەوە. لەگەڵ زیاتر لە (244 هەزار و 400) ئەندامی پسپۆڕ لەو کۆمپانیایانەی کە خزمەتگوزاری لە بواری وردبینی و باج و ڕاوێژکاری و ڕاوێژکاری دارایی و ڕاوێژکاری پەیوەندیدار بە کاری سەرکێشی و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان لە زیاتر لە (150) وڵات و ناوچەی جیاجیا پێشکەش دەکەن، (دیلۆیت) کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراوە لە سەرتاسەری جیهان و وەک پێوەر و خاوەن بڕیار لە بواری کارەکەیدا پشتی پێ دەبەسترێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بە بڕیاری (ژمارە 73) لە 3ی شوباتی 2016 دەرچووە، کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بواری وردبینی ڕاسپارد بۆ پێداچوونەوە بە سێکتەری نەوت و غاز لە هەرێم و ئاشکراکردنی ئەنجامەکەی لە پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە شەفافیەت و خواستی حکومەت بۆ پتەوکردنی متمانەی خەڵک بە سێکتەری نەوت و غاز، هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ بەرەوپێشبردن و چاکسازیی لە سامانی گشتی سەرچاوەی گرتووە. جگە لەوەش جێبەجێکردنی بڕگەی (شەشەم)ە لە ماددەی (15) لە یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007 کە تایبەتە بە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، کە دەخوازێت پێداچوونەوە بکرێت بە داهاتەکانی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان و بخرێتە بەردەم ڕای گشتی، لە هەمان کاتدا سندوقی داهاتی نەوت و غاز بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێ بکات بە پێی پرەنسیپ و پێوانەی دەستپێشخەریی نێودەوڵەتی بۆ شەفافیەت لە بواری پیشەسازییە دەرهاتووەکان (EITI) کە لە بەندی 4 – 9ی دەستپێشخەرییەکەدا هاتووە:

- پێویست دەکات خەرجی و داهاتەکان لەلایەن دامەزراوەیەکی متمانەپێکراوی سەربەخۆوە بەراورد بکرێن کە پێوەرەکانی وردبینی نێودەوڵەتی پیادە دەکات، و ڕای ئەو دامەزراوەیەش بڵاوبکرێتەوە سەبارەت بە بەراوردکردنەکە بە دەرخستنی دەرئەنجامەکان.
- پێویستە بەراوردکردن ئەنجام بدرێت لە نێوان شایستەی خەرجکراو بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان لەگەڵ داهاتی بەدەستهاتوو، بۆ حکومەت لەلایەن دامەزراوەیەکی سەربەخۆ کە پێوەرە پیشەییە نێودەوڵەتییەکان پیادە دەکات.

سەرەڕای ئەوەش، ماددەی 7 لە یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە 2ی ساڵی 2015 تایبەت بە سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و غازییەکان ئەوە دەخاتە ڕوو کە پێویستە سەرجەم داتاکانی تایبەت بە ژمێرە و چالاکییەکانی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و غازییەکان ئاشکرا بکرێن و لەلایەن کۆمپانیای ژمێریاریی جیهانیی لێهاتوو و متمانەپێکراو پێداچوونەوەیان پێدابکرێت و ئەژمێرەکانیان وردبینی بکرێنەوە، هەروەها پێویستە چالاکی و ڕاپۆرتی کۆمپانیاکانی ژمێریاریی جیهانی بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران.

سەرەڕای ئەوەش، لە بڕگەی (4)ی ماددەی (7)ی ئاماژەپێدراوی سەرەوەدا هاتووە کە پێویستە ستاندەردی ژمێریاریی پەیڕەوکراوی جیهانی جێبەجێ بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی شەفافیەت و درکاندن لە پرۆسە داراییەکاندا.

حکومەتی هەرێم کۆمپانیای (دیلۆیت)ی هەڵبژارد لەسەر بنەمای تەندەرین بە کەمرتین نرخ و بە پێی بڕیاری ژمارە (73)ی ئەنجومەنی وەزیران کە لە بەرواری 2016/2/3 دەرچووە و تیایدا داوا کرابوو پێداچوونەوەیەکی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت لەلایەن "هەر چوار گەورە کۆمپانیاکە"؛ (دیلۆیت، PwC، EY وKPMG) کە پێشنیارە هونەری و داراییەکانیان پێشکەش بکەن، ئەمەش لەسەر بنەمای پێوەرە نێودەوڵەتییە وردەکانی بانکی نێودەوڵەتی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی ڕوون و بە پێی پێوەرە سەرەکییەکانی کارکردن کۆمپانیایەک بۆ ئەو پڕۆژەیە دەستنیشان بکرێت.

## ئامارەکانی دیلۆیت بۆ ساڵی (2021)

ڕۆژی (2021/3/31) کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتەکانی خۆی بۆ تەواوی ساڵی (2021) بڵاو کردەوە، ئەمە لە کاتێکیدا سێ مانگی ساڵی (2022) تێپەڕیوە.

ئەمە لە کاتێکدایە وەزارەتی نەوتی عێراق مانگانە دوو جار بەشێوەی ڕاپۆرتی (سەرەتایی و کۆتایی) فرۆش و داهاتی مانگانەی نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە ڕادەگەیەنێت، واتە لەو ماوەیەی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای دیلۆیت هیچ زانیارییەکی فەرمی ئەوتۆیان لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمەوە بڵاو نەکردبوەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق لە (تەموزی 2021 – شوباتی 2022) (16) ڕاپۆرتیان لەبارەی هەناردەو داهاتی نەوتەوە بڵاوکردووەتەوە.

## داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بۆ ساڵی (2021)

بەپێی ئەو ئامارو وردبینیانەی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا بڵاوی کردووتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ساڵەکەدا بڕی (152 ملیۆن و 1 هەزار و 154) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، بە تێکڕا بەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (59) دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (9 ملیار و 37 ملیۆن و 887 هەزار و 22) دۆلاری ئەمریکی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

خشتەی ژمارە (1)

بڕو داهاتی نەوتی هەرێم بۆ ساڵی 2021

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2021/3/31 – 2021/1/1 | 37,444,522 | 48.961 | 1,833,324,620 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | 2021/6/30 – 2021/4/1 | 39,425,366 | 57.706 | 2,275,079,490 |
| 3 | 2021/9/30 – 2021/7/1 | 38,075,291 | 62.868 | 2,393,733,513 |
| 4 | 2021/12/31 – 2021/10/1 | 37,055,975 | 68.430 | 2,535,749,399 |
| کۆ | | 152,001,154 | تێکڕا 59.491 | 9,037,887,022 |

ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەردەوام پرۆسەی نەوتی هەرێم خەرجی و تێچووەکانی گەورە ترە لەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت کۆی نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا بە هەردوو شێوەی (بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ) بەهاکەی بریتی بووە لە (9 ملیارو 107 ملیۆن و 309 هەزار و 205) دۆلاری ئەمریکی، لەو بڕەش (5 ملیار و 161 ملیۆن و 172 هەزار و 554) دۆلاری بە ڕێژەی (56%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە، تەنها بڕی (3 ملیار و 964 ملیۆن و 814 هەزار و 502) دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی ژمارە (2)

داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2021

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | کۆی داهاتی نەوتی خاوی فرۆشراو (بۆری + ناوخۆ) | داهاتی ماوە بۆ حکومەت | ڕێژەی داهاتی ماوە | خەرجی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی پرۆسەی نەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2021/3/31 – 2021/1/1 | $1,840,713,527 | $842,750,668 | 46% | $997,962,859 | 54% |
| 2 | 2021/6/30 – 2021/4/1 | $2,286,368,434 | $894,430,406 | 39% | $1,391,938,028 | 61% |
| 3 | 2021/9/30 – 2021/7/1 | $2,429,762,073 | $1,133,267,918 | 47% | $1,296,494,155 | 53% |
| 4 | – 2021/10/1 2021/12/31 | $2,569,143,022 | $1,094,365,510 | 43% | $1,474,777,512 | 57% |
| کۆ | | $9,107,309,205 | $3,964,814,502 | 44% | $5,161,172,554 | 56% |

## کرێی بۆری نەوتی هەرێم بۆ ساڵی (2021)

بەپێی وردبینیەکانی کۆمپانیای دیلۆت، کرێی بۆری و گواستنەوەی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، یەکێکە لەو خەرجییە گەورانەی سەرنجی چاودێرانی بوارەکەی ڕاکێشاوە، چونکە بە تێکڕا لە تەواوی ساڵەکەدا نزیکەی (10%)ی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ کرێی گواستنەوە بە بۆری خەرج کراوە، گواستنەوەی هەر بەرملێک نزیکەی (6) دۆلار تێچوونەکەی بووە (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)).

بەجۆرێک ئەو (152 ملیۆن و 1 هەزار و 154) بەرمیل نەوتەی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی کردووە، کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (9 ملیار و 37 ملیۆن و 887 هەزار و 22) دۆلاری ئەمریکی بڕی (870 ملیۆن و 174 هەزار و 286) دۆلاری دراوە بە خاوەن پشکەکانی بۆری نەوتی کوردستان (بڕوانە خشتەی ژمارە (4)) کە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا هەردوو کۆمپانیای (کار و ڕۆژنەفت)ن لە خاکی تورکیاشدا خاوەندارێتییەکەی بۆ (کۆمپانیای وزەی تورکی) دەگەڕێتەوە.

سەرنج ڕاکێشتر لەوە خەرجکردنی داهاتی زۆرتر بۆ (بۆری نەوتی کوردستان) لە سنوری هەرێمی کوردستان زۆر گەورەترە لەو خەرجییەی کە لە سنوری تورکیادا دەکرێت، لە کاتێکدا نزیکەی (75%) بۆرییەکە لە سنوری تورکیادایە.

خشتەی ژمارە (3)

نەوتی فرۆشراو و کرێی بۆری (2021)

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی 2021 | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | کرێی گواستنەوەی بۆری بە دۆلار | کرێی گواستنەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2021/3/31 – 2021/1/1 | 37,444,522 | 215,480,909 | 5.8 | |
| 2 | 2021/6/30 – 2021/4/1 | 39,425,366 | 238,932,863 | 6.1 | |
| 3 | 2021/9/30 – 2021/7/1 | 38,075,291 | 218,606,905 | 5.7 | |
| 4 | 2021/12/31 – 2021/10/1 | 37,055,975 | 197,153,609 | 5.3 | |
| کۆ | | 152,001,154 | 870,174,286 | تێکرا | 5.7 |

خشتەی ژمارە (4)

فرۆش و داهات و کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021)

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران بەرمیل | | تێکڕای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار | کۆی کرێی بۆری گواستنەوە بە دۆلار | | ڕێژەی کرێ گواستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2021/3/31 – 2021/1/1 | 37,444,522 | | 48.961 | 1,833,324,620 | 215,480,909 | | 11.8% |
| 2 | 2021/6/30 – 2021/4/1 | 39,425,366 | | 57.706 | 2,275,079,490 | 238,932,863 | | 10.5% |
| 3 | 2021/9/30 – 2021/7/1 | 38,075,291 | | 62.868 | 513,733,3932, | 218,606,905 | | 9.13% |
| 4 | 2021/12/31 – 2021/10/1 | 37,055,975 | | 68.430 | 399,749,5352, | 197,153,609 | | 7.77% |
| کۆ | | 152,001,154 | تێکرا | 59.491 | 022,887,0379, | 870,174,286 | تێکرا | 9.79% |

## هەڕاجکردنی نەوتی هەرێم

**به گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت هەرزان فرۆشتن و هەڕاجکردنی نەوتی هەرێم بەردەوامە و بەپێی داتاکان نەوتی هەرێم بەردەوام (10 – 12) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دەفرۆشرێت. (خشتەی ژمارە (5)) ئەو ڕاستییە زۆرتر ڕووندەکاتەوە.**

**خشتەی ژمارە (5)**

**هەرزان فرۆشکردنی نەوتی هەرێم بەراورد بە بازاڕەکانی جیهان**

| ساڵی 2021 | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان (بۆ هەر سێ مانگێک) | تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم | جیاوازی نرخی نەوتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| 21–Jan | $54.77 | $60.82 | $48.96 | –$11.86 |
| 21–Feb | $62.28 | | | |
| 21–Mar | $65.41 | | | |
| 21–Apr | $64.81 | $68.83 | $57.70 | –$11.13 |
| 21–May | $68.53 | | | |
| 21–Jun | $73.16 | | | |
| 21–Jul | $75.17 | $73.47 | $62.86 | –$10.61 |
| 21–Aug | $70.75 | | | |
| 21–Sep | $74.49 | | | |
| 21–Oct | $83.54 | $79.59 | $68.43 | –$11.16 |
| 21–Nov | $81.05 | | | |
| 21–Dec | $74.17 | | | |
| تێکڕا | $70.68 | $70.68 | $59.49 | –$11.19 |

## نەوتی هەرێم و پاڵاوگەکانی ناوخۆ

پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (4) پاڵاوگەی فەرمییە، پێکەوە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاویان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی سوتەمەنی و وزە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی پێویستیان بۆ دابین ناکات.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو دەدات بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و لە بەرامبەردا حکومەت بڕێک پارە دەدات بە پاڵاوگەکان بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆ، بەڵام بڕەکە زۆر لەوە کەمترە کە پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ بکاتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە (6)) کە بڕی ئەو نەوتە خاوە نیشان دەدات کە پاڵاوگەکان لە ماوەی ساڵی (2021) پێیان دراوە، کە بۆ تەواوی ساڵەکە (8 ملیۆن و 357 هەزار و 27) بەرمیل نەوتی خاو بووە. واتە بە جۆرێک ئەو ماوەیە کە دەکاتە (365) ڕۆژ و ئەگەر ئەو بڕە نەوتە دابەشی ڕۆژەکان بکەین دەکاتە (22 هەزار و 896) بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە.

خشتەی ژمارە (6)

ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بۆ پاڵاوتن 2021

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن |
|---|---|---|
| 1 | 2021/1/1 – 2021/3/31 | 1,783,160 |
| 2 | 2021/4/1 – 2021/6/30 | 1,866,179 |
| 3 | 2021/7/1 – 2021/9/30 | 2,351,751 |
| 4 | 2021/10/1 – 2021/12/31 | 2,355,937 |
| کۆ | | 8,357,027 |

جگە لەوەی پاڵاوگەکان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپاڵێون (وەک لە خاڵی پێشتر ئاماژەی پێکراوە)، ڕۆژانە بڕێکیش نەوتیان پێ دەفرۆشێت، بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی (2021) دا بڕی(1 ملیۆن 581 هەزار و 979) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای نرخی (57) دۆلار بە پاڵاوگەکان فرۆشتووە، کە بۆ هەر ڕۆژێک (4 هەزار و 334) بەرمیل بووە. کۆی داهاتەکەی دەکاتە (88 ملیۆن و 100 هەزار و 34) دۆلار بووە، بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (7))

خشتەی ژمارە (7)

شیکاری پاڵاوگەو فرۆشتنەکانی ناوخۆ (2021)

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیل | | کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2021/3/31 – 2021/1/1 | 124,238 | $59.47 | | $7,388,907 |
| 2 | 2021/6/30 – 2021/4/1 | 175,842 | $64.19 | | $11,288,944 |
| 3 | 2021/9/30 – 2021/7/1 | 722,812 | $49.84 | | $36,028,560 |
| 4 | 2021/12/31 – 2021/10/1 | 559,087 | $55.74 | | $33,393,623 |
| | کۆ | 1,581,979 | تێکڕا | $57.31 | $88,100,034 |

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/4/2) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9981


سەرچاوەکان

- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢١ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی نیسانی ٢٠٢١ تاکو ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تەمموزی ٢٠٢١ تاکو٣٠ ئەیلوولی ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ تاکو٣١ کانونی یەکەمی ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- Average monthly Brent crude oil price from February 2020 to February 2022
https://www.statista.com/statistics/262861/uk-brent-crude-oil-monthly-price-development/

## نەوتی هەرێم لە سێ ئازاری (2020 – 2021 – 2022) دا
## هەناردەکردنی نەوت (25%) کەمیکردووەو داهاتەکەی (80%) زیادیکردووە

داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە نێوان مانگەکانی ئازاری (2020 – 2021 و 2022) بە ڕێژەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بەجۆرێک حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئازاری ساڵی (2020) دوای لێدەکردنی خەرجییەکان تەنها نزیکەی (164 ملیار) دیناری بۆ ماوەتەوە.

بەڵام لە ئازاری ساڵی (2021)دا بڕەکە گەیشتووە بە (416 ملیار) دینار و لە مانگی ئازاری (2022) بەراورد بە ئازاری (2020) بە ڕێژەی (80%) ئەو داهاتەی تەنها لە فرۆشی نەوتەوە لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە زیادیکردووە و (831 ملیار) دیناری تێپەڕاندووە.

### ئازاری 2020

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئازاری (2020) بڕی (15 ملیۆن) بەرمیل نەوتی هەناردەی وڵاتانی (یۆنان، ئیتالیا، کرواتیا، کۆریای باشور، میسر و ئیمارات) کردووە. کە نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕی جیهانیدا لە مانگی ئازاری ساڵی (2020) بەتێکڕا (32.01) دۆلار بووە.

ئەگەر حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا نەوتەکەی بە (10) دۆلار کەمتریش فرۆشتبێت، ئەوا تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (22.01) دۆلار، بەم پێیەش ئەو بڕە نەوتەی هەرێم بەهاکەی بریتی بووە لە (330 ملیۆن و 150 هەزار) دۆلار.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت و زانیارییە بڵاوکراوەکانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا (58%)ی داهاتی گشتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەکە ڕۆشتووە، بەو پێیەش ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە لە مانگی ئازاری ساڵی (2020) تەنها (138 ملیۆن و 663 هەزار) دۆلاری ئەمریکی بووە.

ئەوەی جێ ئاماژە پێدانە لە مانگی ئازاری ساڵی (2020) نرخی (1) دۆلاری ئەمریکی لە بانکی ناوەندی عێراق (1180) دیناری عێراقی بووە، بۆیە ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە (163 ملیار و 622 ملیۆن و 340هەزار) دیناری عێراقی بووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

## ئازاری 2021

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئازاری (2021) بڕی (12 ملیۆن) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بەم پێیەش بڕی (3 ملیۆن) بەرمیل لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کەمیکردووە بەراورد بە هەمان مانگی ساڵێک پێشتر، ئەو بڕە نەوتەشی فرۆشتووە بە کەشتی وڵاتانی (یۆنان، ئیتاليا، کرواتیا، رۆمانیا، ئیسپانیا و ئیسرائیل).

نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕی جیهانیدا لە مانگی ئازاری ساڵی (2021) بەتێکڕا (65.41) دۆلار بووە، واتە نزیکەی دوو هێندەی ساڵێک پێشتر بەرزبوونەوەی بەخۆوە دیوە.

ئەگەر حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا نەوتەکەی بە (11) دۆلار کەمتریش فرۆشتیبێت، وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ ساڵی (2021) ئاماژەی بۆ کراوە، ئەوا تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (54.41) دۆلار، بەم پێیەش ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەناردەی کردووە بەهاکەی بریتی بووە لە (652 ملیۆن و 920 هەزار) دۆلار.

بەپێی دواین ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021)دا (56%)ی داهاتی گشتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەکە ڕۆشتووە، بەو پێیەش ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە لە مانگی ئازاری ساڵی (2021) بڕی (287 ملیۆن و 284 هەزار و 800) دۆلاری ئەمریکی بووە.

ئەوەی جێ ئاماژە پێدانە لەمانگی ئازاری ساڵی (2021) نرخی (1) دۆلاری ئەمریکی لە بانکی ناوەندی عێراق (1450) دیناری عێراقی بووە، بۆیە ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە (416 ملیار و 562 ملیۆن و 960 هەزار) دیناری عێراقی بووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

## ئازاری 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئازاری (2022) نزیکەی بڕی (12 ملیۆن 220 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، ئەو بڕە نەوتەشی فرۆشتووە بە کەشتی وڵاتانی (یۆنان، ئیتاليا، کرواتیا و ئیسرائیل).

نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕی جیهانیدا لە مانگی ئازاری ساڵی (2022) بەتێکڕا (117.70) دۆلار بووە، واتە نزیکەی دوو هێندەی ساڵێک پێشتر و سێ هێندەی ئازاری ساڵی (2020) بەرزبوونەوەی بەخۆوە دیوە.

ئەگەر حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا نەوتەکەی بە (11) دۆلار کەمتریش فرۆشتبێت، وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت ئاماژەی بۆ کراوە ئەوا تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (106.41) دۆلار، بەم پێیەش ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەناردەی کردووە بەهاکەی بریتی بووە لە (1 ملیار و 303 ملیۆن و 874 هەزار) دۆلار.

بەپێی دواین ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021)دا (56%)ی داهاتی گشتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەکە ڕۆشتووەو دەکرێت ئە بۆ ساڵی (2022)ش درێژ بکرێتەوە، بەو پێیەش ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە لە مانگی ئازاری ساڵی (2022) بڕی (573 ملیۆن و 704 هەزار و 560) دۆلاری ئەمریکی بووە.

ئەوەی جێ ئاماژە پێدانە لەمانگی ئازاری ساڵی (2022) نرخی (1) دۆلاری ئەمریکی لە بانکی ناوەندی عێراق (1450) دیناری عێراقی بووە، بۆیە ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتی بووە لە (831 ملیار و 871 ملیۆن و 612 هەزار) دیناری عێراقی بووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)).

## بەراوردکاری نەوتی هەرێم لە نێوان مانگی ئازاری ساڵەکانی (2020 – 2021 – 2022)

**یەکەم: بڕی نەوتی هەناردەکراو**

- حکومەتی هەرێم لە ئازاری (2020) بڕی (15 ملیۆن) بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە، بەڵام لە ئازاری (2021) نزیک لە هاوشێوەی ئازاری (2022) بڕی (12 ملیۆن) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، واتە هەناردەکردن بەڕێژەی (25%) و (3 ملیۆن) بەرمیل نەوت هەناردەکراو کەمیکردووە.
-

**دووەم: داهاتی نەوت**

- لە ئازاری (2020) تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بە (22.01) دۆلار بووە، حکومەت بە بەهای (330 ملیۆن و 150 هەزار) دۆلار نەوتی فرۆشتووە، بڕی (138 ملیۆن و 663

**هەزار) دۆلار داهاتی بۆ ماوەتەوە، کە بەهاکەی بەرامبەر بە دیناری عێراقی بریتی بووە لە (163 ملیار و 622 ملیۆن و 340هەزار) دینار.**

- **لە ئازاری (2021) تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بە (54.41) دۆلار فرۆشراوە، حکومەت بە بەهای (652 ملیۆن و 920 هەزار) دۆلار نەوتی فرۆشتووە. دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بڕی (287 ملیۆن و 284 هەزار و 800) دۆلار داهاتی بۆ ماوەتەوە، ئەم بڕەش بەراورد بە مانگی ئازاری (2020) نزیکەی دوو هێندەیە و بڕی (148 ملیۆن و 621 هەزار و 800) دۆلاری زیاترە، کە دەکاتە (52%).**

**بەڵام بەدینار داهاتەکە گەورەتر دەبێت، چونکە لە ئازاری ساڵی (2020) بەهای یەک دۆلار بەرامبەر بە (1180) دیناری عێراقی بووە، بەڵام لە مانگی ئازاری ساڵی (2021) بەهای یەک دۆلار بەرامبەر بە (1450) دیناری عێراقی بووە.**

- **لە ئازاری (2022) تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم بە (106.70) دۆلار فرۆشراوە، حکومەت بە بەهای (1 ملیار و 303 ملیۆن و 874 هەزار) دۆلار نەوتی فرۆشتووە. دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بڕی (573 ملیۆن و 704 هەزار و 560) دۆلار داهاتی بۆ ماوەتەوە، ئەم بڕەش بەراورد بە مانگی ئازاری (2020) نزیکەی چوار هێندەیە و بڕی (435 ملیۆن و 41 هەزار و 560) دۆلاری زیاترە، کە دەکاتە (76%).**

**بەڵام ژمارەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت ئەگەر داهاتی مانگی ئازاری ساڵی (2022) بەراورد بکەین بە داهاتی مانگی ئازاری ساڵی (2021)، چونکە ئەو بڕە داهاتەی حکومەت لە داهاتی نەوت بۆی ماوەتەوە لە ساڵی (2022) دوو هێندەی داهاتی مانگی ئازاری ساڵی (2021)ە، واتە (286 ملیۆن و 419 هەزار و 760) دۆلاری زیاترە بە ڕێژەی (50%). بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (4)).**

خشتەی ژمارە (1)

داهاتی نەوتی هەرێم لە ئازاری ساڵی 2020

| مانگی ساڵ | بڕی نەوتی فرۆشراو | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | داهاتی نەوتی هەرێم پاش لێدەکردنی (58%)ی خەرجی | نرخی (1) دۆلاری ئەمریکی | داهات دوای خەرجی بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ئازاری 2020** | 15,000,000 | $32.01 | $22.01 | $330,150,000 | $138,663,000 | 1,180 | 163,622,340,000 |

خشتەی ژمارە (2)

داهاتی نەوتی هەرێم لە ئازاری ساڵی 2021

| مانگی ساڵ | بڕی نەوتی فرۆشراو | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | داهاتی نەوتی هەرێم پاش لێدەکردنی (56%)ی خەرجی | نرخی (1) دۆلاری ئەمریکی | داهاتی دوای خەرجی بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ئازاری 2021** | 12,000,000 | 65.41$ | $54.41 | $652,920,000 | $287,284,800 | 1,450 | 416,562,960,000 |

**خشتەی ژمارە (3)**

**داهاتی نەوتی هەرێم لە ئازاری ساڵی 2022**

| مانگی ساڵ | بڕی نەوتی فرۆشراو | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | داهاتی نەوتی هەرێم پاش لێدەکردنی (56%)ی خەرجی | نرخی (1) دۆلاری ئەمریکی | داهاتی دوای خەرجی بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ئازاری 2022** | 12,220,000 | 117.70$ | $106.70 | $1,303,874,000 | $573,704,560 | 1,450 | 831,871,612,000 |


**خشتەی ژمارە (4)**

**داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی ئازاری ساڵەکانی (2020 – 2021 – 2022)**


| مانگی ساڵ | بڕی نەوتی فرۆشراو | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | داهاتی نەوتی هەرێم پاش لێدەکردنی خەرجی | نرخی (1) دۆلاری ئەمریکی | داهاتی دوای خەرجی بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ئازاری 2020** | 15,000,000 | $32.01 | $22.01 | $330,150,000 | $138,663,000 | 1,180 | 163,622,340,000 |
| **ئازاری 2021** | 12,000,000 | $65.41 | $54.41 | $652,920,000 | $287,284,800 | 1,450 | 416,562,960,000 |
| **ئازاری 2022** | 12,220,000 | $117.70 | $106.70 | $1,303,874,000 | $573,704,560 | 1,450 | 831,871,612,000 |

## بەراوردکاری نەوتی هەرێم لە نێوان مانگی ئازاری ساڵەکانی (2020 – 2021 – 2022) بە گرافیک


**چارتی (1)**





**چارتی (2)**



**چارتی (3)**




**چارتی (4)**




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/4/7) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10020

## هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022
## حکومەتی هەرێم بە بەهای (3.2) ملیار دۆلار، بڕی (36.4) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە

لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە بڕی (36.4) ملیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە بە کەشتی (6) وڵاتی جیاواز فرۆشتووە.

بەهاکەی دوای فرۆشتنی هەر بەرمیلێک بە کەمتر لە (11) دۆلار لە نرخی جیهانی، زیاتر بووە لە (3.2) ملیار دۆلار، بە ڕێژەی (56%) و بڕی (1.8) ملیار دۆلاری چووە بۆ خەرجی، بڕی (1.4) ملیار دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم.

### یەکەم: هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی (2022) تا کۆتایی مانگی ئازاری هەمان ساڵ بری (36 ملیۆن و 460 هەراز) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەرەی جەیهانی تورکییە بە بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەکردووە، واتە تێکڕای ڕۆژانەی نەوتی هەناردەکراو بریتی بووە لە (405 هەزار 177) بەرمیل، (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (1)) بەجۆرێک؛

لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (2022) ڕۆژانە بڕی (414 هەزار و 839) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە بە کۆی مانگەکە (12 ملیۆن و 860 هەزار) بەرمیل بووە.

مانگی شوباتی هەمان ساڵ (11 ملیۆن 400 هەزار) بەرمیل نەوت هەناردە کراوە بە تێکڕای ڕۆژانەی (407 هەزار و 143) بەرمیل نەوت، لە کاتێکدا مانگی شوبات (28) ڕۆژ بووە.


هاوکات لە مانگی ئازاری ساڵی (2022) حکومەتی هەرێم بڕی (12 ملیۆن و 200 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕای (393 هەزار و 548) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

## خشتەی ژمارە (1)

**ئامارەکانی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022 (بە بۆری)**

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکرای هەناردەی بەرمیل/رۆژانە | تێکرای نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان | تێکرای نرخی نەوت هەرێم (11-) | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%56) | کۆی دهاتی ماوەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%44) | کۆی داهاتی ماوە بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم 2022 | 12,860,000 | 414,839 | $86.51 | $75.51 | $971,058,600 | $543,792,816 | $427,265,784 | 619,535,386,800 |
| شوباتی 2022 | 11,400,000 | 407,143 | $97.13 | $86.13 | $981,882,000 | $549,853,920 | $432,028,080 | 626,440,716,000 |
| ئازاری 2022 | 12,200,000 | 393,548 | $117.70 | $106.70 | $1,301,740,000 | $728,974,400 | $572,765,600 | 830,510,120,000 |
| ئەنجام | **36,460,000** | **405,177** | **$100.45** | **$89.45** | **$3,254,680,600** | **$1,822,621,136** | **$1,432,059,464** | **2,076,486,222,800** |

## چارتی ژمارە (1)




## دووەم؛ نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهاندا

ساڵ ساڵی بەرزبووەنەوەی نرخی نەوت بوو لە بازاڕەکانی جیهاندا، لەو کاتەوە هەرێمی کوردستان دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کردووە، بازاڕی نەوت نرخی لەو جۆرەی بەخۆوە نەبینیوە، بەجۆرێک، لە مانگی ئازاری ساڵی (2022) تێکڕای نرخی نەوتی برێنت بە زیاتر لە (117) دۆلار تۆمار کراوە. بە تێکڕای سێ مانگەکەش هەر بەرمیلێک نەوت بە زیاتر لە (100) دۆلار بووە.


بەڵام بەپێی زانیاری ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021) دا بە تێکڕای ساڵەکە حکومەتی هەرێم بەردەوام بە (11 – 12) دۆلار کەمتر نەوتەکەی خۆی ساغ کردووەتەوە. بۆیە؛

لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (2022) کە تێکڕای نرخی نەوت بە (86.51) دۆلار تۆمار کراوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بە (11) دۆلاری کەمتر هەر بەرمیلە نەوتێکی فرۆشتبێت ئەوا بۆ هەر بەرمیلێک بڕی (75.51) دۆلاری بۆ ماوەتەوە.

بەڵام لە مانگی شوباتی هەمان ساڵ تێکڕای نرخی نەوت بەرزبوونەوەی تۆمار کردووە و گەیشتوو بە (97.13) دۆلار، بۆیە بە هەمان پێوەر حکومەتی هەرێم نەوتەکەی بە (86.13) دۆلار فرۆشتووە.

لە کاتێکدا لە مانگی ئازاردا بەرزبوونەوەی بەرچاو تۆمارکراوە و نرخی نەوت بە تێکڕا گەیشتووە بە (117.7) دۆلار، بۆیە دەکرێت بڵێین حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلە نەوتێکی بە زیاتر لە (106) دۆلار فرۆشتووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (2)).

**چارتی ژمارە (2)**



## سێیەم: داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022

### 1. کۆی گشتی داهاتی نەوتی هەرێم

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) بڕی (36 هەزار 460) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕا هەر بەرمیلە نەوتێکی بە نزیکەی (90) دۆلار فرۆشتووە، لە کاتێکدا تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت زیاتر لە (100) دۆلار بووە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بە بۆری بەدەستهاتووە بریتی بووە لە (3 ملیار و 254 ملیۆن و 680 هەزار و 600) دۆلار. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3)) بە جۆرێک؛

لە مانگی کانونی دووەم کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار) دۆلار.

لە مانگی شوبات کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 822 هەزار) دۆلار.

لە مانگی ئازاردا زۆرترین داهات بە دەستهاتووە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە، بەراورد بە مانگ و تەنانەت ساڵەکانی پێشتریش، کە بریتی بووە لە (ملیارێک و 301 ملیۆن و 740 هەزار) دۆلاری ئەمریکی.

### 2. خەرجی نەوتی هەرێم

بەپێی دواین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا، (56%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەکە دەڕوات، بۆیە و کۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) لە پرۆسەی نەوتدا بە خەرج دراوە، بریتی بووە لە (ملیارێک و 822 ملیۆن و 621 هەزار و 136) دۆلاری ئەمریکی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3))، بە جۆرێک؛

لە مانگی کانونی دووەم کە کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار) دۆلار، بڕی (543 ملیۆن و 792 هەزار و 816) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).

لە مانگی شوبات کە کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 822 هەزار) دۆلار، بڕی (549 ملیۆن و 853 هەزار و 920) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).

لە مانگی ئازاردا کە کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 301 ملیۆن و 740 هەزار) دۆلار، بڕی (728 ملیۆن و 974 هەزار و 400) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).

### 3. داهاتی ماوەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم


بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت (44%)ی داهاتی نەوت لە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەکە بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) لە پرۆسەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە کەمترە لە کۆی خەرجییەکانی پرۆسەکە و بریتییە لە (ملیارێک و 432 ملیۆن و 59 هەزار و 464) دۆلاری ئەمریکی، بەرامبەر بە (2 ترلیۆن و 76 ملیار و 486 ملیۆن و 222 هەزار و 800) دیناری عێراقی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3 + 4))، بە جۆرێک؛

لە مانگی کانونی دووەم کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (427 ملیۆن و 265 هەزار و 784) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (619 ملیار و 535 ملیۆن و 386 هەزار و 800) دیناری عێراقی.


لە مانگی شوبات کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 822 هەزار) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (432 ملیۆن و 28 هەزار و 80) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (626 ملیار و 440 ملیۆن و 716 هەزار) دیناری عێراقی.

لە مانگی ئازار کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 301 ملیۆن و 740) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (572 ملیۆن و 765 هەزار و 600) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (830 ملیار و 510 ملیۆن و 120 هەزار) دیناری عێراقی.

## چارتی ژماره (3)




## چارتی ژماره (4)



## چوارەم: کڕیارانی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2022


نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) لە لایەن کەشتی (6) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، بە جۆرێک کەشتییە ئیتاڵییەکان بە ڕێژەی (37%) زۆرترین بڕی نەوتی هەرێمیان لە بەندەری جەیهانی تورکییەوە بارکردووە. بە دوای ئەویشدا کەشتی یۆنانییەکان بە (27%) نەوتی هەرێمیان بارکردووە و پاشان کەشتییە ئیسرائیکییەکان (15%) و کرواتییەکان (7%) و ئیسپانییەکان (4%) و ڕۆمانییەکان بە ڕێژەی (2%) نەوتەکەیان بارکردووە، بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (5)).

**خشتەی ژمارە (2)**

**کڕیارانی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022**

| کەشتی وڵات | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئیسرائیل | 2665000 | 647000 | 2270000 | 5582000 | 15% |
| یۆنان | 5281000 | 4071000 | 553000 | 9905000 | 27% |
| ئیتالیا | 3553000 | 4463000 | 5502000 | 13518000 | 37% |
| ڕۆمانیا | 650000 | 0 | 0 | 650000 | 2% |
| کرواتیا | 714000 | 665000 | 1320000 | 2699000 | 7% |
| ئیسپانیا | 0 | 1558000 | 0 | 1558000 | 4% |
| نادیار | 0 | 0 | 2548000 | 2548000 | 7% |
| **کۆ** | **12863000** | **11404000** | **12193000** | **36460000** | **100%** |

**چارتی ژمارە (5)**




## تێبینی

**ئەم راپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/4/16) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10080

## سەرچاوەکان


- **راپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021)، ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**
- **ئەنوەر کەریم؛ کۆی داهاتی مانگی رابردوی هەرێم ( 976) ملیار دینار بووە، درەو میدیا؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9598
- **رێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، نەوتی بارکراوی هەرێم، کانونی دووەمی 2022؛**
http://www.roonbeen.org
- **درەو میدیا؛ داهاتی مانگی شوباتی نەوتی هەرێم؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9851
- **ئەنوەر کەریم؛ مانگی رابردوو هەرێم بەرمیلێک نەوتی بە (85) دۆلار فرۆشتووە، درەو میدیا؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9791
- **رێکخراوی ڕوونبیین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، نەوتی بارکراوی هەرێم، شوباتی 2022؛**
http://www.roonbeen.org
- **ئەنوەر کەریم؛ داهاتی مانگی ئازاری نەوتی هەرێم (ملیارێک و 291 ملیۆن) دۆلاربووە، درەو میدیا؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9979

## پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق... زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی سەربەخۆ لە چارەکی یەکەمی 2022

> به هەموو پێوەرەکان هەناردەکردنی نەوتی سەربەخۆ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان, زیانی گەورەی دارایی گەیاندووە بە جۆرێک؛
>
> کۆی ئەو داهاتەی حکومەتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا لە ڕێگەی فرۆشی نەوتەوە دەستی کەوتووە نزیکەی (1.5 ملیار) دۆلار بووە. لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی بە شێوەی سەربەخۆ هەناردەی کردووە لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە بەبازاڕ بخرایە داهاتەکەی زیاتر لە (3.5 ملیار) دۆلار دەبوو.
>
> ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بەهۆی سیاسەتی نەوتەوە، پشکی هەرێم لە بودجە ڕانەگیرایە، بەپێی یاسا زیاتر لە (3.5 ملیار) دۆلار بەشی هەرێم دەبوو تەنها لە "داهاتی نەوتی عێراق"دا لە ماوەی ناوبراو.
>
> زیاتر لەوەش ئەگەر نەوتی هەرێم و عێراق پێکەوە لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە بکرایە، ئەوا پشکی هەرێم لە سێ مانگی ڕابردوودا تەنها لە فرۆشی نەوتەوە زیاتر لە (4 ملیار) دۆلار دەبوو.

## یەکەم؛ داهاتی نەوتی عێراق و پشکی هەرێم بەپێی یاسای بودجەی گشتی عێراق

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی نەوت، حکومەتی عێراق لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) بڕی (292 ملیۆن و 640 هەزار و 250) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 253 هەزار و 570) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ"وە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، هەر بەپێی زانیارییەکان بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (96.26) دۆلار فرۆشتووە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق لە سێ مانگی یەکەمی ساڵدا بریتی بووە لە (28 ملیار و 196 ملیۆن و 897 هەزار و 810) دۆلار.

بە پێی یاسای ژمارە (23)ی ساڵی (2021) یاسای بودجەی گشتی عێراق، ماددەی (11) پشکی هەرێمی کوردستان بە (12.67%)ی بودجەی گشتی عێراق دیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی یاساکە

"تەنها لە داهاتی نەوتی عێراق" لەم ماوەی ئەم سێ مانگەدا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبێت لە (3 ملیار و 572 ملیۆن و 546 هەزار و 953) دۆلار.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەو ماوەیەدا بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (1 ملیار و 432 ملیۆن و 59 هەزار و 464) دۆلار، واتە بڕی (2 ملیار و 140 ملیۆن و 487 هەزار و 489) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) ئەنجام) واتە هەر سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022) بەم شێوەیە بووە؛

1. داهاتی نەوتی عێراق و پشکی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی 2022

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی نەوت، حکومەتی عێراق لە مانگی کانونی دووەمی (2022) بڕی (99 ملیۆن و 286 هەزار و 78) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 202 هەزار و 777) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی "سۆمۆ"وە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، بەپێی زانیارییەکان بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (83.82) دۆلار فرۆشتووە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق لە مانگی کانونی دووەمی (2022)دا بریتی بووە لە (8 ملیار و 322 ملیۆن و 679 هەزار) دۆلار.

بە پێی یاسای بودجەی گشتی عێراق، پشکی هەرێمی کوردستان بە (12.67%)ی بودجەی گشتی عێراق دیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی یاساکە "تەنها لە داهاتی نەوتی عێراق" لە مانگی کانونی دووەمدا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبێت لە (1 ملیار و 54 ملیۆن و 483 هەزار و 429) دۆلار.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەمانگی یەکی ئەمساڵ بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (427 ملیۆن و 265 هەزار و 784) دۆلار، واتە بڕی (627 ملیۆن و 217 هەزار و 645) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) کانونی دووەمی 2022).

2. داهاتی نەوتی عێراق و پشکی هەرێم لە مانگی شوباتی 2022

حکومەتی عێراق لە مانگی شوباتی (2022) بڕی (92 ملیۆن و 790 هەزار و 173) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 313 هەزار و 935) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی "سۆمۆ"وە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، لە مانگی ناوبراودا بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (94.93) دۆلار

فرۆشتووە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق لە مانگی شوباتی (2022)دا بریتی بووە لە (8 ملیار و 809 ملیۆن و 162 هەزار) دۆلار.

پشکی هەرێمی کوردستان بە (12.67%)ی بودجەی گشتی عێراق دیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی یاساکە "تەنها لە داهاتی نەوتی عێراق" لە مانگی شوباتدا بریتی دەبێت لە (1 ملیار و 116 ملیۆن و 120 هەزار و 825) دۆلار.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەمانگی دووی ئەمساڵ بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (432 ملیۆن و 28 هەزار و 80) دۆلار، واتە بڕی (684 ملیۆن و 92 هەزار و 745) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) شوباتی 2022).

### 3. داهاتی نەوتی عێراق و پشکی هەرێم لە مانگی ئازاری 2022

حکومەتی عێراق لە مانگی ئازاری (2022) بڕی (100 ملیۆن و 563 هەزار و 999) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 244 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی "سۆمۆ"وە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، لە مانگی ناوبراودا بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (110.03) دۆلار فرۆشتووە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق لە مانگی ئازاری (2022)دا بریتی بووە لە (11 ملیار و 65 ملیۆن و 56 هەزار و 810) دۆلار.

بەپێی یاسای بودجەی گشتی عێراق "تەنها لە داهاتی نەوت " لە مانگی ئازاردا پشکی هەرێم بریتی دەبێت لە (1 ملیار و 401 ملیۆن و 942 هەزار و 698) دۆلار.

بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لە مانگی ئازاری ئەمساڵ بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (572 ملیۆن و 765 هەزار و 600) دۆلار، واتە بڕی (829 ملیۆن و 177 هەزار و 98) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) ئازاری 2022).

## خشتەی ژمارە (1)

## داهاتی نەوتی عێراق و پشکی هەرێم

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی بەرمیل/رۆژانە | تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ڕێگەی سۆمۆ / (1)بەرمیل | کۆی داهاتی نەوتی عێراق لە ڕێگەی سۆمۆ | پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق بە پێی یاسا بودجە (12.67%) | کۆی داهاتی (ماوە)ی فرۆشی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (44%) بە سەربەخۆ | زیانە داراییەکانی هەرێم لە لێکەوتەی یاسای بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| *Jan–22* | 99,286,078 | 3,202,777 | $83.82 | $8,322,679,000 | $1,054,483,429 | $427,265,784 | –$627,217,645 |
| *Feb–22* | 92,790,173 | 3,313,935 | $94.93 | $8,809,162,000 | $1,116,120,825 | $432,028,080 | –$684,092,745 |
| *Mar–22* | 100,563,999 | 3,244,000 | $110.03 | $11,065,056,810 | $1,401,942,698 | $572,765,600 | –$829,177,098 |
| ئەنجام | 292,640,250 | 3,253,570 | $96.26 | $28,196,897,810 | $3,572,546,953 | $1,432,059,464 | –$2,140,487,489 |

## دووەم؛ جیاوازی داهاتی نەوتی هەرێم لەنێوان فرۆشتنی سەربەخۆ و کۆمپانیای "سۆمۆ"دا

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022)دا بڕی (26 ملیۆن و 460 هەزار) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (405 هەزار و 177) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا کردووە، بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021) دا هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتی بە زیاتر لە (11) دۆلار کەمتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان، بۆیە بە تێکڕا سێ مانگەکە بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (89.45) دۆلار فرۆشراوە، کە نزیکەی (7) دۆلاری کەمترە لە نرخی نەوتی عێراق، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی ساڵدا بریتی بووە لە (3 ملیار و 254 ملیۆن و 680 هەزار و 600) دۆلار، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت و دانپێدانانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم (56%)ی داهاتی نەوتی هەرێم دەڕوات بۆ خەرجی پرۆسەکە کە دەکاتە بڕی (1 ملیار و 822 ملیۆن و 621 هەزار و 126) دۆلار و بڕی (44%) دەمێنێتەوە بۆ حکومەت کە لە ماوەی ناوبراودا بریتیە لە (1 ملیار و 432 ملیۆن و 59 هەزار و 464) دۆلار.

لە کاتێکدا ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەرناردەی کردووە، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بە نرخی نەوتی عێراقی بفرۆشرایە کە هەر بەرمیلێکی دراوە بە (96.26) دۆلار، ئەوا کۆی بەهاکەی بریتی دەبوو لە (3 ملیار و 502 ملیۆن و 493 هەزار و 200) دۆلار.

واتە ئەگەر نەوتی هەرێم لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە ڕێگەی سۆموە هەناردە بکرایە ئەوا بڕی (2 ملیار و 70 ملیۆن و 433 هەزار و 736) دۆلاری زیاتر دەبوو لەو بڕەی ئێستا حکومەتی هەرێم بۆی ماوەتەوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) ئەنجام)، بەشێوەیەکی وردتر بڵێین هەر سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022) بەم شێوەیە بووە؛

### 1. جیاوازی داهاتی نەوتی هەرێم لەنێوان فرۆشتنی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆدا لە مانگی کانونی دووەمی 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (2022)دا بڕی (12 ملیۆن و 860 هەزار) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (414 هەزار و 839) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا کردووە، بەرمیلێک نەوتی بە کەمتر لە (11) دۆلار فرۆشتووە بەراورد بە نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان، بۆیە بە تێکڕا مانگەکە بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (75.51) دۆلار فرۆشراوە، کە زیاتر لە (8) دۆلاری کەمترە لە نرخی نەوتی عێراق، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە مانگی یەکی ئەمساڵدا

بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار و 600) دۆلار، بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت (%56)ی داهاتی نەوتی هەرێم دەڕوات بۆ خەرجی پرۆسەکە کە دەکاتە بڕی (543 ملیۆن و 792 هەزار و 816) دۆلار و بڕی (%44) دەمێنێتەوە بۆ حکومەت کە لە ماوەی ناوبراودا بریتیە لە (427 ملیۆن و 265 هەزار و 784) دۆلار.

لە کاتێکدا ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەرناردەی کردووە، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بە نرخی نەوتی عێراقی بفرۆشرایە کە هەر بەرمیلێکی دراوە بە (83.82) دۆلار، ئەوا کۆی بەهاکەی بریتی دەبوو لە (1 ملیار و 77 ملیۆن و 925 هەزار و 200) دۆلار.

واتە ئەگەر نەوتی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا لە ڕێگەی سۆموە هەناردە بکرایە ئەوا بڕی (650 ملیۆن و 659 هەزار و 416) دۆلاری زیاتر دەبوو لەو بڕەی ئێستا حکومەتی هەرێم بۆی ماوەتەوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) مانگی کانونی دووەمی 2022).

### 2. جیاوازی داهاتی نەوتی هەرێم لەنێوان فرۆشتنی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆدا لە مانگی شوباتی 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی شوباتی ساڵی (2022)دا بڕی (11 ملیۆن و 400 هەزار) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (407 هەزار و 143) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جیهانی تورکی کردووە، بەرمیلێک نەوتی بە کەمتر لە (11) دۆلار فرۆشتووە بەراورد بە نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان، بۆیە بە تێکڕا مانگەکە بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (86.13) دۆلار فرۆشراوە، کە زیاتر لە (8) دۆلاری کەمترە لە نرخی نەوتی عێراق، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 882 هەزار) دۆلار، بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت (%56)ی داهاتی نەوتی هەرێم دەڕوات بۆ خەرجی پرۆسەکە کە دەکاتە بڕی (549 ملیۆن و 583 هەزار و 920) دۆلار و بڕی (%44) دەمێنێتەوە بۆ حکومەت کە لە ماوەی ناوبراودا بریتیە لە (432 ملیۆن و 28 هەزار و 80) دۆلار.

لە کاتێکدا ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەرناردەی کردووە، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بە نرخی نەوتی عێراقی بفرۆشرایە کە هەر بەرمیلێکی دراوە بە (94.93) دۆلار، ئەوا کۆی بەهاکەی بریتی دەبوو لە (1 ملیار و 82 ملیۆن و 202 هەزار) دۆلار.

واتە ئەگەر نەوتی هەرێم لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا لە ڕێگەی سۆموە هەناردە بکرایە ئەوا بڕی (650 ملیۆن و 173 هەزار و 920) دۆلاری زیاتر دەبوو لەو بڕەی ئێستا حکومەتی هەرێم بۆی ماوەتەوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) مانگی شوباتی 2022).

### 3. جیاوازی داهاتی نەوتی هەرێم لەنێوان فرۆشتنی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆدا لە مانگی ئازاری 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئازاری ساڵی (2022)دا بڕی (12 ملیۆن و 460 هەزار) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (393 هەزار و 548) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا کردووە، بەرمیلێک نەوتی بە کەمتر لە (11) دۆلار فرۆشتووە بەراورد بە نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان، بۆیە بە تێکڕا مانگەکە بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (106.7) دۆلار فرۆشراوە، کە نزیکەی (4) دۆلاری کەمترە لە نرخی نەوتی عێراق، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا بریتی بووە لە (1 ملیار و 301 ملیۆن و 740 هەزار) دۆلار، بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت (56%)ی داهاتی نەوتی هەرێم دەڕوات بۆ خەرجی پرۆسەکە کە دەکاتە بڕی (728 ملیۆن و 974 هەزار و 400) دۆلار و بڕی (44%) دەمێنێتەوە بۆ حکومەت کە لە ماوەی ناوبراودا بریتیە لە (572 ملیۆن و 765 هەزار و 600) دۆلار.

لە کاتێکدا ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەرناردەی کردووە، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بە نرخی نەوتی عێراقی بفرۆشرایە کە هەر بەرمیلێکی دراوە بە (110.03) دۆلار، ئەوا کۆی بەهاکەی بریتی دەبوو لە (1 ملیار و 342 ملیۆن و 366 هەزار) دۆلار.

واتە ئەگەر نەوتی هەرێم لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا لە ڕێگەی سۆموە هەناردە بکرایە ئەوا بڕی (769 ملیۆن و 600 هەزار و 400) دۆلاری زیاتر دەبوو لەو بڕەی ئێستا حکومەتی هەرێم بۆی ماوەتەوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) مانگی ئازاری 2022).

## خشتەی ژمارە (2)

## جیاوازی داهاتی نەوتی هەرێم لەنێوان فرۆشتنی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆدا

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی بەرمیل/رۆژانە | تێکڕای نرخی نەوت هەرێم (–11 $) بەراورد بە نرخی جیهانی | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ/ (1)بەرمیل | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری کوردستانەوە | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (56%) بە سەربەخۆ | کۆی داهاتی (ماوە)ی فرۆشی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (44%) بە سەربەخۆ | جیاوازی نێوان داهاتی نەوت لە نێوان فرۆشی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Jan–22 | 12,860,000 | 414,839 | $75.51 | $83.82 | $971,058,600 | $1,077,925,200 | $543,792,816 | $427,265,784 | –$650,659,416 |
| Feb–22 | 11,400,000 | 407,143 | $86.13 | $94.93 | $981,882,000 | $1,082,202,000 | $549,853,920 | $432,028,080 | –$650,173,920 |
| Mar–22 | 12,200,000 | 393,548 | $106.70 | $110.03 | $1,301,740,000 | $1,342,366,000 | $728,974,400 | $572,765,600 | –$769,600,400 |
| ئەنجام | 36,460,000 | 405,177 | $89.45 | $96.26 | $3,254,680,600 | $3,502,493,200 | $1,822,621,136 | $1,432,059,464 | –$2,070,433,736 |

## سێیەم؛ نەوتی هەرێم و عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە و پشکی هەرێم تێیدا

لە تەوەری یەکەمی باسەکەدا تیشکمان خستە سەر پشکی هەرێم لە فرۆشی نەوتی عێراقدا بەپێی یاسای بودجەی گشتی، بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەو برە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەکات، بۆیە ئەگەر نەوتی هەرێم و نەوتی عێراق پێکەوە لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە هەناردە بکرێت، ئەوا بێگومان ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەرز دەبێتەوە، بۆیە داهاتەکەشی زیاد دەکات، بە هەمان پێوەری پشکی هەرێمیش بەپێی یاسای بودجە لە داهاتی نەوت زیاد دەکات ئەویش بە جۆرێک؛

لە چارەکی یەکەمی (2022)دا هەرێم و عێراق پێکەوە برِی (329 ملیۆن و 100 هەزار و 250) بەرمیل نەوتی بەتێکرِای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 658 هەزار و 747) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە هەناردە بکردایە، هەر بەپێی زانیارییەکان بەرمیلێک نەوت لەو ماوەیەدا بە تێکرِای (96.26) دۆلار فرۆشراوە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق و هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی ساڵدا بریتی دەبوو لە (31 ملیار و 698 ملیۆن و 280 هەزار و 191) دۆلار.

بە پێی یاسای ژمارە (23)ی ساڵی (2021) یاسای بودجەی گشتی عێراق، ماددەی (11) پشکی هەرێمی کوردستان بە (12.67%)ی بودجەی گشتی عێراق دیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی یاساکە "تەنها لە داهاتی نەوت"دا لەم ماوەی ئەم سێ مانگەدا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبوو لە (4 ملیار و 16 ملیۆن و 172 هەزار و 100) دۆلار.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەو ماوەیەدا بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە برِی (1 ملیار و 432 ملیۆن و 59 هەزار و 464) دۆلار، واتە برِی (2 ملیار و 584 ملیۆن و 112 هەزار و 636) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3) ئەنجام) بە جۆرێک؛

### 1. نەوتی هەرێم و عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە و پشکی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی 2022

لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا هەرێم و عێراق پێکەوە برِی (112 ملیۆن و 146 هەزار و 78) بەرمیل نەوتی بەتێکرِای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 617 هەزار و 615) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە هەناردە بکردایە، کە بەرمیلێک نەوت لەو ماوەیەدا بە تێکرِای (83.82)

دۆلار فرۆشراوە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق و هەرێم لە مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا بریتی دەبوو لە (9 ملیار و 400 ملیۆن و 84 هەزار و 258) دۆلار.

بە پێی یاسای ژمارە (23)ی ساڵی (2021) یاسای بودجەی گشتی عێراق، ماددەی (11) پشکی هەرێمی کوردستان بە (12.67%)ی بودجەی گشتی عێراق دیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی یاساکە "تەنها لە داهاتی نەوت"دا لەم ماوەی مانگی کانونی دووەمدا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبوو لە (1 ملیار و 190 ملیۆن و 990 هەزار و 675) دۆلار.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەو ماوەیەدا بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (427 ملیۆن و 265 هەزار و 784) دۆلار، واتە بڕی (763 ملیۆن و 724 هەزار و 981) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3) کانونی دووەم).

## 2. نەوتی هەرێم و عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە و پشکی هەرێم لە مانگی شوباتی 2022

لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا هەرێم و عێراق پێکەوە بڕی (104 ملیۆن و 190 هەزار و 173) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 721 هەزار و 78) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە هەناردە بکردایە، کە بەرمیلێک نەوت لەو ماوەیەدا بە تێکڕای (94.93) دۆلار فرۆشراوە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق و هەرێم لە مانگی دووی ئەم ساڵدا بریتی دەبوو لە (9 ملیار و 890 ملیۆن و 773 هەزار و 123) دۆلار.

بە پێی یاسای بودجەی گشتی عێراق، "تەنها لە داهاتی نەوت"دا لەم ماوەی مانگی شوباتدا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبوو لە (1 ملیار و 253 ملیۆن و 160 هەزار و 955) دۆلار.

لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەو ماوەیەدا بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (432 ملیۆن و 28 هەزار و 80) دۆلار، واتە بڕی (821 ملیۆن و 132 هەزار و 875) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3) شوبات).

### 3. نەوتی هەرێم و عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە و پشکی هەرێم لە مانگی ئازاری 2022

لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا هەرێم و عێراق پێکەوە بڕی (112 ملیۆن و 763 هەزار و 999) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 637 هەزار و 548) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە هەناردە بکردایە، کە بەرمیلێک نەوت لەو ماوەیەدا بە تێکڕای (110.03) دۆلار فرۆشراوە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق و هەرێم لە مانگی سێی ئەم ساڵدا بریتی دەبوو لە (12 ملیار و 407 ملیۆن و 422 هەزار و 810) دۆلار.

بە پێی یاسای بودجەی گشتی عێراق، "تەنها لە داهاتی نەوت"دا لەم ماوەی مانگی ئازاردا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبوو لە (1 ملیار و 572 ملیۆن و 20 هەزار و 470) دۆلار.

لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەو ماوەیەدا بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (572 ملیۆن و 765 هەزار و 600) دۆلار، واتە بڕی (999 ملیۆن و 254 هەزار و 870) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3) مانگی ئازار).

## خشتەی ژمارە (3)

### نەوتی هەرێم و عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە و پشکی هەرێم

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بەرمیل/مانگانە | کۆی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بەرمیل/مانگانە | کۆی نەوتی هەناردەکراوی عێراق و هەرێم بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی نەوتی عێراق و هەرێم بەرمیل/ڕۆژانە | تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ڕێگەی سۆمۆ / (1)بەرمیل | کۆی داهاتی نەوتی عێراق و هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە | پشکی هەرێم بە پێی یاسا بودجە (%12.67) | کۆی داهاتی(ماوە)ی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (44%) لە ڕێگەی بۆری کوردستان | زیانە داراییەکانی هەرێم لە لێکەوتەی یاسای بودجەی عێراق |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Jan–22 | 99,286,078 | 12,860,000 | 112,146,078 | 3,617,615 | $83.82 | $9,400,084,258 | $1,190,990,675 | $427,265,784 | –$763,724,891 |
| Feb–22 | 92,790,173 | 11,400,000 | 104,190,173 | 3,721,078 | $94.93 | $9,890,773,123 | $1,253,160,955 | $432,028,080 | –$821,132,875 |
| Mar–22 | 100,563,999 | 12,200,000 | 112,763,999 | 3,637,548 | $110.03 | $12,407,422,810 | $1,572,020,470 | $572,765,600 | –$999,254,870 |
| ئەنجام | 292,640,250 | 36,460,000 | 329,100,250 | 3,658,747 | $96.26 | $31,698,280,191 | $4,016,172,100 | $1,432,059,464 | –$2,584,112,636 |

## چوارەم؛ زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی سەربەخۆ لە چارەکی یەکەمی 2022

**بە هەموو پێوەرەکان هەناردەکردنی نەوتی سەربەخۆ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان زیانی گەورەی دارایی بە هەرێم گەیاندووە هەر یەک لە (خشتەی ژمارە (4) چارتی ژمارە (1)) بە ئاشکرا ئەو زیانە داراییانەی ڕوونکردووەتەوە. بە جۆرێک؛**

**کۆی ئەو داهاتەی حکومەتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دەستی کەوتووە بریتی بووە لە (1 ملیار و 432 ملیۆن و 59 هەزار و 464) دۆلار. لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی بە شێوەی سەربەخۆ هەناردەی کردووە لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بفرۆشرایە داهاتەکەی بریتی دەبوو لە (3 ملیار و 502 ملیۆن و 493 هەزار و 200) دۆلار.**

**ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بەهۆی سیاسەتی نەوتەوە پشکی هەرێم ڕانەگیرایە، بەپێی یاسای بودجە بڕی (3 ملیار و 572 ملیۆن و 546 هەزار و 953) بەشی هەرێم دەبوو تەنها لە داهاتی نەوتی عێراقدا.**


**زیاتر لەوەش ئەگەر نەوتی هەرێم و عێراق پێکەوە لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە بکرایە، ئەوا پشکی هەرێم لە سێ مانگی ڕابردوودا بە پێی یاسا تەنها لە فرۆشی نەوت بڕی (4 ملیار و 16 ملیۆن و 172 هەزار و 100) دۆلار دەبوو.**

**خشتەی ژمارە (4)**

**زیانە داراییەکانی فرۆشتنی نەوتی سەربەخۆ**

| مانگەکان | کۆی داهاتی(ماوە)ی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (44%) لە ڕێگەی بۆری کوردستان | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم بە هەناردەکردنی نەوتەکەی لە ڕێگەی سۆمۆ | پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق بە پێی یاسا بودجە (12.67%) | پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق و هەرێم پێکەوە بە پێی یاسا بودجە (%12.67) |
|---|---|---|---|---|
| Jan–22 | $427,265,784 | $1,077,925,200 | $1,054,483,429 | $1,190,990,675 |
| Feb–22 | $432,028,080 | $1,082,202,000 | $1,116,120,825 | $1,253,160,955 |
| Mar–22 | $572,765,600 | $1,342,366,000 | $1,401,942,698 | $1,572,020,470 |
| ئەنجام | $1,432,059,464 | $3,502,493,200 | $3,572,546,953 | $4,016,172,100 |

**چارتی ژماره (1)**




**تێبینی**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/4/21) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10123

## سەرچاوەکان


- قانون رقم (23) لسنة 2021 الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2021؛
https://moj.gov.iq/view.5555/

- اعلنت وزارة النفط عن مجموع الكميات والايرادات المتحققة لصادرات النفط ، مجموع الصادرات النفطية والايرادات المتحققة لشهر كانون الثاني الماضي؛
https://oil.gov.iq/?page=909

- اعلنت وزارة النفط عن مجموع الكميات والايرادات المتحققة لصادرات النفط ، مجموع الصادرات النفطية والايرادات المتحققة لشهر شباط الماضي؛
https://oil.gov.iq/?page=951

- اعلنت وزارة النفط عن مجموع الكميات والايرادات المتحققة لصادرات النفط ، مجموع الصادرات النفطية والايرادات المتحققة لشهر آذار الماضي؛
https://oil.gov.iq/?page=965

- هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022 ، ڕاپۆرتی درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10080

## داهاتی نەوتی هەرێم و خەرجی موچە لە چارەکی یەکەمی 2022
## لە داهاتی هەر بەرمیلێک نەوت (37) دۆلار بۆ موچەخۆران خەرجکراوە

لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022)، تەنها لە داهاتی نەوت بڕی (ملیارێک و 311 ملیۆن) دۆلار بۆ موچە خەرجکراوە. لەو ماوەیەدا حکومەتی هەرێم تەنها لە ڕێگەی بۆریەوە بڕی (35 ملیۆن 440 هەزار) بەرمیل نەوتێکی بە تێکڕای (85.51) دۆلار فرۆشتووە.

بەم پێیە کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (3 ملیار و 80 ملیۆن و 779 هەزار) دۆلاری ئەمریکی.

بڕی (1 ملیار و 311 ملیۆن) دۆلار بەڕێژەی (%42.5)ی داهاتی نەوت بۆ مووچە خەرجکراوە، بەم جۆرەش داهاتی فرۆشی (1) بەرمیلی نەوت بە تێکڕای سێ مانگەکە (37.65) دۆلاری بۆ موچە خۆرانی هەرێم خەرجکراوە.

### خەرجی موچە لە داهاتی نەوت بۆ سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022)

ڕۆژی (11ی 5ی 2022) وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕونکردنەوەکی (6) لاپەڕەیی سەبارەت بە داهات و موچەی مانگانەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و ڕێژەی دابەشکردنی داهاتی کوردستانی بەسەر پارێزگاکانی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) بڵاوکردەوە.

بەپێی ڕونکردنەوەکەی (جوتیار عادل– وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022)، تەنها لە داهاتی نەوت بڕی (ملیارێک و 311 ملیۆن) دۆلار بۆ خەرجی موچەی مانگەکانی (کانونی دووەم، شوبات و ئازار)ی ساڵی (2022) خەرجکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی درەو میدیا لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا حکومەتی هەرێم تەنها لە ڕێگەی بۆری و بەندەری جەیهانی تورکیاوە بڕی (35 ملیۆن 440 هەزار) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەتێکڕا زیاتر لە (100) دۆلاری ئەمریکی بووە، بەڵام حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (85.51) دۆلار فرۆشتووە.

بەم پێیە کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (3 ملیار و 80 ملیۆن و 779 هەزار) دۆلاری ئەمریکی.

بەپێی راپۆرتەکانی کۆمپانیای وردبینی دیلۆیت لە ساڵی (2021) بڕی (56%)ی داهاتی نەوت دەچێت بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت قەرزی کۆمپانیاکان، واتە بڕی (1 ملیار و 725 ملیۆن و 236 هەزار و 240) دۆلاری دەڕوات.

بڕی (1 ملیار و 311 ملیۆن) دۆلاری بەڕێژەی (42.5%)ی داهاتی نەوتی هەرێم چووە بۆ خەرجی مووچە، واتە لە داهاتی فرۆشی (1) بەرمل نەوت بە تێکڕای سێ مانگەکە (37.65) دۆلاری بۆ موچە خۆرانی هەرێم خەرجکراوە.

بەم پێیەش کۆی خەرجی موچەو خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (3 ملیار و 36 ملیۆن و 236 هەزار و 240) دۆلار بەڕێژەی (98%)ی کۆی داهاتی نەوت. بەڵام بڕی (44 ملیۆن و 542 هەزار و 760) دۆلاری بە ڕێژەی (2%) بە نادیاری دەمێنێتەوە.

## خەرجی موچە لە داهاتی نەوت بۆ کانونی دووەمی (2022)

بەپێی ڕونکردنەوەکەی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی کانونی دووەمدا بڕی (488 ملیۆن) دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ موچە خەرجکراوە، بەڵام بڕی (180 ملیۆن) دۆلاری لە داهاتی نەوتی مانگی شوباتی بووە، واتە لە مانگی یەکدا داهاتی تەرخانکراوی نەوت بۆ موچە بریتی بووە لە (308 ملیۆن) دۆلار.

بەپێی زانیارییەکانی درەو میدیا لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا حکومەتی هەرێم تەنها لە ڕێگەی بۆری و بەندەری جەیهانی تورکییەوە بڕی (12 ملیۆن 860 هەزار) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەتێکڕا زیاتر لە (86.5) دۆلاری ئەمریکی بووە، بەڵام حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتێکی بە تێکڕای (75.5) دۆلار فرۆشتووە.

بەم پێیە کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی یەکی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار 600) دۆلاری ئەمریکی.

بەپێی راپۆرتەکانی کۆمپانیای وردبینی دیلۆیت لە ساڵی (2021) بڕی (56%)ی داهاتی نەوت دەچێت بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت قەرزی کۆمپانیاکان، واتە بڕی (543 ملیۆن و 792 هەزار و 816) دۆلاری دەڕوات.

بڕی ( 308 ملیۆن) دۆلاری بەڕێژەی (31.72%)ی داهاتی نەوتی هەرێم چووە بۆ خەرجی مووچە، واتە لە داهاتی فرۆشی (1) بەرمیل نەوت بە تێکڕای مانگەکە (23.95) دۆلاری بۆ موچەخۆرانی هەرێم خەرجکراوە.

بەم پێیەش کۆی خەرجی موچەو خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (851 ملیۆن و 792 هەزار و 816) دۆلار بەڕێژەی (87.7%)ی کۆی داهاتی نەوت. بەڵام بڕی (119 ملیۆن و 265 هەزار و 784) دۆلاری بە ڕێژەی (12.3%) بە نادیاری دەمێنێتەوە.

## خەرجی موچە لە داهاتی نەوت بۆ مانگی شوباتی (2022)

بەپێی ڕونکردنەوەکەی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی شوباتدا بڕی (488 ملیۆن) دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ موچە خەرجکراوە، بەڵام بڕی (256 ملیۆن) دۆلاری لە داهاتی نەوتی مانگی ئازار بووە، پێشتریش بڕی (180 ملیۆن) دۆلاری مانگی شوبات خەرجکرابوو (وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا) واتە لە مانگی دووی ئەمساڵدا داهاتی تەرخانکراوی نەوت بۆ موچە بریتی بووە لە (412 ملیۆن) دۆلار.

بەپێی زانیارییەکانی درەو میدیا لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا حکومەتی هەرێم تەنها لە ڕێگەی بۆری و بەندەری جەیهانی تورکیاوە بڕی (11 ملیۆن 400 هەزار) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەتێکڕا زیاتر لە (97) دۆلاری ئەمریکی بووە، بەڵام حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتێکی بە تێکڕای (86.13) دۆلار فرۆشتووە.

بەم پێیە کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی دووی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 882 هەزار) دۆلاری ئەمریکی.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای وردبینی دیلۆیت لە ساڵی (2021) بڕی (56%)ی داهاتی نەوت دەچێت بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت و قەرزی کۆمپانیاکان، واتە بڕی (549 ملیۆن و 853 هەزار و 920) دۆلاری دەڕوات.

بڕی (412 ملیۆن) دۆلاری بەڕێژەی (41.96%)ی داهاتی نەوتی هەرێم چووە بۆ خەرجی مووچە، واتە لە داهاتی فرۆشی (1) بەرمل نەوت بە تێکڕای مانگەکە (36.14) دۆلاری بۆ موچەخۆرانی هەرێم خەرجکراوە.

بەم پێیەش کۆی خەرجی موچەو خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (961 ملیۆن و 853 هەزار و 920) دۆلار بەڕێژەی (97.96%)ی کۆی داهاتی نەوت. بەڵام بڕی (20 ملیۆن و 28 هەزار و 80) دۆلاری بە ڕێژەی (2.04%) بە نادیاری دەمێنێتەوە.

## خەرجی موچە لە داهاتی نەوت بۆ کانونی دووەمی (2022)

بەپێی ڕونکردنەوەکەی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی کانونی دووەمدا بڕی (488 ملیۆن) دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ موچە خەرجکراوە، بەڵام بڕی (180 ملیۆن) دۆلاری لە داهاتی نەوتی مانگی شوباتی بووە، واتە لە مانگی یەکدا داهاتی تەرخانکراوی نەوت بۆ موچە بریتی بووە لە (308 ملیۆن) دۆلار.

بەپێی زانیارییەکانی درەو میدیا لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا حکومەتی هەرێم تەنها لە ڕێگەی بۆری و بەندەری جەیهانی تورکیاوە بڕی (12 ملیۆن 860 هەزار) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەتێکڕا زیاتر لە (86.5) دۆلاری ئەمریکی بووە، بەڵام حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتێکی بە تێکڕای (75.5) دۆلار فرۆشتووە.

بەم پێیە کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی یەکی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار 600) دۆلاری ئەمریکی.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای وردبینی دیلۆیت لە ساڵی (2021) بڕی (56%)ی داهاتی نەوت دەچێت بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت قەرزی کۆمپانیاکان، واتە بڕی (543 ملیۆن و 792 هەزار و 816) دۆلاری دەڕوات.

بڕی ( 308 ملیۆن) دۆلاری بەڕێژەی (31.72%)ی داهاتی نەوتی هەرێم چووە بۆ خەرجی مووچە، واتە لە داهاتی فرۆشی (1) بەرمل نەوت بە تێکڕای مانگەکە (23.95) دۆلاری بۆ موچەخۆرانی هەرێم خەرجکراوە.

بەم پێیەش کۆی خەرجی موچەو خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (851 ملیۆن و 792 هەزار و 816) دۆلار بەڕێژەی (87.7%)ی کۆی داهاتی نەوت. بەڵام بڕی (119 ملیۆن و 265 هەزار و 784) دۆلاری بە ڕێژەی (12.3%) بە نادیاری دەمێنێتەوە.

## خەرجی موچە لە داهاتی نەوت بۆ مانگی ئازاری (2022)

**بەپێی ڕونکردنەوەکەی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی شوباتدا بڕی (363 ملیۆن) دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ موچە خەرجکراوە، بەڵام بڕی (28 ملیۆن) دۆلاری لە داهاتی نەوتی مانگی نیسان بووە، پێشتریش بڕی (256 ملیۆن) دۆلاری مانگی ئازار خەرجکرابوو بۆ پڕکردنەوەی خەرجی موچەی مانگی شوبات (وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا) واتە لە مانگی سێی ئەمساڵدا داهاتی تەرخانکراوی نەوت بۆ موچە بریتی بووە لە (591 ملیۆن) دۆلار.**

**بەپێی زانیارییەکانی درەو میدیا لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا حکومەتی هەرێم تەنها لە ڕێگەی بۆری و بەندەری جەیهانی تورکیاوە بڕی (11 ملیۆن 180 هەزار) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەتێکڕا زیاتر لە (117) دۆلاری ئەمریکی بووە، بەڵام حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلێک نەوتێکی بە تێکڕای (10.88) دۆلار فرۆشتووە.**


**بەم پێیە کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی دووی ئەمساڵدا بریتی بووە لە (ملیارێک و 127 ملیۆن و 838 هەزار و 400) دۆلاری ئەمریکی.**

**بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای وردبینی دیلۆیت لە ساڵی (2021) بڕی (56%)ی داهاتی نەوت دەچێت بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت قەرزی کۆمپانیاکان، واتە بڕی (631 ملیۆن و 589 هەزار و 504) دۆلاری دەڕوات.**

**بڕی (591 ملیۆن) دۆلاری بەڕێژەی (52.4%)ی داهاتی نەوتی هەرێم چووە بۆ خەرجی مووچە، واتە لە داهاتی فرۆشی (1) بەرمل نەوت بە تێکڕای مانگەکە (52.86) دۆلاری بۆ موچە خۆرانی هەرێم خەرجکراوە.**

**بەم پێیەش کۆی خەرجی موچەو خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (1 ملیار و 222 ملیۆن و 589 هەزار و 504) دۆلار بەڕێژەی (108.40%)ی کۆی داهاتی نەوت. بەڵام بڕی (94 ملیۆن و 751 هەزار و 104) دۆلاری بە ڕێژەی (8.40%) کورتهێنان هەیەو دیار نییە چۆن پڕکراوەتەوە.**

| چارەکی یەکەمی ساڵی 2022 | نەوتی فرۆشراوبەرمیل | نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | خەرجی پرۆسەی نەوت (56%) | خەرجی داهاتی نەوت بۆ موچە | خەرجی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ موچە بە رێژەی سەدی | داهاتی بەرمیلێک نەوت بۆ موچە | کۆی خەرجی داهاتی نەوت بۆ موچەو خەرجی پرۆسەی نەوت | رێژەی خەرجی داهاتی نەوت بۆ موچەو خەرجی پرۆسەی نەوت | بری داهاتی نادیاری نەوت | رێژەی داهاتی نادیاری نەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12,860,000 | $75.51 | $971,058,600 | $ 543,792,816 | $308,000,000 | 31.72% | $23.95 | $851,792,816 | 87.72% | $119,265,784 | 12.28% |
| شوبات | 11,400,000 | $86.13 | $981,882,000 | $ 549,853,920 | $412,000,000 | 41.96% | $36.14 | $961,853,920 | 97.96% | $20,028,080 | 2.04% |
| ئازار | 11,180,000 | $100.88 | $1,127,838,400 | $ 631,589,504 | $591,000,000 | 52.40% | $52.86 | $ 1,222,589,504 | 108.40% | $(94,751,104)- | -8.40% |
| ئەنجام | 35,440,000 | $87.51 | $3,080,779,000 | $1,725,236,240 | $1,311,000,000 | 42.55% | $37.65 | $3,036,236,240 | 98.03% | $44,542,760 | 1.97% |




## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/5/12) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10263

## بەراوردکردنی داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم
## (1ی کانونی دووەم بۆ 1ی نیسان)ی سالانی 2021 و 2022

داهاتی گشتی نەوتی هەرێم لە چوار مانگی یەکەمی (2022) بەڕێژەی (42%) زیادیکردووە بەراورد بە چوار مانگی یەکەمی (2021). بەجۆرێک داهاتەکە لە (2 ملیار و 536 ملیۆن و 358 هەزار و 78) دۆلارەوە بەرزبووەتەوە بۆ (4 ملیار و 341 ملیۆن و 348 هەزار 280) دۆلار.

بەهان شێوە، ئەو داهاتەشی دوای لێدەکردنی خەرجییەکان گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم بە ڕێژەی (42%) زیادیکردووە بەراورد بە چوار مانگی یەکەمی (2021). بەجۆرێک داهاتی گەڕاوە لە (1 ملیار و 142 ملیۆن و 208 هەزار و 154) دۆلارەوە بەرزبووەتەوە بۆ(1 ملیار و 970 ملیۆن و 972 هەزار 119) دۆلار.

## یەکەم: داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە (1ی کانونی دووەم بۆ 1ی نیسان)ی سالّی 2021

بەپێی ئەو ئامارانەی ڕێکخراوی دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان بلاویکردووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار مانگی یەکەمی سالّی (2021) بڕی (50 ملیۆن و 644 هەزار و 230) بەرمیل نەوتی تەنها بە بۆری لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە (دوای پاککردنەوەو لێدەرکردنی خلّتەو خەوش و ئاو لەو نەوتەی هەنارده کراوە)، هەر بەپێی ئامارەکانی کۆمپانیاکە ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە لەو ماوەیەدا بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە نزیکەی (50) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە.

واتە کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (2 ملیار و 536 ملیۆن و 358 هەزار و 78) دۆلار، بەلّام بە تێکڕا (54.6%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی

پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (1 ملیار و 394 ملیۆن و 149 هەزار و 925) دۆلار، بەم پێیەش (45.4%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (1 ملیار و 142 ملیۆن و 208 هەزار و 154) دۆلار.

ئەگەر ئەو ئامارانە وردتر بکەینەوەو بەپێی مانگەکانی ساڵەکە ئاماژەیان پێبدەین، ئەوا داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بەمشێوەیە دەبێت.

1. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی 2021

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیاکە حکومەتی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی (2021) بڕی (12 ملیۆن و 273 هەزار و 995) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (43.45) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (54.77) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (11.32) دۆلار هەرزانتر ساغکردووەتەوە.

بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (533 ملیۆن و 268 هەزار و 261) دۆلار، بە تێکڕا زیاتر لە (48%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (257 ملیۆن و 21 هەزار و 772) دۆلار، واتە نزیکەی (52%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (276 ملیۆن و 246 هەزار و 489) دۆلار.

2. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی شوباتی 2021

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێم لە مانگی شوباتی (2021) بڕی (12 ملیۆن و 152 هەزار و 497) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە زیاتر لە (50) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی زیاتر لە (62) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (12) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخە جیهانییەکە.

بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (608 ملیۆن و 815 هەزار و 795) دۆلار، بە تێکڕا زیاتر لە (55%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (355 ملیۆن و 303 هەزار و 819) دۆلار، واتە نزیکەی (45%)ی

**کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (273 ملیۆن و 511 هەزار و 976) دۆلار.**

**3. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی ئازاری 2021**

**بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێم لە مانگی ئازاری (2021) بڕی (13 ملیۆن و 18 هەزار و 30) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە زیاتر لە (53) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی زیاتر لە (65) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (12) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخە جیهانییەکە.**

**بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (691 ملیۆن و 244 هەزار و 375) دۆلار، بە تێکڕا زیاتر لە (57.6%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (398 ملیۆن و 252 هەزار و 151) دۆلار، واتە نزیکەی (42.4%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (292 ملیۆن و 992 هەزار و 223) دۆلار.**

**4. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی نیسانی 2021**

**بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێم لە مانگی ئازاری (2021) بڕی (13 ملیۆن و 199 هەزار و 708) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە فرۆشتووە، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە زیاتر لە (53) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی زیاتر لە (64) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (11) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخە جیهانییەکە.**

**بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (703 ملیۆن و 29 هەزار و 648) دۆلار، بە تێکڕا زیاتر لە (57.4%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (403 ملیۆن و 572 هەزار و 182) دۆلار، واتە نزیکەی (42.6%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (299 ملیۆن و 457 هەزار و 466) دۆلار.**

**خشتەی ژمارە (1)**

**داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە (1ی کانونی دووەم بۆ 1ی نیسان)ی ساڵی 2021**

| 2021 | بڕی نەوتی فرۆشراو بە بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێم | خەرجی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی پرۆسەی نەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەمی 2021 | 12,273,995 | $ 43.45 | $ 533,268,261 | $ 276,246,489 | $ 257,021,772 | 48.2% |
| شوباتی 2021 | 12,152,497 | $ 50.10 | $ 608,815,795 | $ 273,511,976 | $ 335,303,819 | 55.1% |
| ئازاری 2021 | 13,018,030 | $ 53.10 | $ 691,244,375 | $ 292,992,223 | $ 398,252,152 | 57.6% |
| نیسانی 2021 | 13,199,708 | $ 53.26 | $ 703,029,648 | $ 299,457,466 | $ 403,572,182 | 57.4% |
| کۆ/تێکڕا | 50,644,230 | $ 49.98 | $ 2,536,358,078 | $ 1,142,208,154 | $ 1,394,149,925 | 54.6% |

## دووەم: داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە (11ی کانونی دووەم بۆ 1ی نیسان)ی ساڵی 2022

بەپێی ئەو ئامارانەی لای درەو میدیایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی (2022) بڕی (49 ملیۆن و 56 هەزار) بەرمیل نەوتی تەنها بە بۆری لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە لەو ماوەیەدا بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە زیاتر لە (88) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە.

واتە کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (4 ملیار و 341 ملیۆن و 348 هەزار و 280) دۆلار، بەهەمان پێوەری داتاکانی ساڵی (2021)ی کۆمپانیای دیلۆیت بە تێکڕا (54.6%)ی داهات چووە بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت، ئەگەر هەمان ئەو بڕەش لە خەرجی بۆ مانگەکانی ساڵی (2022) بە پێوەر وەربگرین، ئەوا بڕی خەرجییەکە بریتییە لە (2 ملیار و 370 ملیۆن و 376 هەزار و 161) دۆلار، بەم پێیەش (45.4%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (1 ملیار و 970 ملیۆن و 972 هەزار و 119) دۆلار.

ئەگەر ئەو ئامارانە وردتر بکەینەوەو بەپێی مانگەکانی ساڵەکە ئاماژەیان پێبدەین، ئەوا داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بەم شێوەیە دەبێت.

1. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی 2022

بەپێی زانیارییەکانی درەو حکومەتی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی (2022) بڕی (12 ملیۆن و 860 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە فرۆشتووە، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (75.51) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (86.51) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (11) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە.

بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (971 ملیۆن و 58 هەزار و 600) دۆلار، بە تێکڕا (54.6%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە (بەهەمان پێوەری ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ ساڵی (2021)) کە بڕەکەی بریتی دەبێت لە (530 ملیۆن و 197 هەزار و 996) دۆلار، (45.4%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (440 ملیۆن و 860 هەزار و 604) دۆلار.

2. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی شوباتی 2022

بەپێی زانیارییەکان حکومەتی هەرێم لە مانگی شوباتی (2022) بڕی (11 ملیۆن و 400 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، بەپێی خەمڵاندنەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (86.13) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی زیاتر لە (97.13) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (11) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخە جیهانییەکە.

بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (981 ملیۆن و 882 هەزار) دۆلار، بە تێکڕا (54.6%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (536 ملیۆن و 107 هەزار و 572) دۆلار، واتە (45.4%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (445 ملیۆن و 774 هەزار و 428) دۆلار.

3. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی ئازاری 2022

بەپێی زانیارییەکانی درەو حکومەتی هەرێم لە مانگی ئازاری (2022) بڕی (11 ملیۆن و 180 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، بەپێی ئامارەکان ئەو بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە (100.88) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (117.70) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە نزیکەی (17) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخە جیهانییەکە.

بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (1 ملیار و 127 ملیۆن و 838 هەزار و 400) دۆلار، بە تێکڕا (54.6%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (614 ملیۆن و 799 هەزار و 766) دۆلار، واتە (45.4%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (512 ملیۆن و 38 هەزار و 634) دۆلار.

4. داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە مانگی نیسانی 2022

بالْپشت بە زانیارییەکان حکومەتی هەرێم لە مانگی ئازاری (2022) بڕی (13 ملیۆن و 616 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، بەپێی ئامارەکان ئەو

بڕە نەوتەی هەناردەکراوە بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە زیاتر لە (92.58) دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی بەتێکڕا (104.58) دۆلار بووە، واتە حکومەتی هەرێم لە مانگی ناوبراودا بەتێکڕا نەوتەکەی بە (12) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخە جیهانییەکە.

بەم پێیەش کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە بڕی (1 ملیار و 260 ملیۆن و 569 هەزار و 280) دۆلار، بە تێکڕا زیاتر لە (54.6%)ی ئەو داهاتە چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بڕەکەی بریتییە لە (615 ملیۆن و 799 هەزار و 766) دۆلار، واتە بەتێکڕا (45.4%)ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم، ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کە دەکاتە بڕی (572 ملیۆن و 298 هەزار و 453) دۆلار.

## خشتەی ژمارە (2)

## داهات و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە (1ی کانونی دووەم بۆ 1ی نیسان)ی ساڵی 2022

| 2202 | بڕی نەوتی فرۆشراو بە بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێم | خەرجی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی پرۆسەی نەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەمی 2022 | 12,860,000 | $ 75.51 | $ 971,058,600 | $ 440,860,604 | $530,197,996 | 54.6% |
| شوباتی 2022 | 11,400,000 | $ 86.13 | $ 981,882,000 | $ 445,774,428 | $ 536,107,572 | 54.6% |
| ئازاری 2022 | 11,180,000 | $ 100.88 | $ 1,127,838,400 | $ 512,038,634 | $ 615,799,766 | 54.6% |
| نیسانی 2022 | 13,616,000 | $ 92.58 | $ 1,260,569,280 | $ 572,298,453 | $ 688,270,827 | 54.6% |
| کۆ/تێکڕا | 49,056,000 | $ 88.78 | $ 4,341,348,280 | $ 1,970,972,119 | $ 2,370,376,161 | 54.6% |

## سێیەم: بەراوردکردنی داهات و خەرجی و بڕی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە (1ی کانونی دووەم بۆ 1ی نیسان)ی لە ساڵانی 2021 و 2022


1. بەراوردی بڕی نەوتی هەناردەکراو

وەک لە هەردوو خشتەی ژمارە (1 و 2) دا هاتبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی (2021) بڕی (50 ملیۆن و 644 هەزار و 230) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتوە.

بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی (2022) بڕەکە دابەزیوە بۆ (49 ملیۆن و 56 هەزار) بەرمیل نەوتی فرۆشراو.

واتە هەناردەی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بڕی (1 ملیۆن 588 هەزار و 230) بەرمیل کەمی کردووە. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (چارتی ژمارە (1)).

**چارتی ژمارە (1)**




2. بەراوردی نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم

وەک لە هەردوو خشتەی ژمارە (1 و 2) دا هاتبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی (2021) بە تێکرا بەرمیلێک نەوتی بە (49.98) دۆلار فرۆشتووە.

بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی (2022) بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (88.78) دۆلار فرۆشراوە.

بەم پێیەش هەر بەرملێکی نەوتی هەرێم بڕی (38.8) دۆلار بەهاکەی زیادی کردووە. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (چارتی ژمارە (2)).

چارتی ژمارە (2)





3. بەراوردی داهاتی گشتی نەوتی فرۆشراوی هەرێم

وەک لە هەردوو خشتەی ژمارە (1 و 2) دا هاتبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی (2021) بە بەهای (2 ملیار و 536 ملیۆن و 358 هەزار و 78) دۆلار نەوتی فرۆشتووە.

بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی (2022) بڕەی داهاتەکە بەڕێژەی (42%)بەرزبوەتەوە، بەجۆرێک کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو گەیشتووە بە (4 ملیار و 341 ملیۆن و 348 هەزار 280) دۆلار.

واتە هەناردەی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بە بەهای (1 ملیار و 804 ملیۆن 990 هەزار و 202) دۆلار زیادیکردووە. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (چارتی ژمارە (3)).

**چارتی ژمارە (3)**





4. بەراوردی سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی (2021) بە بڕی (1 ملیار و 142 ملیۆن و 208 هەزار و 154) دۆلاری لە فرۆشی نەوتی هەرێمەوە بۆ گەڕاوەتەوە.

بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی (2022) بڕەی داهاتەکە بەڕێژەی (42%)بەرزبوەتەوە، بەجۆرێک سافی داهاتی نەوتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بریتی بووە لە (1 ملیار و 970 ملیۆن و 972 هەزار 119) دۆلار.

واته سافی داهاتی نەوتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە (828 ملیۆن 763 هەزار و 965 دۆلار زیادیکردووە. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (چارتی ژمارە (4)).

**چارتی ژمارە (4)**





5. بەراوردی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم

بە گوێرەی داتاکانی دیلۆیت (وەک لە خشتەی ژمارە (1)) دا هاتبوو، کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی (2021) دا گەیشتبوو بە بڕی (1 ملیار و 394 ملیۆن و 149 هەزار و 925) دۆلاری ئەمریکی.

بەڵام لە چوار مانگی یەکەمی (2022) بڕی خەرجییەکە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە زۆر بەرز بووەتەوەو گەیشتووە بە بڕی (2 ملیار و 370 ملیۆن و 376 هەزار 161) دۆلار.

واتە خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (41%) و بەبەهای (976 ملیۆن 226 هەزار و 236) دۆلار زیادیکردووە. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (چارتی ژمارە (5)).

**چارتی ژماره (5)**




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/5/21) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10321

## سەرچاوەکان؛


1. ڕاپۆرتی دیلۆیت، بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی 1ی کانوونی دووەمی 2021 تاکو 31ی ئازاری 2021؛
https://govkrd.b-cdn.net
2. ڕاپۆرتی دیلۆیت، بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی 1ی نیسانی 2021 تاکو 30ی حوزەیران 2021؛
https://govkrd.b-cdn.net
3. درەو میدیا، زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی سەربەخۆ لە چارەکی یەکەمی 2022؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10123
4. درەو میدیا، حکومەت: داهاتی نەوت (ملیارێک و 128 ملیۆن) دۆلار بووە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10104
5. ئەنوەر کەریم، داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی نیسانی 2022، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10230

## حکومەتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022) دا بەرمیلێک نەوتی بە (15) دۆلار کەمتر لە نرخی جیهانی فرۆشتووە

## زیاتر لە (2) ملیار دۆلاری زیان بەر داهاتی گشتی هەرێم کەوتووە

کۆی ئەو داهاتەی لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە (1.34 ملیار) دۆلار بووە. لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی بە شێوەی سەربەخۆ لە(ناوخۆ و دەرەوە) فرۆشراوە، لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە بەبازاڕ بخرایە داهاتەکەی زیاتر لە (3.4 ملیار) دۆلار دەبوو.

بەپێی داتاکان هەربەرمیلێک نەوتی هەرێم لە ماوەی ناوبراودا بە کەمتر لە (11) دۆلار فرۆشراوە، بەراورد بە نرخی سۆمۆو بەراورد بە نرخە جیهانییەکەش نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (15) دۆلار کەمتر ساغکراوەتەوە.

بەکورتییەکەی هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم تەنها (38) دۆلاری گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و موچەی موچەخۆران، لە کاتێکدا بەتێکڕا نرخی نەوت لە بازاڕاکانی جیهان زیاتر لە (100) دۆلار بووەو نەوتی هەرێم بە (85) دۆلار فرۆشراوە.

## یەکەم؛ داهاتی نەوتی عێراق و پشکی هەرێم بەپێی یاسای بودجەی گشتی عێراق

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی نەوت، حکومەتی عێراق لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) بڕی (292 ملیۆن و 640 هەزار و 250) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 253 هەزار و 570) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ"وە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، هەر بەپێی زانیارییەکان بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (96.26) دۆلار فرۆشتووە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق لە سێ مانگی یەکەمی ساڵدا بریتی بووە لە (28 ملیار و 196 ملیۆن و 897 هەزار و 810) دۆلار.

بە پێی یاسای ژمارە (23)ی ساڵی (2021) یاسای بودجەی گشتی عێراق، ماددەی (11) پشکی هەرێمی کوردستان بە (12.67%)ی بودجەی گشتی عێراق دیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی یاساکە

"تەنها لە داهاتی نەوتی عێراق" لە ماوەی چارەکی یەکەمی (2022)دا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبێت لە (3 ملیار و 572 ملیۆن و 546 هەزار و 953) دۆلار.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەو ماوەیەدا بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلار، واتە بڕی (2 ملیار و 228 ملیۆن و 705 هەزار و 721) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1)).

### خشتەی ژمارە (1)

### داهاتی نەوتی عێراق و پشکی هەرێم

| چارەکی یەکەمی 2022 | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی بەرمیل/رۆژانە | تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ڕێگەی سۆمۆ / (1)بەرمیل | کۆی داهاتی نەوتی عێراق لە ڕێگەی سۆمۆ | پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق بە پێی یاسا بودجە (12.67%) | کۆی داهاتی (ماوە)ی فرۆشی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆ (بۆری + ناوخۆ) | زیانە داراییەکانی هەرێم لە لێکەوتەی یاسای بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3/31 – 1/1 | 292,640,250 | 3,253,570 | $96.26 | $28,196,897,810 | $3,572,546,953 | $1,343,841,232 | $2,228,705,721 |

## دووەم؛ جیاوازی داهاتی نەوتی هەرێم لە نێوان فرۆشتنی سەربەخۆ و کۆمپانیای "سۆمۆ"دا

بەپێی ئەو داتایانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (2022/7/7) بڵاویکردونەتەوە دەربارەی فرۆشی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022)دا بەهەردووە شێوەی (ناوخۆ و هەناردەکردن بە ڕێگەی بۆری) بڕی (35 ملیۆن و 332 هەزار و 205) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (388 هەزار و 35) بەرمیلی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا کردووە، بڕی (4 هەزار و 545) بەرمیلیشی ڕۆژانە لە ناوخۆدا فرۆشتووە. (بۆ وردەکاری زیاتر لە بارەی داتاکانی حکومەتی هەرێم بڕوانە چارتی ژمارە (1))

بەپێی داتاکان هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم لە ماوەی ناوبراودا بە کەمتر لە (11) دۆلار فرۆشراوە، بەراورد بە نرخی سۆمۆو، بەراورد بە نرخە جیهانییەکەش نرخی بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (15) دۆلار کەمتر ساغکراوەتەوە.


واتە بە تێکڕای سێ مانگەکە بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (85.48) دۆلار فرۆشراوە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی ساڵدا بریتی بووە لە (3 ملیار و 63 ملیۆن و 356 هەزار و 891) دۆلار، هەر بەپێی داتاکەی حکومەتی هەرێم (56%)ی داهاتی نەوتی هەرێم ڕۆشتووە بۆ خەرجی پرۆسەکە کە بریتی بووە لە بڕی (1 ملیار و 719 ملیۆن و 515 هەزار و 659) دۆلار و بڕی (44%) ماوەتەوە بۆ خەرجی موچە لە ماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلار.

بەکورتییەکەی هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم تەنها (38) دۆلاری گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و موچەی موچەخۆران، لە کاتێکدا بەتێکڕا نرخی نەوت لە بازاڕاکانی جیهان زیاتر لە (100) دۆلار بووەوە نەوتی هەرێم بە کەمتر لە (85) دۆلار فرۆشراوە.

لە کاتێکدا ئەو بڕە نەوتەی هەرێم هەناردەی کردووە، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بە نرخی نەوتی عێراقی بفرۆشرایە کە هەر بەرمیلێکی دراوە بە (96.26) دۆلار، ئەوا کۆی بەهاکەی بریتی دەبوو لە (3 ملیار و 401 ملیۆن و 78 هەزار و 53) دۆلار.

واتە ئەگەر نەوتی هەرێم لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە ڕێگەی سۆموە هەناردە بکرایە ئەوا بڕی (2 ملیار و 57 ملیۆن و 236 هەزار و 821) دۆلاری زیاتر دەبوو لەو بڕەی ئێستا حکومەتی هەرێم بۆی ماوەتەوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

**چارتی ژمارە (1)**



## خشتەی ژمارە (2)

## جیاوازی داهاتی نەوتی هەرێم لەنێوان فرۆشتنی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆدا

| چارەکی یەکەمی 2022 | کۆی نەوتی فرۆشراوی هەرێم/ بەرمیل | تێکڕای نەوتی فرۆشراو بەرمیل بەرمیل/رۆژانە | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆ | کۆی داهاتی (ماوە)ی فرۆشی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆ | جیاوازی نێوان داهاتی نەوت لە نێوان فرۆشی سەربەخۆ و کۆمپانیای سۆمۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1/1 – 31–3 بۆری | 34,923,168 | 388,035 | $86.73 | $100.44 | $96.26 | $3,028,903,497 | $3,361,704,152 | $1,719,515,659 | $1,343,841,232 | $2,057,236,821 |
| 1/1 – 31–3 ناوخۆ | 409,037 | 4,545 | $84.23 | | | $34,453,394 | $39,373,902 | | | |
| ئەنجام | 35,332,205 | 196,290 | $85.48 | $100.44 | $96.26 | $3,063,356,891 | $3,401,078,053 | $1,719,515,659 | $1,343,841,232 | $2,057,236,821 |

## سێیەم؛ نەوتی هەرێم و عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وەو پشکی هەرێم تێیدا

لە تەوەری یەکەمی باسەکەدا تیشکمان خستەسەر پشکی هەرێم لە فرۆشی نەوتی عێراقدا بەپێی یاسای بودجەی گشتی، بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەکات، بۆیە ئەگەر نەوتی هەرێم و نەوتی عێراق پێکەوە لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە هەناردە بکرێت، ئەوا بێگومان ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەرزدەبێتەوە، بۆیە داهاتەکەشی زیاد دەکات، بە هەمان پێوەری پشکی هەرێمیش بەپێی یاسای بودجە لە داهاتی نەوت زیاد دەکات ئەویش بە جۆرێک؛

لە چارەکی یەکەمی (2022)دا هەرێم و عێراق پێکەوە بڕی (327 ملیۆن و 972 هەزار و 455) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (3 ملیۆن و 279 هەزار و 725) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە هەناردە بکردایە، هەر بەپێی زانیارییەکان بەرمیلێک نەوت لەو ماوەیەدا بە تێکڕای (96.26) دۆلار فرۆشراوە، بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراوی عێراق و هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی ساڵدا بریتی دەبوو لە (31 ملیار و 570 ملیۆن و 628 هەزار و 512) دۆلار.

بە پێی یاسای ژمارە (23)ی ساڵی (2021) یاسای بودجەی گشتی عێراق، ماددەی (11) پشکی هەرێمی کوردستان بە (12.67%)ی بودجەی گشتی عێراق دیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی یاساکە "تەنها لە داهاتی نەوت"دا لەم ماوەی ئەم سێ مانگەدا پشکی هەرێمی کوردستان بریتی دەبوو لە (3 ملیار و 999 ملیۆن و 998 هەزار و 633) دۆلار.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لەو ماوەیەدا بۆی ماوەتەوە تەنها بریتیە لە بڕی (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلار، واتە بڕی (2 ملیار و 656 ملیۆن و 157 هەزار و 401) دۆلاری کەمترە لەو پشکەی لە داهاتی نەوتی عێراق بەپێی یاسای بودجە بۆی دیاریکراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)).

## خشتەی ژمارە (3)

## نەوتی هەرێم و عێراق لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە و پشکی هەرێم

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراوی عێراق/ بەرمیل | کۆی نەوتی فرۆشراوی هەرێم/ بەرمیل | کۆی نەوتی هەناردەکراوی عێراق و فرۆشی هەرێم بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی نەوتی عێراق و فرۆشی هەرێم بەرمیل/ڕۆژانە | تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق لە ڕێگەی سۆمۆ / (1)بەرمیل | کۆی داهاتی نەوتی عێراق و هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە | پشکی هەرێم بە پێی یاسا بودجە (%12.67) | کۆی داهاتی(ماوە)ی نەوتی هەرێم (بۆری + ناوخۆ) | زیانە داراییەکانی هەرێم لە لێکەوتەی یاسای بودجەی عێراق |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3/31 – 1/1 | 292,640,250 | 35,332,205 | 327,972,455 | 3,279,725 | $96.26 | $31,570,628,518 | $3,999,998,633 | $1,343,841,232 | $2,656,157,401 |

## چوارەم؛ زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی سەربەخۆ لە چارەکی یەکەمی 2022

بەو پێوەدانگانەی سەرەوە، هەناردەکردنی نەوتی سەربەخۆ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان زیانی گەورەی دارایی بە هەرێم گەیاندووە هەر یەک لە (خشتەی ژمارە (4) چارتی ژمارە (2)) بە ئاشکرا ئەو زیانە داراییانەی ڕوونکردووەتەوە. بە جۆرێک؛

کۆی ئەو داهاتەی حکومەتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا لە ڕێگەی فرۆشی نەوتەوە دەستی کەوتووە بریتی بووە لە (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلار. لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی بە شێوەی سەربەخۆ هەناردەی کردووە لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بەبازاڕ بخرایە داهاتەکەی بریتی دەبوو لە (3 ملیار و 401 ملیۆن و 78 هەزار و 53 دۆلار.

ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بەهۆی سیاسەتی نەوتەوە پشکی هەرێم ڕانەگیرایە، بەپێی یاسای بودجە بڕی (3 ملیار و 572 ملیۆن و 546 هەزار و 953) بەشی هەرێم دەبوو تەنها لە داهاتی نەوتی عێراقدا.


زیاتر لەوەش ئەگەر نەوتی هەرێم و عێراق پێکەوە لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە بکرایە، ئەوا پشکی هەرێم لە سێ مانگی یەکەمی (2022)دا بە پێی یاسا تەنها لە فرۆشی نەوت بڕی (3 ملیار و 999 ملیۆن و 998 هەزار و 633) دۆلار دەبوو.

**خشتەی ژمارە (4)**

**زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی سەربەخۆ**

| چارەکی یەکەمی 2022 | کۆی داهاتی(ماوە)ی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی (بۆری + ناوخۆ ) | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم بە هەناردەکردنی نەوتەکەی لە ڕێگەی سۆمۆ | پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق بە پێی یاسا بودجە (12.67%) | پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق و هەرێم پێکەوە بە پێی یاسا بودجە (12.67%) |
|---|---|---|---|---|
| 1/1 – 3/31 | $1,343,841,232 | $3,401,078,053 | $3,572,546,953 | $3,999,998,633 |

**چارتی ژماره (2)**




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/7/8) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10636

## سەرچاوەکان


- قانون رقم (23) لسنة 2021 الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2021؛
https://moj.gov.iq/view.5555/
- اعلنت وزارة النفط عن مجموع الكميات والايرادات المتحققة لصادرات النفط ، مجموع الصادرات النفطية والايرادات المتحققة لشهر كانون الثاني الماضي؛
https://oil.gov.iq/?page=909
- اعلنت وزارة النفط عن مجموع الكميات والايرادات المتحققة لصادرات النفط ، مجموع الصادرات النفطية والايرادات المتحققة لشهر شباط الماضي؛
https://oil.gov.iq/?page=951

- اعلنت وزارة النفط عن مجموع الكميات والايرادات المتحققة لصادرات النفط ، مجموع الصادرات النفطية والايرادات المتحققة لشهر آذار الماضي؛
https://oil.gov.iq/?page=965
- هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022، ڕاپۆرتی درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10080
- زیانە داراییەکانی فرۆشی نەوتی سەربەخۆ لە چارەکی یەکەمی 2022، ڕاپۆرتی درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10123
- زانیاریی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢، بەپێی فەرمی فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان؛
https://www.facebook.com/KRG.DMI.Official/photos/a.120385726081618/748741579912693/

## هەناردەی نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022

## حکومەتی هەرێم بە بەهای (7) ملیار دۆلار، بڕی (74) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە

> شەش مانگی تەواو بەسەر ساڵی (2022)دا تێپەڕی و ڕێکخراوی "دیلۆیت" هیچ وردبینییەکی لەبارەی فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێمەوە بۆ ئەو ماوەیە بڵاونەکردوە. ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی زانیارییەکانی درەو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2022)دا زیاتر لە بڕی (74) ملیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە.
>
> بەهاکەی دوای فرۆشتنی هەر بەرمیلێک بە کەمتر لە (11) دۆلار بەراورد بە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان، زیاتر بووە لە (7) ملیار دۆلار، بە ڕێژەی (56%) و نزیکەی بڕی (4) ملیار دۆلاری چووە بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت، زیاتر لە (3) ملیار دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم.

### یەکەم: هەناردەی نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022


شەش مانگی تەواو بەسەر ساڵی (2022)دا تێپەڕیوەو ڕێکخراوی "دیلۆیت" هیچ وردبینی و زانیارییەکی لەبارەی فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێمەوە بۆ ئەو ماوەیە بڵاو نەکردووەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی زانیارییەکانی "درەو" حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی (2022)ەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ بڕی (74 ملیۆن و 111 هەراز) بەرمیل نەوتی لەڕێگەی بەندەرەی جەیهانی تورکیاوە بە بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان هەنارده کردووە، واتە تێکڕای ڕۆژانەی نەوتی هەناردەکراو بریتی بووە لە (409 هەزار 479) بەرمیل، (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (1)) بەجۆرێک؛

- لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (2022) ڕۆژانە بڕی (414 هەزار و 839) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە بە کۆی مانگەکە (12 ملیۆن و 860 هەزار) بەرمیل بووە.
- مانگی شوباتی هەمان ساڵ (11 ملیۆن 400 هەزار) بەرمیل نەوت هەناردە کراوە بە تێکڕای ڕۆژانەی (407 هەزار و 143) بەرمیل نەوت، لە کاتێکدا مانگی شوبات (28) ڕۆژ بووە.
- هاوکات لە مانگی ئازاری ساڵی (2022) حکومەتی هەرێم بڕی (12 ملیۆن و 200 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕای (393 هەزار و 548) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.
- لە مانگی نیسانی ساڵی (2022) حکومەتی هەرێم بڕی (13 ملیۆن و 616 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕای (453 هەزار و 867) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.
- مانگی ئایاری ئەمساڵ حکومەتی هەرێم بڕی (12 ملیۆن و 730 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕای (410 هەزار و 645) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.
- لە مانگی حوزەیرانیشدا حکومەتی هەرێم کەمترین بڕی نەوتی هەناردە کردووە بەراورد بە مانگەکانی پێش خۆی و بڕەکەی بریتی بووە لە (11 ملیۆن و 305 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕای (376 هەزار و 833) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

**خشتەی ژمارە (1)**

ئامارەکانی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 (بە بۆری)

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی بەرمیل/ڕۆژانە | تێکڕای نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت هەرێم (11-) | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%56) | کۆی دهاتی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%44) | کۆی داهاتی ماوە بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەمی 2022 | 12,860,000 | 414,839 | $86.51 | $75.51 | $971,058,600 | $543,792,816 | $427,265,784 | 619,535,386,800 |
| شوباتی 2022 | 11,400,000 | 407,143 | $97.13 | $86.13 | $981,882,000 | $549,853,920 | $432,028,080 | 626,440,716,000 |
| ئازاری 2022 | 12,200,000 | 393,548 | $117.70 | $106.70 | $1,301,740,000 | $728,974,400 | $572,765,600 | 830,510,120,000 |
| نیسانی 2022 | 13,616,000 | 453,867 | $104.58 | $93.58 | $1,274,185,280 | $713,543,757 | $560,641,523 | 812,930,208,640 |
| ئایاری 2022 | 12,730,000 | 410,645 | $112.73 | $101.73 | $1,295,022,900 | $725,212,824 | $569,810,076 | 826,224,610,200 |
| حوزەیرانی 2022 | 11,305,000 | 376,833 | $122.86 | $111.86 | $1,264,577,300 | $708,163,288 | $556,414,012 | 806,800,317,400 |
| ئەنجام | **74,111,000** | **409,479** | **$106.92** | **$95.92** | **$7,088,466,080** | **$3,969,541,005** | **$3,118,925,075** | **4,522,441,359,040** |





## دووەم؛ نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهاندا

**لەو کاتەوە هەرێمی کوردستان دەستی بە هەناردە کردنی نەوت کردووە، بازاڕی نەوت نرخی لەو جۆرەی بەخۆوە نەبینیوە، بەجۆرێک، بە تێکڕای شەش مانگی ڕابردوو هەر بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بە بە نزیکەی (107) دۆلار بووە.**

**بەڵام بەپێی زانیاری ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021) دا بە تێکڕای ساڵەکە حکومەتی هەرێم بەردەوام بە (11 – 12) دۆلار کەمتر نەوتەکەی خۆی ساغ کردووەتەوە. بۆیە؛**

- **لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (2022) کە تێکڕای نرخی نەوت بە (86.51) دۆلار تۆمار کراوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بە (11) دۆلاری کەمتر هەر بەرمیلە نەوتێکی فرۆشتبێت ئەوا بۆ هەر بەرمیلێک بڕی (75.51) دۆلاری بۆ ماوەتەوە.**
- **بەڵام لە مانگی شوباتی هەمان ساڵ تێکڕای نرخی نەوت بەرزبوونەوەی تۆمارکردووە و گەیشتووە بە (97.13) دۆلار، بۆیە بە هەمان پێوەر حکومەتی هەرێم نەوتەکەی بە (86.13) دۆلار فرۆشتووە.**

- لە کاتێکدا لە مانگی ئازاردا بەرزبوونەوەی بەرچاو تۆمارکراوە و نرخی نەوت بە تێکڕا گەیشتووە بە (117.7) دۆلار، بۆیە دەکرێت بڵێین حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلە نەوتێکی بە زیاتر لە (106) دۆلار فرۆشتووە.
- ئەمە بۆ مانگەکانی (نیسان، ئایار و حوزەیران)یش ڕاستە، کاتێک نرخی نەوت لەمانگی نیسان (104.58) دۆلار بووە گریمانەی ئەوە کراوە بەهای بەرمیلێکی نەوتی هەرێم بە (94) دۆلار و لە مانگی ئایار (101.73) دۆلار بووە و نەوتی هەرێم بە (91) دۆلار و لەمانگی حوزەیرانیش بە تێکڕا (122.86) دۆلار بووەو ئەوەی هەرێمی کوردستانیش بەرمیلێکی بە بڕی (111) دۆلار فرۆشراوە. (چارتی ژمارە (2))




## سێیەم: داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2022 دا

### 1. کۆی گشتی داهاتی نەوتی هەرێم

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) دا بڕی (74 ملیۆن و 111 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە، بە تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی بە نزیکەی (96) دۆلار فرۆشتووە، لە کاتێکدا تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت لەو ماوەیەدا نزیکەی لە (106) دۆلار بووە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بە بۆری بەدەستهاتووە بریتی بووە لە (7 ملیار و 88 ملیۆن و 466 هەزار و 80) دۆلار. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3)) بە جۆرێک؛

- له مانگی کانونی دووەم، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار 600) دۆلار.
- له مانگی شوبات، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 822 هەزار) دۆلار.
- له مانگی ئازاردا کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 301 ملیۆن و 740 هەزار) دۆلاری ئەمریکی.
- له مانگی نیسان، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 274 ملیۆن و 185 هەزار 280) دۆلار.
- له مانگی ئایار، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 295 ملیۆن و 22 هەزار و 900) دۆلار.
- له مانگی حوزەیران، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 264 ملیۆن و 577 هەزار و 300) دۆلار.

## 2. خەرجی نەوتی هەرێم

بەپێی دواین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2021)دا، (56%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەکە دەڕوات، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) لە پرۆسەی نەوتدا بە خەرج دراوە، بریتی بووە لە (3 ملیار و 969 ملیۆن و 541 هەزار و 5) دۆلاری ئەمریکی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3))، بە جۆرێک؛

- له مانگی کانونی دووەم کە کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار) دۆلار، بڕی (543 ملیۆن و 792 هەزار و 816) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).
- له مانگی شوبات کە کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 822 هەزار) دۆلار، بڕی (549 ملیۆن و 853 هەزار و 920) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (%56).
- له مانگی ئازاردا کە کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 301 ملیۆن و 740 هەزار) دۆلار، بڕی (728 ملیۆن و 974 هەزار و 400) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).
- له مانگی نیسان، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 274 ملیۆن و 185 هەزار 280) دۆلار، بڕی (713 ملیۆن و 543 هەزار و 757) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).


- له مانگی ئایار، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 295 ملیۆن و 22 هەزار و 900) دۆلار، بڕی (725 ملیۆن و 212 هەزار و 824) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).
- له مانگی حوزەیران، کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 264 ملیۆن و 577 هەزار و 300) دۆلار، بڕی (708 ملیۆن و 163 هەزار و 288) دۆلاری چووە بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).


### 3. داهاتی ماوەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی دیلۆیت (44%)ی داهاتی نەوت لە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەکە بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) لە پرۆسەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە کەمترە لە کۆی خەرجییەکانی پرۆسەکە و بریتییە لە (3 ملیار و 118 ملیۆن و 925 هەزار و 75) دۆلاری ئەمریکی، بەرامبەر بە (4 ترلیۆن و 522 ملیار و 441 ملیۆن و 359 هەزار) دیناری عێراقی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3 + 4))، بە جۆرێک؛

- له مانگی کانونی دووەم کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (971 ملیۆن و 58 هەزار) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (427 ملیۆن و 265 هەزار و 784) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (619 ملیار و 535 ملیۆن و 386 هەزار و 800) دیناری عێراقی.
- له مانگی شوبات کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (981 ملیۆن و 822 هەزار) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (432 ملیۆن و 28 هەزار و 80) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (626 ملیار و 440 ملیۆن و 716 هەزار) دیناری عێراقی.
- له مانگی ئازار کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 301 ملیۆن و 740) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (572 ملیۆن و 765 هەزار و 600) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (830 ملیار و 510 ملیۆن و 120 هەزار) دیناری عێراقی.
- له مانگی نیسان کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 274 ملیۆن و 185 هەزار 280) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (506 ملیۆن و 641 هەزار و 523) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (812 ملیار و 930 ملیۆن و 208 هەزار و 640) دیناری عێراقی.

- له مانگی ئایار كۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 295 ملیۆن و 22 هەزار و 900) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (569 ملیۆن و 810 هەزار و 76) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (826 ملیار و 224 ملیۆن و 610 هەزار و 200) دیناری عێراقی.
- لە مانگی حوزەیران كۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (ملیارێک و 264 ملیۆن و 577 هەزار و 300) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (556 ملیۆن و 414 هەزار و 12) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (806 ملیار و 800 ملیۆن و 370 هەزار و 400) دیناری عێراقی.






## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە** (2022/7/3) **بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10603

## سەرچاوەکان


- ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021)،ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- درەو میدیا؛ هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10080
- ڕێکخراوی ڕوونبیین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، نەوتی بارکراوی هەرێم، کانونی دووەمی 2022؛
http://www.roonbeen.org
- ڕێکخراوی ڕوونبیین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، نەوتی بارکراوی هەرێم، شوباتی 2022؛
http://www.roonbeen.org
- ئەنوەر کەریم؛ داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی نیسانی 2022، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10230
- ئەنوەر کەریم؛ داهاتی مانگی ئایاری حکومەتی هەرێم (ترلیۆنێک و 213 ملیار) دینارە، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10409
- ئەنوەر کەریم؛ داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ مانگی حوزەیرانی ساڵی 2022، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10593

## نەوتی بارکراوی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022
## کەشتییەکانی ئیتاڵیاو یۆنان (65%)ی نەوتی هەرێمیان بارکردووە

لە شەش مانگی یەکەمی (2022)دا زیاتر لە (74) ملیۆن بەرمیلی نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکیا لە لەلایەن کەشتی (8) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، بەجۆرێک؛ کەشتییە ئیتاڵییەکان زۆرترین ڕێژەی نەوتی هەرێمیان بارکردووە کە زیاتر لە (34%) بووە، لە دوای ئیتاڵیاوە کەشتییە یۆنانییەکان زیاتر لە (30%) نەوتی هەرێمیان بارکردووە، کەشتییە ئیسرائیلییەکانیش زیاتر لە (11%)، ئیسپانییەکان زیاتر لە (6%)، کەشتییە کرواتییەکان زۆرتر لە (6%)، ڕۆمانییەکان نزیکەی (3%)، کەشتییەکانی وڵاتی تورکیا زیاتر لە (2%) و کەشتییە میسرییەکانیش نزیکەی (1%)ی نەوتی هەرێمیان بارکردووە.


### یەکەم: کۆی نەوتی بارکراوی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022

لە شەش مانگی ڕابردوودا (74 ملیۆن و 111 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە لە لەلایەن کەشتی (8) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (1)) بەجۆرێک؛

- بڕی (25 ملیۆن و 367 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (34.2%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (22 ملیۆن و 610 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (30.5%)ی لەلایەن کەشتییەکانی وڵاتی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (8 ملیۆن و 567 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (11.6%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (4 ملیۆن و 923 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (6.6%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسپانیا)وە بارکراوە.
- بڕی (4 ملیۆن و 819 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (6.5%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (کرواتیا)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 970 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (2.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ڕۆمانیا) وە بارکراوە.

- بڕی (1 ملیۆن و 652 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (2.2%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (تورکیا)وە بارکراوە.
- کەشتییە (میسر) یەکان کەمترین بڕی نەوتی هەرێمیان بارکردووە، کە بڕەکەی بریتی بووە لە (630 هەزار) بەرمیل بە ڕێژەی (0.9%) لە کۆی نەوتی بارکراوی هەرێم.
- بڕی (3 ملیۆن و 573 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (4.8%)ی لەلایەن چەند کەشتییەکەوە بارکراوە کە ناسنامەکانیان نەزانراوە.

**چارتی ژمارە (1)**




## دووەم: نەوتی بارکراوی هەرێم لە شەش مانگی یەکەمی 2022


### 1. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی کانونی دووەمی 2022

لە (کانونی دووەمی 2022)دا (12 ملیۆن و 863 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە لە لەلایەن کەشتی (5) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (2)) بەجۆرێک؛

- بڕی (3 ملیۆن و 553 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (27.6%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (5 ملیۆن و 281 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (41.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.

- بڕی (2 ملیۆن و 665 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (20.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (650 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (5.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ڕۆمانیا)وە بارکراوە.
- بڕی (714 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (5.6%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (کرواتیا)وە بارکراوە.

**چارتی ژمارە (2)**
**بڕو ڕێژەی نەوتی بارکراوی هەرێم لە کانونی دووەمی 2022**




| کەشتی وڵات | بڕی نەوتی بارکراوی هەرێم لە (کانونی دووەمی 2022) |
|---|---|
| ئیتالیا | 3553000 |
| یۆنان | 5281000 |
| ئیسرائیل | 2665000 |
| ڕۆمانیا | 650000 |
| کرواتیا | 714000 |
| **کۆ** | **12863000** |

## 2. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی شوباتی 2022

لە (شوباتی 2022)دا (12 ملیۆن و 863 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لە لەلایەن کەشتی (5) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (3)) بەجۆرێک؛

- بڕی (4 ملیۆن و 463 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (39.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (4 ملیۆن و 71 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (35.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (647 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (5.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (665 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (5.8%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (کرواتیا)وە بارکراوە.

- بڕی (ملیۆنێک و 558 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (13.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی(ئیسپانیا) وە بارکراوە.

چارتی ژمارە (3)
بڕو ڕێژەی نەوتی بارکراوی هەرێم لە شوباتی 2022




| کەشتی وڵات | بڕی نەوتی بارکراوی هەرێم لە (شوباتی 2022) |
|---|---|
| ئیتالیا | 4463000 |
| یۆنان | 4071000 |
| ئیسرائیل | 647000 |
| کرواتیا | 665000 |
| ئیسپانیا | 1558000 |
| کۆ | **11404000** |


## 3. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی ئازاری 2022

لە (ئازاری 2022)دا (12 ملیۆن و 193 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لە لەلایەن کەشتی (4) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (4)) بەجۆرێک؛

- بڕی (553 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (4.5%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (2 ملیۆن و 270 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (18.6%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (5 ملیۆن و 502 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (45.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 320 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (10.8%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (کرواتیا)وە بارکراوە.
- بڕی (2 ملیۆن و 548 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (20.9%)ی لەلایەن چەند کەشتییەکەوە بارکراوە کە ناسنامەکانیان نەزانراوە.

چارتی ژمارە (4)

بڕو ڕێژەی نەوتی بارکراوی هەرێم لە ئازاری 2022




| کەشتی وڵات | بڕی نەوتی بارکراوی هەرێم لە (ئازاری 2022) |
|---|---|
| یۆنان | 553000 |
| ئیسرائیل | 2270000 |
| ئیتالیا | 5502000 |
| کرواتیا | 1320000 |
| نادیار | 2548000 |
| کۆ | 12193000 |

## 4. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی نیسانی 2022

لە (نیسانی 2022)دا (13 ملیۆن و 616 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لە لەلایەن کەشتی (6) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (5)) بەجۆرێک؛

- بڕی (627 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (4.6%)ی لەلایەن کەشتییە (تورکیا)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 400 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (10.3%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 400 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (10.3%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (کرواتیا) وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 675 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (13%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسپانیا) وە بارکراوە.
- بڕی (3 ملیۆن و 675 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (27%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (4 ملیۆن و 749 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (34.9%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.

چارتی ژمارە (5)
بڕو ڕێژەی نەوتی بارکراوی هەرێم لە نیسانی 2022




| کەشتی وڵات | بڕی نەوتی بارکراوی هەرێم لە (نیسانی 2022) |
|---|---|
| تورکیا | 627000 |
| ئیسرائیل | 1400000 |
| کرواتیا | 1400000 |
| ئیسپانیا | 1765000 |
| یۆنان | 3675000 |
| ئیتالیا | 4749000 |
| کۆ | 13616000 |

## 5. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی ئایاری 2022

لە (ئایاری 2022)دا (12 ملیۆن و 730 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لە لەلایەن کەشتی (6) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (6)) بەجۆرێک؛

- بڕی (4 ملیۆن و 310 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (33.9%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (4 ملیۆن و 85 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (32.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 600 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (12.6%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسپانیا) وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 385 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (10.9%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (720 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (5.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (کرواتیا)وە بارکراوە.
- کەشتییە (میسر) یەکان کەمترین بڕی نەوتی هەرێمیان بارکردووە، کە بڕەکەی بریتی بووە لە (630 هەزار) بەرمیل بە ڕێژەی (4.9%) لە کۆی نەوتی بارکراوی هەرێم.

**چارتی ژمارە (6)**

**برو ڕێژەی نەوتی بارکراوی هەرێم لە ئایاری 2022**




| کەشتی وڵات | بری نەوتی بارکراوی هەرێم لە (ئایاری 2022) |
|---|---|
| یۆنان | 4310000 |
| ئیتالیا | 4085000 |
| ئیسپانیا | 1600000 |
| ئیسرائیل | 1385000 |
| کرواتیا | 720000 |
| مسر | 630000 |
| **کۆ** | **12730000** |

## 6. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی حوزەیرانی 2022

**لە (حوزەیرانی 2022)دا (11 ملیۆن و 305 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لە لەلایەن کەشتی (5) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (7)) بەجۆرێک؛**

- **بڕی (4 ملیۆن و 720 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (41.8%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.**
- **بڕی (3 ملیۆن و 15 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (26.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.**
- **بڕی (1 ملیۆن و 320 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (11.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ڕۆمانیا) وە بارکراوە.**
- **بڕی (1 ملیۆن و 25 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (9.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (تورکیا) وە بارکراوە.**
- **بڕی (200 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (1.8%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.**
- **بڕی (1 ملیۆن و 25 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (9.1%)ی لەلایەن چەند کەشتییەکەوە بارکراوە کە ناسنامەکانیان نەزانراوە.**

**چارتی ژمارە (7)**

**بڕو ڕێژەی نەوتی بارکراوی هەرێم لە حوزەیرانی 2022**




| کەشتی وڵات | بڕی نەوتی بارکراوی هەرێم لە (حوزەیرانی 2022) |
|---|---|
| یۆنان | 4720000 |
| ئیتالیا | 3015000 |
| ڕۆمانیا | 1320000 |
| تورکیا | 1025000 |
| ئیسرائیل | 200000 |
| نادیار | 1025000 |
| **کۆ** | **11305000** |

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/7/5) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10621

## سەرچاوەکان


- درەو میدیا؛ هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10080
- ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، نەوتی بارکراوی هەرێم، کانونی دووەمی 2022؛
http://www.roonbeen.org
- ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، نەوتی بارکراوی هەرێم، شوباتی 2022؛
http://www.roonbeen.org
- ئەنوەر کەریم؛ داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی نیسانی 2022، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10230
- ئەنوەر کەریم؛ داهاتی مانگی ئایاری حکومەتی هەرێم (ترلیۆنێک و 213 ملیار) دینارە، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10409
- ئەنوەر کەریم؛ داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ مانگی حوزەیرانی ساڵی 2022، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10593

## دیوی ناوەوەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت... پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022)دا

بەپێی داتاکانی دیلۆیت لە چارەکی یەکەمی (2022)دا، کۆی نەوتی فرۆشراوی هەرێم (لە ناوخۆ و هەناردەکردنی بە بۆری)، زیاتر لە (39 ملیۆن) بەرمیل بووەو کۆی داهاتەکەی زیاتر لە (3 ملیار و 63 ملیۆن) دۆلار بووە. تەنها تەنها بڕی (1 ملیار و 343 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (43.9%)ی داهاتی گشتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

واتە جگە لەوەی نەوتی هەرێم بە نزیکەی (14) دۆلار کەمتر لە نرخی جیهانی لەو ماوەیەدا فرۆشراوە، (56.1%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکەو کرێی بەرهەمهێنان، کرێی گواستنەوە، گۆڕانکاری حسابی کڕیاران، سوود و رسومات...

## ئامارەکانی دیلۆیت و داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم (لە ڕێگەی بۆرییەوە) لە چارەکی یەکەمی (2022) دا

ڕۆژی (2022/7/18) کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی خۆی بۆ چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) بڵاو کردەوە، ئەمە لە کاتێکیدا نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) تێپەڕیووە.

بەپێی ئەو ئامارو وردبینیانەی کۆمپانیای دیلۆت بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان لە (1ی کانونی دووەم بۆ 31ی ئازاری 2022) بڵاوی کردووتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەوای ئەو سێ مانگەدا بڕی (36 ملیۆن و 453 هەزار و 590) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جیهانی تورکیا کردووە، لەو بڕەش دوای بەکۆگاکردن و پاککردنەوەی لە پێکهاتەی ئاو تەنها (34 ملیۆن و 923 هەزار و 168) بەرمیلی ڕادەستی کڕیاران کراوە، بە تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (86.73) دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلاری ئەمریکی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

خشتەی ژمارە (1)
بڕو داهاتی نەوتی هەرێم (لە ڕێگەی بۆرییەوە) لە چارەکی یەکەمی (2022)

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت 2022 | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ ڕۆژانە/ بەرمیل | تێکرای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار |
|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12,431,994 | 401,032 | 73.894 | 918,649,765 |
| شوبات | 11,302,306 | 403,654 | 88.281 | 997,778,876 |
| ئازار | 11,188,868 | 360,931 | 99.426 | 1,101,275,522 |
| **کۆ/تێکڕا** | **34,923,168** | **388,539** | **86.730** | **3,028,903,497** |

***تێبینی/ ئەگەر تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی سێ مانگی یەکەمی (2022) وەربگرین، وەک لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت ئاماژەی پێدراوە ئەوا نرخی هەر بەرمیلێک بریتی دەبێت لە (87.2) دۆلار نەک (86.73) دۆلار، کۆی داهاتەکەشی (3 ملیار و 45 ملیۆن و 311 هەزار و 891) دۆلار دەبێت نەک (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلار، بەڵام لە خشتەکەدا هەمان ئەو ئەنجامەمان داناوە کە دیلۆیت ئاماژەی پێداوە، چونکە وەک ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت ئاماژەی پێداوە بەشێک لە نەوتەکە لە کارگۆی نەوتی بێ مواسەفات و ئاو بە هەرزانتر فرۆشراوە.***

ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەردەوام پرۆسەی نەوتی هەرێم خەرجی و تێچووەکانی گەورەترە لەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت کۆی نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022)دا بە هەردوو شێوەی (بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ) کە بڕی (39 ملیۆن و 88 هەزار و 710) بەرمیل بووە، بەهاکەی بریتی بووە لە (3 ملیارو 63 ملیۆن و 356 هەزار و 891) دۆلاری ئەمریکی، لەو بڕەش (1 ملیار و 719 ملیۆن و 515 هەزار و 659) دۆلاری بە ڕێژەی (56.1%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە، بەجۆرێک؛

- بڕی (1 ملیار و 22 ملیۆن و 935 هەزار) دۆلار بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی نەوت ڕۆشتووە کە دەکاتە ڕێژەی (33.4%).
- بڕی (127 ملیۆن و 455 هەزار) دۆلار بۆ تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (کرێی بۆری ناو تورکیا) کە دەکاتە ڕێژەی (4.2%)ی داهات.
- کرێی بۆری کوردستان بریتی بووە لە (122 ملیۆن و 165 هەزار) دۆلار کە دەکاتە (4%).
- بڕی (125 ملیۆن) دۆلار بۆ قەرزی کۆمپانیای وزەی تورکی و کۆمپانیای پێترۆڵی تورکی نێودەوڵەتی ڕۆشتووە کە دەکاتە ڕێژەی (4%) داهاتی گشتی .
- گۆڕانکاری حسابی کڕیاران، سوود و رسومات و قەرزی لایەنی سێیەم بریتی بووە لە (321 ملیۆن و 960 هەزار) دۆلار کە دەکاتە ڕێژەی (10.5%)ی داهات .

تەنها بڕی (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلاری بە ڕێژەی (43.9%)ی داهاتی (نەوتی فرۆشراو لە ڕێگەی بۆری و فرۆشەکانی ناوخۆوە) گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بەم پێیەش هەر بەرمیلێک نەوت تەنها (34.34) دۆلاری چووتە سەر بودجەی گشتی هەرێم، بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

**خشتەی ژمارە (2)**
**کۆی داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022**

| وردبینی ڕاپۆرتی دیلۆیت | کۆی داهاتی نەوتی خاوی فرۆشراو (بۆری + ناوخۆ) | داهاتی ماوە بۆ حکومەت | ڕێژەی داهاتی ماوە | خەرجی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی پرۆسەی نەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| 2022/3/31 - 2021/1/1 | $3,063,356,891 | $1,343,841,232 | 43.9% | $1,719,515,659 | 56.1% |

## کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022)

بەپێی وردبینیەکانی کۆمپانیای دیلۆت، لە ڕابردوودا کرێی بۆری و گواستنەوەی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا، یەکێک بووە لەو خەرجیە گەورانەی سەرنجی چاودێرانی بوارەکەی ڕاکێشابوو، چونکە بە تێکڕا لە لە ساڵی (2021)دا نزیکەی (10%)ی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ کرێی گواستنەوەی بۆری خەرج کرابوو.

بەڵام کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022)، تارادەیەک گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک ئەو (36 ملیۆن و 453 هەزار و 590) بەرمیل نەوتەی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوەو بڕی (34 ملیۆن و 923 هەزار و 168) بەرمیلی ڕادەستی کڕیاران کراوە، کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلاری ئەمریکی تەنها (4%)ی ئەو داهاتە بە بڕی (122 ملیۆن و 165 هەزار و 292) دۆلار دراوە بە خاوەن پشکەکانی بۆری نەوتی کوردستان واتە هەر بەرمیلێک لە نێوان (3.35 – 3.5) دۆلار کرێی گواستنەوەکەی بووە لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا.

بڕی (127 ملیۆن و 455 هەزار) دۆلار بۆ تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (کرێی بۆری ناو تورکیا) کە دەکاتە ڕێژەی (4.16)ی داهات ڕۆشتووە بۆ کرێی بۆری لە خاکی تورکیادا. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)).

خشتەی ژمارە (3)
نەوتی فرۆشراو و کرێی بۆری لە چارەکی یەکەمی 2022

| کرێی گواستنەوە | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | کرێی گواستنەوەی بۆری بە دۆلار | کرێی گواستنەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) | ڕێژەی کرێی گواستنەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) |
|---|---|---|---|---|
| کرێی گواستنەوە لە نێو خاکی هەرێم | 34,923,168 | 122,165,292 | 3.50 | %4.0 |
| کرێی گواستنەوە لە نێوخاکی تورکیا | | 127,455,135 | 3.65 | %4.2 |
| **کۆ** | | **249,620,427** | **7.15** | **%8.2** |

## هەزانتر فرۆشتنی نەوتی هەرێم

به گوێرەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت هەرزان فرۆشتن و هەراجکردنی نەوتی هەرێم بەردەوامە و بەپێی داتاکان نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022)دا، نەوتی هەرێم (13.72) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە (خشتەی ژمارە (4)) ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (4)**
**هەرزان فرۆشکردنی نەوتی هەرێم بەراورد بە بازاڕەکانی جیهان**

| ساڵی 2022 | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان (بۆ هەر سێ مانگەکە) | تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم | جیاوازی نرخی نەوتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| 21-Jan | $86.51 | **$100.45** | **$86.73** | **-$13.72** |
| 21-Feb | $97.13 | | | |
| 21-Mar | $117.70 | | | |

## نەوتی هەرێم و فرۆشتنی بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ

پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (4) پاڵاوگەی فەرمییە، پێکەوە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاویان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی سوتەمەنی و وزە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی پێویستیان بۆ دابین ناکات.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو دەدات بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و لە بەرامبەردا حکومەت بڕێک پارە دەدات بە پاڵاوگەکان بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆ، بەڵام بڕەکە زۆر لەوە کەمترە کە پێداویستیی پاڵاوگەکان پڕ بکاتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە (5)) کە بڕی ئەو نەوتە خاوە نیشان دەدات کە پاڵاوگەکان لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵ پێیان دراوە. واتە بە جۆرێک ئەو ماوەیە کە دەکاتە (90) ڕۆژ و ئەگەر ئەو بڕە نەوتەی پێیان دراوە دابەشی ڕۆژەکان بکەین دەکاتە (24 هەزار و 734) بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە.

**خشتەی ژمارە (5)**
**رادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن چارەکی یەکەمی 2022**

| وردبینی راپۆرتەکانی دیلۆیت | رادەستکردنی نەوتی خاو لە لەیان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن/ بەرمیل | رادەستکردنی نەوتی خاو لە لەیان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن/ بەرمیل/ رۆژانە |
|---|---|---|
| 2022/3/31 - 2022/1/1 | 2,226,083 | 24,734 |

**جگە لەوەی پاڵاوگەکان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپاڵێون (وەک لە پێشتر ئاماژەی پێکراوە)، ڕۆژانە بڕێکیش نەوتیان پێ دەفرۆشێت، بەپێی ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بڕی(409 هەزار و 37) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای نرخی (84.23) دۆلار بە پاڵاوگەکان فرۆشتووە، کە بۆ هەر ڕۆژێک (4 هەزار و 544) بەرمیل بووە. کۆی داهاتەکەی دەکاتە (34 ملیۆن و 453 هەزار و 394) دۆلار، بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (6))**

**خشتەی ژمارە (6)**
**سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران لە ناوخۆ لە چارەکی یەکەمی 2022**

| وردبینی راپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ رۆژانە/بەرمیل | تێکرای نرخی (1) بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|---|
| 2022/3/31 – 2022/1/1 | 409,037 | 4,544 | $84.23 | $34,453,394 |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/7/19) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10699

## سەرچاوە


- **ڕاپۆرتی دیلۆیت؛ بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢؛**

https://govkrd.b-cdn.net

## چنگی تورکیا لە کەرتی نەوتی هەرێمدا... لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا (252) ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیا تورکییەکان بووە

پاڵپشت بە داتاکانی دیلۆیت ئەو برە پارەیەی کە لە بری قەرز و کرێی بۆری بۆ هەردوو کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و کۆمپانیای پیترۆلی تورکی نێودەوڵەتی (TPIC) لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ خەرج کراوە بەم جۆرە بووە.

# کۆی پارەی خەرجکراو بۆ هەردوو کۆمپانیاکە لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بریتی بووە لە (252 ملیۆن و 455 هەزار و 135) دۆلار.

# کۆی پارەی خەرجکراو بۆ هەر سێ مانگەکە بە شێوەی ڕۆژانە بریتی دەبێت لە (2 ملیۆن و 805 هەزار و 57) دۆلار.

# هەر بەرمیلێک نەوت نزیکەی (7) دۆلاری بۆ ئەو دوو کۆمپانیا تورکییە بووە.

# (8.33%)ی داهاتی نەوتی هەرێم (لە ڕێگەی بۆرییەوە) بۆ ئەو دوو کۆمپانیا تورکییە ڕۆیشتووە.

### سودمەندبوونی تورکیا لە کەرتی نەوتی هەرێم

ڕۆژی (2022/7/18) کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی خۆی بۆ چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) بڵاو کردەوە، بەپێی ئەو ئامارو وردبینیانەی کۆمپانیای دیلۆت بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان لە (1ی کانونی دووەم بۆ 31ی ئازاری 2022) بڵاویکردووتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ئەو سێ مانگەدا بڕی (36 ملیۆن و 453 هەزار و 590) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جیهانی تورکی کردووە، لەو بڕەش دوای بەکۆگاکردن و پاککردنەوەی لە پێکهاتەی ئاو تەنها (34 ملیۆن و 923 هەزار و 168) بەرمیلی ڕادەستی کڕیاران کراوە، بە تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (86.73) دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلاری ئەمریکی.

هەر بە پێی ڕاپۆرتەکە حکومەتی هەرێم دوو جۆر پارەی داوە بە دوو کۆمپانیای تورکی، ئەوانیش؛

1. پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) واتە لە بری (کرێی بۆری) بۆ گواستنەوەی نەوتی هەرێم.
2. قەرزدانەوەی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) کۆمپانیای پیترۆلی تورکی نێودەوڵەتی (TPIC).

کۆی ئەو پارەیەشی کە دراوە بەو دوو کۆمپانیایە بریتی بوو لە بڕی (252 ملیۆن و 455 هەزار و 135) دۆلار، بە جۆرێک (125 ملیۆن) دۆلاری لەبری قەرز و (127 ملیۆن و 455 هەزار و 252) دۆلاری لە بری گواستنەوەی نەوتی هەرێم لە نێو خاکی تورکیا بووە. بەم پێیەش،

# هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم کە بە (86.73) دۆلار فرۆشراوە (6.93) دۆلاری بۆ ئەو دوو کۆمپانیا تورکییە ڕۆیشتووە.

# حکومەتی هەرێم لەو (36 ملیۆن و 453 هەزار و 590) بەرمیل نەوتەی هەناردەی کردووە، بڕی (34 ملیۆن و 923 هەزار و 168) بەرمیلی ڕادەستی کڕیاران کراوە، کۆی بەهاکەی بریتی بووە (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلار و لەو بڕەش (252 ملیۆن و 455 هەزار و 135) دۆلاری بە ڕێژەی (8.33%) دراوە بە دوو کۆمپانیا تورکییە.

بۆ بەرچاوروونی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (1)

### خشتەی ژمارە (1)

سودمەندبوونی کۆمپانیا تورکییەکان لە پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022

| سودمەندانی کۆمپانیا تورکییەکان لە پرۆسەی نەوتی هەرێم | بری پارەی دراو لە لایەن حکومەتی هەرێم | سافی نەوتی خاوی هەناردەکراو/ بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار | تێکرای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراوی هەرێم | بری پارەدان بە کۆمپانیا تورکییەکان بۆ هەر بەرمیلێک نەوت | ڕێژەی پارەدان بە کۆمپانیا تورکییەکان لە (کۆی گشتی داهات) و (بەهای هەر بەرمیلێک نەوت) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) (کرێی بۆری) | $127,455,135 | 36,453,590 | $3,028,903,497 | $86.73 | $6.93 | 8.33% |
| قەرزدانەوەی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) کۆمپانیای پیترۆلی تورکی نێودەوڵەتی (TPIC) | $125,000,000 | | | | | |
| کۆ | $252,455,135 | | | | | |

## کۆی پارەی دراو بە کۆمپانیا تورکییەکان بە شێوەی ڕۆژانەو مانگانەو چارەکی یەکەمی 2022

**پاڵپشت بەو شیکردنەوانەی سەرەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە پارەیەی کە لە بری قەرز و کرێی بۆری بۆ هەردوو کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) کۆمپانیای پیترۆلی تورکی نێودەوڵەتی (TPIC) لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ خەرجی کردووە بە شێوەی مانگانەو ڕۆژانە بەم جۆرە بووە.**

**# کۆی پارەی خەرجکراو لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بریتی بووە لە (252 ملیۆن و 455 هەزار و 135) دۆلار.**

**# کۆی پارەی خەرجکراو بۆ مانگی کانونی دووەم کە (31) ڕۆژ بووە بریتی دەبێت لە (86 ملیۆن و 956 هەزار و 769) دۆلار.**

**# کۆی پارەی خەرجکراو بۆ مانگی شوبات کە (28) ڕۆژ بووە، بریتی دەبێت لە (78 ملیۆن و 541 هەزار و 597) دۆلار.**

**# کۆی پارەی خەرجکراو بۆ مانگی ئازار کە (31) ڕۆژبووە بریتی دەبێت لە (86 ملیۆن و 956 هەزار و 769) دۆلار.**

**# پارەی خەرجکراو لە هەر سێ مانگەکە بە شێوەی ڕۆژانە بریتی دەبێت لە (2 ملیۆن و 805 هەزار و 57) دۆلار.**

**بۆ بەرچاوروونی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (2)**

**خشتەی ژمارە (2)**

کۆی پارەی دراو بە کۆمپانیا تورکییەکان بە شێوەی ڕۆژانەو مانگانەو چارەکی یەکەمی 2022

| کۆی بڕی پارەی دراو لە لایەن حکومەتی هەرێم بە کۆمپانیا تورکییەکانی (TEC) و (TPIC) | بڕی پارەی دراو بە کۆمپانیا تورکییەکان لە لایەن حکومەتی هەرێم بە پێی مانگەکان | | بڕی پارەی دراو بە کۆمپانیا تورکییەکان لە لایەن حکومەتی هەرێم بە ڕۆژانە |
|---|---|---|---|
| $252,455,135 | کانونی دووەمی 2022 | $86,956,769 | $2,805,057 |
| | شوباتی 2022 | $78,541,597 | |
| | ئازاری 2022 | $86,956,769 | |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/7/26) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10753

## سەرچاوە


- **ڕاپۆرتی دیلۆیت؛ بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢.**

## پرۆسەی نەوتی هەرێم لە هەردوو چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)دا بەرهەمهێنان (7%) کەمیکردووە و داهات (39.5%) زیادیکردووە

بەپێی داتاکانی دیلۆیت لە هەردوو چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)دا، گۆڕانکاری گەورە بەسەر داهات و نرخ و خەرجی نەوتدا هاتووە بە جۆرێک؛

# هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022) بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2021)، بەڕێژەی (7%) و بە تێکڕای ڕۆژانەی (27 هەزار و 511) بەرمیل کەمیکردووە.

# کۆی داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە چارەکی یەکەمی (2022) بەڕێژەی (39.5%) زیادیکردووە، بەراورد بە سێ مانگی یەکەمی (2021).

# لە چارەکی یەکەمی (2022) بەراورد بە سێ مانگی یەکەمی (2021) خەرجی پرۆسەی نەوت بە ڕێژەی (1.9%) زیادیکردووە، چونکە داهاتی گەڕاوەی پرۆسەی نەوت لە ڕێژەی (45.8%)ی دابەزیوە بۆ (43.9%)ی داهاتی نەوت.

# کرێی بۆری لە نێو خاکی هەرێمدا بەێژەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە کرێی بۆری لە نێو خاکی تورکیادا بەێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

# لە چارەکی یەکەمی (2021)دا، بەرمیلێک نەوتی بە (11.86) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە. بەڵام لە چارەکی یەکەمی (2022)دا نەوتی هەریم بە (13.72) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە.

# لە چارەکی یەکەمی (2022) حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە نەوتەی زیادکردووە کە بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستانی داوەو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی، بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2021)، (442 هەزار و 923) بەرمیل نەوتی زیادکردووە..

# ئەو بڕە نەوتەشی کە بە پاڵاوگەکان فرۆشراوە لە چارەکی یەکەمی (2022)دا بەراورد بە سێ مانگی یەکەمی (2021)، سەرجەم داتاکان بەرزبوونەتەوە.

## ئامارەکانی دیلۆیت و داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم (لە ڕێگەی بۆرییەوە) لە چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)

بەپێی ئەو ئامارو وردبینیانەی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان لە (1ی کانونی دووەم بۆ 31ی ئازاری 2021) بڵاوی کردووتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەوای ئەو سێ مانگەدا بڕی (38 ملیۆن و 135 هەزار و 373) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا کردووە، لەو بڕەش دوای بەکۆگاکردن و پاککردنەوەی لە پێکهاتەی ئاو تەنها (37 ملیۆن و 444 هەزار و 522) بەرمیلی ڕادەستی کڕیاران کراوە، بە تێکڕا بەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (48.961) دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (1 ملیار و 833 ملیۆن و 324 هەزار و 620) دۆلاری ئەمریکی.

ئەمە لە کاتێکدایە، بەپێی وردبینییەکەی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان لە (1ی کانونی دووەم بۆ 31ی ئازاری 2022) بڵاویکردووتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ئەو سێ مانگەدا بڕی (36 ملیۆن و 453 هەزار و 590) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا کردووە، لەو بڕەش دوای بەکۆگاکردن و پاککردنەوەی لە پێکهاتەی ئاو تەنها (34 ملیۆن و 923 هەزار و 168) بەرمیلی ڕادەستی کڕیاران کراوە، بە تێکڕا بەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (86.73) دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلاری ئەمریکی.

ئەو جیاوازییەی لە ڕووی هەناردەو داهات و نرخی فرۆشتنی نەوت لە هەردوو چارەکی یەکەمی ساڵەکانی (2021 و 2022) کەوتووەتەوە بەمجۆرەن؛

- هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022) بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2021)، بڕی (2 ملیۆن و 521 هەزار و 354) بەرمیل نەوت بەڕێژەی (7%) و بە تێکڕای ڕۆژانەی (27 هەزار و 511) بەرمیل کەمیکردووە.
- لە چارەکی یەکەمی (2022) هەر بەرمیلێک نەوت بە (37.769) دۆلار زیاتر فرۆشراوە، بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2021).
- کۆی داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە چارەکی یەکەمی (2022) بڕی (1 ملیار و 195 ملیۆن و 578 هەزار و 877) دۆلار و بەڕێژەی (39.5%) زیادیکردووە، بەراورد بە سێ مانگی یەکەمی (2021).

بۆ وردەکاری زیاتری هەردوو سێ مانگی ساڵانی (2021 و 2022) بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

**خشتەی ژمارە (1)**

**بڕو داهاتی نەوتی هەرێم (لە ڕێگەی بۆرییەوە) لە چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)**

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ ڕۆژانە/ بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار |
|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەمی 2021 | 12,273,995 | 395,935 | 43.447 | 533,268,261 |
| کانونی دووەمی 2022 | 12,431,994 | 401,032 | 73.894 | 918,649,765 |
| جیاوازی بڕ/ کانونی دووەمی (2022 بەراورد بە 2021) | 157,999 | 5,097 | 30.447 | 385,381,504 |
| شوباتی 2021 | 12,152,497 | 434,018 | 50.098 | 608,815,795 |
| شوباتی 2022 | 11,302,306 | 403,654 | 88.281 | 997,778,876 |
| جیاوازی بڕ/ شوباتی (2022 بەراورد بە 2021) | −850,191 | −30,364 | 38.183 | 388,963,081 |
| ئازاری 2021 | 13,018,030 | 419,936 | 53.099 | 691,244,375 |
| ئازاری 2022 | 11,188,868 | 360,931 | 99.426 | 1,101,275,522 |
| جیاوازی بڕ/ ئازار (2022 بەراورد بە 2021) | −1,829,162 | −59,005 | 46.327 | 410,031,147 |
| **کۆ/ 2021** | **37,444,522** | **416,050** | **48.961** | **1,833,324,620** |
| **کۆ/ 2022** | **34,923,168** | **388,539** | **086.73** | **3,028,903,497** |
| **جیاوازی کۆی بڕ (2022 بەراورد بە 2021)** | **−2,521,354** | **−27,511** | **37.769** | **1,195,578,877** |

**بەردەوام پرۆسەی نەوتی هەرێم خەرجی و تێچووەکانی گەورەتر بوونە لەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت کۆی نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2021)دا بە هەردوو شێوەی (بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ) کە بڕی (40 ملیۆن و 42 هەزار و 771) بەرمیل بووە، بەهاکەی بریتی بووە لە (1 ملیارو 840 ملیۆن و 713 هەزار و 527) دۆلاری ئەمریکی، لەو بڕەش (997 ملیۆن و 962 هەزار و 859) دۆلاری بە ڕێژەی (54.2%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە.**

**بڕی (842 ملیۆن و 750 هەزار و 668) دۆلاری بە ڕێژەی (45.8%)ی داهاتی (نەوتی فرۆشراو لە ڕێگەی بۆری و فرۆشتنی ناوخۆوە) گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.**

**بەڵام کۆی نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022)دا بە هەردوو شێوەی (بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ) بڕی (39 ملیۆن و 88 هەزار و 710) بەرمیل بووە، بەهاکەی بریتی بووە لە (3 ملیارو 63 ملیۆن و 356 هەزار و 891) دۆلاری ئەمریکی، لەو بڕەش (1 ملیار و 719 ملیۆن و 515 هەزار و 659) دۆلاری بە ڕێژەی (56.1%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە.**

**تەنها بڕی (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلاری بە ڕێژەی (43.9%)ی داهاتی (نەوتی فرۆشراو لە ڕێگەی بۆری و فرۆشتنی ناوخۆوە) گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.**

**کەواتە ئەو جیاوازییەی لە داهات و خەرجی دروست بووە لە هەردوو چارەکی یەکەمی ساڵەکانی (2021 و 2022) بەمجۆرەن؛**

- **لە چارەکی یەکەمی (2022) بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە بڕی (1 ملیار و 222 ملیۆن و 643 هەزار و 364) دۆلار داهاتی گشتی نەوت زیادیکردووە بەراورد بە سێ مانگی یەکەمی (2021).**
- **هەروەک چۆن داهاتی گشتی نەوتی هەرێم زیادیکردووە بە هەمان شێوە داهاتی گەڕاوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (501 ملیۆن و 90 هەزار و 564) دۆلار زیادیکردووە، بەڵام بەراورد بەو ڕێژەیەی کە لە چارەکی یەکەمی (2021) گەڕاوەتەوە بە ڕێژەی (1.9%) کەمیکردووە. چونکە لە سێ مانگی یەکەمی (2021) داهاتی گەڕاوە بە ڕێژەی (45.8%) بووە، بەڵام لە سێ مانگی یەکەمی (2022) داهاتی گەڕاوە بە ڕێژەی (43.9%) بووە.**

- بەمانایەکی دیکە لە چارەکی یەکەمی (2022) بەراورد بە سێ مانگی یەکەمی (2021) خەرجی پرۆسەی نەوت بە ڕێژەی (1.9%) زیادیکردووە.

بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

**خشتەی ژمارە (2)**

**کۆی داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)**

| وردبینی ڕاپۆرتی دیلۆیت | کۆی داهاتی نەوتی خاوی فرۆشراو (بۆری + ناوخۆ) | داهاتی ماوە بۆ حکومەت | ڕێژەی داهاتی ماوە | خەرجی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی پرۆسەی نەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| 2021/3/31 – 2021/1/1 | $1,840,713,527 | $842,750,668 | 45.8% | $997,962,859 | 54.2% |
| 2022/3/31 – 2022/1/1 | $3,063,356,891 | $1,343,841,232 | 43.9% | $1,719,515,659 | 56.1% |
| **جیاوازی بڕو ڕێژە/ چارەکی یەکەمی (2022 بەراورد بە 2021)** | **$1,222,643,364** | **$501,090,564** | **–1.9%** | **$721,552,800** | **1.9%** |

## کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە هەردوو چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)

**کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2021)، لە کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێمەوە کە لە ڕێگەی بۆرییەوە هەناردەکراوە (11.8%)ی بە بڕی (215 ملیۆن و 480 هەزار و 919) دۆلار دراوە بە خاوەن پشکەکانی بۆری نەوتی کوردستان واتە هەر بەرمیلێک (5.75) دۆلار کرێی گواستنەوەکەی بووە لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا.**

**بڕی (52 ملیۆن و 745 هەزار و954) دۆلار بۆ تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (کرێی بۆری ناو تورکیا) کە دەکاتە ڕێژەی (2.9%)ی داهات ڕۆشتووە بۆ کرێی بۆری واتە هەر بەرمیلێک (1.41) دۆلار کرێی گواستنەوەکەی بووە لە نێو خاکی تورکیادا.**

**کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2022)، لە کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێمەوە کە لە ڕێگەی بۆرییەوە هەناردەکراوە (4%)ی بە بڕی (122 ملیۆن و 165 هەزار و 292) دۆلار دراوە بە خاوەن پشکەکانی بۆری نەوتی کوردستان واتە هەر بەرمیلێک (3.5) دۆلار کرێی گواستنەوەکەی بووە لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا.**

**بڕی (127 ملیۆن و 455 هەزار 135) دۆلار بۆ تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (کرێی بۆری ناو تورکیا) کە دەکاتە ڕێژەی (4.2%)ی داهات ڕۆشتووە بۆ کرێی بۆری واتە هەر بەرمیلێک (3.65) دۆلار کرێی گواستنەوەکەی بووە لە نێو خاکی تورکیادا.**

**کەواتە ئەو جیاوازییەی لە کرێی بۆرییەوە دروست بووە لە هەردوو چارەکی یەکەمی ساڵەکانی (2021 و 2022) بەمجۆرەن؛**

- **کرێی بۆری لە نێو خاکی هەرێمدا بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە، بە جۆرێک (93 ملیۆن و 315 هەزار و 627) دۆلار کرێی گواستنەوە لە نێو خاکی هەرێمدا کەمیکردووە و گواستنەوەی هەر بەرمیلێکی نەوت لە چارەکی یەکەمی (2022) بەراورد بە (2021) بڕی (2.26) دۆلار کەمیکردووە.**
- **بەپێچەوانەی خاڵی پێشترەوە، کرێی بۆری لە نێو خاکی تورکیادا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بە جۆرێک (74 ملیۆن و 709 هەزار و 181) دۆلار کرێی گواستنەوە لە نێو خاکی تورکیادا زیادیکردووە و گواستنەوەی هەر بەرمیلێکی نەوت لە چارەکی یەکەمی (2022) بەراورد بە (2021) بڕی (2.24) دۆلار زیادیکردووە.**
- **بەشێوەیەکی گشتی لە هەردووە ماوەکەدا کۆی کرێی گواستنەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، چونکە هەر بەرمیلێک نەوت لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە**

تا بەندەری جەیهانی تورکیا (7.15) دۆلاری تێچووە، بەڵام بەراورد بە ڕێژەی بەهای نەوت بێگومان لە ساڵی (2022)دا نزمترە بەراورد بە ساڵی (2021)، چونکە نرخی نەوت بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)).

**خشتەی ژمارە (3)**

**نەوتی فرۆشراو و کرێی بۆری لە چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)**

| وردبینی ڕاپۆرتی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | کرێی گواستنەوە | کرێی گواستنەوە | کرێی گواستنەوەی بۆری بە دۆلار | کرێی گواستنەوەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) | ڕێژەی کرێی گواستنەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەمی 2021 | 37,444,522 | کرێی گواستنەوە لە نێو خاکی هەرێم | چارەکی یەکەمی 2021 | 215,480,919 | 5.75 | 11.8% |
| | | | چارەکی یەکەمی 2022 | 122,165,292 | 3.50 | %4.0 |
| | | | **جیاوازی کرێ (2022 بەراورد بە 2021)** | **–93,315,627** | **–2.26** | **–7.8%** |
| چارەکی یەکەمی 2022 | 34,923,168 | کرێی گواستنەوە لە نێو خاکی تورکیا | چارەکی یەکەمی 2021 | 52,745,954 | 1.41 | 2.9% |
| | | | چارەکی یەکەمی 2022 | 127,455,135 | 3.65 | %4.2 |
| | | | **جیاوازی کرێ (2022 بەراورد بە 2021)** | **74,709,181** | **2.24** | **1.3%** |
| **کۆ** | **72,367,690** | **کۆی کرێی گواستنەوە** | چارەکی یەکەمی 2021 | 268,226,873 | 7.16 | 14.7% |
| | | | چارەکی یەکەمی 2022 | 249,620,427 | 7.15 | %8.2 |
| | | | **جیاوازی کرێ (2022 بەراورد بە 2021)** | **–18,606,446** | **–0.02** | **%6.5–** |

## هەزانتر فرۆشتنی نەوتی هەرێم

بە گوێرەی ڕاپۆرتی دیلۆیت حکومەتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی (2021)دا، بەرمیلێک نەوتی بە (11.86) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشتووە.

بەڵام لە چارەکی یەکەمی (2022)دا، حکومەتی هەرێم بەرمیلێک نەوتی بە (13.72) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشتووە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لە چارەکی یەکەمی (2022) هەر بەرمیلێک نەوتی بە (1.86) دۆلار هەرزانتر فرۆشتووە، بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2021). خشتەی ژمارە (4)) ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (4)**

**هەرزان فرۆشکردنی نەوتی هەرێم بەراورد بە بازاڕەکانی جیهان لە چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)**

| وردبینی ڕاپۆرتی دیلۆیت | مانگەکان | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان (بۆ هەر سێ مانگەکە) | تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم | جیاوازی نرخی نەوتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەمی 2021 | کانونی دووەم | $54.77 | $60.82 | $48.96 | –$11.86 |
| | شوبات | $62.28 | | | |
| | ئازار | $65.41 | | | |
| چارەکی یەکەمی 2022 | کانونی دووەم | $86.51 | $100.45 | $86.73 | –$13.72 |
| | شوبات | $97.13 | | | |
| | ئازار | $117.70 | | | |
| **بەهای جیاوازی نرخی نەوت (2022 بەراورد بە 2021)** | | | **$39.63** | **$37.77** | **–$1.86** |

## نەوتی هەرێم و فرۆشتن بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ

بەپێی ڕاپۆرتی دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو دەدات بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و لە بەرامبەردا حکومەت بڕێک پارە دەدات بە پاڵاوگەکان بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆ، بۆئەم مەبەستە؛

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت لە چارەکی یەکەمی (2021) حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕێک نەوتی خاوی داوە بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان کە بڕەکە بریتی بووە لە (1 ملیۆن و 783 هەزار و 160) بەرمیل نەوت، واتە (19 هەزار و 813) بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە.

بەڵام لە چارەکی یەکەمی (2022) حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە نەوتەی زیادکردووە کە بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستانی داوەو بڕەکەی بریتی بووە لە (2 ملیۆن و 226 هەزار و 83) بەرمیل، کە دەکاتە (24 هەزار و 734) بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە.

بەم پێیەش لە چارەکی یەکەمی (2022)دا (442 هەزار و 923) بەرمیل نەوتی زیاد کردووە کە زیادکردنەکە بۆ هەر ڕۆژێک دەکاتە (4 هەزار و 921) بەرمیل نەوت. بڕوانە خشتەی ژمارە (5)).

## خشتەی ژمارە (5)

### ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن چارەکی یەکەمی (2021 و 2022)

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لەیان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن/ بەرمیل | ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لەیان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن/ بەرمیل/ ڕۆژانە |
|---|---|---|
| 2021/3/31 – 2021/1/1 | 1,783,160 | 19,813 |
| 2022/3/31 – 2022/1/1 | 083,226,2 | 24,734 |
| **جیاوازی (2022 بەراورد بە 2021)** | **442,923** | **4,921** |

جگە لەوەی پاڵاوگەکان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپاڵێون (وەک لە پێشتر ئاماژەی پێکراوە)، ڕۆژانە بڕێکیش نەوتیان پێ دەفرۆشێت؛

بەپێی ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی یەکەمی (2021) بڕی(124 هەزار و 238) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای نرخی (59.47) دۆلار بە پاڵاوگەکان فرۆشتووە، کە بۆ هەر ڕۆژێک (1 هەزار و 380) بەرمیل بووە. کۆی داهاتەکەی دەکاتە (7 ملیۆن و 388 هەزار و 907) دۆلار بووە.

بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بڕی(409 هەزار و 37) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای نرخی (84.23) دۆلار بە پاڵاوگەکان فرۆشتووە، کە بۆ هەر ڕۆژێک (4 هەزار و 544) بەرمیل بووە. کۆی داهاتەکەی دەکاتە (34 ملیۆن و 453 هەزار و 394) دۆلار.

کەواتە لە چارەکی یەکەمی (2022)دا بەراورد بە سێ مانگی یەکەمی (2021)، سەرجەم داتاکان بەرزبوونەتەوە، بەجۆرێک (284 هەزار و 799) بەرمیل زیادی کردووە بە ڕۆژانەی (3 هەزار و 164) بەرمیک و نرخی هەر بەرمیلێک (24.76) دۆلار چووتەسەری و بەکۆی گشتیش داهاتەکەی بڕی (27 ملیۆن و 64 هەزار و 487) دۆلار زیادی کردووە. بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (6))

**خشتەی ژمارە (6)**

**سافی نەوتی خاو و  کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران لە ناوخۆ لە چارەکی یەکەمی (2021 و2022)**

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ ڕۆژانە/بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|---|
| 2021/3/31 – 2021/1/1 | 124,238 | 1,380 | $59.47 | $7,388,907 |
| 2022/3/31 – 2022/1/1 | 409,037 | 4,544 | $84.23 | $34,453,394 |
| **جیاوازی (2022 بەراورد بە 2021)** | **284,799** | **3,164** | **$24.76** | **$27,064,487** |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/7/24) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10741

## سەرچاوەکان


- **ڕاپۆرتی دیلۆیت؛ بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢١ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢١؛**

https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202021/KRG%20Q1%202021%20Report%20on%20OIl%20and%20Gas%20review.pdf

- **ڕاپۆرتی دیلۆیت؛ بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢؛**

https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202022/RCOG%20Q1%202022%20Report%20on%20Oil%20and%20Gas%20review.pdf

## پرۆسەی نەوتی هەرێم لە سێ تەموزی ڕابردوودا
## فرۆشی نەوت (6.8%) دابەزیوەو داهات بە دۆلار (181%) و بەدینار (245%) زیادیکردووە

بەپێی زانیارییەکان، فرۆشی نەوتی هەرێم لە تەموزی (2022)دا بە ڕێژەی (6.8%) و بڕی (898 هەزار و 661) بەرمیل کەمیکردووە بەراورد بە تەموزی (2020).

بەڵام داهاتی سافی نەوتی هەرێم (پارەی ڕادەستکراو بە حکومەت)، لە تەموزی (2022)دا بە ڕێژەی (181%) و بڕی (780 ملیۆن و 39 هەزار و 801) دۆلاری زیاتر بووە لەوەی لە تەموزی (2020) کە بۆ حکومەتی هەرێم گەڕاوەتەوە.

بە دیناری عێراقی قەبارەی داهاتی گەڕاوە زۆر گەورەترە، چونکە گۆڕان لە بەهای دیناری عێراقی ڕوویداوە و لە تەموزی (2022)دا بە ڕێژەی (245%) و بڕی (698 ملیار و 691 ملیۆن و 304 هەزار و 81) دیناری زیاتر بووە لەوەی لە تەموزی (2020)دا ڕادەستی حکومەتی هەرێم کراوە.

| ساڵ | بڕی نەوتی فرۆشراو (بەرمیل) | تێکڕای نرخی نەوتی برێنت (بەرمیل) | تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم (دۆلار) | خەرجی نەوتی هەرێم بەڕێژەی (56%) (دۆلار) | داهاتی سافی نەوتی هەرێم بەڕێژەی (44%) (دۆلار) | بەهای (1) دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە دیناری عێراق | داهاتی سافی نەوتی هەرێم پاش دەرکردنی خەرجییەکان (دینار) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەموزی 2020 | 13,238,661 | $43.24 | $32.62 | $431,871,599 | $241,848,096 | $190,023,504 | 1,180 | 285,380,752,713 |
| تەموزی 2021 | 13,058,810 | $75.17 | $63.23 | $825,747,733 | $462,418,730 | $363,329,002 | 1,450 | 670,507,158,977 |
| تەموزی 2022 | 12,340,000 | $111.93 | $98.21 | $1,211,911,400 | $678,670,384 | $533,241,016 | 1,450 | 984,072,056,800 |

## یەکەم؛ بڕی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە سێ تەموزی (2020 – 2021 – 2022)دا


بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای "دیلۆیت" کە لە (2021/1/10) بڵاویکردووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی تەموزی (2020)دا بڕی (13 ملیۆن و 238 هەزار و 661) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە بە وڵاتانی بیانی فرۆشتووە.

بەڵام هەر بەپێی ڕاپۆرتێکی دیکەی کۆمپانیای "دیلۆیت" کە لە (2022/3/17) بڵاویکردووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی تەموزی (2021)دا بڕی (13 ملیۆن و 58 هەزار و 810) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە بە وڵاتانی بیانی فرۆشتووە.

بەم پێیەش، فرۆشی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2021) بڕی (179 هەزار 851) بەرمیل نەوتی بە ڕێژەی (1.4%) کەمتر فرۆشتووە بەراورد بە تەموزی ساڵی (2020).

بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە تەموزی ساڵی (2022)دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (12 ملیۆن و 340 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە. بەم پێیەش بەراورد بە تەموزی ساڵێک پێشتر بڕی (718 هەزار و 810) بەرمیل نەوتی بە ڕێژەی (5.5%) کەمتر فرۆشتووە. بەراورد بە تەموزی ساڵی (2020) ئاستی فرۆش زیاتر دابەزیوە، بەجۆرێک بڕی (898 هەزار و 661) بەرمیل نەوتی بە ڕێژەی (6.8%) کەمتر ساغ کردووەتەوە. (بڕوانە چارتی ژمارە (1)).

چارتی ژمارە (1)




## دووەم؛ تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم لە سێ تەموزی (2020 – 2021 – 2022)دا


بەپێی داتاکانی کۆمپانیای "دیلۆیت" حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی تەموزی (2020)دا بڕی (13 ملیۆن و 238 هەزار و 661) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە بە وڵاتانی بیانی فرۆشتووە، هەر بەرمیلێک نەوتی لە مانگی ناوبراودا بە تێکڕای (32.62) دۆلار فرۆشتووە، لە کاتێکدا تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (43.24) دۆلار بووە.

بەڵام لە مانگی تەموزی (2021)دا هەرێمی کوردستان بڕی (13 ملیۆن و 58 هەزار و 810) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە بە وڵاتانی بیانی فرۆشتووە، تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (75.17) دۆلار بووە، بەڵام هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە تێکڕای (63.23) دۆلار فرۆشراوە. بەم پێیەش، بەهای هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2021)دا بڕی (30.61) دۆلار بە ڕێژەی (94%) زیادتریکردووە بەراورد بە تەموزی ساڵی (2020).

بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە تەموزی ساڵی (2022)دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (12 ملیۆن و 340 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە. تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەهاکەی (111.93) دۆلار بووە، بەڵام

(بەپێوەرگرتنی تێکڕای نرخەکانی ڕابردوو) هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە تێکڕای (98.21 دۆلار فرۆشراوە. بەم پێیەش، بەهای هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2022)دا بڕی (35) دۆلار بە ڕێژەی (55%) زیادتریکردووە بەراورد بە تەموزی ساڵی (2021). لە کاتێکدا ئەگەر تەموزی (2022) بەراورد بکەین بە تەموزی (2020)، ئەوا بەهای هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی هەرێم بڕی (65.59) دۆلار و بە ڕێژەی (201%) زیادیکردووە. (بڕوانە چارتی ژمارە (2)).

**چارتی ژمارە (2)**




## سێیەم؛ داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە سێ تەموزی (2020 – 2021 – 2022)دا


### 1. کۆی داهاتی نەوتی هەرێم بە (دۆلار)

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای "دیلۆیت"، کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2020)دا بڕی (431 ملیۆن و 871 هەزار 599) دۆلار بووە.

بەڵام کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2021)دا گەیشتووە بە (825 ملیۆن و 747 هەزار 733) دۆلار، بەم پێیەش، داهاتی گشتی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2021) بڕی (393 ملیۆن و 876 هەزار 134) دۆلار و بە ڕێژەی (91%) زیادیکردووە بەراورد بە تەموزی ساڵی (2020).

بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە تەموزی ساڵی (2022)دا کۆی داهاتی نەوتی هەرێم گەیشتووە بە (1 ملیار و 211 ملیۆن و 911 هەزار 400) دۆلار. واتە بەراورد بە تەموزی ساڵێک پێشتر بڕی (386 ملیۆن و 163 هەزار 667) دۆلار بە ڕێژەی (47%) داهات زیادیکردووە. ئەمە لە کاتێکدا بەراورد بە تەموزی ساڵی (2020) داهاتەکە زۆر زیاتر بەرزبووەتەوە، بەجۆرێک بریتیە لە زیادبوونی داهاتی نەوت بە ڕێژەی (181%) و بڕی (780 ملیۆن و 39 هەزار 801) دۆلار. (بڕوانە چارتی ژمارە (3))

**چارتی ژمارە (3)**




**2. کۆی خەرجی و داهاتی سافی نەوتی هەرێم بە (دۆلار)**


بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای "دیلۆیت"، بەنزیکەی تێکڕای (56%)ی داهاتی گشتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم، بۆ تێچووەکانی پرۆسەی نەوتی هەرێم خەرج دەکرێت، (44%)ی داهاتیش دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی و حکومەت هەرێم، بەم پێیەش.

کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2020)دا بریتی بووە لە (431 ملیۆن و 871 هەزار 599) دۆلار، بڕی (241 ملیۆن و 848 هەزار 96) دۆلاری بەڕێژەی (56%) چووە بۆ تێچوو وخەرجی پرۆسەکە و بڕی (190 ملیۆن و 23 هەزار 504) دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم.

بەڵام کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2021)دا گەیشتووە بە (825 ملیۆن و 747 هەزار 733) دۆلار، بڕی (462 ملیۆن و 418 هەزار 730) دۆلاری بەڕێژەی (56%) چووە بۆ تێچوو وخەرجی پرۆسەکە و بڕی (363 ملیۆن و 329 هەزار 2) دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم.

بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە تەموزی ساڵی (2022)دا کۆی داهاتی نەوتی هەرێم گەیشتووە بە (1 ملیار و 211 ملیۆن و 911 هەزار 400) دۆلار. بڕی (678 ملیۆن و 670 هەزار 384) دۆلاری بەڕێژەی (56%) چووە بۆ تێچوو وخەرجی پرۆسەکە و بڕی (533 ملیۆن و 241 هەزار 16) دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم. (بڕوانە چارتی ژمارە (4))

**چارتی ژمارە (4)**




### 3. داهات سافی نەوتی هەرێم بە (دینار)

لە خاڵی (1 و 2)دا ئاماژەمان بە کۆو داهاتی سافی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم و ڕێژەی بەرزبوونەوەی (بە دۆلاری ئەمریکی) لە مانگەکانی تەموزی ساڵانی (2020 – 2021 – 2022)دا، لێرەدا تیشک دەخەینەسەر داهاتی سافی نەوتی هەرێم بە (دیناری عێراقی)، چونکە بەهای دیناری عێراقی بەراورد بە دۆلاری ئەمریکی لە ساڵی (2020)دا بەراورد بە ساڵانی (2021 و 2022) دابەزینی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، هەر بۆیە داهاتیش بە دینار بە ڕێژەیەکی گەورە


زیادیکردووه لە ساڵانی (2021 و 2022) بەراورد بە (2020)، بکەواتە داهات سافی نەوتی هەرێم بۆ هەرسێ (تەموز)ەکە بەم شێوەیە دەبێت؛

بەپێی ڕاپۆتی کۆمپانیای "دیلۆیت"، داهاتی سافی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2020)دا بڕی (190 ملیۆن و 23 هەزار 504) دۆلار بووە، لە ساڵی ناوبراودا هەر دۆلارێکی ئەمریکی بەهاکە بریتی بوو لە (1 هەزار 180) دینار، بۆیە داهاتی سافی بە دینار بریتی دەبێت لە (285 ملیار و 380 ملیۆن و 752 هەزارو 713) دینار.

بەڵام داهاتی سافی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2021)دا گەیشتووە بە (363 ملیۆن و 329 هەزار 2) دۆلار، لە مانگی ناوبراودا هەر دۆلارێکی ئەمریکی بەهاکە بریتی بوو لە (1 هەزار 450) دینار، بۆیە داهاتی سافی بە دینار بریتی دەبێت لە (670 ملیار و 507 ملیۆن و 158 هەزارو 977) دینار. بەم پێیەش داهاتی سافی نەوتی هەرێم لە مانگی تەموزی (2021) بڕی (385 ملیار و 126 ملیۆن و 406 هەزارو 262) دیناری بە ڕێژەی (135%) زیادیکردووە بەراورد بە تەموزی ساڵی (2020).

بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە تەموزی ساڵی (2022)دا داهاتی سافی نەوتی هەرێم گەیشتووە بە (533 ملیۆن و 241 هەزار 16) دۆلار. لە مانگی ناوبراودا هەر دۆلارێکی ئەمریکی بەهاکەی بریتی بوو لە (1 هەزار 450) دینار، بۆیە داهاتی سافی بە دینار بریتی دەبێت لە (984 ملیار و 72 ملیۆن و 56 هەزارو 800) دینار. واتە بەراورد بە تەموزی ساڵێک پێشتر بڕی (313 ملیار و 564 ملیۆن و 897 هەزار 823) دینار بە ڕێژەی (47%) داهاتی سافی زیادیکردووە. ئەمە لە کاتێکدا بەراورد بە تەموزی ساڵی (2020) ئاستی داهاتی سافی زۆر زیاتر هەڵکشاوە، بەجۆرێک بریتیە لە زیادبوونی داهاتی سافی نەوت بە ڕێژەی (245%) و بڕی (698 ملیارو 691 ملیۆن و 304 هەزار 87) دیناری عێراقی. (بڕوانە چارتی ژمارە (5)).

**چارتی ژمارە (5)**




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/7/24) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10822

## سەرچاوەکان


- ڕاپۆرتی دیلۆیت؛ بەرهەمی نەوت و هەنارده و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تاکو ٣٠ ئەیلولی ٢٠٢٠؛
https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202020/Consolidated%20RCOG%20Q3%202020.pdf
- ڕاپۆرتی دیلۆیت؛ بەرهەمی نەوت و هەنارده و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تەمموزی ٢٠٢١ تاکو ٣٠ ئەیلولی ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202021/KRG%20Q3%202021%20Report%20on%20Oil%20and%20Gas%20review.pdf
- ئەنوەر کەریم، داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ مانگی تەموزی 2022، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10799

## داهاتی نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ (6.85 ملیار) دۆلار بووە (73.2 ملیۆن) بەرمیل نەوت فرۆشراوە

# حکومەتی هەرێم لە چارەکی دووەمی ئەمساڵ بەراورد بە چارەکی یەکەم (2 ملیۆن و 686 هەزار و 409) بەرمیل نەوتی زیادتری لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە.
# بڕی نەوتی فرۆشراو بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ (171 هەزار و 562) بەرمیل و بە ڕێژەی (42%) کەمیکردووە.
# چارەکی دووەمدا داهاتی فرۆشی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە بڕی (747 ملیۆن و 542 هەزار و 754) دۆلار زیادیکردووە.
# داهاتی نەوتی فرۆشراو بە پاڵاوگەکان بە ڕێژەی (168%) و بڕی (21 ملیۆن و 609 هەزار و 366) دۆلار کەمیکردووە.
# خەرجی تێچوونی پرۆسەی نەوت لە بە ڕێژەی (2.5%) و لە (56%)ەوە بۆ (58.5%) زیادیکردووە.
# پارەی گەڕاوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم بڕی (228 ملیۆن و 144 هەزار و 43) دۆلار زیادیکردووە بەراورد بە چارەکی یەکەم.

داتاکانی نەوت لە چارەگی دووەمی ئەمساڵ ( 1-4 بۆ 30-6ی 2022)

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەی نەوت | نرخی یەک بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| بە بۆری | 37,618,577 بەرمیل | 100.38 دۆلار | 3,776,446,251 دۆلار |
| بە ناوخۆ(پاڵاوگەکان) | 237,475 بەرمیل | 54.08 دۆلار | 12,844,028 دۆلار |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | 3,789,290,279 دۆلار | | 3 ملیار و 789 ملیۆن و 290 هەزار و 279 دۆلار |
| دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز | 1,632,695,597 دۆلار | | یەک ملیار و 632 ملیۆن و 695 هەزار و 597 دۆلار |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەك گواستنەوە و کۆگاکردن | 584,609,407 دۆلار | | 584 ملیۆن و 609 هەزار و 407 دۆلار |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی سەرجەم خەرجییەکان ( کە بۆ مووچە تەرخانکراوە) | 1,571,985,275 دۆلار | | یەک ملیار و 571 ملیۆن و 985 هەزار و 275 دۆلار |

Deloitte

## یەکەم؛ بەراوردی نەوتی هەرێم لە چارەکی (یەکەم و دووەم)ی 2022

### 1. جیاوازی فرۆشی نەوت لە چارەکی (یەکەم و دووەم)ی 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ (34 ملیۆن و 932 هەزار و 168) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، بەڵام لە چارەکی دووەمدا بڕی (37 ملیۆن و 618 هەزار و 577) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، بەم پێیەش لە چارەکی دووەمدا بەراورد بە چارەکی یەکەم (2 ملیۆن و 686 هەزار و 409) بەرمیلی نەوتی زیاتری فرۆشتووە.

بەڵام بڕی ئەو نەوتەی کە فرۆشراوە بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ لە چارەکی یەکەمدا (409 هەزار و 37) بەرمیل بووەو لە چارەکی دووەمدا بریتی بووە لە (237 هەزار و 475) بەرمیل نەوت، بەم پێیەش بڕی (171 هەزار و 562) بەرمیل بە ڕێژەی (42%) کەمتری فرۆشتووە بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ.

### 2. جیاوازی بەهای نەوت لە چارەکی (یەکەم و دووەم)ی 2022

پاڵپشت بە زانیارییەکان کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو لە چارەکی یەکەمی (2022)دا لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلار. بەڵام کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو لە چارەکی دووەمی (2022)دا لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە (3 ملیار و 776 ملیۆن و 446 هەزار و 251) دۆلار. بەم پێیەش لە چارەکی دووەمدا بەراورد بە چارەکی یەکەم (747 ملیۆن و 542 هەزار و 754) دۆلار لە داهاتی نەوت زیادیکردووە.

هەرچی داهاتیشە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ لە چارەکی یەکەمی (2022) بەهاکەی بریتی بووە لە (34 ملیۆن و 453 هەزار و 394) دۆلار، بەڵام لە چارەکی دووەمدا بەهاکەی دابەزیوە بۆ (12 ملیۆن و 844 هەزار و 28) دۆلار و بە ڕێژەی (168%) و (21 ملیۆن و 609 هەزار و 366) دۆلار کەمیکردووە.

### 3. جیاوازی خەرجی نەوت لە چارەکی (یەکەم و دووەم)ی 2022

لە چارەکی یەکەمدا بڕی (1 ملیار و 719 ملیۆن و 515 هەزار و 659) دۆلار بە ڕێژەی (56%) چووە بۆ دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن، بەڵام لە چارەکی دووەمدا بڕی (2 ملیار و 217 ملیۆن و 305 هەزار و 4) دۆلار بە ڕێژەی (58.5%) چووە بۆ قەرز و خەرجییەکان.

واتە لە چارەکی دووەمدا بە ڕێژەی (2.5%) خەرجی و پرۆسەی نەوتی هەرێم زیادیکردووە.

### 4. داهاتی گەڕاوەی نەوت لە چارەکی (یەکەم و دووەم)ی 2022

لە چارەکی یەکەمدا بڕی (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلار بە ڕێژەی (44%)ی داهاتی گشتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە چارەکی دووەمی (2022)دا بڕی (1 ملیار و 571 ملیۆن و 985 هەزار و 275) دۆلاری بە ڕێژەی (41.5%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت و بەم پێیەش، بڕی (228 ملیۆن و 144 هەزار و 43) دۆلار داهاتی نەوت زیادیکردووە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بە تێکڕا داهاتی گەڕاوە بە ڕێژەی (2.5%) دابەزییوە بە هۆی بەزبوونەوەی بەهای تێچون و خەرجی نەوتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (1)

**خشتەی ژمارە (1)**

**نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەم و دووەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | | نرخی یەک بەرمیل | | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم |
| بە بۆری/ بەرمیل | 34,932,168 | 37,618,577 | 86.73 $ | 100.38 $ | 3,028,903,497 $ | 3,776,446,251$ |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 409,037 | 237,475 | 84.23 $ | 54.08 $ | 34,453,394 $ | 12,844,028 $ |
| | چارەکی یەکەم | | | چارەکی دووەم | | |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | 3,063,356,891 $ | | | 3,789,290,279 $ | | |
| دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز | 1,147,935,075 $ | | | 1,632,695,597 $ | | |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | 571,580,584 $ | | | 584,609,407 $ | | |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | 1,343,841,232 $ | | | 1,571,985,275 $ | | |

## دووەم؛ نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022

بەپێی ڕاپۆرتی دیلۆیت کە لە (2022/7/5) بڵاویکردووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ واتە لە نێوان (1ی کانونی دووەمی 2022 بۆ 31ی ئازاری 2022) بڕی (34 ملیۆن و 932 هەزار و 168) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووەو کۆی بەهاکەی (3 ملیار و 28 ملیۆن و 903 هەزار و 497) دۆلار بووە، هەر بەرمیلێک نەوتی بە (86.73) دۆلار فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (100.44) دۆلار بووە. واتە لە چارەکی یەکەمی (2022) هەر بەرمیلێک نەوت بە (13.71) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوە.

هاوکات (409 هەزار و 37) بەرمیل نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە، کۆی بەهاکەی (34 ملیۆن و 453 هەزار و 394) دۆلار و هەر بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای (84.23) دۆلار فرۆشراوە.

بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی هەرێم بەشێوەی (بۆری + ناوخۆ) بریتی بووە لە (3 ملیار و 63 ملیۆن و 356 هەزار و 891) دۆلار، لەو بڕەش (1 ملیار و 719 ملیۆن و 515 هەزار و 659) دۆلاری بە ڕێژەی (56%) چووە بۆ دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن. بڕی (1 ملیار و 343 ملیۆن و 841 هەزار و 232) دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. (بڕوانەی خشتەی ژمارە (2)).

**خشتەی ژمارە (2)**

**نەوتی هەرێم لە چارەکی یەکەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | نرخی یەک بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| بە بۆری/ بەرمیل | 34,932,168 | 86.73 $ | 3,028,903,497 $ |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 409,037 | 84.23 $ | 34,453,394 $ |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | 3,063,356,891 $ | | |
| دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز | 1,147,935,075 $ | | |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | 571,580,584 $ | | |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | 1,343,841,232 $ | | |

## سێیەم؛ نەوتی هەرێم لە چارەکی دووەمی 2022

ئەگەر چی هێشتا دواین ڕاپۆرتی دیلۆیت بڵاونەکراوەتەوە دەربارەی وردبینی دۆسیەی نەوتی هەرێم لە چارەکی دووەمی (2022)، بەڵام بە پێی زانیارییەکانی فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە (2022/9/23)، زانیارییە سەرەکییەکانی پرۆسەی نەوتی هەرێمی بۆ ئەم ماوەیە خستووەتە ڕوو؛

بەپێی زانیارییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی دووەمی ئەمساڵ واتە لە نێوان (1ی نیسانی 2022 بۆ 31ی حوزەیرانی 2022) بڕی (37 ملیۆن و 618 هەزار و 577) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووەو کۆی بەهاکەی (3 ملیار و 776 ملیۆن و 446 هەزار و 251) دۆلار بووە، هەر بەرمیلێک نەوتی بە (100.38) دۆلار فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی (113.54) دۆلار بووە. واتە لە چارەکی یەکەمی (2022) هەر بەرمیلێک نەوت بە (13.16) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوە.

هاوکات (237 هەزار و 475) بەرمیل نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە، کۆی بەهاکەی (12 ملیۆن و 844 هەزار و 28) دۆلار و هەر بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای (54.08) دۆلار فرۆشراوە، بەم جۆرەش بێت نەوت بە نزیکەی نیوەی نرخی خۆی بە پاڵاوگە نەوتییەکان دراوە، ئەمەش جۆرێک لە پاڵپشتی حکومەت دەردەخات بۆ پاڵپشتی پاڵاوگەکان و پێداویستی ناوخۆ.

هاوکات کۆی بەهای نەوتی هەرێم بەشێوەی (بۆری + ناوخۆ) بریتی بووە لە (3 ملیار و 789 ملیۆن و 290 هەزار و 279) دۆلار، لەو بڕەش (2 ملیار و 217 ملیۆن و 305 هەزار و 4) دۆلاری بە ڕێژەی (58.5%) چووە بۆ دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن. بڕی (1 ملیار و 571 ملیۆن و 985 هەزار و 275) دۆلاری بە ڕێژەی (41.5%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. (بڕوانەی خشتەی ژمارە (3)).

**خشتەی ژمارە (3)**

**نەوتی هەرێم لە چارەکی دووەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | نرخی یەک بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| بە بۆری/ بەرمیل | 37,618,577 | 100.38 $ | 3,776,446,251$ |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 237,475 | 54.08 $ | 12,844,028 $ |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | 3,789,290,279 $ | | |
| دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز | 1,632,695,597 $ | | |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | 584,609,407 $ | | |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | 1,571,985,275 $ | | |

## چوارەم؛ نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022

پاڵپشت بەو داتایانەی هەردوو چارەکی یەکەم و دووەمی (2022)، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ واتە لە نێوان (1ی کانونی دووەمی 2022 بۆ 31ی حوزەیرانی 2022) بڕی (72 ملیۆن و 550 هەزار و 745) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووەو کۆی بەهاکەی (6 ملیار و 805 ملیۆن و 349 هەزار و 748) دۆلار بووە، هەر بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (93.56) دۆلار فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەهاکەی بە تێکڕا (106.99) دۆلار بووە. واتە لە نیوەی یەکەمی (2022)دا هەر بەرمیلێک نەوت بە (13.43) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوە.

هەر بەپێی داتاکان (646 هەزار و 512) بەرمیل نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە، کۆی بەهاکەی (47 ملیۆن و 297 هەزار و 422) دۆلار و هەر بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای (69.13 دۆلار فرۆشراوە.

بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی هەرێم بەشێوەی (بۆری + ناوخۆ) بریتی بووە لە (6 ملیار و 852 ملیۆن و 647 هەزار و 170) دۆلار، لەو بڕەش (3 ملیار و 936 ملیۆن و 820 هەزار و 663 دۆلاری بە ڕێژەی (57.4%) چووە بۆ دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن. بڕی (2 ملیار و 915 ملیۆن و 826 هەزار و 507) دۆلاری بە ڕێژەی (42.6%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. (بڕوانەی خشتەی ژمارە (4)).

**خشتەی ژمارە (4)**

**نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | نرخی یەک بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| بە بۆری/ بەرمیل | 72,550,745 | 93.56 $ | 6,805,349,748 $ |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 646,512 | 69.16 $ | 47,297,422 $ |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | | | 6,852,647,170 $ |
| دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و قەرز | | | 2,780,630,672 $ |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | | | 1,156,189,991 $ |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | | | 2,915,826,507 $ |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/9/25) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11127

# هەناردەو نەوتی بارکراوی هەرێم لە چارەکی سێیەمی 2022
# حکومەتی هەرێم بە بەهای (4.9) ترلیۆن دینار، بڕی (38.12) ملیۆن بەرمیل نەوتی فرۆشتووە

# لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2022، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە بڕی (38.12) ملیۆن بەرمیل و ڕۆژانەی (414 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە فرۆشتوە.

# بەهای دوای فرۆشتنی هەر بەرمیلێک بە کەمتر لە (12) دۆلار لە نرخی جیهانی، زیاتر بووە لە (3.2) ملیار دۆلار، کە بەرامبەرە بە (4.9) ترلیۆن دینار، بە ڕێژەی (56%) و بڕی زیاتر لە (1.89) ملیار دۆلاری چووە بۆ خەرجی، بڕی زیاتر لە (1.48) ملیار دۆلاری بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم.

# بە گشتی نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) لە لایەن کەشتی (7) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، بە جۆرێک؛ کەشتییە ئیتاڵییەکان بە ڕێژەی (27.6%)، ئیسرائیلییەکان بە ڕێژەی (22.2%)، یۆنانییەکان بە ڕێژەی (21.8%) پاشان کەشتییە کرواتییەکان (6.9%) و ڕۆمانییەکان (5%) و تایوان و سەنگاپور هەریەکە بە ڕێژەی (2.6%) نەوتی هەرێمیان بارکردووە.

## یەکەم: هەناردەی نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی (تەموز، ئاب و ئەیلول)ی ساڵی (2022) بڕی (38 ملیۆن و 120 هەراز) بەرمیل نەوتی لەڕێگەی بەندەرەی جەیهانی تورکیاوە بە بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەکردووەو فرۆشتوویەتی، واتە تێکڕای ڕۆژانەی نەوتی فرۆشراو لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە (414 هەزار و 631) بەرمیل، (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (1)) بەجۆرێک؛


لە مانگی تەموزی ساڵی (2022) ڕۆژانە بە تێکڕا بڕی (430 هەزار و 323) بەرمیل نەوتی هەنارده کردووە (فرۆشراوە) بە کۆی مانگەکە دەکاتە (13 ملیۆن و 340 هەزار) بەرمیل.

مانگی ئابی هەمانساڵ (11 ملیۆن 560 هەزار) بەرمیل نەوت هەنارده کراوه، به تێکڕای ڕۆژانەی (372 هەزار و 903) بەرمیل نەوت.

هاوکات لە مانگی ئەیلولی ساڵی (2022) حکومەتی هەرێم بڕی (13 ملیۆن و 220 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە، به تێکڕای (440 هەزار و 667) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

خشتەی ژمارە (1)
ئامارەکانی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2022 (بە بۆری)

| مانگەکان | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی بەرمیل/ڕۆژانە | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت هەرێم (12-) | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%56) | کۆی داهاتی ماوەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%44) | داهاتی ماوەی نەوتی هەرێم بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەموزی 2022 | 13,340,000 | 430,323 | $111.93 | $99.93 | $1,333,066,200 | $746,517,072 | $586,549,128 | 850,496,235,600 |
| ئابی 2022 | 11,560,000 | 372,903 | $100.45 | $88.45 | $1,022,482,000 | $572,589,920 | $449,892,080 | 652,343,516,000 |
| ئەیلولی 2022 | 13,220,000 | 440,667 | $89.77 | $77.77 | $1,028,119,400 | $575,746,864 | $452,372,536 | 655,940,177,200 |
| **ئەنجام** | **38,120,000** | **414,631** | **$100.72** | **$88.72** | **$3,383,667,600** | **$1,894,853,856** | **$1,488,813,744** | **2,158,779,928,800** |





## دووەم؛ نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهان

بەپێی زانیاری ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت و زانیارییەکان حکومەتی هەرێم لە ڕابردوودا بەردەوام بە (11 – 12) دۆلار کەمتر نەوتی خۆی ساغ کردووەتەوە. بۆیە؛

لە مانگی تەموزی ساڵی (2022) کە تێکڕای نرخی نەوتی برێنت بە (111.93) دۆلار تۆمارکراوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بە (12) دۆلار کەمتر هەر بەرمیلە نەوتێکی فرۆشتبێت ئەوا بۆ هەر بەرمیلێک بڕی (99.93) دۆلاری بۆ ماوەتەوە.

بەڵام لە مانگی ئابدا تێکڕای نرخی نەوت دابەزینی تۆمارکردووە و گەیشتووە بە (100.45) دۆلار، بۆیە بە هەمان پێوەر حکومەتی هەرێم نەوتەکەی بە (88.45) دۆلار فرۆشتووە.

لە کاتێکدا لە مانگی ئەیلولدا دابەزینی بەرچاو تۆمارکراوە و نرخی نەوت بە تێکڕا گەیشتووە بە (89.77) دۆلار، بۆیە دەکرێت بڵێین حکومەتی هەرێم هەر بەرمیلە نەوتێکی بە زیاتر لە (77) دۆلار فرۆشتووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (2))




## سێیەم: داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2022

### 1. کۆی گشتی داهاتی نەوتی هەرێم

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) بڕی (38 ملیۆن و 120 هەزار) بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە، بە تێکڕا هەر بەرمیلە نەوتێکی بە زیاتر لە (88) دۆلار فرۆشتووە، لە کاتێکدا تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت زیاتر لە (100) دۆلار بووە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بە بۆری بەدەستهاتووە بریتی بووە لە (3 ملیار و 383 ملیۆن و 667 هەزار و 600) دۆلار. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی

ژماره (3))، كه بەرامبەره بە (4 ترليۆن و 906 مليار و 318 مليۆن و 20 هەزار) دينار بە جۆرێک؛

له مانگی تەموز كۆی داهاتی نەوت بريتی بووه لە (1 مليار و 333 مليۆن و 66 هەزار و 200) دۆلار.

له مانگی ئاب كۆی داهاتی نەوت بريتی بووه لە (1 مليار و 22 مليۆن و 282 هەزار) دۆلار.

له مانگی ئەيلولدا داهاتی فرۆشی نەوت بريتی بووه لە (1 مليار و 28 مليۆن و 119 هەزار و 400) دۆلاری ئەمريكی.

### 2. خەرجی نەوتی هەرێم

بەپێی ڕاپۆرتەكانی ڕێكخراوی ديلۆيت بۆ وردبينی پرۆسەی نەوتی هەرێمی كوردستان (56%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەكە دەڕوات، بۆيە كۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی چارەكی سێيەمی ساڵی (2022) لە پرۆسەی نەوتدا خەرجكراوە، بريتی بووه لە (1 مليارو 894 مليۆن و 853 هەزار و 856) دۆلاری ئەمريكی (بڕوانە خشتەی ژماره (1) و چارتی ژماره (3))، بە جۆرێک؛

له مانگی تەموز كۆی داهاتی نەوت بريتی بووه لە (1 مليار و 333 مليۆن و 66 هەزار و 200) دۆلار، بڕی (746 مليۆن و 517 هەزار و 72) دۆلاری چووه بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).

له مانگی ئاب كە كۆی داهاتی نەوت بريتی بووه لە (1 مليار و 22 مليۆن و 282 هەزار) دۆلار، بڕی (572 مليۆن و 589 هەزار و 920) دۆلاری چووه بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).

له مانگی ئەيلولدا كە كۆی داهاتی نەوت بريتی بووه لە (1 مليار و 28 مليۆن و 119 هەزار و 400) دۆلار، بڕی (575 مليۆن و 746 هەزار و 864) دۆلاری چووه بۆ خەرجی بە ڕێژەی (56%).

### 3. داهاتی ماوەی نەوت بۆ حكومەتی هەرێم


بەپێی ڕاپۆرتەكانی ڕێكخراوی ديلۆيت (44%)ی داهاتی نەوت لە دوای لێدەركردنی خەرجييەكانی پرۆسەكە بۆ حكومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بۆيە كۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی چارەكی سێيەمی ساڵی (2022) لە پرۆسەی نەوت بۆ حكومەتی هەرێم ماوەتەوە كەمترە لە كۆی خەرجييەكانی پرۆسەكە و بريتييە لە (مليارێک و 488 مليۆن و 813 هەزار و 744) دۆلاری ئەمريكی، بەرامبەر بە (2 ترليۆن و 158 مليار و 779 مليۆن و 928 هەزار و 800) دیناری عێراقی (بڕوانە خشتەی ژماره (1) و چارتی ژماره (3 + 4))، بە جۆرێک؛

له مانگی تەموز کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (1 ملیار و 333 ملیۆن و 66 هەزار و 200) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (586 ملیۆن و 549 هەزار و 128) دۆلاری بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (850 ملیار و 496 ملیۆن و 235 هەزار و 600) دیناری عێراقی.

له مانگی ئاب کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (1 ملیار و 22 ملیۆن و 282 هەزار) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (449 ملیۆن و 892 هەزار و 80) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (652 ملیار و 343 ملیۆن و 516 هەزار) دیناری عێراقی.

له مانگی ئەیلول کۆی داهاتی نەوت بریتی بووە لە (1 ملیار و 28 ملیۆن و 119 هەزار و 400) دۆلار، بەڵام دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان بە ڕێژەی (56%)، بڕی (452 ملیۆن و 372 هەزار و 536) دۆلار بە ڕێژەی (44%) بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، کە بەرامبەرە بە (655 ملیار و 940 ملیۆن و 177 هەزار و 200) دیناری عێراقی.






## چوارەم: کڕیارانی نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2022


### 1. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی تەموزی 2022

لە (تەموزی 2022)دا (13 ملیۆن و 340 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لە لەلایەن کەشتی (6) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (5)) بەجۆرێک؛

- بڕی (5 ملیۆن و 180 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (38.8%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (2 ملیۆن و 20 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (15.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی(کرواتیا)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 940 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (14.5%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن) بەرمیلی بە ڕێژەی (7.5%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (تایوان)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن) بەرمیلی بە ڕێژەی (%7.5)ی لەلایەن کەشتییەکانی (سەنگاپور)ەوە بارکراوە.
- بڕی (600 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (4.5%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)وە بارکراوە.

- بڕی (1 ملیۆن و 600 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (12%)ی دیار نییە ئەو کەشتیانەی نەوتی هەرێمیان بارکردووە ناسنامەی چ وڵاتێکیان هەبووە.

**خشتەو چارتی ژمارە (5)**





| کەشتی وڵات | تەموزی 2022 | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئیتالیا | 5,180,000 | 38.8% |
| کرواتیا | 2,020,000 | 15.1% |
| یۆنان | 1,940,000 | 14.5% |
| تایوان | 1,000,000 | 7.5% |
| سەنگاپور | 1,000,000 | 7.5% |
| ئیسرائیل | 600,000 | 4.5% |
| نادیار | 1,600,000 | 12.0% |
| **کۆ** | **13,340,000** | **100%** |

## 2. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی ئابی 2022

لە (ئابی 2022)دا (11 ملیۆن و 560 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکی لە لەلایەن کەشتی (4) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (6)) بەجۆرێک؛

- بڕی (3 ملیۆن و 620 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (31.3%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (3 ملیۆن) بەرمیلی بە ڕێژەی (26%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (2 ملیۆن و 670 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (23.1%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 270 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (11%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ڕۆمانیا)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن) بەرمیلی بە ڕێژەی (8.7%)ی دیار نییە ئەو کەشتیانەی نەوتی هەرێمیان بارکردووە ناسنامەی چ وڵاتێکیان هەبووە.

**خشتەو چارتی ژمارە (6)**





| کەشتی وڵات | ئابی 2022 | ڕێژە |
|---|---|---|
| یۆنان | 3,620,000 | %31.3 |
| ئیتاليا | 3,000,000 | 26.0% |
| ئیسرائیل | 2,670,000 | 23.1% |
| رۆمانیا | 1,270,000 | 11.0% |
| نادیار | 1,000,000 | 8.7% |
| **کۆ** | **11,560,000** | **100%** |

### 3. نەوتی بارکراوی هەرێم لە مانگی ئەیلولی 2022

لە (ئەیلولی 2022)دا (13 ملیۆن و 220 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە لە لەلایەن کەشتی (5) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، (بڕوانە چارتی ژمارە (7)) بەجۆرێک؛

- بڕی (5 ملیۆن و 190 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (39.3%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیسرائیل)ەوە بارکراوە.
- بڕی (2 ملیۆن و 740 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (20.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (یۆنان)ەوە بارکراوە.
- بڕی (2 ملیۆن 340 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (17.7%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ئیتاڵیا)وە بارکراوە.
- بڕی (650 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (4.9%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (ڕۆمانیا)وە بارکراوە.
- بڕی (600 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (4.5%)ی لەلایەن کەشتییەکانی (کرواتیا)وە بارکراوە.
- بڕی (1 ملیۆن و 700 هەزار) بەرمیلی بە ڕێژەی (12.9%)ی دیار نییە ئەو کەشتیانەی نەوتی هەرێمیان بارکردووە ناسنامەی چ وڵاتێکیان هەبووە.

**خشتەو چارتی ژمارە (7)**




| کەشتی وڵات | ئەیلولی 2022 | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئیسرائیل | 5,190,000 | 39.3% |
| یۆنان | 2,740,000 | 20.7% |
| ئیتالیا | 2,340,000 | 17.7% |
| ڕۆمانیا | 650,000 | 4.9% |
| کرواتیا | 600,000 | 4.5% |
| نادیار | 1,700,000 | 12.9% |
| کۆ | **13,220,000** | **100%** |

### 4. کۆی نەوتی بارکراوی هەرێم لە چارەکی سێیەمی 2022

بە گشتی نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) لە لایەن کەشتی (7) وڵاتی جیاوازەوە بارکراوە، بە جۆرێک؛


کەشتییە ئیتاڵییەکان بە ڕێژەی (27.6%) و بڕی (10 ملیۆن و 520 هەزار) بەرمیل نەوتی هەرێمیان لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە بارکردووە، پلەی یەکەمیان تۆمارکردووە.


بە دوای ئەویشدا کەشتی ئیسرائیلییەکان بە ڕێژەی (22.2%) و بڕی (8 ملیۆن و 460 هەزار) بەرمیل و یۆنانییەکان بە ڕێژەی (21.8%) و بڕی (8 ملیۆن و 300 هەزار) نەوتی هەرێمیان بارکردووە و پاشان کەشتییە کرواتییەکان (6.9%) و بڕی (2 ملیۆن و 620 هەزار) و ڕۆمانییەکان (5%) و بڕی (1 ملیۆن و 920 هەزار) و تایوان و سەنگاپور هەریەکە بە ڕێژەی (2.6%) و بڕی (1 ملیۆن) بەرمیل نەوتیان بارکردووە، ڕێژەی (11.3%) دیار نییە کە بە کەشتی چ وڵاتێک بارکراون بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (8 و 9)).

## خشتەی ژمارە (2)
### کڕیارانی نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەمی 2022

| کەشتی<br>وڵات | تەموزی 2022 | ئابی 2022 | ئەیلولی 2022 | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئیتالیا | 5,180,000 | 3,000,000 | 2,340,000 | 10,520,000 | 27.6% |
| ئیسرائیل | 600,000 | 2,670,000 | 5,190,000 | 8,460,000 | 22.2% |
| یۆنان | 1,940,000 | 3,620,000 | 2,740,000 | 8,300,000 | 21.8% |
| کرواتیا | 2,020,000 | 0 | 600,000 | 2,620,000 | 6.9% |
| ڕۆمانیا | 0 | 1,270,000 | 650,000 | 1,920,000 | 5.0% |
| تایوان | 1,000,000 | 0 | 0 | 1,000,000 | 2.6% |
| سەنگاپور | 1,000,000 | 0 | 0 | 1,000,000 | 2.6% |
| نادیار | 1,600,000 | 1,000,000 | 1,700,000 | 4,300,000 | 11.3% |
| **کۆ** | **13,340,000** | **11,560,000** | **13,220,000** | **38,120,000** | **100%** |

## چارتی ژمارە (8)
### نەوتی بارکراوی هەرێم
### چارەکی سێیەمی 2022






## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/10/15) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11255

## هەناردە، نرخ، داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە (10) مانگی ڕابردوودا حکومەتی هەرێم بە بەهای (11) ملیار دۆلار، بڕی (123) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە

بەپێی زانیارییەکان؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (10) مانگی ڕابردوودا؛

# زیاتر لە (122 ملیۆن و 911 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە فرۆشتووە.

# بە تێکڕای ڕۆژانە (404 هەزار 429) بەرمیل نەوت فرۆشراوە.

# تێکڕای بەهای بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان (103.71) دۆلار بووە، بەڵام هەرێم نەوتی بە (90.77) دۆلار فرۆشتووە.

# کۆی داهاتی نەوتی هەرێم زیاتر بووە لە (11 ملیار و 138 ملیۆن 403 هەزار) دۆلار بووە.

# بڕی (6 ملیار و 237 ملیۆن و 505 هەزار) دۆلار بەڕێژەی (56%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە.

# بڕی (4 ملیار و 900 ملیۆن و 897 هەزار) دۆلار بەڕێژەی (44%) کە بەرامبەرە بە (7 ترلیۆن و 106 ملیار و 301 ملیۆن) دینار گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.

**چارتی ژمارە (1)**




## یەکەم؛ بڕی نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگەی بۆرییەوە


**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (2022/1/1 – 2022/10/31)، بڕی (122 ملیۆن و 911 هەزار 745 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە لە بەندەری جەیهانی تورکیا فرۆشتووە.**

**بەرزترین ئاستی فرۆشتنیش لە مانگی تەموزدا تۆمارکراوە کە بڕەکەی بریتی بووە لە (13 ملیۆن و 340 هەزار) بەرمیل.**


**کەمترین بری نەوتی فرۆشراویش لە مانگی حوزەیراندا بووە کە بڕەکەی بریتی بووە لە (11 ملیۆن و 168 هەزار و 971) بەرمیل (بڕوانە چارتی ژمارە (2))**

**هاوکات بەتێکڕای ڕۆژانە لە دە مانگی ڕابردوودا بڕی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بریتی بووە لە (404 هەزار و 429) بەرمیل نەوت، سەبارەت بە وردەکاری مانگەکان بڕوانە (چارتی ژمارە (3))**

چارتی ژمارە (2)




چارتی ژمارە (3)




## دووەم؛ نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهان

بە تێکڕای دە مانگی ڕابردوو هەر بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان نرخەکەی بریتی بووە لە (103.71) دۆلار. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ هەردوو چارەکی یەکەم و دووەمی ئەمساڵ بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی کوردستان بە کەمتر لە (12.94) دۆلار لە نرخی جیهانی فرۆشراوە. واتە بە تێکڕا لە ماوەی ڕابردوودا هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (90.77) دۆلار فرۆشراوە.

بەرزترین ئاستی نرخی نەوتی هەرێمیش لە مانگی حوزەیران تۆمارکراوە، کە بریتی بووە لە (108.25) دۆلار، نزمترین ئاستیش لە مانگی کانونی دووەمدا بووە کە بەهاکەی بریتی بووە لە (73.89) دۆلار. بڕوانە (چارتی ژمارە (4))

**چارتی ژمارە (4)**



## سێیەم: داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە 2022/1/1 – 2022-10/31

### 1. کۆی گشتی داهاتی نەوتی هەرێم

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دە مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا بڕی (122 ملیۆن و 911 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، بە تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی بە (90.77) دۆلار فرۆشتووە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بە بۆری بەدەستهاتووە، بریتی بووە لە؛ (11 ملیار و 138 ملیۆن و 403 هەزار و 56) دۆلار، زۆرترین داهاتیش لە مانگی ئایاردا بەدەستهاتووە کە بڕەکەی بریتی بووە لە؛ (1 ملیار و 346 ملیۆن و 889 هەزار و 426) دۆلار، کەمترین داهاتیش لە مانگی کانونی یەکەم دا تۆمارکراوە کە بریتی بووە لە؛ (918 ملیۆن و 600 هەزار و 37) دۆلار. بڕوانە (چارتی ژمارە (5))

**چارتی ژمارە (5)**





### 2. خەرجی نەوتی هەرێم

بەپێی دواین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو (56%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەکە دەڕوات، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە دە مانگی ڕابردوودا لە پرۆسەی نەوتدا خەرجکراوە، بریتی بووە لە؛ (6 ملیار و 237 ملیۆن

و 505 هەزار و 711) دۆلاری ئەمریکی، بە جۆرێک؛ بەرزترین ئاستی خەرجی لە مانگی ئایاردا تۆمارکراوە کە بڕەکەی بریتی بووە لە؛ (754 ملیۆن و 258 هەزار و 79) دۆلار.

کەمترین خەرجیش لە مانگی کانونی یەکەمدا بووە، کە بریتی بووە لە؛ (514 ملیۆن و 416 هەزار و 21) دۆلار. (چارتی ژمارە (6)).

**چارتی ژمارە (6)**





### 3. داهاتی ماوەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی دیلۆیت (44%)ی داهاتی نەوت لە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەکە بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە دە مانگی ڕابردوودا لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە کەمترە لە کۆی خەرجییەکانی پرۆسەکە و بریتییە لە (4 ملیار و 900 ملیۆن و 897 هەزار و 345) دۆلاری ئەمریکی، بەرامبەر بە (7 ترلیۆن و 106 ملیار و 301 ملیۆن و 149 هەزار) دیناری عێراقی. بڕوانە (چارتی ژمارە (7 + 8)) و تەواوی وردەکارییەکان خشتەی ژمارە (1)).

## چارتی ژمارە (7)




## چارتی ژمارە (8)



## خشتەی ژمارە (1)

**هەناردە، نرخ، داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە**

**31/10/2022 – 1/1/2022**

| 2022 | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی بەرمیل/ڕۆژانە | تێکڕای نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت هەرێم (12.94-) | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%56) | کۆی داهاتی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%44) | کۆی داهاتی ماوە بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12,431,994 | 401,032 | $86.51 | $73.89 | $918,600,037 | $514,416,021 | $404,184,016 | 586,066,823,389 |
| شوبات | 11,302,306 | 403,654 | $97.13 | $88.28 | $997,767,574 | $558,749,841 | $439,017,732 | 636,575,712,008 |
| ئازار | 11,188,868 | 360,931 | $117.25 | $99.42 | $1,112,397,257 | $622,942,464 | $489,454,793 | 709,709,449,685 |
| نیسان | 13,118,027 | 437,268 | $104.58 | $93.03 | $1,220,370,052 | $683,407,229 | $536,962,823 | 778,596,093,055 |
| ئایار | 13,331,579 | 430,051 | $113.34 | $101.03 | $1,346,889,426 | $754,258,079 | $592,631,348 | 859,315,454,024 |
| حوزەیران | 11,168,971 | 372,299 | $122.71 | $108.25 | $1,209,041,111 | $677,063,022 | $531,978,089 | 771,368,228,659 |
| تەموز | 13,340,000 | 430,323 | $111.93 | $98.99 | $1,320,526,600 | $739,494,896 | $581,031,704 | 842,495,970,800 |
| ئاب | 11,560,000 | 372,903 | $100.45 | $87.51 | $1,011,615,600 | $566,504,736 | $445,110,864 | 645,410,752,800 |
| ئەیلول | 13,220,000 | 440,667 | $89.76 | $76.82 | $1,015,560,400 | $568,713,824 | $446,846,576 | 647,927,535,200 |
| تشرینی یەکەم | 12,250,000 | 395,161 | $93.40 | $80.46 | $985,635,000 | $551,955,600 | $433,679,400 | 628,835,130,000 |
| ئەنجام | 122,911,745 | 404,429 | $103.71 | $90.77 | $11,138,403,056 | $6,237,505,711 | $4,900,897,345 | 7,106,301,149,620 |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/11/5) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11378

## سەرچاوەکان


- ڕاپۆرتی دیلۆیت، بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە 1ی نیسانی 2022 تاکو30ی حوزەیرانی 2022 (وەرزی دووەم)، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- درەو میدیا؛ هەناردەو نەوتی بارکراوی هەرێم لە چارەکی سێیەمی 2022؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11255
- ئەنوەر کەریم؛ کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگی ڕابردوودا (996 ملیۆن) دۆلار بووە، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10593

## کۆمپانیای (DNO) لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان

## کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لە دوای ساڵی 2018ەوە گەورەترین قازانجی تۆمارکردووە

# بەپێی ئامارە داراییەکانی کۆمپانیای (DNO )ی نەرویجی کە گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە لە کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابوور و بەعشیقە) لە چارەکی دووەمی ساڵی 2022؛ لە دوای ساڵی (2018)ەوە گەورەترین قازانجی تۆمارکردووەو داهاتەکەی بریتی بووە لە (361) ملیۆن دۆلار.

# کۆمپانیاکە توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەی تاوکێی بە زیاتر لە (2 هەزار و 600) بەرمیلی ڕۆژانەی بەرزکردووەتەوە.

# کۆمپانیاکە پێشبینی دەکات تا کۆتایی ساڵ بەرهەمی ناوچەی گرێبەستی تاوکێ لە (107 هەزار) بەرمیلی ڕۆژانەوە بەرزبێتەوە بۆ (109) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە.

# بۆ یەکەمجار کۆمپانیاکە لە (کێڵگەی بەعشیقە) گەیشتووە بە دۆخی بەرهەمهێنان بە نزیکەی ڕۆژانەی (150) بەرمیل.

## بەرهەمی کاری (دی ئێن ئۆ) لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای (DNO)، بەرهەمهێنانی نەوت لە چوارچێوەی گرێبەستی (تاوکێ)دا گەشەی بەخۆوە بینیوەو بە تێکڕای ڕۆژانە لە هەردوو کێڵگەی نەوتی (فیشخابوور و تاوکێ) لە نیوەی دووەمی (2022)دا بڕی (106 هەزار و 948) بەرمیل نەوت دەرهێنراوە، لە کاتێدا لە چارەکی یەکەمی (2022)دا بڕەکە بریتی بووە لە (106 هەزار و 465) بەرمیلی ڕۆژانە. بەجۆرێک؛

بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەی فیشخابوور (60 هەزار و 348) بەرمیل بووە لە چارەکی دووەمی 2022 دا (لەچارەکی یەکەم بەرهەمەکەی (64 هەزار و 493) بەرمیلی ڕۆژانە بووە.

بەڵام کێڵگەی تاوکێ بەرهەمی ڕۆژانەی (44 هەزار و 600) بەرمیل بووە لە چارەکی دووەمی 2022 دا، لە کاتێکدا (لە چارەکی یەکەم بەرهەمەکەی (41 هەزار و 972) بەرمیلی ڕۆژانە بووە).

ئەم بەرەوپێشچوونەی لەوەی دووەمیان (کێڵگەی تاوکێ) بەدیهاتووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کۆمپانیاکە توانیویەتی چوار بیری نەوتیی نوێ لە هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئاستی بەرهەمهێنان، کە سیانیان لە کێڵگەی تاوکێیە.

هەر بۆیە پێشبینی دەکات لە کۆتایی ئەمساڵدا ئاستی بەرهەم لە چوارچێوەی (گرێبەستی تاوکێ) بەرزبێتەوە بۆ (109) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە.

جگە لە هەردوو کێڵگەی فیشخابوور و تاوکێ کە بە (گرێبەستی تاوکێ) ناسراوە، حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو (دی ئێن ئۆ) گرێبەستی لە کێڵگەی (بەعشیقە)ش هەیە، کۆمپانیاکە لە نیوەی دووەمی بۆ یەکەمجار لەم کێڵگیەش گەیشتووە بە ئاستی بەرهەمهێنان ڕوژانە (174) بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە. خشتەکانی (1، 2، 3) کۆو پوختەی بەرهەمی بەرهەمی کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابوور و بەعشیقە) لە تەواوی ساڵی (2021 و نیوەی یەکەمی 2022) لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات کە کۆمپانیای دی ئێن ئۆ وەبەرهێنانی تێدا دەکات.

**خشتەی ژمارە (1)**
**پوختەی بەرهەمی کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابوور و بەعشیقە) لە هەرێمی کوردستان/ کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)**
**بەرهەمهێنانی بەرمیل/ ڕۆژانە**

| هەرێمی کوردستان | چارەکەکان | | | نیوەی یەکەمی ساڵ | | سەرجەم ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چارەکی دووەمی 2022 | چارەکی یەکەمی 2022 | چارەکی دووەمی 2021 | 2022 | 2021 | 2021 |
| کێڵگەی تاوکێ | 33,450 | 31,479 | 35,491 | 32,470 | 36,727 | 35,199 |
| کێڵگەی فشخابور | 46,761 | 48,370 | 47,237 | 47,561 | 46,628 | 46,335 |
| کێڵگەی بەعشیقە | 147 | 0 | 0 | 74 | 0 | 0 |
| کۆ | 80,358 | 79,848 | 82,728 | 80,105 | 83,355 | 81,535 |

**خشتەی ژمارە (2)**
**کۆی بەرهەمی کار لە کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابوور و بەعشیقە)**
**بەرهەمهێنانی بەرمیل/ ڕۆژانە**

| چارەکەکان | | | نیوەی یەکەمی ساڵ | | سەرجەم ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی دووەمی 2022 | چارەکی یەکەمی 2022 | چارەکی دووەمی 2021 | 2022 | 2021 | 2021 |
| 107,178 | 106,465 | 110,304 | 106,823 | 111,140 | 108,713 |

**خشتەی ژمارە (3)**
**پوختەی بەرهەمی کار لە کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابوور و بەعشیقە)**
**بەرهەمهێنانی بەرمیل/ ڕۆژانە**

| سەرجەم ساڵ | نیوەی یەکەمی ساڵ | | چارەکەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2021 | 2021 | 2022 | چارەکی دووەمی 2021 | چارەکی یەکەمی 2022 | چارەکی دووەمی 2022 |
| 81,355 | 83,355 | 80,105 | 82,728 | 79,848 | 80,358 |

## پرۆسە داراییەکانی نەوتی هەرێم لە کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابوور و بەعشیقە)

**بە پێی ڕاپۆرتەکەی (دی ئێن ئۆ) لە ماوەی چارەکی دووەمی 2022، کۆی بەرهەمی ئەو کێڵگە نەوتییانەی وەبەرهێنانی تێدا دەکات بریتی بووە لە (107 هەزار و 178) بەرمیلی ڕۆژانەو (91 هەزار و 937) بەرمیلی بەوتی پوختەی بەرهەمهێنان بووە.**

**کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوەش داوە کە داهاتی گشتی بریتی بووە لە (361 ملیۆن) دۆلار ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەدوای ساڵی (2018)ەوە ئەو داهاتە تۆمار بکات، کە هۆکارەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت و غازی سرووشتیی لە بازاڕەکانی جیهاندا، هاوشان بەمەش بە ڕێژەیەکەی بەرچاو قەرزەکانی ڕووی لە دابەزین کردووە.**

**هەر بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیاکە (361 ملیۆن) دۆلاری داهاتی هەبووە، بڕی (81 ملیۆن) دۆلاری قازانجی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بووە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (4))**

**خشتەی ژمارە (4)**
**پرۆسە داراییەکانی نەوتی هەرێم لە کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابوور و بەعشیقە)**
**کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)**

| تەواوی ساڵی 2021 | چارەکی یەکەمی 2022 | چارەکی دووەمی 2022 | پرۆسەی نەوت |
|---|---|---|---|
| 108,713 | 106,465 | 107,178 | کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان (بەرمیل/ ڕۆژانە) |
| 94,477 | 92,548 | 91,937 | پوختەی بەرهەمهێنان (بەرمیل/ ڕۆژانە) |
| 1,004 | 339 | 361 | داهات (ملیۆن دۆلار) |
| 321 | 236 | 81 | قازانج/ زیان (ملیۆن دۆلار) |
| 204 | 140 | 72 | پوختەی قازانج/ زیان (ملیۆن دۆلار) |
| 362 | 152 | 167 | سەرمایەی بەگەڕنەخراو (FCF) (ملیۆن دۆلار) |
| 153 | 27 | -129 | پوختەی قەرز |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/8/24) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10912

## سەرچاوەکان


- DNO, DNO Reports Strong Second Quarter Results, Ups Tawke License Guidance;

https://www.dno.no/en/investors/announcements/dno-reports-strong-second-quarter-results-ups-tawke-license-guidance-2022-08-11/?fbclid=IwAR1BPgv_sOzunX8X5kAwmi7jhUfaiyylqOfp3TOXBUWkurJv7bAxB-5rPB0

- DNO ASA, Interim Results, Second Quarter 2022;

https://www.dno.no/media/ngthqagq/q2-2022-interim-results-report.pdf

- DNO ASA, Q2 2022 Interim Results Presentation;

https://www.dno.no/media/wngawgdi/q2-2022-interim-results-presentation_final.pdf

## بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی گەنەڵ ئێنێرجی
## ئاستی بەرهەمی نەوتی هەرێم لە کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق، سارتا) ڕووی لە دابەزین کردووە

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی کۆمپانیای "گەنەل ئینێرجی"ی تورکی، لە سەرجەم ئەو کێڵگە نەوتیانەی هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیاکە تێیاندا پشکدارە، لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ڕووی لە دابەزین کردووە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی (2021)، بە جۆرێک؛

# ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگەی تاوکێ (4.2%) دابەزیوە.
# ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگەی تەق تەق (33.8%) دابەزیوە.
# ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگەی سارتا (31.6%) دابەزیوە.
# تا ئێستا کێڵگەی قەرەداغ نەگەیشتووە بە بەرهەمهێنان کە کۆمپانیا تورکییەکە (40%)ی پشکەکانی تێدایە.

### گەنەڵ ئینێرجی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی"ی تورکی هەیە لە هەر یەک کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق، سارتا و قەرەداغ)، سێ کێڵگەی یەکەمیان لە بەرهەمهێناندان، بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022، ئاستی بەرهەمی گشتی هەر سێ کێڵگەی (تاوکێ، تەق تەق و سارتا) ڕووی لە دابەزین کردووە، بە جۆرێک لە هەرسێ کێڵگەی ناوبراودا لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا بەرهەمی ڕۆژانە بە تێکڕا بریتی بووە لە (116 هەزار و 930) بەرمیل نەوتی خاو.

ئەمە لە کاتێکدایە تێکڕای بەرهەمی هەرسێ کێڵگەکە لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2021دا بریتی بووە لە (124 هەزار و 710) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

بەم پێیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق و سارتا) بە گشتی لە (نیوەی یەکەمی 2022) دا بەراورد بە (نیوەی یەکەمی 2021)، بڕی (7 هەزار و 780) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (6.7%) دابەزیوە.

سەبارەت بە وردەکاری هەر کێڵگەیەک بە جیا، زانیارییەکان بەم جۆرەن؛

**یەکەم؛ کێڵگەی تاوکێ**

هەریەک لە کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆی (DNO)ی نەرویجی وکۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی (Genel Energy) تورکی لە کێڵگەی تاوکی خاوەن پشکن. کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO) خاوەنی (75%)ی پشکەکانەو گەنەڵ ئینێرجی خاوەنی (25%)ی پشکەکانە. ناوچەی گرێبەستی تاوکێ لە پارێزگای دهۆکە.

بەپێی دواین ڕاپۆرتی گەنەڵ ئینێرجی بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەی تاوکێ بە تێکڕا لە نیوەی یەکەمی 2022  دا بریتی بووە لە (106 هەزار و 700) بەرمیلی ڕۆژانە.

پوختەی پشکی کۆمپانیای "گەنەڵ ئێنێرجی" لە ماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە (26 هەزار و 680) بەرمیلی ڕۆژانە بەو پێیەی خاوەنی (25%)ی پشکەکانە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە بەرهەمی ناوچەی گرێبەستەکە لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2021)دا بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە (111 هەزار و 140) بەرمیل، پشکی کۆمپانیەکە بریتی بووە لە (27 هەزار و 780) بەرمیلی ڕۆژانە.

بەم پێیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستەکە بە گشتی لە (نیوەی یەکەمی 2022) دا بەراورد بە (نیوەی یەکەمی 2021)، بڕی (4 هەزار و 440) بەرمیل نەوتی ڕۆژانی بە ڕێژەی (4.2%) دابەزیوە.

**دووەم؛ کێڵگەی تەق تەق**

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ناحیەی "تەق تەق"ەوە لە قەزای کۆیە، ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایە، پشکەکانی کێڵگەی ناوبراو دابەشبوون بەسەر کۆمپانیای "ئەداکس پیترۆلیۆم" کە (36%)ی پشکەکان و "گەنەڵ ئینێرجی" تورکی (44%)ی پشکەکان و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

**بەپێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەی "تەق تەق" بە تێکڕا لە نیوەی یەکەمی 2022 دا بریتی بووە لە (4 هەزار و 850) بەرمیلی ڕۆژانە.**

**پوختەی پشکی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" لە (نیوەی یەکەمی 2022)دا لە کێڵگەی ناوبراودا بریتی بووە لە (2 هەزار و 130) بەرمیلی ڕۆژانە بەو پێیەی خاوەنی (44%)ی پشکەکانە.**

**هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە بەرهەمی ناوچەی گرێبەستەکە لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2021)دا بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە (6 هەزار و 490) بەرمیل، پشکی کۆمپانیەکە بریتی بووە لە (2 هەزار و 860) بەرمیلی ڕۆژانە.**

**بەم پێیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستەکە بە گشتی لە (نیوەی یەکەمی 2022) دا بەراورد بە (نیوەی یەکەمی 2021)، بڕی (هەزار و 640) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (33.8%) دابەزیوە.**

**سێیەم؛ کێڵگەی سارتا**

**کێڵگەی سارتا دەکەوێتە پارێزگای هەولێرەوە، کۆمپانیای "شیڤرۆن"ی ئەمەریکی پشکی (50%) و "گەنەڵ ئینێرجی" (30%)ی پشکەکان و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.**

**بەپێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەی "سارتا" بە تێکڕا لە نیوەی یەکەمی 2022 دا بریتی بووە لە (5 هەزار و 380) بەرمیلی ڕۆژانە.**

**پوختەی پشکی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" لە (نیوەی یەکەمی 2022)دا لە کێڵگیە ناوبراودا بریتی بووە لە (هەزار و 610) بەرمیلی ڕۆژانە بەو پێیەی خاوەنی (30%)ی پشکەکانە.**

**هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە بەرهەمی ناوچەی گرێبەستەکە لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2021)دا بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە (7 هەزار و 80) بەرمیل، پشکی کۆمپانیەکە بریتی بووە لە (2 هەزار و 120) بەرمیلی ڕۆژانە.**


**بەم پێیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستەکە بە گشتی لە (نیوەی یەکەمی 2022) دا بەراورد بە (نیوەی یەکەمی 2021)، بڕی (هەزار و 700) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (31.6%) دابەزیوە.**

**چوارەم؛ کێڵگەی قەرەداغ:**

دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە لە ناوچەی قەرەداغ و خۆرهەڵاتی چیای سەگرمەو ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان و ڕووبەری ئەم بلۆکە (846) کیلۆمەتر دووجایە، پێشتر (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکەکانی بۆ (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستان مایەوە. بەڵام دوای کشانەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکە (40%)ی پشکەکانی دراوە بە کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی"ی تورکی. بەڵام تا ئێستا ئەم کێڵگەیە نەگەیشتووە بە بەرهەمهێنان و کۆمپانیا تورکییەکە بەردەوامە لە کارکردن تێیدا.

بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگە نەوتییەکانی (تاوکێ، تەق تەق و سارتا) کە کۆمپانیای "گێنێل ئەنێرجی" تێیاندا پشکدارە

| کێڵگە بەرهەمهێنەرەکانی پشکدار بە (گێنێل ئەنێرجی) | کۆی بەرهەمهێنان لە نیوەی یەکەمی 2022 بەرمیل/ رۆژانە | پوختەی بەرهەمهێنان لە نیوەی یەکەمی 2022 بۆ(گێنێل ئەنێرجی) | کۆی بەرهەمهێنان لە نیوەی یەکەمی 2021 بەرمیل/ رۆژانە | پوختەی بەرهەمهێنان لە نیوەی یەکەمی 2021 بۆ (گێنێل ئەنێرجی) |
|---|---|---|---|---|
| کێڵگەی تاوکێ | 106,700 | 26,680 | 111,140 | 27,780 |
| کێڵگەی تەق تەق | 4,850 | 2,130 | 6,490 | 2,680 |
| کێڵگەی سارتا | 5,380 | 1,610 | 7,080 | 2,120 |
| **کۆ** | **116,930** | **30,420** | **124,710** | **32,760** |




**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/9/1) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10971

## سەرچاوە

- Genel Energy, Half-Year Results 2022, 02/08/2022;

https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2022/08/Genel-Energy-HY-2022-Results-FINAL.pdf

## توانای بەرهەمهێنان لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ لە نیوەی یەکەمی 2022 داهاتی کێڵگەکە بەڕێژەی (80%) زیادیکردووە

بەپێی داتاکانی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئینێرجی) ئەمریکی؛

# داهات لە کێڵگەی سەرسەنگ لە (نیوەی یەکەمی 2022) بە ڕێژەی (80%) زیادیکردووە بەراورد بە (نیوەی یەکەمی 2021)، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و بەرزبوونەوەی (3%) لە قەبارەی فرۆشتنی نەوت لە کێڵگەکەدا.

# بەرهەمهێنان لە (نیوەی یەکەمی 2022) دا (29.7 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە، لە کاتێکدا (28.9 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە لە (نیوەی یەکەمی 2021)؛

# کۆی بەرهەمی کەڵەکەبووی کێڵگەی سەرسەنگ لە دەستپێکی بەرهەمهێنانەوە تا 30ی حوزەیرانی 2022 گەیشتووەتە (47.6 ملیۆن) بەرمیل.

### کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ دەکەوێتە سنوری (پارێزگای دهۆک)ەوە، ڕووبەری کێڵگەکە (420) کیلۆمەتر دووجایە، دابەشبووە بەسەر دوو ناوچەی نەوتی جیاوازدا کە بریتین لە ناوچەی (سوارەتوکەو ڕۆژهەڵاتی سوارەتوکە)، هەر یەکێک لەو دوو ناوچەیە سێ کۆگای نەوتی سەربەخۆی تێدایە.


لە ئێستادا پشکی (62%)ی کێڵگە نەوتییەکە دراوەتە کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئینێرجی) ئەمریکی و پشکی (18%)ی دراوەتە لقێکی کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەرەنسی و پشکی (20%)ی ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم کوردستانە.


بەپێی نوێترین ئەو زانیارییانەی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی خستوویەتیەڕوو توانای هەردوو ناوچەکەی کێڵگەکە بەم جۆرەیە؛

یەکەم؛ سوارەتوکە؛ بەشی گرنگ و سەرەکی کێڵگە نەوتییەکەیە شەش بیری نەوتی تێدایەو توانای بەرهەمهێنانی (29 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە بە کوالێتییەکی بەرزی (36 –

API 39)، لە ئێستادا بەرهەمەکەی لە ڕێگەی تانکەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ فیشخابوور و پلان وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ڕێگەی بۆرییەوە بەرهەمەکەی بگوازرێتەوە، کە ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە قۆناغی دروستکردندایە.

دووەم؛ ڕۆژهەڵاتی سوارەتوکە؛ ناوچەیەکی دیکەی نەوتییە لە چوارچێوەی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ و یەک بیری نەوتی تێدایەو توانای بەرهەمهێنانی (2 هەزار و 500) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە بە کوالێتییەکی بەرزی (36 – 39 API).






## دەرەنجامی کارەکانی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئینێرجی لە نیوەی یەکەمی 2022 لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئینێرجی لە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن (ڕۆس پیرۆت جونیۆر) دامەزراوە، کۆمپانیایەکی تایبەتی وزەی سەربەخۆیەو کاری گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکە لە شاری دالاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو لقی لە هەردوو شاری تەکساس و هەولێر هەیە.

بەپێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیاکە لە نیوەی یەکەمی 2022 لە کێڵگەی سەرسەنگ؛

1. داهات لە (نیوەی یەکەمی 2022) بە ڕێژەی (80%) زیادیکردووە بەراورد بە (نیوەی یەکەمی 2021)، بەهۆی بەرزبوونەوەی (74%) لە نرخی نەوت و بەرزبوونەوەی (3%) لە قەبارەی فرۆشتنی نەوت لە کێڵگەکەدا.
2. بەرهەمهێنان لە (نیوەی یەکەمی 2022) دا (29.7 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە، لە کاتێکدا (28.9 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە لە (نیوەی یەکەمی 2021)؛
3. کۆی بەرهەمی کەڵەکەبووی کێڵگەی سەرسەنگ لە دەسپێکی بەرهەمهێنانەوە تا 30ی حوزەیرانی 2022 گەیشتووەتە (47.6 ملیۆن) بەرمیل.
4. کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئینێرجی لە ماوەی (نیوەی یەکەمی 2022)دا بڕی (178 ملیۆن) دۆلاری نەختینەی لە فرۆشتنی نەوت وەرگرتووە، لەگەڵ (33.6 ملیۆن) دۆلاری دیکە لە مانگی تەمموزی 2022دا وەرگیراوە.

5. کۆی گشتی وەبەرهێنان لە ساڵی (2007)ەوە لەلایەن کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن و هاوکارەکانیەوە (1.9 ملیار) دۆلار زیاترە.
6. بە نزیکەی (4) ملیار دۆلار بەشداری لە بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمدا کردووە لە ماوەی 15 ساڵدا.
7. تا ساڵی (2021) (59 هەزار) هەلی کاری ناوخۆیی ڕەخساندووە.

دەرەنجامی کارەکانی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئێنرجی لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

| پرۆسەی نەوت | چارەکی دووەمی 2022 | چارەکی دووەمی 2021 | نیوەی یەکەمی 2022 | نیوەی یەکەمی 2021 |
|---|---|---|---|---|
| کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان (بەرمیل/ ڕۆژانە) | 29,800 | 29,964 | 29,719 | 28,934 |
| پوختەی بەرهەمهێنان (62%)ی پشکی کۆمپانیا (بەرمیل/ ڕۆژانە) | 18,476 | 18,577 | 18,426 | 17,939 |
| داهات | $ 112,734,000 | $ 65,525,000 | $ 211,720,000 | $ 117,805,000 |
| خەرجی کار | $ 116,844,000 | $ 49,074,000 | $ 164,800,000 | $ 72,974,000 |
| خەرجی سەرمایەگوزاری | $ 24,635,000 | $ 14,604,000 | $ 49,635,000 | $ 27,153,000 |
| خەرجی بەگەڕخستن (FCF) | $ 92,209,000 | $ 34,470,000 | $ 115,165,000 | $ 45,821,000 |
| پوختەی قەرز | $ 149,000,000 | $ 149,000,000 | $ 149,000,000 | $ 149,000,000 |

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/9/15) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11068

## سەرچاوە


- ڕاپۆرتی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی، بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی 2022.

## گەشەی بەرهەمی نەوتی هەرێم لە هەردوو کێڵگەی (شێخان و تەق تەق) بەرهەمی نەوتی شێخان (3100%) زیادیکردووە و تەق تەق ( 93–95%) کەمیکردووە!

# کێڵگەی نەوتی تەق تەق لە ساڵی (2021) بەتێکڕا ئاستی بەرهەم گەیشتووە بە (5 هەزارو 940) بەرمیل لە ڕۆژێکداو لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2022)دا بەتێکڕا ئاستەکە زیاتر دابەزیوەوە گەیشتووە بە (4 هەزار و 850) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. واتە بەرهەمی کێڵگەی تەق تەق لەماوە نێوان ساڵی (2011) بۆ ساڵی (2022) بە ڕێژەی (93%) بەرهەمهێنان دابەزیوە، ئەگەر بەراوردەکە بە ساڵی (2014) بکەین ئاستی دابەزینەکە دەگاتە (95%).

# لە کێڵگەی نەوتی شێخان تێکڕای بەرهەمهێنان لە ساڵی (2013)دا بریتی بووە لە (هەزار و 361) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، تا ساڵی (2021) تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە گەیشتووە بە (43 هەزار و 440) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) ئاستەکە گەیشتووە بە (44 هەزار 900) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. بەم پێیەش ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە لە ماوەی نێوان ساڵی (2013) بۆ ساڵی (2022) بڕی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی (3107%) زیادیکردووە.

# کێڵگەی نەوتی تەق تەق لە زۆنی سەوز هەردوو کۆمپانیای (ئەداکس پیترۆلیۆم)ی چینی و و (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی کاری تێدا دەکەن.

# کێڵگەی نەوتی شێخان لە پارێزگای دهۆک کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن پترۆلیۆمی بەریتانی کاری تێدا دەکات.

# کێڵگەی نەوتی تەق تەق (30) بیر و شێخان (15) بیری نەوتی تێدایە.

## کێڵگەی نەوتی تەق تەق

ناوچەی گرێبەستی کێڵگەی نەوتی تەق تەق بە (60) کم لە باکوری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، (85) کم باشووری رۆژهەڵاتی شاری هەولێر و (120) کم لە باکوری رۆژئاوای شاری سلێمانیەوە دوورە. لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە بەڵام لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارانی پارێزگای سلێمانیدایە.

ڕووبەری گشتی ناوچەی گرێبەستی تەق تەق نزیکەی (951) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. پشکەکان دابەشکراون بەسەر کۆمپانیای (ئەداکس پیترۆلیۆم)ی چینی بەڕێژەی (36%) و (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی (44%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.


ئەگەرچی لە سەرەتاوە بە یەکێک کە کێڵگە گەورەو پڕ بایەخەکانی بواری بەرهەمهێنانی نەوت لێی دەڕواندرا، ئاستێکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەبوو، بەڵام بە خێراییەکی زۆر چاوەڕاون نەکراو ئاستی بەرهەمەکەی ڕووی لە داکشان کرد.

لەم کێڵگەیەدا بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1978)دا لەلایەن ڕژێمی عێراقی ئەوکاتەوە (3) بیرە نەوت لێدراوە و بەڵام هیچ وەبەرهێنانێکی تێدا نەکراوە، لەدوای ڕاپەڕینەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (1996–1994) ئەو (3) بیرە نەوتەی پێشتر هەڵکەندرابوون سەریان لادرایەوەو دەستکرا بە بەرهەمهێنانی نەوتی خاو. تا ساڵی (2002) نەوتی خاوی کێڵگەکە دەگەیەندرایە پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی و بەشێوەیەکی سەرەتایی بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپیان بە بڕێکی کەم لێ بەرهەم دەهێنا. لە (2002 /7/17) وە بەڕەسمی گرێبەست واژۆکراوە لەگەڵ کۆمپانیای (گەنەڵ ئینێرجی) تورکیدا کە تا ئەو کاتە 6–7 بیرە نەوت هەبوە. بەڵام لەوکات بە دواوە لە سنوری کێڵگەکەدا ژمارەی بیرەکان گەیشتووە بە نزیکەی (30) بیری هەڵکەندراو.

لە ساڵی (2012) دا بە درێژایی (78) کم بۆری ئەم کێڵگەیە بەستراوەتەوە بە وێستگەی خورمەڵەوە و لەوێشەوە بۆ بۆری بەندەری جیهانی تورکیا بۆ هەناردەکردنی نەوت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم کێڵگەیەدا بەخێرایی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو لە کێڵگەکەدا ڕووی لە بەرزبوونەوە دەکرد و چاوەڕێی بەرزبوونەوەی زیاتریش دەکرا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێ دەکرا ڕوویدا، بە جۆرێک ئاستی بەرهەمی نەوت لە کێڵگەکەدا لە ساڵی (2012) بریتی بوو لە (75 هەزار) بەرمیلی ڕۆژانەو لە ساڵی (2014) بەرهەمەکەی گەیشتە (130 هەزار) بەرمیلی ڕۆژانەو بەرپرسانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێن لە کێڵگەکەدا ئاماژەیان بەوە دەکرد لە کە داهاتووی نزیکدا بەرهەمی ڕۆژانە دەگەیەنن بە (200 هەزار) بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام لەو کاتە بەدواوە ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە زۆر بەخێرایی دادەبەزێت و بەپێی دواین ئامارەکانی کۆمپانیای

(گەنەڵ ئینێرجی) لە ساڵی (2021) بەتێکڕا ئاستی بەرهەم گەیشتووە بە (5 هەزارو 940) بەرمیل لە ڕۆژێکداو لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2022)دا بەتێکڕا ئاستەکە زیاتر دابەزیوەو گەیشتووە بە (4 هەزار و 850) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. بەم پێیەش دەتوانین بڵێین ئاستی بەرهەمی کێڵگەی تەق تەق لە ماوەی نێوان ساڵی (2011) بۆ ساڵی (2022) بە ڕێژەی (93%) بەرهەمهێنان دابەزیوە، ئەگەر بەراوردەکە بە ساڵی (2014) بکەین ئاستی دابەزینەکە دەگاتە (95%). بۆ دابەزینی ئاستی بەرهەمی کێڵگەی نەوتی تەق تەق لە ماوەی ساڵانی (2011 – 2022) بڕوانە (چارتی ژمارە (1)).





## کێڵگەی نەوتی شێخان

کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن پترۆلیۆمی بەریتانی وەبەرهێنان لە کێڵگەی نەوتی شێخاندا دەکات، کێڵگەکە دەکەوێتە سنوری پارێزگای دهۆک، قەزای شێخان دەگرێتەوەو (60) کم لە پارێزگای هەولێرەوە دوورە، ڕووبەری کێڵگەکە نزیکەی (283) کیلۆمەتر دووجایە، کۆمپانیاکە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە و 80%ی پشکی کارکردنی لە چوارچێوەی گرێبەستی شێخان هەیە.

گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەمهێنانی کێڵگەی شێخان لە ساڵی 2007 لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەخشراوە، ساڵی (2009) لە یەکەم بیر لە کێڵگەدا بەناوی (SH–1) دۆزرایەوە، بۆ یەکەم جاریش تەموزی ساڵی (2013) کێڵگەکە گەیشتە قۆناغی بەرهەمهێنان. لەو کاتەوە، زیاتر

له (100 ملیۆن) بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە. بەجۆرێک کۆی گشتی تێکڕای بەرهەمهێنان لە ساڵی (2013)دا بریتی بووە لە (هەزار و 361) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، کێڵگەکە بەردەوام لە گەشەسەندندا بووە تا ساڵی (2021) تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی گەیشتووە بە (43 هەزار و 440) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. لە نیوەی یەکەمی ساڵی (2022) ئاستەکە گەیشتووە بە (44 هەزار 900) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. بۆ زانیاری دەربارەی گەشەی بەرهەمی نەوتی کێڵگەی شێخان لە ماوەی (2013 بۆ 2022) بڕوانە (چارتی ژمارە (2)).




بەم پێیەش ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە لە ماوەی نێوان ساڵی (2013) بۆ ساڵی (2022) بڕی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی (3107%) زیادیکردووە، ئەمەش بۆ ئەو پەرەپێدان و وەبەرهێنانە دەگەڕێتەوە کە کۆمپانیاکە لە کێڵگەکەدا ئەنجامی دەدات. کێڵگەکە (14) بیری تێدایە بەرهەمەکانیان دەگوزارێنەوە بۆ دوو وێستگەی ئەمبارکردنی نەوتی کێڵگەو لەوێوە بە بۆری نەوتی کوردستان دەگوزارێتەوە، بەم جۆرەی لە خشتەکەدا هاتووە؛


### بیره نەوتییەکانی کێڵگەی شێخان

| ناوی بیر | ساڵ | بەرهەمەکەی دەگوزرێتەوە بۆ وێزگەی |
|---|---|---|
| SH 1 | September 2010 | PF - 1 |
| SH 2 | June 2014 | PF - 2 |
| SH 3 | November 2011 | PF - 1 |
| SH 4 | March 2014 | PF - 1 |
| SH 5 | June 2014 | PF - 2 |
| SH 6 | 2014 | |
| SH 7 | December 2014 | PF - 1 |
| SH 8 | March 2015 | PF - 1 |
| SH 9 | December 2020 | PF - 1 |
| SH 10 | December 2014 | PF - 2 |
| SH 11 | April 2015 | PF - 2 |
| SH 12 | November 2019 | PF - 2 |
| SH 13 | December 2021 | PF - 2 |
| SH 14 | December 2021 | PF - 2 |
| SH 15 | April 2022 | PF - 1 |


هەروەها (بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)) کە ژمارەی بیرو کارەکانی کۆمپانیای وەبەرهێنەر دەردەخات.

**نەخشەی ژمارە (1)**

**کێگەی نەوتی شێخان**



ماوەتەوە بوترێت کێڵگەی نەوتی شێخان بە پێچەوانەی کێڵگەی نەوتی تەق تەقەوە، بە خێراییەکی زۆر گەشەی پێدراوە (چارتی ژمارە (3)) بە ڕوونی گەشەی نەوتی شێخان و پاشەکشەی بەرهەمی تەق تەق نیشان دەدات لە ماوەی ساڵانی (2011) بۆ نیوەی یەکەمی ساڵی (2022).




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/10/8) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11209

## بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەردوو کێڵگە نەوتییەکە، بڕوانە؛

- درەو میدیا؛ بەرهەمی کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق، سارتا) ڕووی لە دابەزین کردووە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10971&fbclid=IwAR1S_C8Yp6ScP_YCINHJqJSkIBXNdiaNy6jzsL47EOOle6V2Qbf2zXp1RBI
- سپی میدیا، نوێترین زانیاری لەسەر ئاستی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم؛
https://speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=101129&Jor=22
- ڕوداوو، ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەی نەوتی تەق تەق بەرزدەبێتەوە؛
https://www.rudaw.net/sorani/business/150820143
- نەوزادی موهەندیس، هۆکارەکانی کەمبوونەوەی نەوتی تەق تەق؛

https://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=671

- Genel energy, Production, Taq Taq;

https://genelenergy.com/operations/production/taq–taq/?fbclid=IwAR1w41YY6oLDwfvgWuHsDBAaOt3XIOrDS7Bo48woodkPl3Rm91NEy154NbU

- Iraq business news, Genel Energy expects Continued Growth;

https://www.iraq–businessnews.com/2021/01/20/genel–energy–expects–continued–growth/

- Taq Taq throws a spotlight on KRG's future

https://www.argusmedia.com/en/news/1432338–taq–taq–throws–a–spotlight–on–krgs–future

- Iraq business news, Genel Shares Crash on Taq Taq Reserve Downgrade;

https://www.iraq–businessnews.com/2016/02/29/genel–shares–crash–on–taq–taq–reserve–downgrade/

- Gulf Keystone Petroleum, Operations, Track record & performance;

https://www.gulfkeystone.com/operations/?fbclid=IwAR25bO4n1B57TYO9y1kF_yBVxneiX6Gw_dLZKp2Ndva7d_fDfHzbL4UWljk#production

- OIL GAS JORNAL, Genel working to debottleneck Iraq Taq Taq oil output;

https://www.ogj.com/exploration–development/article/17257578/genel–working–to–debottleneck–iraq–taq–taq–oil–output

## بەرهەم و داهاتی کێڵگەی نەوتی ئەتروش
## لە (2020)ەوە بۆ نیوەی یەکەمی ئەمساڵ (37 ملیۆن) بەرمیل و (1.8 ملیار) دۆلار داهاتی هەبووە

# کێڵگە نەوتی ئەتروش لە ساڵی (2017)ەوە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە، لە سەرەتای ساڵی (2020)ەوە بۆ نیوەی یەکەمی ئەمساڵ (37 ملیۆن 368 هەزار و 500) بەرمیل نەوت لەم کێڵگەیە بەرهەمهێنراوە بە تێکڕای ڕۆژانەی زیاتر لە (41 هەزار) بەرمیل.
# سێ مانگی دووەمی ساڵی (2020) بڕی (4 ملیۆن و 267 هەزار و 900) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (46 هەزار و 900) بەرمیل بەرهەمهێنراوە، ئەمەش بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنان بووە لە کێڵگەکەدا.

# کێڵگە نەوتی ئەتروش لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا (1 ملیار و 824 ملیۆن و 954 هەزار و 876) دۆلار داهاتی هەبووە، بە تێکڕا لەو ماوەیەدا داهاتی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە (50.76) دۆلاری، تێکڕای تێچوونی بەرهەمهێنانی بەرمیلێکیش بریتی بووە لە (5.18) دۆلار.

# سێ مانگی دووەمی ساڵی (2022) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (326 ملیۆن و 821 هەزار و 320) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (97.88) دۆلار بووە، ئەمەش تۆمارکردنی بەرزترین ئاستی داهاتە لە ماوەی ناوبراوە.

### کێڵگەی نەوتی ئەتروش


کێڵگەی نەوتی ئەتروش، یەکێکە لە کێڵگە گرنگ و بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و لە ساڵی 2011 نەوتی تێدا دۆزرایەوە و بۆ یەکەمجاریش لە ساڵی 2017 دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت کراوە لە کێڵگەکەدا. وەک کۆمپانیا نەوتییەکانی کێڵگەکە ئاماژەی بۆ دەکەن، بەرهەمی نەوتی کێڵگەکە "نەوتی کوالیتی بەرزە کە بنکەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی هەیە و توانای گەشەکردنی بەرچاوی هەیە".

بلۆکی ئەتروش دەکەوێتە پارێزگای دهۆکەوە، بە نزیکەی (85) کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژئاوای هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە دورە، ڕووبەرەکەی (269) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. پشکەکانی کێڵگە نەوتییەکە بەپێی گرێبەستەکان دابەشبوون بەسەر (47.4%)ی دراوەتە بە

کۆمپانیای نیشتمانی ئیمارات بۆ وزە، ناسراو بە (تاقە)، (27.6%)ی پشکەکانی دراوە بە شاماران پیترۆلیۆمی کەنەدی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (بڕوانە چارتی ژمارە (1))

**چارتی ژمارە (1)**

**دابەشبوونی پشکەکانی کێڵگەی نەوتی ئەتروش**




بەپێی ئەو زانیارییانەی کۆمپانیای شاماران بڵاویکردووەتەوە، لە ساڵی (2022)دا بڕی (116) ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی ئەتروش، بەرنامەی پەرەپێدانەکەش بریتییە لە؛

1. هەڵکەندن و تەواوکردنی (3) بیری گەشەپێدان، لەنێویاندا یەک بیری ئاو.
2. دەستپێکردنی پڕۆژەی چارەسەری غاز کە بە شێوەیەکی بەرچاو دەردانی غازی ژەهراوی کەمدەکاتەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی بۆ ژێرخانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە غازی بەرهەمهێنراو. بەو پێیەی لە ئێستادا کێڵگەی ئەتروش پشت بە مۆلیدەو سوتەمەنی دیزڵ دەبەستێت بۆ دەستکەوتنی وزەی کارەبا، بە سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە چاوەڕوان دەکرێت تێچووی کارکردن لە داهاتوودا زۆر کەمبکاتەوە.

## بەرهەمی کێڵگەی نەوتی ئەتروش


وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کێڵگەی نەوتی ئەتروش یەکێکە لە کێڵگە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکانی هەرێمی کوردستان و لە ساڵی (2017)ەوە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە، بەپێی داتاکان لە سەرەتای ساڵی (2020)ەوە (37 ملیۆن 368 هەزار و 500) بەرمیل نەوت تەنها لەم کێڵگەیە

بەرهەمهێنراوە بە تێکڕای ڕۆژانەی (41 هەزار و 10) بەرمیل، بەجۆرێک؛ (بڕوانە چارتی ژمارە (2 و 3))

- سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2020) بڕی (4 ملیۆن و 249 هەزار و 700) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (46 هەزار و 700) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.
- سێ مانگی دووەمی ساڵی (2020) بڕی (4 ملیۆن و 267 هەزار و 900) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (46 هەزار و 900) بەرمیل بەرهەمهێنراوە، ئەمەش بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنان بووە لە کێڵگەکەدا.
- سێ مانگی سێیەمی ساڵی (2020) بڕی (4 ملیۆن و 241 هەزار و 200) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (46 هەزار و 100) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.
- سێ مانگی چوارەمی ساڵی (2020) بڕی (3 ملیۆن و 753 هەزار و 600) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (40 هەزار و 800) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.
- سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2021) بڕی (3 ملیۆن و 843 هەزار) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (38 هەزار و 200) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.
- سێ مانگی دووەمی ساڵی (2021) بڕی (3 ملیۆن و 539 هەزار و 900) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (38 هەزار و 900) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.
- سێ مانگی سێیەمی ساڵی (2021) بڕی (3 ملیۆن و 799 هەزار و 600) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (41 هەزار و 300) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.
- سێ مانگی چوارەمی ساڵی (2021) بڕی (3 ملیۆن و 247 هەزار و 600) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (35 هەزار و 300) بەرمیل بەرهەمهێنراوە، ئەمەش نزمترین ئاستی بەرهەمهێنان بووە لە کێڵگەکەدا.
- سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022) بڕی (3 ملیۆن و 492 هەزار) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (38 هەزار و 800) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.
- سێ مانگی دووەمی ساڵی (2022) بڕی (3 ملیۆن و 339 هەزار) بەرمیل بە تێکڕای ڕۆژانەی (37 هەزار و 100) بەرمیل بەرهەمهێنراوە.


**چارتی ژماره (2)**

**كۆی بەرهەمی نەوتی كێڵگەی ئەتروش لە (2020 – نیوەی یەكەمی 2022)**




**چارتی ژماره (3)**

**تێكڕای بەرهەمی ڕۆژانەی كێڵگەی نەوتی ئەتروش لە (2020 – نیوەی یەكەمی 2022)**



## داهات و تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی ئەتروش


کێڵگەی نەوتی ئەتروش بە خاوەن داهاتێکی گەورەی نەوت لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت و لە ماوەی نێوان ساڵی (2020) بۆ (نیوەی دووەمی 2022)، (1 ملیار و 824 ملیۆن و 954 هەزار و 876) دۆلار داهاتی هەبووە، بە تێکڕا لەو ماوەیەدا داهاتی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە (50.76) دۆلاری، تێکڕای تێچوونی بەرهەمهێنانی بەرمیلێکیش بریتی بووە لە (5.18) دۆلار و بەجۆرێک؛ (بڕوانە چارتی ژمارە (4 و 5 و 6))؛

- سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2020) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (149 ملیۆن و 631 هەزار و 937) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (35.21) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (5.9) دۆلار بووە.
- سێ مانگی دووەمی ساڵی (2020) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (59 ملیۆن و 195 هەزار و 773) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (13.87) دۆلار بووە، ئەمەش نزمترین ئاستی داهاتە کە لەو ماوەیەدا تۆمارکرابێت کە ئێمە لە بارەیەوە دەدوێین. تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (5.36) دۆلار بووە.
- سێ مانگی سێیەمی ساڵی (2020) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (115 ملیۆن و 615 هەزار و 112) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (27.26) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (3.97) دۆلار بووە.
- سێ مانگی چوارەمی ساڵی (2020) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (106 ملیۆن و 114 هەزار و 272) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (28.27) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (5.1) دۆلار بووە.
- سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2021) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (155 ملیۆن و 191 هەزار و 320) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (45.14) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (5.12) دۆلار بووە.
- سێ مانگی دووەمی ساڵی (2021) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (186 ملیۆن و 835 هەزار و 922) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (52.78) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (4.34) دۆلار بووە.
- سێ مانگی سێیەمی ساڵی (2021) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (219 ملیۆن و 160 هەزار و 928) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (57.68) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (4.34) دۆلار بووە.

- سێ مانگی چوارەمی ساڵی (2021) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (206 ملیۆن و 774 هەزار و 692) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (63.67) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (6.73) دۆلار بووە.
- سێ مانگی یەکەمی ساڵی (2022) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (299 ملیۆن و 613 هەزار و 600) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (85.8) دۆلار بووە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (5.53) دۆلار بووە.
- سێ مانگی دووەمی ساڵی (2022) کۆی داهاتی نەوتی ئەتروش بریتی بووە لە (326 ملیۆن و 821 هەزار و 320) دۆلار، تێکڕای داهاتی هەر بەرمیلێک (97.88) دۆلار بووە، ئەمەش تۆمارکردنی بەرزترین ئاستی داهاتە لە ماوەی ناوبراوە، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک (5.29) دۆلار بووە.


**چارتی ژمارە (4)**

**کۆی داهاتی کێڵگەی نەوتی ئەتروش لە (2020 – نیوەی یەکەمی 2022)**




## چارتی ژمارە (5)

## تێکڕای داهاتی ڕۆژانەی کێڵگەی نەوتی ئەترووش لە (2020 – نیوەی یەکەمی 2022)




## چارتی ژمارە (6)

## تێکڕای تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیلێک نەوتی کێڵگەی ئەترووش (2020 – نیوەی یەکەمی 2022)



**خشتەی وردەکاری بەرهەم و داهات و تێچوی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی نەوتی ئەتروش (2020 – نیوەی یەکەمی 2022)**

| 6/2022 - 2020 | کۆی بەرهەمی نەوت (بەرمیل) | تێکرای بەرهەمی ڕۆژانە (بەرمیل) | داهاتی سافی بەرمیلێک نەوت | کۆی داهاتی سافی | تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیلێک نەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەمی 2020 | 4,249,700 | 46,700 | $35.21 | $149,631,937 | $5.90 |
| چارەکی دووەمی 2020 | 4,267,900 | 46,900 | $13.87 | $59,195,773 | $5.36 |
| چارەکی سێیەمی 2020 | 4,241,200 | 46,100 | $27.26 | $115,615,112 | $3.97 |
| چارەکی چوارەمی 2020 | 3,753,600 | 40,800 | $28.27 | $106,114,272 | $5.10 |
| چارەکی یەکەمی 2021 | 3,438,000 | 38,200 | $45.14 | $155,191,320 | $5.12 |
| چارەکی دووەمی 2021 | 3,539,900 | 38,900 | $52.78 | $186,835,922 | $4.49 |
| چارەکی سێیەمی 2021 | 3,799,600 | 41,300 | $57.68 | $219,160,928 | $4.34 |
| چارەکی چوارەمی 2021 | 3,247,600 | 35,300 | $63.67 | $206,774,692 | $6.73 |
| چارەکی یەکەمی 2022 | 3,492,000 | 38,800 | $85.80 | $299,613,600 | $5.53 |
| چارەکی دووەمی 2022 | 3,339,000 | 37,100 | $97.88 | $326,821,320 | $5.29 |
| **ئەنجام** | **37,368,500** | **41,010** | **$50.76** | **$1,824,954,876** | **$5.18** |

**تێبینی**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە** (2022/10/22) **بڵاوکراوەتەوە؛**
http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11295

## داتاکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لە چارەکی سێیەمی 2022 لە کێڵگەکانی (تاوکێ، فیشخابور و بەعشیقە) ڕۆژانە لە (109) نەوت بەرهەمهاتووە

بەپێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بۆ چارەکی سێیەمی 2022؛

# لەو کێڵگە نەوتیانەی کە گرێبەستی هەیە لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تێکڕای ڕۆژانە زیاتر لە (109 هەزار) بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە، بە جۆرێک لە کێڵگەی فیشخابور و (62 هەزار) بەرمیل، لە تاوکێ لە (46 هەزارو 500) بەرمیل و لە بەعشیقە زیاتر لە (500) بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە لە ڕۆژێکدا.

# بەپێی ئامارە داراییەکانی کۆمپانیای (DNO )، داهاتەکانی لە چوار چارەکی لەسەریەک (300 ملیۆن) دۆلاری تێپەڕاندووە.

# قازانجی گشتی کارکردنی کۆمپانیاکە لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵدا (191 ملیۆن) دۆلار بووە، بەراورد بە چارەکەی دووەمی ئەمساڵ زۆرتر لە دوو هێندە زیادیکردووە، بەراورد بە چارەکی سێیەمی ساڵی (2021) سێ هێندە زیادیکردووە.

## بەرهەمی کاری (دی ئێن ئۆ) لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان

بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، بەرهەمهێنانی نەوت لە چوارچێوەی گرێبەستی کێڵگەکانی نەوتی (فیشخابوور و تاوکێ) کە بە گرێبەستی "تاوکێ" ناسراوە، لەگەڵ کێڵگەی نەوتی بەعشیقە، کە کۆمپانیاکە لە هەرسێ کێڵگەکە گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.

بە تێکڕا ڕۆژانە لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵدا بڕی (109 هەزار و 54) بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە، بە جۆرێک لە کێڵگەی فیشخابور و (62 هەزار) بەرمیل، لە تاوکێ زیاتر لە (46 هەزار و 500) بەرمیل و لە بەعشیقە زیاتر لە (500) بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە لە ڕۆژێکدا.

ئەمە لە كاتێكدايە، لە چارەكی يەكەمی (2022)دا بڕەكە بريتی بووە لە (106 هەزار و 465) بەرميلی ڕۆژانە. لە چارەكی دووەمی ئەمساڵ بەرهەمی ڕۆژانە بريتی بووە لە (107 هەزار و 178) بەرميل. واتە لە نيوەی يەكەمی (2022)دا بڕی (106 هەزار و 948) بەرميل نەوت دەرهێنراوە.

بەم پێيەش تێكڕای بەرهەمی هەرسێ كێڵگەی (فيشخابوور، تاوكێ و بەعشيقە) لە نۆ مانگی ڕابردوودا، بە تێكڕای ڕۆژانە (107 هەزار و 575) بەرميل نەوتيان لێدەرهێنراوە.

ئەمە لە كاتێكدايە بەرهەمی ئەو كێڵگانە لە چارەكی سێيەمی ساڵی (2021) بە تێكڕای ڕۆژانە بريتی بووە لە (105 هەزار و 179) بەرميل. بەڵام لە نۆ مانگی سەرەتای ساڵی (2021)، بەرهەمەكانيان بريتی بووە لە (109 هەزار و 131) بەرميلی ڕۆژانەو تەواوەی ساڵی (2021) ڕۆژانە بڕی (108 هەزار و 713) بەرميليان لێ بەرهەمهێنراوە. (بڕوانە چارتی ژمارە (1))

**چارتی ژمارە (1)**



## پرۆسە داراییەکانی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ

بە پێی ڕاپۆرتەکەی (دی ئێن ئۆ) کە داتاکانی خۆی بۆ هەردوو ناوچەی هەرێمی کوردستان و دەریای باکور بڵاوکردووەتەوە، چونکە لە هەردوو ناوچەکە گرێبەستی هەیەو کاردەکات.

لە ماوەی چارەکی سێیەمی 2022، کە تێکڕای بەرهەمی ئەو کێڵگە نەوتییانەی وەبەرهێنانی تێدا دەکات لە هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە (109 هەزار و 54) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوەش داوە کە داهاتی گشتی بریتی بووە لە (339 ملیۆن) دۆلار، ئەمەش وای کردووە، لە چوار چارەکی لەسەریەک (300 ملیۆن) دۆلاری تێپەڕێنێت. لەو بڕەش (151 ملیۆن) دۆلاری لە بواری خەرجی بەگەڕخستن بە خەرج دراوە.

کۆی قازاجی کومپانیا بریتی بووە لە (191 ملیۆن) دۆلارو پوختەی قازانجی کۆتاییش بریتی بووە لە (130 ملیۆن) دۆلار.

بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر دەربارەی داهات و قازانجی گشتی و پوختەی قازانجی کۆمپانیاکە، بڕوانە (چارتەکانی 2، 3 و 4) خشتەی داتاکان.

**چارتی (2)**



چارتی (3)




چارتی (4)



## خشتەی داتاکان




| چالاکییە نەوتی و داراییەکانی DNO | چارەکی سێیەمی 2022 | چارەکی دووەمی 2022 | چارەکی یەکەمی 2022 | سێ چارەکی یەکەمی 2022 | سێ چارەکی یەکەمی 2021 | تەواوی ساڵی 2021 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان (بەرمیل/ ڕۆژانە) | 109,054 | 107,178 | 106,465 | 107,575 | 109,131 | 108,713 |
| داهات (ملیۆن دۆلار) | 339 | 361 | 339 | 1,038 | 607 | 1,004 |
| قازانج و زیانی کار (ملیۆن دۆلار) | 191 | 81 | 236 | 508 | 193 | 321 |
| پوختەی قازانج/ زیان (ملیۆن دۆلار) | 130 | 72 | 140 | 342 | 139 | 204 |
| خەرجی بەگەڕخستن (FCF) (ملیۆن دۆلار) | 151 | 167 | 152 | 469 | 134 | 362 |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە** (2022/11/16) **بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11443

## سەرچاوەکان


- DNO ASA, Interim Results, Third Quarter 2022;
https://www.dno.no/media/givbem2n/q3-2022-interim-results-report.pdf
- DNO ASA, Q3 2022 Interim Results Presentation;
https://www.dno.no/media/zpiakonn/q3-2022-interim-results-presentation.pdf

## بەرهەمهێنان لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ لە چارەکی سێیەمی 2022 داهاتی کۆمپانیاکە (61%) زیادی کردووە

# کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی پێشبینی دەکات بەرهەمی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ لە چارەکی چوارەمی (2022) بەرزبێتەوە بۆ (42 – 47 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەو لە ساڵی (2023)یش بگاتە (45 – 50 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

# داهاتی کۆمپانیاکە لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی (61%) زیادی کردووە. تەنها لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2022 بەراورد بە هەمان ماوە لە ساڵی 2021 داهاتی بە ڕێژەی (32%) زیادیکردووە.

### کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ

کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ دەکەوێتە سنوری (پارێزگای دهۆک)ەوە، ڕوبەری کێڵگەکە (420) کیلۆمەتر دووجایە، دابەشبووە بەسەر دوو ناوچەی نەوتی جیاوازدا کە بریتین لە ناوچەی (سوارەتوکەو ڕۆژهەڵاتی سوارەتوکە)، هەر یەکێک لەو دوو ناوچەیە سێ کۆگای نەوتی سەربەخۆی تێدایە.

لە ئێستادا پشکی (62%)ی کێڵگە نەوتییەکە دراوەتە کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئینێرجی) ئەمریکی و پشکی (18%)ی دراوەتە لقێکی کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەرەنسی و پشکی (20%)ی ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم کوردستانە.

کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئینێرجی لە ساڵی 2007 لەلایەن (ڕۆس پیرۆت جونیۆر) دامەزراوە، کۆمپانیایەکی تایبەتی وزەی سەربەخۆیە و کاری گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکە لە شاری داڵاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو لقی لە هەردوو شاری تەکساس و هەولێر هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی پێشووتری کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی توانای هەردوو ناوچەکەی کێڵگەکە بەم جۆرەیە؛

یەکەم؛ سوارە توکە؛ بەشی گرنگ و سەرەکی کێڵگە نەوتییەکەیە شەش بیری نەوتی تێدایەو توانای بەرهەمهێنانی (29 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە بە کولێتیەکی بەرزی (36 – 39 API)، لە ئێستادا بەرهەمەکەی لە ڕێگەی تانکەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ فیشخابوور و پلان وایە داهاتوویەکی نزیکدا لە ڕێگەی بۆرییەوە بەرهەمەکەی بگوازرێتەوە، کە لە ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە قۆناغی دروستکردندایە.

دووەم؛ ڕۆژهەڵاتی سوارەتوکە؛ ناوچەیەکی دیکەی نەوتییە لە چوارچێوەی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ و یەک بیری نەوتی تێدایەو توانای بەرهەمهێنانی (2 هەزار و 500) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە بە کولێتیەکی بەرزی (36 – 39 API).

## بەپێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) بۆ سێ چارەکی یەکەمی ئەمساڵ خستوویەتیە ڕوو؛

1. داهاتی کۆمپانیاکە لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی 2022 بە ڕێژەی (61%) زیادیکردووە. تەنها لە چارەکی سێیەمی ساڵی 2022 بەراورد بە هەمان ماوە لە ساڵی 2021 داهاتی بە ڕێژەی (32%) زیادیکردووە.
2. تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکە لە نۆ مانگی یەکەمی 2022 هاوتا بووە لەگەڵ سێ چارەکی یەکەمی ساڵی 2021، کە بریتی بووە لە (29.8 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە. لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵ تێکڕای بەرهەمهێنان (30.1 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بووە.
3. لە هەوڵە نوێیەکانی کۆمپانیاکە لە زۆنی "سوارەتوکە" لە ئەیلولی (2022)دا بۆ یەکەمجار توانراوە ئاستی بەرهەمهێنانی بگەیەنرێتە (25 هەزار) بەرمیلی ڕۆژانە، چونکە پێشتر ڕۆژانە (18 هەزار) بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە، چونکە؛

أ. (5) بیری نوێ کە لە ماوەی ساڵانی (2021 و 2022) لێدراون بەستراوەتەوە بە دامەزراوە نوێیەکەوەو ئێستاش لە هەوڵی بەرهەمهێنانی باشتری ئەو بیرانەن بۆ ئەوەی بگەن بە توانای بەرهەمهێنانی تەواو.

ب. کۆپانیاکە لە مانگی ئابدا بیری (ST B8) گەیاندووەتە قۆناغی کۆتایی، کە بەرهەمهێنان زیاد دەکات بۆ دامەزراوە نوێیەکە لە کۆتایی مانگی ئازاری 2023. تاقیکردنەوە سەرەتاییەکانیش ئاماژەن بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر.

ج. کارکردن لەسەر باشترکردنی دامەزراوەکە، لەوانەش پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەمین (کە ڕێگە بە "ئێچ کەی ئێن" دەدات غازی سروشتی وەک سوتەمەنی

**بەکاربهێنێت) و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوی نێو بیرەکان، تا ساڵی ٢٠٢٣ بەردەوام دەبێت.**

4. **کۆمپانیای "ئێچ کەی ئێن" لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی 2022دا (8) جار پارەی فرۆشتنی نەوتیان وەرگرتووە، بە کۆی گشتی داهاتی نەختینەییان بریتی بوو لە (248.5 ملیۆن) دۆلار.**
5. **کۆمپانیای "ئێچ کەی ئێن" ڕێککەوتنی فرۆشتنی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەموارکردەوەتەوە کە لە 1ی ئەیلولی 2022ەوە هەموارەکە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.**


أ. **لە ڕێکەوتنە هەموارکراوەکەدا نرخی نەوتی خاوی سەرسەنگ بەو نرخە دەخەملێنرێت کە حکومەتی هەرێم دەیفرۆشێت، نەک نرخی نەوتی برێنت.**

ب. **بەهای نەوتی خاوی سەرسەنگ بەهۆی بەرزبوونەوەی API و کەمبوونەوەی گۆگرد، بەرزدەبێتەوە.**

ج. **هەروەها بەپێی هەموارکردنەکە مەرجەکانی هەناردەکردن لە ڕێگەی بۆرییەوە ڕاستەوخۆ لە سنوری بلۆکی سەرسەنگەوە دەبێت. ئەمەش ڕێگە بە هەناردەکردنی زیاتر لە 90%ی نەوتی خاوی سەرسەنگ دەدات بە تەواوی لە ڕێگەی بۆرییەوە بێت و بەکارهێنانی بارهەڵگرەکان (تانکەر) بۆ گواستنەوەی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە.**

6. **بەرنامەی بەدەستهێنانی بومەلەرزەزانی سێ ڕەهەندی (3D) کە نیوەی ڕۆژئاوای سوارەتوکە دەگرێتەوە لە چارەکی سێیەمی ساڵی ٢٠٢٢ کۆتایی هاتووەو لە ئێستادا خەریکی پرۆسێسکردن و هەڵسەنگاندنی داتا بەدەست هاتووەکانن.**
7. **کۆمپانیای "ئێچ کەی ئێن" ڕایگەیاندووە؛ تا مانگی ئابی 2022 (168 ملیۆن) دۆلاری وەک پاداشتی قازانج خەرجکردووە.**
8. **کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی پێشبینی دەکات بەرهەمی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ لە چارەکی چوارەمی (2022) بەرزبێتەوە بۆ (42 – 47 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانەو لە ساڵی (2023)یش بگاتە(45 – 50 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.**
9. **چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمهێنان لە هەردوو دامەزراوەی "سوارەتوکە" لە چارەکی دووەمی 2022دا بە بۆرییەوە ببەسترێتەوە.**

**نەخشەی پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ**




**دەرەنجامی کارەکانی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن ئینێرجی لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ**

| پرۆسەی نەوت | چارەکی سێیەمی 2022 | چارەکی سێیەمی 2021 | نۆ مانگی یەکەمی 2022 | نۆ مانگی یەکەمی 2021 |
|---|---|---|---|---|
| کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان (بەرمیل/ ڕۆژانە) | 30,058 | 30,649 | 29,834 | 29,512 |
| پوختەی بەرهەمهێنان (62%)ی پشکی کۆمپانیا (بەرمیل/ ڕۆژانە) | 18,636 | 19,003 | 18,497 | 18,297 |
| داهات | $ 96,075,000 | $ 72,796,000 | $ 307,795,000 | $ 190,601,000 |
| کۆی خەرجی کارکردن "بەشێوەی کاش" | $ 58,234,000 | $ 36,271,000 | $ 223,034,000 | $ 109,245,000 |
| خەرجی سەرمایەگوزاری "بەشێوەی کاش" | $ 32,336,000 | $ 25,800,000 | $ 81,971,000 | $ 52,953,000 |
| خەرجی بەگەڕخستن (FCF) | $ 25,898,000 | $ 10,471,000 | $ 141,063,000 | $ 56,292,000 |
| پوختەی قەرز | $ 149,000,000 | $ 149,000,000 | $ 149,000,000 | $ 149,000,000 |
| قەرز لە 30ی ئەیلول | $ 147,250,000 | $ 149,000,000 | $ 147,250,000 | $ 149,000,000 |

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/11/27) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11511

## سەرچاوە

- ڕاپۆرتی کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئێنەرجی) ئەمریکی، بۆ چارەکی سێیەمی ساڵی 2022.

## هەناردە، نرخ، داهات، خەرجی و نەوتی بارکراوی هەرێم لە ساڵی 2022 حکومەتی هەرێم بە بەهای (12.78) ملیار دۆلار، بڕی (145.5) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە

بەپێی زانیارییەکان؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2022)دا؛

# زیاتر لە (145 ملیۆن و 511 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە فرۆشتووە.

# بە تێکڕای ڕۆژانە (398 هەزار 704) بەرمیل نەوت فرۆشراوە.

# تێکڕای بەهای بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان (100.79) دۆلار بووە، بەڵام هەرێم نەوتی بە (87.85) دۆلار فرۆشتووە.

# کۆی داهاتی نەوتی هەرێم نزیک لە (12 ملیار و 784 ملیۆن 354 هەزار) دۆلار.

# بڕی (7 ملیار و 159 ملیۆن و 238 هەزار) دۆلار بەڕێژەی (56%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە.

# بڕی (5 ملیار و 625 ملیۆن و 115 هەزار) دۆلار بەڕێژەی (44%) کە بەرامبەرە بە (8 ترلیۆن و 156 ملیار و 417 ملیۆن) دینار گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.

# نەوتی هەرێم لە لایەن کەشتی (12) وڵاتەوە بارکراوە، بە جۆرێک؛ کەشتییە ئیتاڵییەکان بە پلەی یەکەم دێن و (30%) نەوتی هەرێمیان بارکردووە، لە دوای ئەویش کەشتییە یۆنانییەکان بە ڕێژەی (22%)، ئیسرائیلییەکان (15%)ی نەوتی هەرێمیان بارکردووە.

### یەکەم؛ بڕی نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگەی بۆرییەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (2022/1/1 – 2022/12/31)، بڕی (145 ملیۆن و 511 هەزار 745) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە لە بەندەری جەیهانی تورکیا فرۆشتووە.

بەرزترین ئاستی فرۆشتنیش لە مانگی تەموزدا تۆمارکراوە کە بڕەکەی بریتی بووە لە (13 ملیۆن و 340 هەزار) بەرمیل.

کەمترین بڕی نەوتی فرۆشراویش لە تشرینی دووەم بووە کە بریتی بووە لە (10 ملیۆن و 345 هەزار) بەرمیل.

هاوکات بەتێکڕای ڕۆژانە لە ساڵی (2022)دا بڕی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بریتی بووە لە (398 هەزار و 704) بەرمیل نەوت. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

## دووەم؛ نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهان

بە تێکڕا لە ساڵی ڕابردوودا هەر بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان نرخەکەی بریتی بووە لە (100.79) دۆلار. بەپێی دواین ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ هەردوو چارەکی یەکەم و دووەمی ئەمساڵ بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی کوردستان بە کەمتر لە (12.94) دۆلار لە نرخی جیهانی فرۆشراوە. واتە بە تێکڕا لە ماوەی ڕابردوودا هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (87.85) دۆلار فرۆشراوە.

بەرزترین ئاستی نرخی نەوتی هەرێمیش لە مانگی حوزەیران تۆمارکراوە، کە بریتی بووە لە (108.25) دۆلار، نزمترین ئاستیش لە مانگی کانونی یەکەمدا بووە کە بەهاکەی بریتی بووە لە (68.06) دۆلار. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

## سێیەم: داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە 2022/1/1 – 2022/12/31

1. **کۆی گشتی داهاتی نەوتی هەرێم**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا بڕی (145 ملیۆن و 511 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، بە تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی بە (87.85) دۆلار فرۆشراوە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بە بۆری بەدەستهاتووە، بریتی بووە لە؛ (12 ملیار و 748 ملیۆن و 353 هەزار و 956) دۆلار، زۆرترین داهاتیش لە مانگی ئایاردا بەدەستهاتووە کە بڕەکەی بریتی بووە لە؛ (1 ملیار و 346 ملیۆن و 889 هەزار و 426) دۆلار، کەمترین داهاتیش لە مانگی تشرینی یەکەم دا تۆمار کراوە کە بریتی بووە لە؛ (811 ملیۆن و 875 هەزار و 600) دۆلار.

## 2. خەرجی نەوتی هەرێم

بەپێی دواین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو (56%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجی پرۆسەکە دەڕوات، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ساڵی ڕابردوودا لە پرۆسەی نەوتدا خەرجکراوە، بریتی بووە لە؛ (7 ملیار و 159 ملیۆن و 238 هەزار و 215) دۆلاری ئەمریکی، بە جۆرێک؛ بەرزترین ئاستی خەرجی لە مانگی ئایاردا تۆمارکراوە کە بڕەکەی بریتی بووە لە؛ (754 ملیۆن و 258 هەزار و 79) دۆلار.

کەمترین خەرجییش لە مانگی تشرینی دووەمدا بووە، کە بریتی بووە لە؛ (454 ملیۆن و 650 هەزار و 336) دۆلار.

## 3. داهاتی ماوەی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی دیلۆیت (44%)ی داهاتی نەوت لە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەکە بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بۆیە کۆی ئەو داهاتەی لە ساڵی (2022)دا لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە کەمترە لە کۆی خەرجییەکانی پرۆسەکە و بریتییە لە (5 ملیار و 625 ملیۆن و 115 هەزار و 741) دۆلاری ئەمریکی، بەرامبەر بە (8 ترلیۆن و 156 ملیار و 417 ملیۆن و 823 هەزار) دیناری عێراقی.

بۆ وردەکاری (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

## خشتەی ژمارە (1)

## هەناردە، نرخ، داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە

## 2022/12/31 – 2022/1/1

| 2022 | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای هەناردەی بەرمیل/ڕۆژانە | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت هەرێم (– 12.94) | کۆی داهاتی نەوتی هەرێم | کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%56) | کۆی دهاتی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%44) | کۆی داهاتی ماوە بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12,431,994 | 401,032 | $86.51 | $73.89 | $918,600,037 | $514,416,021 | $404,184,016 | 586,066,823,389 |
| شوبات | 11,302,306 | 403,654 | $97.13 | $88.28 | $997,767,574 | $558,749,841 | $439,017,732 | 636,575,712,008 |
| ئازار | 11,188,868 | 360,931 | $117.25 | $99.42 | $1,112,397,257 | $622,942,464 | $489,454,793 | 709,709,449,685 |
| نیسان | 13,118,027 | 437,268 | $104.58 | $93.03 | $1,220,370,052 | $683,407,229 | $536,962,823 | 778,596,093,055 |
| ئایار | 13,331,579 | 430,051 | $113.34 | $101.03 | $1,346,889,426 | $754,258,079 | $592,631,348 | 859,315,454,024 |
| حوزەیران | 11,168,971 | 372,299 | $122.71 | $108.25 | $1,209,041,111 | $677,063,022 | $531,978,089 | 771,368,228,659 |
| تەموز | 13,340,000 | 430,323 | $111.93 | $98.99 | $1,320,526,600 | $739,494,896 | $581,031,704 | 842,495,970,800 |
| ئاب | 11,560,000 | 372,903 | $100.45 | $87.51 | $1,011,615,600 | $566,504,736 | $445,110,864 | 645,410,752,800 |
| ئەیلول | 13,220,000 | 440,667 | $89.76 | $76.82 | $1,015,560,400 | $568,713,824 | $446,846,576 | 647,927,535,200 |
| تشرینی یەکەم | 12,250,000 | 395,161 | $93.40 | $80.46 | $985,635,000 | $551,955,600 | $433,679,400 | 628,835,130,000 |
| تشرینی دووەم | 10,345,000 | 344,833 | $91.42 | $78.48 | $811,875,600 | $454,650,336 | $357,225,264 | 517,976,632,800 |
| کانونی یەکەم | 12,255,000 | 395,323 | $81.00 | $68.06 | $834,075,300 | $467,082,168 | $366,993,132 | 532,140,041,400 |
| **ئەنجام** | **145,511,745** | **398,704** | **$100.79** | **$87.85** | **$12,784,353,956** | **$7,159,238,215** | **$5,625,115,741** | **8,156,417,823,820** |

## چوارەم: نەوتی بارکراوی هەرێم لە 2022/1/1 – 2022/12/31

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2022)دا بڕی (145 ملیۆن و 511 هەزار) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، ئەو بڕە نەوتەش لە لایەن کەشتی (12) وڵاتەوە بارکراوە، بە جۆرێک؛ کەشتییە ئیتاڵییەکان بە پلەی یەکەم دێن و (30%) نەوتی هەرێمیان بارکردووە، لە دوای ئەویش کەشتییە یۆنانییەکان بە ڕێژەی (22%)، ئیسرائیلییەکان (15%)ی نەوتی هەرێمیان بارکردووە.


بە دوای ئەوانیشدا کرواتییەکان (9%)، رۆمانییەکان (4%)، ئیسپانییەکان (3%)، کەشتی وڵاتانی تورکیا و تایوان و سەنگاپورەو چین (2%) و ئەمریکییەکانیش (1%)ی نەوتی هەرێمیان بارکردووە. (6%)ی نەوتی بارکراوی هەرێم ناسنامەی کەشتییەکان دیار نییە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (1)).

## خشتەی ژمارە (2)

## ڕێژەی نەوتی بارکراوی هەرێم

## 2022/12/31 – 2022/1/1

| 2022 | بڕی نەوتی هەناردەکراو | ئیسرائیل | یۆنان | ئیتاليا | ڕۆمانیا | کرواتیا | ئیسپانیا | تورکیا | مصر | تایوان | سەنگاپور | چین | ئەمریکا | نەزانراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12,431,994 | 21% | 41% | 28% | 5% | 6% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% |
| شوبات | 11,302,306 | 6% | 36% | 39% | 0% | 6% | 14% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% |
| ئازار | 11,188,868 | 19% | 5% | 45% | 0% | 11% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 21% |
| نیسان | 13,118,027 | 10% | 27% | 35% | 0% | 10% | 13% | 5% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% |
| ئایار | 13,331,579 | 11% | 34% | 32% | 0% | 6% | 13% | 0% | 5% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% |
| حوزەیران | 11,168,971 | 2% | 42% | 27% | 12% | 0% | 0% | 9% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 9% |
| تەموز | 13,340,000 | 4% | 15% | 39% | 0% | 15% | 0% | 0% | 0% | 7% | 7% | 0% | 0% | 12% |
| ئاب | 11,560,000 | 23% | 31% | 26% | 11% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 9% |
| ئەیلول | 13,220,000 | 39% | 21% | 18% | 5% | 5% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0% | 13% |
| تشرینی یەکەم | 12,250,000 | 0% | 17% | 38% | 6% | 5% | 0% | 5% | 5% | 0% | 0% | 8% | 8% | 8% |
| تشرینی دووەم | 10,345,000 | 10% | 0% | 25% | 10% | 26% | 0% | 0% | 0% | 0% | 20% | 10% | 0% | 0% |
| کانونی یەکەم | 12,255,000 | 38% | 0% | 14% | 5% | 18% | 0% | 0% | 0% | 16% | 0% | 8% | 0% | 0% |
| ئەنجام | **145,511,745** | **15%** | **22%** | **30%** | **4%** | **9%** | **3%** | **2%** | **1%** | **2%** | **2%** | **2%** | **1%** | **6%** |


نەوتی بارکراوی هەرێمی لە ساڵی 2022
30%
25%
20%
15%
10%
5%
0%
15%
22%
30%
4%
9%
3%
2%
1%
2%
2%
2%
1%
6%
ئیسرائیل
یۆنان
ئیتاڵیا
ڕۆمانیا
کرواتیا
ئیسپانیا
تورکیا
مصر
تایوان
سەنگاپور
چین
ئەمریکا
نەزانراو

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە ( 2023/1/7) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11806

## سەرچاوەکان


- ڕاپۆرتی دیلۆیت، بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە 1ی کانونی دووەمی 2022 تاکو 31ی ئاداری 2022 (وەرزی یەکەم)، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ڕاپۆرتی دیلۆیت، بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە 1ی نیسانی 2022 تاکو30ی حوزەیرانی 2022 (وەرزی دووەم)، ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- نەوتی بارکراوی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10621
- درەو میدیا؛ هەناردەو نەوتی بارکراوی هەرێم لە چارەکی سێیەمی 2022؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11255
- ئەنوەر کەریم؛ کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە مانگەکانی (تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانونی یەکەم)ی 2022، درەو میدیا؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11352
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11546
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11773

## گەشەی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نێوان ساڵی 2021 و 2022
## هەناردەی نەوت (4%) کەمیکردووەو داهات (41.5%) زیادیکردووە

**گەشەی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نێوان ساڵی 2021 و 2022**

**# ئاستی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ساڵی (2022) دا، بەراورد بە ساڵی (2021) ، نزیکەی (6.5 ملیۆن) بەرمیل و بە ڕێژەی (4.3%) دابەزیوە.**

**# تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان لە ساڵی (2022) دا بەڕێژەی (44.6%) و بە بەهای (30.11) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت زیادیکردووە، بەراورد بە ساڵێک پێشتر.**

**# تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022) دا بەڕێژەی (47.3%) و بە بەهای (28.15) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت زیادیکردووە.**

**# داهاتی گشتی نەوتی فرۆشراوی هەرێم، لە ڕێگەی بۆرییەوە لە ساڵی (2022) دا، بڕی (3 ملیار و 746 ملیۆن و 466 هەزار و 935) دۆلاری بە ڕێژەی (41.5%) زیاتر بووە لە ساڵی (2021).**

**# کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بڕی (2 ملیار و 98 ملیۆن و 21 هەزار و 485) دۆلار بە ڕێژەی (41.5%) لە (2022) دا زیادیکردووە، بەراورد بە ساڵی (2021).**

**# پوختەی داهاتی نەوتی هەرێم لە (2022) دا بڕی (1 ملیار و 648 ملیۆن و 445 هەزار و 450) دۆلاری بە ڕێژەی (41.5%) زیاتری کردووە، بەراورد بە ساڵی پێشتر.**

## یەکەم؛ نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە لە ساڵی 2021 و 2022


**پاڵپشت بە ئامارەکانی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم و زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان، لە ساڵی (2021)دا هەرێمی کوردستان بڕی (152 ملیۆن و 1 هەزار و 152) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە.**

بەڵام لە ساڵی (2022)دا بڕی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بریتی بووە لە (145 ملیۆن و 511 هەزار و 745) بەرمیل. بەم پێیەش لە ساڵی (2022)دا نەوتی فرۆشراو، بڕی (6 ملیۆن و 489 هەزار و 409) بەرمیل، بە ڕێژەی (4.3%) کەمیکردووە.

گەورەترین پاشەکشەش لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022) بەراورد بە چارەکی یەکەمی (2021) ڕویداوە، ڕێژەی ئاستی دابەزینەکە بریتییە لە (6.7%)، بەرامبەر بە بڕی (2 ملیۆن و 521 هەزار و 354) بەرمیل. بەڵام لە چارەکی سێیەمی (2022) بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2021) بڕێکی کەم و بەڕێژەی (0.1%) نەوتی فرۆشراو زیادیکردووە کە تەنها (44 هەزار و 709) بەرمیل نەوت بووە. (بۆ وردەکاری بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1))

**خشتەی ژمارە (1)**
**نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022**

| 2022 - 2021 | نەوتی فرۆشراوی هەرێم (بەرمیل) | | بڕ و ڕێژەی گەشەی هەناردەکردن | |
|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | | |
| چارەکی یەکەم | 37,444,522 | 34,923,168 | -2,521,354 | -6.7% |
| چارەکی دووەم | 39,425,366 | 37,618,577 | -1,806,789 | -4.6% |
| چارەکی سێیەم | 38,075,291 | 38,120,000 | 44,709 | 0.1% |
| چارەکی چوارەم | 37,055,975 | 34,850,000 | -2,205,975 | -6.0% |
| **کۆ / تێکرا** | **152,001,154** | **145,511,745** | **-6,489,409** | **-4.3%** |



## دووەم؛ تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان لە ساڵی 2021 و 2022

**بەپێی داتاکانی ماڵپەڕی (Country Economy) تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا لە تەواوی ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (100.79) دۆلار. لە کاتێکدا تێکڕای نرخی نەوت لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (70.68) دۆلار.**

**بەم پێیەش تێکڕای نرخی نەوت لە ساڵی (2022)دا بەڕێژەی (%44.6) و بە بەهای (30.11) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت زیادیکردووە، بەراورد بە ساڵێک پێشتر.**


**گەورەترین بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیش لە بازاڕەکانی جیهاندا لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022)دا بەراورد بە چارەکی دووەمی ساڵی پێشتر ڕوویداوەو بە ڕێژەی (%65) و (44.71) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت.**

**کەمترین بەرزبوونەوەش لە بەراوردی هەردوو چارەکی چوارەمی ساڵەکانی (2021 و 2022) رویداوە بە ڕێژەی (%11.3) و بە بەهای (9) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. (بۆ وردەکاری بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (2))**

**خشتەی ژمارە (2)**

**تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان لە 2021 و 2022**

| 2022 - 2021 | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | | بڕو ڕێژەی گەشەی نرخ | |
|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | | |
| چارەکی یەکەم | $ 60.82 | $ 100.30 | $ 39.48 | 64.9% |
| چارەکی دووەم | $ 68.83 | $ 113.54 | $ 44.71 | 65.0% |
| چارەکی سێیەم | $ 73.47 | $ 100.71 | $ 27.24 | 37.1% |
| چارەکی چوارەم | $ 79.59 | $ 88.61 | $ 9.02 | 11.3% |
| **تێکڕا** | **$ 70.68** | **$ 100.79** | **$ 30.11** | **44.6%** |




## سێیەم؛ تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022

**بەپێی داتاکانی کۆمپانیای دیلۆیت و زانیارییەکان، تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە بەندەری جەیهانی تورکیا لە تەواوی ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (87.65) دۆلار، ئەمەش دەریدەخات نەوتی هەرێم بە (13) دۆلار کەمتر لە نرخی جیهانی فرۆشراوە. لە کاتێکدا تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (59.49) دۆلار.**

**بەم پێیەش تێکڕای نرخی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا بەڕێژەی (47.3%) و بە بەهای (28.15) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت زیادیکردووە، بەراورد بە ساڵێک پێشتر.**


**بەرزترین نرخی نەوتی هەرێمیش لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022)دا بەراورد بە چارەکی یەکەمی ساڵی پێشتر ڕوویداوەو بە ڕێژەی (77.1%) و (37.77) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت.**

کەمترین بەرزبوونەوەش لە بەراوردی هەردوو چارەکی چوارەمی ساڵەکانی (2021 و 2022) رویداوە بە ڕێژەی (10.6%) و بە بەهای (7.24) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. (بۆ وردەکاری بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (3))

خشتەی ژمارە (3)

تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022

| 2022 - 2021 | تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم | | بڕو ڕێژەی گەشەی نرخ | |
|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | | |
| چارەکی یەکەم | $ 48.96 | $ 86.73 | $ 37.77 | 77.1% |
| چارەکی دووەم | $ 57.70 | $ 100.38 | $ 42.68 | 74.0% |
| چارەکی سێیەم | $ 62.86 | $ 87.77 | $ 24.91 | 39.6% |
| چارەکی چوارەم | $ 68.43 | $ 75.67 | $ 7.24 | 10.6% |
| **تێکڕا** | **$ 59.49** | **$ 87.64** | **$ 28.15** | **47.3%** |




## چوارەم؛ کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022

پاڵپشت بە زانیارییە بەردەستەکان، کۆی ئەو بڕە نەوتەی حکومەتی هەرێم، لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە هەناردەی کردووەو فرۆشتویەتی، لە ساڵی (2021)دا کۆی بەهاکەی بریتی بووە لە (9 ملیار و 37 ملیۆن و 887 هەزار و 22) دۆلار.

بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە لە بازاڕەکانی جیهان و بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا کۆی بەهای نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (12 ملیار و 784 ملیۆن و 353 هەزار و 957) دۆلار

واتە داهاتی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە لە ساڵی (2022)دا، بڕی (3 ملیار و 746 ملیۆن و 466 هەزار و 935) دۆلاری، بە ڕێژەی (41.5%) داهاتەکەی زیاتر بووە لە ساڵی (2021)دا.

بەرزترین ئاستی بەرزبوونەوەی داهاتەکەش لە چارەکی دووەمی (2022) دا تۆمار کراوە بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی (2021) و ڕێژەکەی بریتی بووە لە (66%). نزمترین ئاستی بەرزبوونەوەکەش لە چارەکی چوارەمدا تۆمارکراوە بە ڕێژەی (3.8%). (بۆ وردەکاری بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (4))

**خشتەی ژمارە (4)**

**کۆی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022**

| 2022 - 2021 | کۆی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم | | بڕو ڕێژەی گەشەی داهات | |
|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | | |
| چارەکی یەکەم | $ 1,833,324,620 | $ 3,028,764,868 | $ 1,195,440,248 | 65.2% |
| چارەکی دووەم | $ 2,275,079,490 | $ 3,776,300,589 | $ 1,501,221,099 | 66.0% |
| چارەکی سێیەم | $ 2,393,733,513 | $ 3,347,702,600 | $ 953,969,087 | 39.9% |
| چارەکی چوارەم | $ 2,535,749,399 | $ 2,631,585,900 | $ 95,836,501 | 3.8% |
| **کۆ / تێکڕا** | **$ 9,037,887,022** | **$ 12,784,353,957** | **$ 3,746,466,935** | **41.5%** |

**چارتی ژمارە (4)**

**کۆی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022**




## پێنجەم؛ خەرجی پرۆسەی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت، بەتێکڕا (56%)ی داهاتی گشتی نەوتی هەرێم لە پرۆسەکەدا بە خەرج دەدرێت. هەر بۆیە تا ئاستی نرخی نەوت بەرزبێت، داهات زیاد دەکات و بە هەمان ئاستیش بڕو ڕێژەی خەرجی ڕوو لە هەڵکشان دەکات.


دەبینین لە ساڵی (2021)دا، کۆی خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (5 ملیار و 61 ملیۆن و 216 هەزار و 732) دۆلار. بەڵام لە ساڵی (2022)دا بڕی خەرجی هەڵدەکشێت بۆ (7 ملیار و 159 ملیۆن و 238 هەزار و 216) دۆلار.

واتە بڕی (2 ملیار و 98 ملیۆن و 21 هەزار و 485) دۆلار بە ڕێژەی (41.5%) خەرجی نەوتی هەرێم لە (2022)دا زیاتری کردووە، بەراورد بە ساڵی (2021). (بۆ وردەکاری بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (5))

خشتەی ژمارە (5)

خەرجی پرۆسەی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022

| 2022 - 2021 | خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (%56) | | بڕو ڕێژەی گەشەی خەرجی نەوتی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | | |
| چارەکی یەکەم | $ 1,026,661,787 | $ 1,696,108,326 | $ 669,446,539 | 65.2% |
| چارەکی دووەم | $ 1,274,044,514 | $ 2,114,728,330 | $ 840,683,816 | 66.0% |
| چارەکی سێیەم | $1,340,490,767 | $ 1,874,713,456 | $ 534,222,689 | 39.9% |
| چارەکی چوارەم | $ 1,420,019,663 | $ 1,473,688,104 | $ 53,668,441 | 3.8% |
| **کۆ / تێکڕا** | **$ 5,061,216,732** | **$ 7,159,238,216** | **$ 2,098,021,485** | **41.5%** |




## شەشەم؛ پوختەی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت، بەتێکڕا (44%)ی داهاتی گشتی نەوتی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە. بەهەمان شێوەی بەرزبوونەوەی نرخ و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم، پۆختەی داهات (داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەتی هەرێم) ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە.


لەساڵی (2021)دا، پوختەی داهاتی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە (3 ملیار و 976 ملیۆن و 670 هەزار و 290) دۆلار. بەڵام لە ساڵی (2022)دا بڕی پوختەی داهات هەڵدەکشێت بۆ (5 ملیار و 625 ملیۆن و 115 هەزار و 741) دۆلار.

واتە بڕی (1 ملیار و 648 ملیۆن و 445 هەزار و 450) دۆلار و بە ڕێژەی (41.5%) پوختەی داهاتی نەوتی هەرێم لە (2022)دا زیاتری کردووە، بەراورد بە ساڵی پێشتر. (بۆ وردەکاری بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (6))

خشتەی ژمارە (6)

پوختەی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022

| 2022 - 2021 | پوختەی داهات (داهاتی گەڕاوە)ی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بە ڕێژەی (44%) | | برو ڕێژەی گەشەی داهاتی گەڕاوە | |
|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | | |
| چارەکی یەکەم | $806,662,833 | $1,332,656,542 | $ 525,993,709 | 65.2% |
| چارەکی دووەم | $1,001,034,976 | $1,661,572,259 | $ 660,537,283 | 66.0% |
| چارەکی سێیەم | $1,053,242,746 | $1,472,989,144 | $ 419,746,398 | 39.9% |
| چارەکی چوارەم | $1,115,729,736 | $1,157,897,796 | $ 42,168,060 | 3.8% |
| **کۆ / تێکڕا** | **$3,976,670,290** | **$5,625,115,741** | **$ 1,648,445,450** | **41.5%** |




## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/1/17) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11873

## سەرچاوەکان


- بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢١ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی نیسانی ٢٠٢١ تاکو ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تەمموزی ٢٠٢١ تاکو٣٠ ئەیلوولی ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ تاکو٣١ کانونی یەکەمی ٢٠٢١؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی 2022 تاکو ٣١ی ئاداری 2022؛
https://govkrd.b-cdn.net
- بەرهەمی نەوت و هەناردەو بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی نیسانی 2022 تاکو ٣٠ی حوزەیرانی 2022؛
https://govkrd.b-cdn.net
- درەو میدیا، هەناردە، نرخ، داهات، خەرجی و نەوتی بارکراوی هەرێم لە ساڵی 2022؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11806
- درەو میدیا، دیوی ناوەوەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت... پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9981
- Crude Oil Brent US Dollars per Barrel;
https://countryeconomy.com

## پوختەی بەهای نەوتی (عێراق و هەرێم) لە ساڵی (2022)دا
## لە بەرمیلێکدا؛ هەرێم (38.6) و عێراق (82.1) دۆلاری بۆ ماوەتەوە

**پوختەی بەهای نەوتی (عێراق و هەرێم) لە ساڵی (2022)دا؛**

**# بە تێکڕا تێچووی بەرمیلێک نەوت لە هەرێم زیاتر لە (49) دۆلار و لە عێراق (13.38) دۆلار بووە، بەمانایەکی دیکە (56%) داهاتی نەوتی هەرێم چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە و لە عێراقیش (14%) تێچووی پرۆسەکە بووە.**

**# ئەگەر هەرێمی کوردستان بەو نرخ و تچووەی سۆمۆ نەوتی فرۆشتبا، ئەوا لە بەرمیلکدا لەبری (38.6) دۆلار، (82.16) دۆلاری بۆ دەمایەوە، واتە لەبری ئەوەی ئێستا تەنها (5 ملیار و 625 ملیۆن) دۆلار پوختەی داهاتی نەوتەکەی بێت، ئەوا پوختەی داهاتەکەی زۆرتر لە (11 ملیار) دۆلار دەبوو.**

## یەکەم: بەراوردی بەهای نەوتی هەرێم و عێراق لە ساڵی (2022)

**بەپێی شیکارییەکان حکومەتی عێراق لە ساڵی (2022)دا، لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)ەوە بەتێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (95.54) دۆلار فرۆشتووەو کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو بریتی بووە لە (115 ملیار و 466 ملیۆن و 245 هەزار) دۆلار.**

**بەپێی لێدوانی (دورەید عەبدوڵا – توێژەر و شارەزا)؛ "کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت پشکیان لە دەرهێنانی (70%)ی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بەڕێژەی (20%) هەیە" بەپێی زانیارییەکانی ناوبراو "عێراق لە ساڵی رابردوو پێویستە (16.1 ملیار) دۆلار وەک حەق دەستی کۆمپانیاکان و تێچوی بەرهەمهێنان نەوت خەرج بکات".**

**پاڵپشت بەو لێکدانەوەیە ڕێژەی گەڕانەوەی داهاتی نەوتی عێراق (86%) بووەو بڕی (14%)ی چووە بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت. بە مانایەکی دیکە لە هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی عێراق**

به تێکڕا (82.16) دۆلاری گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی عێراق و (13.38) دۆلار خەرجی بەرمیلێک نەوت بووە.

بەڵام ئەوە بۆ هەرێمی کوردستان ڕاست نیە! چونکە بەپێی لێکدانەوەکان حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا، لە ڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە، بەتێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (87.58) دۆلار فرۆشتووەو کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو بریتی بووە لە (12 ملیار و 784 ملیۆن و 353 هەزار و 956) دۆلار، بەڵام بڕی (5 ملیار و 625 ملیۆن و 115 هەزار و 741) دۆلاری خراوەتە سەر داهات و خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم (وەزارەتەکانی دارایی و سامانە سروشتییەکان).

بەم پێیەش ڕێژەی گەڕانەوەی داهاتی نەوتی هەرێم (44%) بووەو بڕی (56%)ی چووە بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت. بە مانایەکی دیکە لە هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی هەرێم بە تێکڕا تەنها (38.65) دۆلاری گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی و (49.2) دۆلار خەرجی بەرمیلێک نەوت بووە. بڕوانە (خشتەو گرافیکی ژمارە (1))



**خشتەی ژمارە (1)**

**بەراوردی نەوتی داهات و خەرجی نەوتی (عێراق و هەرێم)**

**لە ساڵی (2022)**

| 2022 | بڕی نەوتی فرۆشراو (بەرمیل) | تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو | داهاتی گشتی نەوت | پوختەی بڕ و ڕێژەی داهاتی گەڕاوەی نەوت بۆ خەزێنەی گشتی حکومەت | | | داهاتی گەڕاوەی (1) بەرمیل نەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دۆلار | دینار | ڕێژە | |
| عێراق | 1,208,531,119 | $95.54 | $115,466,245,000 | $99,300,970,700 | 143,986,407,515,000 | 86.00% | $82.16 |
| هەرێم | 145,511,745 | $87.85 | $12,784,353,956 | $5,625,115,741 | 8,156,417,823,820 | 44.00% | $38.65 |

## دووەم: جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پێش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

**بەپێی زانیاریەکان دیلۆیت و بەدواداچوونەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2022)دا (145 ملیۆن و 511 هەزار) بەرمیل نەوتی بە بۆری نەوتی کوردستان و لەڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە، تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە ساڵەکەدا بریتی بووە لە (100.78) دۆلاری ئەمریکی، بەڵام حکومەتی هەرێم نەوتەکەی لە بازاڕدا بە نزیکەی (13) دۆلار کەمتر فرۆشتووە بۆیە ئەو نرخانەی لە (خشتەی ژمارە (2)) دانراوە بە هەر بەرمیلێکی فرۆشراوی کوردستان بە تێکڕا (12.94) دۆلار کەمترە لە نرخی نەوتی برێنت و حکومەتی هەرێم لە ساڵەکەدا تێکڕای بەرمیلێک نەوتی بە (87.85)دۆلار فرۆشتووە.**

**بۆیە دەبینین کۆی ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکەدا هەناردەیکردووە بەبێ هیچ خەرجییەک بەهاکەی دەکاتە (12 ملیارو 784 ملیۆن و 353 هەزار و 956) دۆلاری ئەمریکی.**

**بەڵام ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی کردووە لە ساڵی (2022)دا لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندی و کۆمپانیا بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)ەوە هەناردە بکرایە جیاوازییەکەی چی دەبوو؟**

**بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆمپانیای سۆمۆ لە ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (95.54) دۆلار فرۆشتووە، واتە، ئەو بڕە نەوتەی حکومەتی هەرێم بەشێوەی سەربەخۆ فرۆشتوویەتی، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بەبازاڕی بخستایە، بەهاکەی بریتی دەبوو لە (13 ملیارو 920 ملیۆن و 120 هەزار و 423) دۆلاری ئەمریکی، بەم پێیەش بەگشتی نەوتی هەرێم بڕی (1 ملیارو 135 ملیۆن و 766 هەزار و 467) دۆلاری ئەمریکی بە هەرزانتر فرۆشراوە لە ساڵی (2022)دا. بۆ وردەکاری تەواوی مانگەکانی ساڵی (2022) و جیاوازی داهات لە نێوان هەردوو ڕێگاکە بڕوانە (خشتەی ژمارە (2)).**

## خشتەی ژمارە (2)

## جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پێش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

| 2022 | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای نرخی نەوت بۆری نەوتی کوردستان/ (1)بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ / (1)بەرمیل | جیاوازی نرخ/ بەرمیل | کۆی داهات/ بە بۆری کوردستان | کۆی داهات/ بە ڕێگەی سۆمۆ | جیاوازی داهات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12,431,994 | $73.89 | $83.83 | $9.94 | $918,600,037 | $1,042,111,897 | $123,511,860 |
| شوبات | 11,302,306 | $88.28 | $94.94 | $6.66 | $997,767,574 | $1,072,995,722 | $75,228,149 |
| ئازار | 11,188,868 | $99.42 | $108.50 | $9.08 | $1,112,397,257 | $1,214,025,745 | $101,628,488 |
| نیسان | 13,118,027 | $93.03 | $104.63 | $11.60 | $1,220,370,052 | $1,372,539,165 | $152,169,113 |
| ئایار | 13,331,579 | $101.03 | $112.19 | $11.16 | $1,346,889,426 | $1,495,669,848 | $148,780,422 |
| حوزەیران | 11,168,971 | $108.25 | $112.20 | $3.95 | $1,209,041,111 | $1,253,158,546 | $44,117,435 |
| تەموز | 13,340,000 | $98.99 | $101.26 | $2.27 | $1,320,526,600 | $1,350,808,400 | $30,281,800 |
| ئاب | 11,560,000 | $87.51 | $95.12 | $7.61 | $1,011,615,600 | $1,099,587,200 | $87,971,600 |
| ئەیلول | 13,220,000 | $76.82 | $89.56 | $12.74 | $1,015,560,400 | $1,183,983,200 | $168,422,800 |
| تشرینی یەکەم | 12,250,000 | $80.46 | $88.53 | $8.07 | $985,635,000 | $1,084,492,500 | $98,857,500 |
| تشرینی دووەم | 10,345,000 | $78.48 | $82.00 | $3.52 | $811,875,600 | $848,290,000 | $36,414,400 |
| کانونی یەکەم | 12,255,000 | $68.06 | $73.64 | $5.58 | $834,075,300 | $902,458,200 | $68,382,900 |
| **ئەنجام** | **145,511,745** | **$87.85** | **$95.54** | **$7.68** | **$12,784,353,956** | **$13,920,120,423** | **$1,135,766,467** |

## سێیەم: جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پاش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

بەپێی وتەی بەرپرسانی پەیوەندیدار بە پرسی نەوتی هەرێم و وردبینی و ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت (56%)ی داهاتی نەوتی هەرێم دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت.

بۆیە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت و هەرزانتر فرۆشتنی. ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە لە فرۆشتنی (145 ملیۆن و 511 هەزار و 745) بەرمیل نەوت لە ساڵی (2022)دا دەکاتە (5 ملیار و 625 ملیۆن 115 هەزار و 741) دۆلار، واتە بە تێکڕا لە ماوەی ساڵەکەدا هەر بەرمیلێک نەوت تەنها (38.65) دۆلار ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەمە لە کاتێکدایە لەسەر بنەمای هەمان گریمانەی پێشوو، ئەگەر ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی کردووە، کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) هەناردەی بکردایە، بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک بەتێکڕا لە ساڵی (2022) دا حکومەتی هەرێم بڕی (37.77) دۆلاری دیکەی بۆ دەمایەوەو بە کۆی گشتی دەیکردە (5 ملیارو 510 ملیۆن و 980 هەزار و 598) دۆلاری ئەمریکی.

بەمایەکی دیکە حکومەتی هەرێم لە بری (5 ملیار و 625 ملیۆن و 115 هەزار و 741) دۆلار، زیاتر لە دوو هێندەی ئەو بڕەی دەستدەکەوت کە بریتی دەبوو لە (11 ملیار و 136 ملیۆن 96 هەزار و 339) دۆلاری لە فرۆشی نەوتی هەرێمەوە دەستدەکەوت. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (3)).

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین لەسەر بنەمای لێدوانی (دورەید عەبدوڵا)، پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە نەوتی فرۆشراوی عێراق (20%)ە بۆ لە (70%) بەرهەمی نەوتی عێراق نەک سەرجەم بەرهەمەکەی، چونکە (30%)ی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە لایەن کۆمپانیا خۆماڵییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت، بۆیە ئەگەر ئەو ڕێژەیەی پشکی کۆمپانیا بیانییەکان بەسەر کۆی گشتی داهاتی عێراق بخەملێنین، ئەوا پشکەکان دەگەنە (14%) لە کۆی گشتی داهاتی بەرهەمدا.

بەڵام ئەمە بۆ هەرێم ڕاست دەرناچێت، چونکە سەرجەم کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی هەرێم بیانین، بۆیە گریمانەی ئەوەمان کردووە (20%) داهاتی نەوتی هەرێم بچوایە بۆ خەرجی پرۆسەکە ئەگەر لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە بکرایە نەک (14%).

## خشتەی ژمارە (3)

## جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پاش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

| 2022 | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای نرخی نەوت بۆری نەوتی کوردستان/ بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت پاش لێدەرکردنی (56%)ی خەرجی نەوت / بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ / بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت پاش لێدەرکردنی (20%)ی خەرجی کۆمپانیاکانی نەوت سۆمۆ/ بەرمیل | جیاوازی نرخ/ بەرمیل | پوختەی داهات بە دۆلار/ بۆری کوردستان/ دوای لێدەرکردنی خەرجی | پوختەی داهات بە دۆلار/ بە ڕێگەی سۆمۆ | جیاوازی داهات دوای لێدەرکردنی خەرجی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | 12,431,994 | $73.89 | $32.51 | $83.83 | $67.06 | **($34.55)** | $404,184,016 | $833,689,518 | **$429,505,502** |
| شوبات | 11,302,306 | $88.28 | $38.84 | $94.94 | $75.95 | **($37.11)** | $439,017,732 | $858,396,578 | **$419,378,846** |
| ئازار | 11,188,868 | $99.42 | $43.74 | $108.50 | $86.80 | **($43.06)** | $489,454,793 | $971,220,596 | **$481,765,803** |
| نیسان | 13,118,027 | $93.03 | $40.93 | $104.63 | $83.70 | **($42.77)** | $536,962,823 | $1,098,031,332 | **$561,068,509** |
| ئایار | 13,331,579 | $101.03 | $44.45 | $112.19 | $89.75 | **($45.30)** | $592,631,348 | $1,196,535,878 | **$603,904,531** |
| حوزەیران | 11,168,971 | $108.25 | $47.63 | $112.20 | $89.76 | **($42.13)** | $531,978,089 | $1,002,526,837 | **$470,548,748** |
| تەموز | 13,340,000 | $98.99 | $43.56 | $101.26 | $81.01 | **($37.45)** | $581,031,704 | $1,080,646,720 | **$499,615,016** |
| ئاب | 11,560,000 | $87.51 | $38.50 | $95.12 | $76.10 | **($37.59)** | $445,110,864 | $879,669,760 | **$434,558,896** |
| ئەیلول | 13,220,000 | $76.82 | $33.80 | $89.56 | $71.65 | **($37.85)** | $446,846,576 | $947,186,560 | **$500,339,984** |
| تشرینی یەکەم | 12,250,000 | $80.46 | $35.40 | $88.53 | $70.82 | **($35.42)** | $433,679,400 | $867,594,000 | **$433,914,600** |
| تشرینی دووەم | 10,345,000 | $78.48 | $34.53 | $82.00 | $65.60 | **($31.07)** | $357,225,264 | $678,632,000 | **$321,406,736** |
| کانونی یەکەم | 12,255,000 | $68.06 | $29.95 | $73.64 | $58.91 | **($28.97)** | $366,993,132 | $721,966,560 | **$354,973,428** |
| ئەنجام | **145,511,745** | **$87.85** | **$38.65** | **$95.54** | **$76.43** | **($37.77)** | **$5,625,115,741** | **$11,136,096,339** | **$5,510,980,598** |

## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/1/21) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11899

## سەرچاوەکان


- درەو میدیا، هەنارده، نرخ و داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی 2022؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11799

- درەو میدیا، هەنارده، نرخ، داهات، خەرجی و نەوتی بارکراوی هەرێم لە ساڵی 2022؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11806

- السومرية نيوز، لماذا يدفع العراق 16 مليار دولار للشركات المستخرجة للنفط؟.. أسباب واحصائيات؛

https://www.alsumaria.tv/news/%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF/444111/%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%B0%D8%A7-%D9%8A%D8%AF%D9%81%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-16-%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A7%D8%B1-%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%B1-%D9%84%D9%84%D8%B4%D8%B1%D9%83%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B3%D8%AA%D8%AE%D8%B1%D8%AC%D8%A9

## بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی گەنەڵ ئینێرجی تورکی لە ساڵی 2022 ئاستی بەرهەمی نەوت لە سەرجەم ناوچەی گرێبەستەکانی گەنەڵ ئینێرجی دابەزیوە

**بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی"ی تورکی، لە سەرجەم ئەو کێڵگە نەوتیانەی هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیاکە تێدا پشکدارە، لە ساڵی (2022)دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە ڕێژەیەکی بەرز دابەزیوە بەراورد بە ساڵی (2021)، بە جۆرێک؛**

# ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگەی سارتا (26%) دابەزیوە.

# ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگەی تەق تەق (18%) دابەزیوە.

# ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانە لەناوچەی گرێبەستی تاوکێ (1%) دابەزیوە.

# تا ئێستا کێڵگەی قەرەداغ نەگەیشتووە بە بەرهەمهێنان کە کۆمپانیا تورکییەکە (40%)ی پشکەکانی تێدایە.

## گەنەڵ ئینێرجی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی"ی تورکی هەیە لە هەر یەک کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق، سارتا و قەرەداغ)، سێ کێڵگەی یەکەمیان لە بەرهەمهێناندان، بەپێی داواین ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" لە تەواوی ساڵی (2022)دا، ئاستی بەرهەمی گشتی هەر سێ کێڵگەی (تاوکێ، تەق تەق و سارتا) ڕووی لە دابەزین کردووە، بە جۆرێک لە هەرسێ کێڵگەی ناوبراودا لە ئەمساڵدا بەرهەمی ڕۆژانە بە تێکڕا بریتی بووە لە (116 هەزار و 290) بەرمیل نەوتی خاو.

ئەمە لە کاتێکدایە تێکڕای بەرهەمی هەرسێ کێڵگەکە لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (120 هەزار و 600) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

بەم پێیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق و سارتا) بە گشتی لەساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵی (2021)، بڕی (4 هەزار و 310) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (4%) دابەزیوە.

سەبارەت بە وردە کاری هەر کێڵگەیەک، زانیارییەکان بەم جۆرەن؛

## یەکەم؛ کێڵگەی تاوکێ

هەریەک لە کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆی (DNO)ی نەرویجی وکۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی ( Genel Energy) تورکی لە کێڵگەی تاوکێ خاوەن پشکن. کۆمپانیای دی ئێن ئۆ (DNO) خاوەنی (75%)ی پشکەکانەو گەنەڵ ئینێرجی خاوەنی (25%)ی پشکەکانە. ناوچەی گرێبەستی تاوکێ لە پارێزگای دهۆکە.


بەپێی ڕاپۆرتەکانی گەنەڵ ئینێرجی بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەی تاوکێ بە تێکڕا لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (107 هەزار و 90) بەرمیلی ڕۆژانە.

ئەویش بە جۆرێک لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (106 هەزار و 470) بەرمیلی ڕۆژانە.

لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (106 هەزار و 910) بەرمیلی ڕۆژانە.


لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بەزبووەتەوە بۆ (108 هەزار و 500) بەرمیلی ڕۆژانە.

لە چارەکی چوارەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (106 هەزار و 480) بەرمیلی ڕۆژانە. (بڕوانە چارتی ژمارە (1))




**هەر بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیاکە ناوچەی گرێبەستەکە لە ساڵی (2021)دا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە (108 هەزار و 710) بەرمیل.**

**بەم پێیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستەکە بە گشتی لە ساڵی (2022) دا بەراورد بەساڵی (2021) بە تێکڕا بڕی (هەزار و 620) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (1%) دابەزیوە. (بڕوانە چارتی ژمارە (2))**




## دووەم؛ کێڵگەی تەق تەق

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ناحیەی "تەق تەق"ەوە لە قەزای کۆیە، ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایە، پشکەکانی کێڵگەی ناوبراو دابەشبوون بەسەر کۆمپانیای "ئەداکس پیترۆلیۆم" کە (36%)ی پشکەکان و "گەنەڵ ئینێرجی" تورکی (44%)ی پشکەکان و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.


بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەی "تەق تەق" بە تێکرا لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (4 هەزار و 490) بەرمیلی ڕۆژانە.

ئەویش بە جۆرێک لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022)دا بە تێکرا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (5 هەزار و 70) بەرمیلی ڕۆژانە.

لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022)دا بە تێکرا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (4 هەزار و 640) بەرمیلی ڕۆژانە.


لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022)دا بە تێکرا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (4 هەزار و 280) بەرمیلی ڕۆژانە.

**لە چارەکی چوارەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (3 هەزار و 970) بەرمیلی ڕۆژانە. (بڕوانە چارتی ژمارە (3))**




**هەر بەپێی ڕاپۆرتەکان ناوچەی گرێبەستەکە لە ساڵی (2021)دا بە تێکڕا بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە (5 هەزار و 490) بەرمیل.**

**بەم پێیە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستەکە بە گشتی لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵی (2021)، بڕی (1000) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (18%) دابەزیوە.(بڕوانە چارتی ژمارە (4))**




## سێیەم: کێڵگەی سارتا

کێڵگەی سارتا دەکەوێتە پارێزگای هەولێرەوە، کۆمپانیای "شیڤرۆن"ی ئەمەریکی پشکی (50%) و "گەنەڵ ئینێرجی" (30%)ی پشکەکان و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.


بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی" بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەی "سارتا" بە تێکڕا لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (4 هەزار و 710) بەرمیلی ڕۆژانە.

ئەویش بە جۆرێک لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (5 هەزار و 590) بەرمیلی ڕۆژانە.

لە چارەکی دووەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (5 هەزار و 330) بەرمیلی ڕۆژانە.


لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە دابەزیوە بۆ (3 هەزار و 960) بەرمیلی ڕۆژانە.

لە چارەکی چوارەمی ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرهەمی کێڵگەکە بریتی بووە لە (3 هەزار و 960) بەرمیلی ڕۆژانە. (بڕوانە چارتی ژمارە (5)).




**هەر بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای ناوبراو ناوچەی گرێبەستەکە لە ساڵی (2021)دا تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی بریتی بووە لە (6 هەزار و 400) بەرمیل.**


**کەواتە ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستەکە بە گشتی لە ساڵی (2022) دا بەراورد بە ساڵی (2021)، بڕی (هەزار و 690) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە ڕێژەی (26%) دابەزیوە. (بڕوانە چارتی ژمارە (6))**




## چوارەم؛ کێڵگەی قەرەداغ

دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە لە ناوچەی قەرەداغ و خۆرهەڵاتی چیای سەگرمە و ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان و ڕووبەری ئەم بلۆکە (846) کیلۆمەتر دووجایە، پێشتر (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکەکانی بۆ (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستان مایەوە. بەڵام دوای کشانەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکە (40%)ی پشکەکانی دراوە بە کۆمپانیای "گەنەڵ ئینێرجی"ی تورکی. بەڵام تا ئێستا ئەم کێڵگەیە نەگەیشتووە بە بەرهەمهێنان و کۆمپانیا تورکییەکە بەردەوامە لە کارکردن تێیدا.

کەواتە تێکڕای ئاستی بەرهەمی کێڵگەکانی ناوچەی گرێبەستی "گەنەڵ ئینێرجی"ی تورکی پێکەوە کە بریتین لە کێڵگەکانی (تاوکێ، تەق تەق و سارتا) بە ڕێژەی (4%) و بڕی (4 هەزارو 310) بەرمیلی ڕۆژانە لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵی (2021) کەمی کردووە. (بڕوانە چارتی ژمارە (7))




## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە** (2023/1/29) **بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11971

# سەرچاوەکان


- ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی دەربارەی ئەنجامی کاری کۆمپانیاکە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 و 2022؛

- Genel energy, Trading and operations update,18 January 2022; https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Trading-and-Operations-Update-Jan-2022-FINAL.pdf

- Genel energy, Trading and operations update, 12 May 2022; https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Trading-and-Operations-Update-May-2022-FINAL.pdf

- Genel energy, Unaudited results for the period ended 30 June 2022, 2 August 2022; https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2022/08/Genel-Energy-HY-2022-Results-FINAL.pdf

- Genel energy, Trading and operations update, 3 November 2022; https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Trading-and-Operations-Update-Nov-2022-FINAL.pdf

- Genel energy, Trading and operations update, 17 January 2023; https://genelenergy.com/wp-content/uploads/2020/09/Genel-Trading-and-Operations-Update-Jan-23-FINAL.pdf

## برِ و داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نیوەی دووەمی 2022
## هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (18.23) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوە

**پاڵپشت بە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت، حکومەتی هەرێم لە نیوەی دووەمی (2022)دا**

# برِی (71 ملیۆن و 853 هەزار و 667) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای ڕۆژانەی (390 هەزار و 500) بەرمیل لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە.

# برِی نەوتی فرۆشراو بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ (6 ملیۆن و 233 هەزار) بەرمیل نەوتی تێپەڕاندووە، بە تێکڕای ڕۆژانەی (33 هەزار و 878) بەرمیل.

# بەتێکڕا لە چارەکی سێیەمدا بەرمیلێک نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە بە (83.36) دۆلار فرۆشراوە، ئەم نرخەش (17.35) دۆلاری کەمترە لە تێکڕای نرخی نەوتی برێت لە بازاڕەکانی جیهان، لە چارەکی چوارەمدا هەرزانکردنەکە بۆ (19.11) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت بەرزبووەتەوە.

# خەرجی تێچوونی پرۆسەی نەوت لە چارەکی سێیەمدا لە (49%) بووەو لە چارەکی چوارەمدا بەرزبووەتەوە بۆ (51%) زیادی کردووە. واتە بە تێکڕا لە نیوەی دووەمی (2022)دا لە کۆی (5 ملیار و 569 ملیۆن دۆلار) برِی (2 ملیارو 793 ملیۆن) دۆلار و بە ڕێژەی (50%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت.

## یەکەم؛ بەراوردی نەوتی هەرێم لە چارەکی (سێیەم و چوارەم)ی 2022

### 1. جیاوازی فرۆشی نەوت لە چارەکی (سێیەم و چوارەم)ی 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2022) برِی (35 ملیۆن و 977 هەزار و 571) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، هاوکات لە چارەکی چوارەمدا برِی (35 ملیۆن و 876 هەزار و 96) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، بەم پێیەش لە چارەکی چوارەمدا بەراورد بە چارەکی سێیەم تەنها (101 هەزار و 475) بەرمیل نەوتی کەمتر فرۆشتووە، ئەمەش جۆرێک لە هاوسەنگی برِی نەوتی هەناردەکراو دەردەخات.

بەڵام بڕی ئەو نەوتەی کە فرۆشراوە بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ لە چارەکی سێیەمدا (2 ملیۆن و 319 هەزار و 88) بەرمیل بووەو لە چارەکی چوارەمدا بریتی بووە لە (3 ملیۆن و 914 هەزار و 536) بەرمیل نەوت، بەم پێیەش لە چارەکی چوارەمدا بڕی (1 ملیۆن و 595 هەزار و 448) بەرمیل نەوتی بە ڕێژەی (41%) زیاتری فرۆشتووە بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ.

### 2. جیاوازی بەهای نەوت لە چارەکی (سێیەم و چوارەم)ی 2022

پاڵپشت بە زانیارییەکانی دیلۆیت کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو لە چارەکی سێیەمی (2022)دا لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە (3 ملیار و 96 ملیۆن و 914 هەزار و 127) دۆلار. بەڵام کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو لە چارەکی چوارەمی (2022)دا لە ڕێگەی بۆرییەوە بریتی بووە لە (2 ملیار و 429 ملیۆن و 153 هەزار و 973) دۆلار. بەم پێیەش لە چارەکی چوارەمدا بەراورد بە چارەکی سێیەم (667 ملیۆن و 760 هەزار و 154) دۆلار بە ڕێژەی (22%) داهاتی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە کەمیکردووە.

هەرچی داهاتیشە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ لە چارەکی سێیەمی (2022) بەهاکەی بریتی بووە لە (19 ملیۆن و 976 هەزار و 44) دۆلار، بەڵام لە چارەکی چوارەمدا بەهاکەی زیادیکردووە بۆ (23 ملیۆن و 569 هەزار و 580) دۆلار و بە ڕێژەی (18%) و بڕی (3 ملیۆن و 593 هەزار و 536) دۆلار زیادیکردووە.

### 3. جیاوازی خەرجی نەوت لە چارەکی (سێیەم و چوارەم)ی 2022

لە چارەکی یەکەمدا بڕی (1 ملیار و 513 ملیۆن و 801 هەزار و 875) دۆلار بە ڕێژەی (49%) چووە بۆ شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن، بەڵام لە چارەکی چوارەمدا بڕی (1 ملیار و 261 ملیۆن و 934 هەزار و 269) دۆلار بە ڕێژەی (51%) چووە بۆ خەرجییەکان. واتە لە چارەکی چوارەمدا بە ڕێژەی (2%) خەرجی و پرۆسەی نەوتی هەرێم زیادیکردووە.

### 4. داهاتی گەڕاوەی نەوت لە چارەکی (سێیەم و چوارەم)ی 2022

لە چارەکی سێیەمدا بڕی (1 ملیار و 603 ملیۆن و 88 هەزار و 296) دۆلار بە ڕێژەی (51%)ی داهاتی گشتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە چارەکی چوارەمی (2022)دا بڕی (1 ملیار و 190 ملیۆن و 789 هەزار و 284) دۆلاری بە ڕێژەی (49%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت، بەڵام داهاتی گەڕاوەی نەوت لە چارەکی چوارەمدا بەراورد بە چارەکی سێیەم بڕی (412 ملیۆن و 299 هەزار و 12) دۆلار و بەڕێژەی (26%) داهاتی گەڕاوەی نەوت کەمیکردووە. بڕوانە خشتەی ژمارە (1)

**خشتەی ژمارە (1)**

**نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەم و چوارەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | | نرخی یەک بەرمیل | | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم |
| بە بۆری/ بەرمیل | 35,977,571 | 35,876,096 | 83.36$ | 69.47$ | 3,096,914,127$ | 2,429,153,973$ |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 2,319,088 | 3,914,536 | 45.84$ | 61.29$ | 19,976,044$ | 23,569,580$ |

| | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم |
|---|---|---|
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | 3,116,890,171$ | 2,452,723,553$ |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | 1,513,801,875$ | 1,261,934,269$ |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | 1,603,088,296$ | 1,190,789,284$ |

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت کە لە (2023/2/14) بڵاویکردونەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵ واتە لە نێوان (1ی تەموزی 2022 بۆ 30ی ئەیلولی 2022) بڕی (35 ملیۆن و 977 هەزار و 571) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووەو کۆی بەهاکەی (3 ملیار و 96 ملیۆن و 914 هەزار و 127) دۆلار بووە، هەر بەرمیلێک نەوتی بە (83.36) دۆلار فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەهاکەی (100.71) دۆلار بووە. واتە لە چارەکی سێیەمی (2022) هەر بەرمیلێک نەوت بە (17.35) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوە.

هاوکات (2 ملیۆن و 319 هەزار و 571) بەرمیل نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە، کۆی بەهاکەی (19 ملیۆن و 976 هەزار و 44) دۆلار و هەر بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای (45.84) دۆلار فرۆشراوە.

بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی هەرێم بەشێوەی (بۆری + ناوخۆ) بریتی بووە لە (3 ملیار و 116 ملیۆن و 890 هەزار و 171) دۆلار، لەو بڕەش (1 ملیار و 513 ملیۆن و 801 هەزار و 875) دۆلاری بە ڕێژەی (49%) چووە بۆ خەرجی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن. بڕی (1 ملیار و 603 ملیۆن و 88 هەزار و 296) دۆلاری بە ڕێژەی (51%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

**خشتەی ژمارە (2)**

**نەوتی هەرێم لە چارەکی سێیەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | نرخی یەک بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| بە بۆری/ بەرمیل | 35,977,571 | 83.36$ | 3,096,914,127$ |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 2,319,088 | 45.84$ | 19,976,044$ |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | 3,116,890,171$ | | |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | 1,513,801,875$ | | |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | 1,603,088,296$ | | |

## سێیەم؛ نەوتی هەرێم لە چارەکی چوارەمی 2022

**پاڵپشت بە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چارەکی چوارەمی ئەمساڵ واتە لە نێوان (1ی تشرینی یەکەمی 2022 بۆ 31ی کانونی یەکەمی 2022) بڕی (35 ملیۆن و 876 هەزار و 96) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووەو کۆی بەهاکەی (2 ملیار و 429 ملیۆن و 153 هەزار و 973) دۆلار بووە، هەر بەرمیلێک نەوتی بە (69.47) دۆلار فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا لە ماوەی ناوبراودا بەهاکەی (88.58) دۆلار بووە. واتە لە چارەکی چوارەمی (2022) هەر بەرمیلێک نەوت بە (19.11) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوە.**

**هاوکات (3 ملیۆن و 914 هەزار و 536) بەرمیل نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە، کۆی بەهاکەی (23 ملیۆن و 569 هەزار و 580) دۆلار و هەر بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای (45.84) دۆلار فرۆشراوە، بەم جۆرەش بێت هەر بەرمیلێک نەوت بە نزیکەی نیوەی نرخی خۆی بە پاڵاوگە نەوتییەکان دراوە، ئەمەش جۆرێک لە پاڵپشتی حکومەت دەردەخات بۆ پاڵپشتی پاڵاوگەکان و پێداویستی ناوخۆ.**

**هاوکات کۆی بەهای نەوتی هەرێم بەشێوەی (بۆری + ناوخۆ) بریتی بووە لە (2 ملیار و 452 ملیۆن و 723 هەزار و 553) دۆلار، لەو بڕەش (1 ملیار و 261 ملیۆن و 934 هەزار و 269) دۆلاری بە ڕێژەی (51%) چووە بۆ دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن. بڕی (1 ملیار و 190 ملیۆن و 789 هەزار و 284) دۆلاری بە ڕێژەی (49%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. (بڕوانەی خشتەی ژمارە (3)).**

**خشتەی ژمارە (3)**
**نەوتی هەرێم لە چارەکی چوارەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | نرخی یەک بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| بە بۆری/ بەرمیل | 35,876,096 | 69.47$ | 2,429,153,973$ |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 3,914,536 | 61.29$ | 23,569,580$ |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | 2,452,723,553$ | | |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | 1,261,934,269$ | | |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | 1,190,789,284$ | | |

## چوارەم؛ نەوتی هەرێم لە نیوەی یەکەمی 2022

پاڵپشت بەو داتایانەی هەردوو چارەکی یەکەم و دووەمی (2022)، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نیوەی دووەمی ئەمساڵ واتە لە نێوان (1ی تەموزی 2022 بۆ 31ی کانونی یەکەمی 2022) بڕی (71 ملیۆن و 853 هەزار و 667) بەرمیل نەوتی لە ڕێگەی بۆرییەوە فرۆشتووە، بە تێکڕای ڕۆژانەی (390 هەزار و 509) بەرمیل نەوت و کۆی بەهاکەی (5 ملیار و 526 ملیۆن و 68 هەزار و 100) دۆلار بووە، هەر بەرمیلێک نەوتی بە تێکڕای (76.42) دۆلار فرۆشتووە، ئەمە لە کاتێکدایە نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەهاکەی بە تێکڕا (94.65) دۆلار بووە. واتە لە نیوەی دووەمی (2022)دا هەر بەرمیلێک نەوت بە (18.23) دۆلار هەرزانتر فرۆشراوە.

هەر بەپێی داتاکان (6 ملیۆن و 233 هەزار و 624) بەرمیل نەوت بە پاڵاوگەکانی ناوخۆی هەرێم فرۆشراوە، بە تێکڕای ڕۆژانەی (33 هەزار و 878) بەرمیل، کۆی بەهاکەی (43 ملیۆن و 545 هەزار و 624) دۆلار و هەر بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای (53.57) دۆلار فرۆشراوە.


بەم پێیە کۆی بەهای نەوتی هەرێم بەشێوەی (بۆری + ناوخۆ) بریتی بووە لە (5 ملیار و 569 ملیۆن و 613 هەزار و 724) دۆلار، لەو بڕەش (2 ملیار و 775 ملیۆن و 736 هەزار و 144) دۆلاری بە ڕێژەی (50%) چووە بۆ دانەوەی شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجییەکانی دیکەی نەوت، وەک گواستنەوەو کۆگاکردن. بڕی (2 ملیار و 793 ملیۆن و 877 هەزار و 580) دۆلاری بە ڕێژەی (50%) گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. (بڕوانە خشتەی ژمارە (4)). (چارتەکانی ژمارە (1، 2 و 3))

**خشتەی ژمارە (4)**

**نەوتی هەرێم لە نیوەی دووەمی 2022**

| نەوتی فرۆشراو | هەناردەکردن | تێکڕای نرخی یەک بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|
| بە بۆری/ بەرمیل | 71,853,667 | $76.42 | $5,526,068,100 |
| بۆ ناوخۆ (پاڵاوگەکان)/ بەرمیل | 6,233,624 | $53.57 | $43,545,624 |
| کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو | $5,569,613,724 | | |
| خەرجییەکانی دیکەی نەوت وەک گواستنەوەو کۆگاکردن | $2,775,736,144 | | |
| پارەی ماوە دوای دەرکردنی خەرجییەکان | $2,793,877,580 | | |

**چارتی ژمارە (1)**



**چارتی ژمارە (2)**

**پرۆسەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان - چارەگی سێیەمی 2022**

| | | |
|---|---|---|
| کۆی بەرهەم | 38,730,175 | بەرمیل |
| بڕی هەناردە | 35,977,571 | بەرمیل |
| بڕی تەرخانکراوی پاڵاوگە | 2,319,088 | بەرمیل |
| فرۆشی ناوخۆ | 433,516 | بەرمیل |
| داهاتی نەوتی ناوخۆ (تێکڕای نرخی بەرمیل 45.845 دۆلار) | 19,976,044 | دۆلار |
| داهاتی نەوتی هەناردە (تێکڕای نرخی بەرمیل 83.367 دۆلار) | 3,096,914,127 | دۆلار |
| داهاتی گشتیی نەوت | 3,116,890,171 | دۆلار |
| خەرجیی پرۆسەی نەوت | 1,513,801,875 | دۆلار |
| داهاتی ماوە بۆ حکومەت (مووچە) | 1,603,088,296 | دۆلار |

فەرمانگەی میدیا و زانیاری www.gov.krd

**چارتی ژمارە (3)**

**پرۆسەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان - چارەگی چوارەمی 2022**

| | | |
|---|---|---|
| کۆی بەرهەم | 40,175,186 | بەرمیل |
| بڕی هەناردە | 35,876,096 | بەرمیل |
| بڕی تەرخانکراوی پاڵاوگە | 3,914,536 | بەرمیل |
| فرۆشی ناوخۆ | 384,554 | بەرمیل |
| داهاتی نەوتی ناوخۆ (تێکڕای نرخی بەرمیل 61.291 دۆلار) | 23,569,580 | دۆلار |
| داهاتی نەوتی هەناردە (تێکڕای نرخی بەرمیل 69.472 دۆلار) | 2,429,153,973 | دۆلار |
| داهاتی گشتیی نەوت | 2,452,723,553 | دۆلار |
| خەرجیی پرۆسەی نەوت | 1,261,934,269 | دۆلار |
| داهاتی ماوە بۆ حکومەت (مووچە) | 1,190,789,284 | دۆلار |

فەرمانگەی میدیا و زانیاری www.gov.krd

**تێبینی**

**ئەم راپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە** (2023/2/14) **بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12117

**سەرچاوەکان**

- **راپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت لە چارەکی (سێیەم و چوارەم)ی ساڵی** 2022.

## پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا
## هەرێم بایی (12) ملیار نەوتی فرۆشتووە (5.7) ملیار دۆلاری بۆ ماوەتەوە

**بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ساڵی (2022)دا؛**

**# زیاتر لە (144 ملیۆن و 404 هەزار) بەرمیل نەوتی خاو بە تێکڕای ڕۆژانەی (395 هەزار و 628) بەرمیل لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە.**

**# تێکڕای بەهای بەرمیلێک نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان (100.78) دۆلار بووە، بەڵام حکومەتی هەرێم بەتێکڕا نەوتی بە (85) دۆلار فرۆشتووە.**

**# کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە زیاتر بووە لە (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار) دۆلار. بڕی (6 ملیار و 712 ملیۆن و 556 هەزار و 807) دۆلاری بەڕێژەی (54%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە. بڕی (5 ملیار و 709 ملیۆن و 704 هەزار و 87) دۆلاری بەڕێژەی (46%) گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.**

**# کرێی بۆری نەوتی هەرێم بە ئاستێکی پێوانەیی دابەزیوە بۆ کەمتر لە (2) دۆلار و بە ڕێژەی (2.2%)ی هەر بەرمیلێک نەوتی خاوی هەناردەکراو.**

**# بڕی (1 ملیۆن و 466 هەزار و 797) بەرمیل نەوتی خاو بە تێکڕای ڕۆژانەی (4 هەزار و 18) بەرمیل، بە تێکڕای نرخی نزیکەی (61.4) دۆلار و بە کۆی بەهای (90 ملیۆن و 843 هەزار و 46) دۆلار لە ناوخۆدا فرۆشراوە.**

**# زیاتر لە (10 ملیۆن و 758 هەزار) بەرمیل نەوتی خاو لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ڕادەستی پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆ.**

## داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم بۆ ساڵی (2022)

ڕۆژی (2023/2/14) کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتەکانی خۆی بۆ دوو چارەکی کۆتایی ساڵی (2022) بڵاوکردەوە، بەم بڵاوکراوانەش کۆتایی بە سەرجەم وردبینییەکانی دیلۆیت بۆ ساڵی ناوبراو هات.

بەپێی ئەو ئامارو وردبینیانەی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2022)دا بڵاویکردووتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ساڵەکەدا بڕی (144 ملیۆن و 404 هەزار و 412) بەرمیل نەوتی بەتێکڕای ڕۆژانەی (395 هەزار و 628) بەرمیل لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، بە تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (85) دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار و 848) دۆلاری ئەمریکی (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

**خشتەی ژمارە (1)**

**بڕو داهاتی نەوتی هەرێم بۆ ساڵی 2022**

| ژ | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2022/3/31 - 2022/1/1 | 34,932,168 | 86.730 | 3,028,903,497 |
| 2 | 2022/6/30 - 2022/4/1 | 37,618,577 | 100.388 | 3,776,446,251 |
| 3 | 2022/9/30 - 2022/7/1 | 35,977,571 | 83.367 | 3,096,914,127 |
| 4 | 2022/12/31 - 2022/10/1 | 35,876,096 | 69.472 | 2,429,153,973 |
| **کۆ** | | **144,404,412** | تێکڕا **84.989** | **12,331,417,848** |

ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەردەوام پرۆسەی نەوتی هەرێم خەرجی و تێچووەکانی گەورەترە لەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت کۆی نەوتی خاوی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2022)دا بە هەردوو شێوەی (بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ) بەهاکەی بریتی بووە لە (12 ملیارو 422 ملیۆن و 260 هەزار و 894) دۆلاری ئەمریکی، لەو بڕەش (6 ملیار و 712 ملیۆن و 556 هەزار و 807) دۆلاری بە ڕێژەی (54%) چووە بۆ خەرجی پرۆسەکە، تەنها بڕی (5 ملیار و 709 ملیۆن و 704 هەزار و 87) دۆلاری بە ڕێژەی (46%) گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بۆ وردەکاری زیاتر (بڕوانە خشتەی ژمارە (2))

**خشتەی ژمارە (2)**

**داهات و خەرجی پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2022**

| ژ | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | کۆی داهاتی نەوتی خاوی فرۆشراو (بۆری + ناوخۆ) | داهاتی ماوە بۆ حکومەت | ڕێژەی داهاتی ماوە | خەرجی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی پرۆسەی نەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2022/3/31 - 2022/1/1 | $3,063,356,891 | $1,343,841,232 | 44% | $1,719,515,659 | 56% |
| 2 | 2022/6/30 - 2022/4/1 | $3,789,290,279 | $1,571,985,275 | 41% | $2,217,305,004 | 59% |
| 3 | 2022/9/30 - 2022/7/1 | $3,116,890,171 | $1,603,088,296 | 51% | $1,513,801,875 | 49% |
| 4 | 2022/12/31 - 2022/10/1 | $2,452,723,553 | $1,190,789,284 | 49% | $1,261,934,269 | 51% |
| | **کۆ** | **$12,422,260,894** | **$5,709,704,087** | **46%** | **$6,712,556,807** | **54%** |

## کرێی بۆری نەوتی هەرێم بۆ ساڵی (2022)

بەپێی وردبینیەکانی کۆمپانیای دیلۆت، کرێی بۆری و گواستنەوەی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا، لە ڕابردوودا یەکێک بوو لەو خەرجییە گەورانەی سەرنجی چاودێرانی بوارەکەی ڕاکێشاوە، بەڵام لە ساڵی (2022) بەڕادەیەکی باش کرێی بۆری گواستنەوە دابەزیوە _ئەگەر حکومەتی هەرێم تەواوی ئەو کرێیەی خەرج کردبێت و بە قەرز لەسەری کەڵەکە نەبووبێت؟_ چونکە بە تێکڕا لە تەواوی ساڵی (2022)دا (2.2%)ی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ کرێی گواستنەوە بۆری خەرجکراوە، ئەمەش دابەزینێکی گەورەیە لە خەرجی کرێی بۆری بەراورد بە ساڵی (2021) کە ڕێژەی (10%)ی داهاتی نەوتی هەناردەکراو بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوو. بەم پێیەش گواستنەوەی هەر بەرمیلێک لە (6) دۆلارەوە دابەزیوە بۆ (1.9) دۆلار لە ساڵی (2022)دا (بڕوانە خشتەی ژمارە (3)).

بەجۆرێک ئەو (144 ملیۆن و 404 هەزار و 412) بەرمیل نەوتەی لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، کۆی داهاتەکەی بریتی بووە لە (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار و 848) دۆلاری ئەمریکی بڕی (274 ملیۆن و 818 هەزار و 646) دۆلاری دراوە بە خاوەن پشکەکانی بۆری نەوتی کوردستان (بڕوانە خشتەی ژمارە (4)) کە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا هەردوو کۆمپانیای (کار و ڕۆژنەفت)ن لە خاکی تورکیاشدا خاوەندارێتییەکەی بۆ (کۆمپانیای وزەی تورکی) دەگەڕێتەوە.

**خشتەی ژمارە (3)**

**نەوتی فرۆشراو و کرێی بۆری (2022)**

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | کرێی گواستنەوەی بۆری بە دۆلار | کرێی گواستنەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2022/3/31 - 2022/1/1 | 34,932,168 | 122,165,292 | 3.5 |
| 2 | 2022/6/30 - 2022/4/1 | 37,618,577 | 36,460,969 | 1.0 |
| 3 | 2022/9/30 - 2022/7/1 | 35,977,571 | 106,192,385 | 3.0 |
| 4 | 2022/12/31 - 2022/10/1 | 35,876,096 | 10,000,000 | 0.3 |
| | **کۆ** | **144,404,412** | **274,818,646** | **تێکڕا 1.9** |

**خشتەی ژمارە (4)**

**فرۆش و داهات و کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)**

| ز | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار | کۆی کرێی بۆری گواستنەوە بە دۆلار | ڕێژەی کرێ گواستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2022/3/31 - 2022/1/1 | 34,932,168 | 86.730 | 3,028,903,497 | 122,165,292 | 4.0% |
| 2 | 2022/6/30 - 2022/4/1 | 37,618,577 | 100.388 | 3,776,446,251 | 36,460,969 | 1.0% |
| 3 | 2022/9/30 - 2022/7/1 | 35,977,571 | 83.367 | 3,096,914,127 | 106,192,385 | 3.4% |
| 4 | 2022/12/31 - 2022/10/1 | 35,876,096 | 69.472 | 2,429,153,973 | 10,000,000 | 0.4% |
| | **کۆ** | **144,404,412** | **تێکڕا 84.989** | **12,331,417,848** | **274,818,646** | **تێکڕا 2.2%** |

## هەراج کردنی نەوتی هەرێم

**بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت هەرزان فرۆشتن و هەڕاجکردنی نەوتی هەرێم بەردەوامەو لە ساڵی (2022) نەوتی هەرێم بە تێکڕا (15.79) دۆلار لە خوار نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە (خشتەی ژمارە (5)) ئەو ڕاستییە زۆرتر ڕوونەدەکاتەوە.**

خشتەی ژمارە (5)

هەرزان فرۆشکردنی نەوتی هەرێم بەراورد بە بازاڕەکانی جیهان

| ساڵی 2022 | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان (بۆ هەر سێ مانگێک) | تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم | جیاوازی نرخی نەوتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | $86.51 | $100.30 | $86.73 | ($13.57) |
| شوبات | $97.13 | | | |
| ئازار | $117.25 | | | |
| نیسان | $104.58 | $113.54 | $100.39 | ($13.16) |
| ئایار | $113.34 | | | |
| حوزەیران | $122.71 | | | |
| تەموز | $111.93 | $100.71 | $83.37 | ($17.35) |
| ئاب | $100.45 | | | |
| ئەیلول | $89.76 | | | |
| تشرینی یەکەم | $93.33 | $88.56 | $69.47 | ($19.08) |
| تشرینی دووەم | $91.42 | | | |
| کانونی یەکەم | $80.92 | | | |
| **تێکڕا** | **$100.78** | **$100.78** | **$84.99** | **($15.79)** |

## نەوتی هەرێم و پاڵاوگەکانی ناوخۆ

پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (4) پاڵاوگەی فەرمییە، پێکەوە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی (256 هەزار) بەرمیل نەوتی خاویان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی سوتەمەنی و وزە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی پێویستیان بۆ دابین ناکات.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو دەدات بە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و لە بەرامبەردا حکومەت بڕێک پارە دەدات بە پاڵاوگەکان بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆ، بەڵام بڕەکە زۆر لەوە کەمترە کە پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ بکاتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە (6)) کە بڕی ئەو نەوتە خاوە نیشان دەدات کە پاڵاوگەکان لە ماوەی ساڵی (2022) پێیان دراوە، کە بۆ تەواوی ساڵەکە (10 ملیۆن و 758 هەزار و 288) بەرمیل نەوتی خاو بووە. واتە بە جۆرێک ئەو ماوەیە کە دەکاتە (365) ڕۆژ و ئەگەر ئەو بڕە نەوتە دابەشی ڕۆژەکان بکەین دەکاتە (29 هەزار و 474) بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە.

خشتەی ژمارە (6)

ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن 2022

| ژ | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن |
|---|---|---|
| 1 | 2022/1/1 - 2022/3/31 | 2,226,083 |
| 2 | 2022/4/1 - 2022/6/30 | 2,298,581 |
| 3 | 2022/7/1 - 2022/9/30 | 2,319,088 |
| 4 | 2022/10/1 - 2022/12/31 | 3,914,536 |
| | **کۆ** | **10,758,288** |

**جگە لەوەی پاڵاوگەکان ڕۆژانە بڕێک نەوتی خاو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپاڵێون (وەک لە خاڵی پێشتر ئاماژەی پێکراوە)، ڕۆژانە بڕێکیش نەوتیان پێ دەفرۆشێت، بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی (2022) دا بڕی (1 ملیۆن 466 هەزار و 797) بەرمیل نەوتی بە تێکڕای نرخی (61.36) دۆلار بە پاڵاوگەکان فرۆشتووە، کە بۆ هەر ڕۆژێک (4 هەزار و 18) بەرمیل بووە. کۆی داهاتەکەی دەکاتە (90 ملیۆن و 843 هەزار و 46) دۆلار بووە، بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (7))**

خشتەی ژمارە (7)

شیکاری پاڵاوگەو فرۆشتنەکانی ناوخۆ (2022)

| ژ | وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | تێکڕای نرخی (1) بەرمیل | کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 2022/1/1 - 2022/3/31 | 409,037 | $84.23 | $34,453,394 |
| 2 | 2022/4/1 - 2022/6/30 | 237,475 | $54.09 | $12,844,028 |
| 3 | 2022/7/1 - 2022/9/30 | 435,731 | $45.85 | $19,976,044 |
| 4 | 2022/10/1 - 2022/12/31 | 384,554 | $61.29 | $23,569,580 |
| | **کۆ** | **1,466,797** | **تێکڕا 61.36$** | **$90,843,046** |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/2/16) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12127

## سەرچاوەکان

- **سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛**
- **بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی** 1**ی کانونی دووەمی** 2022 **تاکو** 31**ی ئاداری** 2022.
- **بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی** 1**ی نیسانی** 2022 **تاکو** 30**ی حوزەیرانی** 2022.
- **بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی** 1**ی تەمموزی** 2022 **تاکو**30 **ئەیلوولی** 2022.
- **بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی** 1**ی تشرینی یەکەمی** 2022 **تاکو**31 **کانونی یەکەمی** 2022.

- Country economy, Crude Oil Brent US Dollars per Barrel

https://countryeconomy.com/raw-materials/brent?year=2022

## پوختەی بەهای نەوتی (عێراق و هەرێم) لە ساڵی (2022)دا لە بەرمیلێکدا؛ هەرێم (39) و عێراق (82) دۆلاری بۆ ماوەتەوە

**پاڵپشت بە ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت، بەراورد بە داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق و ڕێوشوێنەکانی کۆمپانیای سۆمۆ پوختەی بەهای نەوتی (عێراق و هەرێم) و (نەوتی هەرێم بە ڕێگەی سۆمۆ) لە ساڵی (2022)دا، بەم جۆرەیە؛**

# بە تێکڕا تێچوو خەرجی بەرمیلێک نەوت لە هەرێم زیاتر لە (45.93) دۆلار و لە عێراق (13.38) دۆلار بووە، بە مانایەکی دیکە (54%)ی داهاتی هەموو بەرمیلێک نەوتی هەرێم چووە بۆ خەرجی و تێچووی پرۆسەکە و لە عێراقیش (14%) تێچووی پرۆسەکە بووە.

# ئەگەر هەرێمی کوردستان بەو نرخ و تچووەی سۆمۆ نەوتی فرۆشتبا، ئەوا لە بەرمیلکدا لەبری (39.06) دۆلار، (82.16) دۆلاری بۆ دەمایەوە، واتە لەبری ئەوەی ئێستا تەنها (5 ملیار و 709 ملیۆن) دۆلار پوختەی داهاتی نەوتەکەی بێت، ئەوا پوختەی داهاتەی نەوتەکەی زۆرتر لە (11 ملیار 36 ملیۆن) دۆلار دەبوو.

### یەکەم: بەراوردی بەهای نەوتی هەرێم و عێراق لە ساڵی (2022)

بەپێی شیکارییەکان حکومەتی عێراق لە ساڵی (2022)دا، لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)ەوە بەتێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (95.54) دۆلار فرۆشتووەو کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو بریتی بووە لە (115 ملیار و 466 ملیۆن و 245 هەزار) دۆلار.

بەپێی لێدوانی (دورەید عەبدوڵا – توێژەر و شارەزا)؛ "کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت پشکیان لە دەرهێنانی (70%)ی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بەڕێژەی (20%) هەیە" بەپێی زانیارییەکانی ناوبراو "عێراق لەساڵی رابردوو پێویستە (16.1 ملیار) دۆلار وەک حەق دەستی کۆمپانیاکان و تێچوی بەرهەمهێنان نەوت خەرج بکات".

پاڵپشت بەو لێکدانەوەیە ڕێژەی گەڕانەوەی داهاتی نەوتی عێراق (86%) بووەو بڕی (14%)ی چووە بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت. بە مانایەکی دیکە لە هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی عێراق

بە تێکڕا (82.16) دۆلاری گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی عێراق و (13.38) دۆلار خەرجی بەرمیلێک نەوت بووە.

بەڵام ئەوە بۆ هەرێمی کوردستان ڕاست نیە! چونکە بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای دیلۆیت، حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا، لەڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە، بەتێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (84.99) دۆلار فرۆشتووەو کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو و گەیەندراو بە دەستی کڕیارانی بیانی (لە ڕێگەی بۆرییەوە جگە لە ناوخۆ) بریتی بووە لە (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار و 848) دۆلار و بڕی (90 ملیۆن و 843 هەزار و 46) دۆلاری لە فرۆشتنی نەوتی ناوخۆوە دەستکەوتووە، بەڵام تەنها بڕی (5 ملیار و 709 ملیۆن و 704 هەزار و 87) دۆلاری خراوەتە سەر داهات و خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم (وەزارەتەکانی دارایی و سامانە سروشتییەکان).

بەم پێیەش ڕێژەی گەڕانەوەی داهاتی نەوتی هەرێم (46%) بووەو بڕی (54%)ی چووە بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت. بە مانایەکی دیکە لە هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی هەرێم بە تێکڕا تەنها (39.06) دۆلاری گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی و (45.93) دۆلار خەرجی بەرمیلێک نەوت بووە. بڕوانە (خشتەی ژمارە (1))

**خشتەی ژمارە (1)**

**بەراوردی نەوتی داهات و خەرجی نەوتی (عێراق و هەرێم)**

**لە ساڵی (2022)**

| 2022 | بڕی نەوتی ڕادەستکراو بە کڕیاران (بەرمیل) | | تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو | | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | | پوختەی بڕی داهاتی گەڕاوەی نەوت (بۆری + ناوخۆ) بۆ خەزێنەی گشتی حکومەت | پوختەی ڕێژەی داهاتی گەڕاوەی نەوت (بۆری + ناوخۆ) بۆ خەزێنەی گشتی حکومەت | بڕی خەرجی گشتی پرۆسەی نەوت | ڕێژەی خەرجی گشتی پرۆسەی نەوت | داهاتی گەڕاوەی (1) بەرمیل نەوت (بۆری) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عێراق | 1,208,531,119 | | $95.54 | | $115,466,245,000 | | $99,300,970,700 | 86% | $16,165,274,300 | 14% | $82.16 |
| هەرێم | بۆری | ناوخۆ | بۆری | ناوخۆ | بۆری | ناوخۆ | $5,709,704,087 | 46% | $6,712,556,807 | 54% | $39.06 |
| | 144,404,412 | 1,466,797 | $84.99 | $61.36 | $12,331,417,848 | $90,843,046 | | | | | |

## دووەم: جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پێش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

بەپێی زانیاریەکانی کۆمپانیای دیلۆیت و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2022)دا (144 ملیۆن و 414 هەزار 412) بەرمیل نەوتی بە بۆری نەوتی کوردستان و لەڕێگەی بەندەری

جەیهانی تورکییەوە فرۆشتووە (رادەستی کڕیاران کراوە)، لە ساڵەکەدا تێکڕای بەرمیلێک نەوتی هەرێم بە (84.99) دۆلار فرۆشراوە.

بۆیە دەبینین کۆی ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکەدا هەناردەی کردووە و فرۆشتوویەتی بەبێ هیچ خەرجییەک بەهاکەی دەکاتە (12 ملیارو 331 ملیۆن و 417 هەزار و 848) دۆلاری ئەمریکی بووە.

بەڵام ئەگەر هەمان ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی کردووە لە ساڵی (2022)دا لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندی و کۆمپانیا بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)ەوە هەناردە بکرایە جیاوازییەکەی چی دەبوو؟

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆمپانیای سۆمۆ لە ساڵی (2022)دا بە تێکڕا بەرمیلێک نەوتی بە (95.54) دۆلار فرۆشتووە، واتە، ئەو بڕە نەوتەی حکومەتی هەرێم بەشێوەی سەربەخۆ فرۆشتوویەتی، ئەگەر لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بەبازاڕی بخستایە، بەهاکەی بریتی دەبوو لە (13 ملیارو 819 ملیۆن و 362 هەزار و 171) دۆلاری ئەمریکی، بەم پێیەش بەگشتی نەوتی هەرێم بڕی (1 ملیارو 487 ملیۆن و 944 هەزار و 323) دۆلاری ئەمریکی بە هەرزانتر فرۆشراوە لە ساڵی (2022)دا. بۆ وردەکاری تەواوی مانگەکانی ساڵی (2022) و جیاوازی داهات لە نێوان هەردوو ڕێگاکە بڕوانە (خشتەی ژمارە (2)).

خشتەی ژمارە (2)

جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ

(پێش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

| 2022 | | کۆی نەوتی هەناردەکراو بەرمیل/مانگانە | تێکڕای نرخی نەوت بۆری نەوتی کوردستان/ (1)بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ / (1)بەرمیل | جیاوازی نرخ/ بەرمیل | کۆی داهات/ بە بۆری کوردستان | کۆی داهات/ بە ڕێگەی سۆمۆ | جیاوازی داهات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەم | کانونی دووەم، شوبات، ئازار | 34,932,168 | $86.73 | $95.75 | $9.02 | 3,028,903,497 | 3,344,755,086 | 315,851,589 |
| چارەکی دووەم | نیسان، ئایار، حوزەیران | 37,618,577 | $100.38 | $109.67 | $9.29 | 3,776,446,251 | 4,125,629,340 | 349,183,089 |
| چارەکی سێیەم | تەموز، ئاب، ئەیلول | 35,977,571 | $83.36 | $95.31 | $11.95 | 3,096,914,127 | 3,429,022,292 | 332,108,165 |
| چارەکی چوارەم | تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانونی یەکەم | 35,876,096 | $69.47 | $81.39 | $11.92 | 2,429,153,973 | 2,919,955,453 | 490,801,480 |
| ئەنجام | | 144,404,412 | $84.99 | $95.54 | $10.56 | $12,331,417,848 | $13,819,362,171 | $1,487,944,323 |

## سێیەم: جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ (پاش لێدەرکردنی خەرجییەکان)

بەپێی وردبینی و ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت (54%)ی داهاتی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا دراوە بە کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت.

بۆیە دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت و هەرزانتر فرۆشتنی. ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە فرۆشتنی (144 ملیۆن و 404 هەزار و 412) بەرمیل نەوت لە ساڵی (2022)دا دەکاتە (5 ملیار و 618 ملیۆن 861 هەزار و 41) دۆلار، واتە بە تێکڕا لە ماوەی ساڵەکەدا هەر بەرمیلێک نەوت تەنها (39.06) دۆلار ماوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەمە لە کاتێکدایە لەسەر بنەمای هەمان گریمانەی پێشوو، ئەگەر ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان هەناردەی کردووە، کۆمپانیای بەبازاڕ کردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) هەناردەی بکردایە (20%ی بۆ خەرجی پرۆسەکە بڕۆشتبایە وەک ئەوەی لە سۆمۆ لەو کێڵگانەی بەدەستی کۆمپانیا بیانییەکانەوەیە خەرجی کردووە)، بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک بەتێکڕا لە ساڵی (2022) دا حکومەتی هەرێم بڕی (37.37) دۆلاری دیکەی بۆ دەمایەوەو بە کۆی گشتی دەیکردە (5 ملیارو 417 ملیۆن و 429 هەزار و 58) دۆلاری ئەمریکی.

بەمایەکی دیکە حکومەتی هەرێم لە بری (5 ملیار و 618 ملیۆن و 861 هەزار و 41) دۆلار، نزیکەی دوو هێندەی ئەو بڕەی ئێستای دەستدەکەوت کە بریتی دەبوو لە (11 ملیار و 36 ملیۆن 290 هەزار و 99) دۆلار. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە (خشتەی ژمارە (3)).

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین لەسەر بنەمای لێدوانی (دورەید عەبدوڵا)، پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە نەوتی فرۆشراوی عێراق (20%)ە بۆ لە (70%) بەرهەمی نەوتی عێراق نەک سەرجەم بەرهەمەکەی، چونکە (30%)ی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە لایەن کۆمپانیا خۆماڵییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە ئەگەر ئەو ڕێژەیەی پشکی کۆمپانیا بیانییەکان بەسەر کۆی گشتی داهاتی عێراق بخەملێنین، ئەوا پشکەکان دەگەنە (14%) لە کۆی گشتی داهاتی بەرهەمدا.

بەڵام ئەمە بۆ هەرێم ڕاست دەرناچێت، چونکە سەرجەم کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی هەرێم بیانین، بۆیە گریمانەی ئەوەمان کردووە (20%) داهاتی نەوتی هەرێم بچوایە بۆ خەرجی پرۆسەکە ئەگەر لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە بکرایە نەک (14%).

**خشتەی ژمارە (3)**

**جیاوازی بەهای نەوتی کوردستان؛ هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ**

**(پاش لێدەرکردنی خەرجییەکان)**

| 2022 | | پوختەی نەوتی خاوی گوستراوە بۆ کڕیاران (بەرمیل) | تێکڕای نرخی نەوت بۆری نەوتی کوردستان/ بەرمیل | پاش لێدەرکردنی (54%)ی خەرجی نەوت / بەرمیل | تێکڕای نرخی نەوت بە ڕێگەی سۆمۆ / بەرمیل | پاش لێدەرکردنی (20%)ی خەرجی کۆمپانیاکانی نەوت / بەرمیل | جیاوازی نرخ/ بەرمیل | پوختەی داهات بەرێژەی (46%) بە دۆلار/ بە بۆری کوردستان/ دوای لێدەرکردنی خەرجی | پوختەی داهات بە دۆلار/ بە ڕێگەی سۆمۆ | جیاوازی داهات دوای لێدەرکردنی خەرجی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەم | کانونی دووەم<br>شوبات<br>ئازار | 34,932,168 | $86.73 | $39.90 | $95.75 | $76.60 | ($36.71) | $1,309,387,838 | $2,675,934,482 | ($1,366,546,644) |
| چارەکی دووەم | نیسان<br>ئایار<br>حوزەیران | 37,618,577 | $100.38 | $46.17 | $109.67 | $87.74 | ($41.56) | $1,559,141,247 | $3,300,603,788 | ($1,741,462,541) |
| چارەکی سێیەم | تەموز<br>ئاب<br>ئەیلول | 35,977,571 | $83.36 | $38.35 | $95.31 | $76.25 | ($37.91) | $1,583,112,252 | $2,743,313,774 | ($1,160,201,522) |
| چارەکی چوارەم | تشرینی یەکەم<br>تشرینی دووەم<br>کانونی یەکەم | 35,876,096 | $69.47 | $31.96 | $81.39 | $65.11 | ($33.16) | $1,167,219,704 | $2,335,964,363 | ($1,168,744,659) |
| ئەنجام | | 144,404,412 | $84.99 | $39.06 | $95.54 | $76.43 | ($37.37) | $5,618,861,041 | $11,036,290,099 | ($5,417,429,058) |

## تێبینی

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/2/24) بڵاوکراوەتەوە؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12197

## سەرچاوەکان


- **درەو میدیا، هەناردە، نرخ و داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی 2022؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11799
- **درەو میدیا، پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا؛**
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12127
- **سومرية نيوز، لماذا يدفع العراق 16 مليار دولار للشركات المستخرجة للنفط؟.. أسباب واحصائيات؛**
https://www.alsumaria.tv/news

## فرۆش و داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لە نێوان ساڵی 2021 –2022
## کۆی داهات بە ڕێژەی (36%) زیادی کردووە و کرێی گواستنەوە (32%) کەمی کردووە

**بەپێی داتاکانی دیلۆیت، پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022) بەراورد بە (2021)؛**

# بڕی نەوتی ڕادەستکراو بە کڕیان لە ڕێگەی بۆرییەوە بە ڕێژەی (5%) کەمی کردووە.
# تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی ڕادەستکراو بە کڕیان لە ڕێگەی بۆرییەوە بە ڕێژەی (43%) زیادی کردووە.
# داهاتی نەوتی ڕادەستکراو بە کڕیان لە ڕێگەی بۆرییەوە بە ڕێژەی (36%) زیادی کردووە.
# کۆی ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە هەردوو شێوەی (بۆری و ناوخۆ) بە ڕێژەی (36%) زیادی کردووە.
# کۆی داهاتی گەڕاوەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (44%) زیادی کردووە.
# کۆی خەرجی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (30%) زیادی کردووە.
# کۆی ئەو کرێیەی بۆ بارکردن و گواستنەوە و خەرجی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم ڕۆشتووە (32%) کەمی کردووە.
# تێکڕای نرخی (1) بەرمیل نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بە ڕێژەی (43%) زیادی کردووە.
# هەزان فرۆشتنی نەوتی هەرێم بۆ تێکڕای (1) بەرمیل نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بە ڕێژەی (41%) زیادی کردووە.
# بەم پێیەش بڕی نەوتی فرۆشراو لە ناوخۆ بە ڕێژەی (7%) کەمی کردووە.
# کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو لە ناوخۆ بەرێژەی (3%) زیادی کردووە.

## یەکەم؛ نرخ و بەهاو پوختەی نەوتی گواستراوە بۆ کڕیاران (لە ڕێگەی بۆرییەوە) لە ساڵی 2021 و 2022؛


**پاڵپشت بە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ وردبینی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە هەر چوار چارەکاکانی ساڵی (2021) بەراورد بە ساڵی (2022)، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆری نەوتی (کوردستان – جەیهانی تورکی)؛**


1. **لەساڵی (2021)دا بڕی (152 ملیۆن و هەزار و 154) بەرمیل نەوتی ڕادەستی کڕیارانی نەوتی هەرێم کردووە، بەڵام لە ساڵی (2022) پوختەی نەوتی ڕادەستکراوە دابەزیوە بۆ (144 ملیۆن و 404 هەزار و 412) بەرمیل. بەم پێیەش بڕی نەوتی ڕادەستکراو بە ڕێژەی (5%) و بە قەبارەی (7 ملیۆن و 596 هەزار و 742) بەرمیل نەوت دابەزیوە لە ساڵی (2022)دا. (بڕوانە خشتە و چارتی ژمارە (1)).**
2. **تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ساڵی (2021)دا بۆ هەر بەرمیلێک بریتی بووە لە (59.49) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا بەهای بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی هەرێم گەیشتووە بە (84.99) دۆلار. واتە هەر بەرمیلێک بە ڕێژەی (43%) و بە بەهای (25.5) دۆلار بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (2)).**
3. **کۆی بەهای پوختەی نەوتی ڕادەستکراوی هەرێم لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (9 ملیار و 37 ملیۆن و 887 هەزار و 22) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا داهاتەکە گەیشتووە بە (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار و 848) دۆلار. بەم پێیەش بڕی (3 ملیار و 293 ملیۆن و 530 هەزار و 826) دۆلار و بەڕێژەی (36%) بەهای نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە لە ساڵی (2022)دا زیادی کردووە بەراورد بە ساڵێک پێش خۆی. (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (3)).**


## خشتەی ژمارە (1)

## نرخ و بەهاو پوختەی نەوتی گواستراوە بۆ کڕیاران لە ساڵی 2021 و 2022

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | ساقی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران بەرمیل | | تێکڕای نرخی (1) بەرمیلی فرۆشراو بە دۆلار | | کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو بەدۆلار | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 |
| چارەکی یەکەم | 37,444,522 | 34,932,168 | $ 48.961 | $ 86.730 | $ 1,833,324,620 | $ 3,028,903,497 |
| چارەکی دووەم | 39,425,366 | 37,618,577 | $ 57.706 | $ 100.388 | $ 2,275,079,490 | $ 3,776,446,251 |
| چارەکی سێیەم | 38,075,291 | 35,977,571 | $ 62.868 | $ 83.367 | $ 2,393,733,513 | $ 3,096,914,127 |
| چارەکی چوارەم | 37,055,975 | 35,876,096 | $ 68.430 | $ 69.472 | $ 2,535,749,399 | $ 2,429,153,973 |
| **کۆ/ تێکڕا** | **152,001,154** | **144,404,412** | **تێکڕا 59.491** | **تێکڕا 84.989** | **$ 9,037,887,022** | **$ 12,331,417,848** |




چارتی ژماره (2)
تێکڕای نرخی (1) بەرمیل نەوتی فرۆشراو
ساڵی 2021 و 2022
DRAW
دامەزراوەی میدیایی درەو
2021
2022
$48.96
$86.73
$57.71
$100.39
$62.87
$83.37
$68.43
$69.47
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


چارتی ژماره (3)
کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو لە ساڵی 2021 و 2022
DRAW
دامەزراوەی میدیایی درەو
2021
2022
$1,833,324,620
$3,028,903,497
$2,275,079,490
$3,776,446,251
$2,393,733,513
$3,096,914,127
$2,535,749,399
$2,429,153,973
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


## دووە؛ کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراوی (بۆری و ناوخۆ) بڕی خەرجی و داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەت لە ساڵی 2021 و 2022


1. کۆی ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە هەردوو شێوەی (بۆری و ناوخۆ)وە بەدەستهاتووە، لە ساڵی (2021) بریتی بووە لە (9 ملیار و 125 ملیۆن و 987 هەزار و 56) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا داهاتەکەی بەرزبووتەوە بۆ (12 ملیار و 422 ملیۆن و 260 هەزار و 894) دۆلار. بەم پێیەش داهاتی گشتی نەوتی هەرێم بڕی (3 ملیار و 296 ملیۆن و 273 هەزار و 838) دۆلار و بە ڕێژەی (36%) زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی (2021). (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (4)).
2. کۆی داهاتی گەڕاوەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (3 ملیار و 964 ملیۆن و 814 هەزار و 502) دۆلار و بە ڕێژەی (44%) گەڕاوەتەوە نێو خەزێنەی گشتی حکومەتی هەرێم، بەڵام لە ساڵی (2022) بڕەکە گەیشتووە بە (5 ملیار و 709 ملیۆن و 704 هەزار و 87) دۆلار و بە ڕێژەی (46%). بەم پێیەش داهاتی گەڕاوە لە ساڵی (2022)دا بڕی (ملیارێک و 744 ملیۆن و 889 هەزار و 585) دۆلار و بەڕێژەی (44%) زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی (2021). (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (5))
3. کۆی خەرجی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (5 ملیار و 161 ملیۆن و 172 هەزار و 554) دۆلار و بە ڕێژەی (56%)، بەڵام لە ساڵی (2022) بڕەکە گەیشتووە بە (6 ملیار و 712 ملیۆن و 556 هەزار و 807) دۆلارو بە ڕێژەی (54%). بەم پێیەش خەرجی پرۆسەی نەوت لە ساڵی (2022)دا بڕی (ملیارێک و 551 ملیۆن و 384 هەزار و 253) دۆلار و بەڕێژەی (30%) زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی (2021). (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و چارتی ژمارە (6)).


## خشتەی ژمارە (2)

### کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراوی (بۆری و ناوخۆ) بڕی خەرجی و داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەت لە ساڵی 2021 و 2022

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | کۆی داهاتی نەوتی خاوی فرۆشراو (بۆری + ناوخۆ) | | داهاتی ماوە بۆ حکومەت | | ڕێژەی داهاتی ماوە | | خەرجی پرۆسەی نەوت | | ڕێژەی خەرجی پرۆسەی نەوت | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 |
| چارەکی یەکەم | $1,840,713,527 | $3,063,356,891 | $842,750,668 | $1,343,841,232 | 46% | 44% | $997,962,859 | $1,719,515,659 | 54% | 56% |
| چارەکی دووەم | $2,286,368,434 | $3,789,290,279 | $894,430,406 | $1,571,985,275 | 39% | 41% | $1,391,938,028 | $2,217,305,004 | 61% | 59% |
| چارەکی سێیەم | $2,429,762,073 | $3,116,890,171 | $1,133,267,918 | $1,603,088,296 | 47% | 51% | $1,296,494,155 | $1,513,801,875 | 53% | 49% |
| چارەکی چوارەم | $2,569,143,022 | $2,452,723,553 | $1,094,365,510 | $1,190,789,284 | 43% | 49% | $1,474,777,512 | $1,261,934,269 | 57% | 51% |
| کۆ/ تێکڕا | **$9,125,987,056** | **$12,422,260,894** | **$3,964,814,502** | **$5,709,704,087** | **44%** | **46%** | **$5,161,172,554** | **$6,712,556,807** | **56%** | **54%** |




چارتی ژمارە (5)
کۆی داهاتی گەڕاوەی نەوتی فرۆشراوی ساڵی 2021 و 2022
$842,750,668
$1,343,841,232
$894,430,406
$1,571,985,275
$1,133,267,918
$1,603,088,296
$1,094,365,510
$1,190,789,284
2021
2022
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


چارتی ژمارە (6)
کۆی خەرجی نەوتی فرۆشراوی ساڵی 2021 و 2022
$997,962,859
$1,719,515,659
$1,391,938,028
$2,217,305,004
$1,296,494,155
$1,513,801,875
$1,474,777,512
$1,261,934,269
2021
2022
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


## سێیەم؛ کرێ و تێچووی بارکردنی و گواستنەوەی نەوت لە خاکی (هەرێم و تورکیا) لە ساڵی 2021 و 2022


1. کۆی ئەو کرێیەی بۆ بارکردن و گواستنەوە و خەرجی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم ڕۆشتووە لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (1 ملیار و 304 ملیۆن و 595 هەزار و 838) دۆلار، بەڵام خەرجی پێویست بۆ هەمان بوار لە ساڵی (2022)دا دابەزیوە بۆ (892 ملیۆن و 948 هەزار و 508) دۆلار. بەم پێیەش خەرجی ناوبراو بە ڕێژەی (32%) و بە قەبارەی (411 ملیۆن و 647 هەزار و 330) دۆلار کەمی کردووە لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵێک پێشتر. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3) و چارتی ژمارە (7)).
2. کۆی کرێی بارکردن و گواستنەوە و خەرجی (1) بەرمیل نەوتی هەناردەکراوی هەرێم بە تێکڕا لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (8.58) دۆلار، بەڵام خەرجی پێویست بۆ هەمان بەرمیل لە ساڵی (2022)دا دابەزیوە بۆ (6.18) دۆلار. بەم پێیەش خەرجی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت بە ڕێژەی (28%) و بە قەبارەی (2.4) دۆلار کەمی کردووە لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵێک پێشتر. (بڕوانە خشتەی ژمارە (3) و چارتی ژمارە (8)).

**خشتەی ژمارە (3)**

**کرێ و تێچووی بارکردنی و گواستنەوەی نەوت لە خاکی (هەرێم و تورکیا) لە ساڵی 2021 و 2022**

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | ساغی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | | کرێی گواستنەوەی بۆری بە دۆلار | | | | | | کۆی کرێی گواستنەوەی (یەک بەرمیل بە دۆلار) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | 2021 | | | 2022 | | | 2021 | 2022 |
| | | | کرێ لە نێو خاکی هەرێم | کرێ لە نێو خاکی تورکیا | کرێی بۆری هەرێم و تورکیا | کرێ لە نێو خاکی هەرێم | کرێ لە نێو خاکی تورکیا | کرێی بۆری هەرێم و تورکیا | | |
| چارەکی یەکەم | 37,444,522 | 34,932,168 | $215,480,909 | $ 52,745,954 | $ 268,226,863 | $122,165,292 | $127,455,135 | $ 249,620,427 | $ 7.16 | $ 7.15 |
| چارەکی دووەم | 39,425,366 | 37,618,577 | $238,932,863 | $119,394,094 | $ 358,326,957 | $ 36,460,969 | $214,803,023 | $ 251,263,992 | $ 9.09 | $ 6.68 |
| چارەکی سێیەم | 38,075,291 | 35,977,571 | $218,606,905 | $ 99,932,207 | $ 318,539,112 | $106,192,385 | $126,335,608 | $ 232,527,993 | $ 8.37 | $ 6.46 |
| چارەکی چوارەم | 37,055,975 | 35,876,096 | $197,153,609 | $162,349,297 | $ 359,502,906 | $ 10,000,000 | $149,536,096 | $ 159,536,096 | $ 9.70 | $ 4.45 |
| **کۆ/ تێکڕا** | **152,001,154** | **144,404,412** | **$870,174,286** | **$434,421,552** | **$1,304,595,838** | **$274,818,646** | **$ 618,129,862** | **$ 892,948,508** | **$ 8.58** | **$ 6.18** |


چارتی ژماره (7)
کۆی کرێی گواستنەوەو بارکردنی نەوتی هەرێم بە بۆری لە خاکی (هەرێم و تورکیا)
ساڵی 2021 و 2022
DRAW
$268,226,863
$249,620,427
$358,326,957
$251,263,992
$318,539,112
$232,527,993
$359,502,906
$159,536,096
2021
2022
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


چارتی ژماره (8)
گواستنەوەو بارکردنی (1) بەرمیل نەوتی هەرێم بە بۆری لە خاکی (هەرێم و تورکیا)
ساڵی 2021 و 2022
DRAW
$7.16
$7.15
$9.09
$6.68
$8.37
$6.46
$9.70
$4.45
2021
2022
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


## چوارەم؛ تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و نرخی نەوتی هەرێم و هەرزان فرۆشتنی لە ساڵی 2021 و 2022


1. تێکڕای نرخی (1) بەرمیل نەوتی لە بازاڕەکانی جیهان بۆ ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (70.68) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا بەرزبووەتەوە بۆ (100.78) دۆلار. بەم پێیەش بەرمیلێک نەوت بە ڕێژەی (43%) و بە قەبارەی (30.10) دۆلار زیادی کردووە لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵێک پێشتر. (بڕوانە خشتەی ژمارە (4) و چارتی ژمارە (9)).
2. تێکڕای نرخی (1) بەرمیل نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (59.49) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا بەرزبووەتەوە بۆ (84.99) دۆلار. بەم پێیەش بەرمیلێک نەوت بە ڕێژەی (43%) و بە قەبارەی (25.5) دۆلار زیادی کردووە لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵێک پێشتر. (بڕوانە خشتەی ژمارە (4) و چارتی ژمارە (10)).
3. جیاوازی و هەزان فرۆشتنی نەوتی هەرێم بۆ تێکڕای (1) بەرمیل نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ ساڵی (2021) بەراورد بە نرخی جیهانی بریتی بووە لە (11.19) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا بەرزبووەتەوە بۆ (15.79) دۆلار. بەم پێیەش بەرمیلێک نەوت بە ڕێژەی (41%) و بە قەبارەی (4.6) دۆلار هەزانکرنەکەی زیادی کردووە لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵی (2021). (بڕوانە خشتەی ژمارە (4) و چارتی ژمارە (11)).


**خشتەی ژمارە (4)**

**تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و نرخی نەوتی هەرێم و هەرزان فرۆشتنی لە ساڵی 2021 و 2022**

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | تێکڕای نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان (بۆ هەر سێ مانگێک) | | تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێم | | جیاوازی نرخی نەوتی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 |
| چارەکی یەکەم | $60.82 | $100.30 | $48.96 | $86.73 | ($11.86) | ($13.57) |
| چارەکی دووەم | $68.83 | $113.54 | $57.70 | $100.39 | ($11.13) | ($13.16) |
| چارەکی سێیەم | $73.47 | $100.71 | $62.86 | $83.37 | ($10.61) | ($17.35) |
| چارەکی چوارەم | $79.59 | $88.56 | $68.43 | $69.47 | ($11.16) | ($19.08) |
| **کۆ/ تێکڕا** | **$70.68** | **$100.78** | **$59.49** | **$84.99** | **($11.19)** | **($15.79)** |




چارتی ژمارە (10)
تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی هەرێم
ساڵی 2021 و 2022
2021
2022
$48.96
$86.73
$57.70
$100.39
$62.86
$83.37
$68.43
$69.47
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


چارتی ژمارە (11)
تێکڕای تێکڕای هەرزان فرۆشتنی بەرمیلێک نەوتی هەر بەراورد بە بازارەکانی جیهان
ساڵی 2021 و 2022
2021
2022
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم
($11.86)
($13.57)
($11.13)
($13.16)
($10.61)
($17.35)
($11.16)
($19.08)


## پێنجەم؛ ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن لە ساڵی 2021 و 2022

**لەساڵی (2021)دا بڕی (8 ملیۆن و 357 هەزار و 261) بەرمیل نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بۆ پاڵاوتن ڕادەستی پاڵاوگەکانی نەوتی هەرێم کراوە، بەڵام لە ساڵی (2022) پوختەی ئەو نەوتە خاوەی لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بۆ پاڵاوتن ڕادەستی پاڵاوگەکانی نەوتی هەرێم کراوە زیادی کردووە بۆ (10 ملیۆن و 758 هەزار و 288) بەرمیل. بەم پێیەش بڕی نەوتی ڕادەستکراو بە ڕێژەی (29%) و بە قەبارەی (2 ملیۆن و 401 هەزار و 261) بەرمیل نەوت زیادی کردووە لە ساڵی (2022)دا. (بڕوانە خشتەی ژمارە (5) و چارتی ژمارە (12)).**

**خشتەی ژمارە (5)**

**ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن لە ساڵی 2021 و 2022**

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | ڕادەستکردنی نەوتی خاو لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن | |
|---|---|---|
| | 2021 | 2022 |
| چارەکی یەکەم | 1,783,160 | 2,226,083 |
| چارەکی دووەم | 1,866,179 | 2,298,581 |
| چارەکی سێیەم | 2,351,751 | 2,319,088 |
| چارەکی چوارەم | 2,355,937 | 3,914,536 |
| **کۆ/ تێکڕا** | **8,357,027** | **10,758,288** |




## شەشەم؛ پوختەی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران"بە بەرمیل" لە ناوخۆی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022


1. لەساڵی (2021)دا بڕی (ملیۆنێک و 581 هەزار و 979) بەرمیل نەوتی خاو بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ فرۆشراوە، بەڵام لە ساڵی (2022) پوختەی ئەو نەوتە خاوەی بە پاڵاوگەکانی ناوخۆ فرۆشراوە بڕەکەی دابەزیوە بۆ (ملیۆنێک و 466 هەزار و 797) بەرمیل. بەم پێیەش بڕی نەوتی فرۆشراو لە ناوخۆ بە ڕێژەی (7%) و بە قەبارەی (115 هەزار و 182) بەرمیل نەوت کەمی کردووە لە ساڵی (2022)دا. (بڕوانە خشتەی ژمارە (6) و چارتی ژمارە (13)).
2. تێکڕای نرخی (1) بەرمیل نەوتی فرۆشراوی هەرێم بە پاڵاوگەکانی ناخۆ بۆ ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (57.31) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا بەرزبووەتەوە بۆ (61.36) دۆلار. بەم پێیەش بەرمیلێک نەوت بە ڕێژەی (7%) و بە قەبارەی (4.05) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک زیادی کردووە لە ساڵی (2022)دا بەراورد بە ساڵێک پێشتر. (بڕوانە خشتەی ژمارە (6) و چارتی ژمارە (14)).


3. کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو لە ناوخۆ لە ساڵی (2021)دا بریتی بووە لە (88 ملیۆن و 100 هەزار و 34) دۆلار، بەڵام لە ساڵی (2022)دا داهاتەکە گەیشتووە بە (90 ملیۆن و 843 هەزار و 46) دۆلار. بەم پێیەش بڕی (2 ملیۆن و 743 هەزار و 12) دۆلار و بەڕێژەی (3%) بەهای نەوتی فرۆشراوی هەرێم لە ناوخۆ لە ساڵی (2022)دا زیادی کردووە بەراورد بە ساڵێک پێش خۆی. (بڕوانە خشتەی ژمارە (6) و چارتی ژمارە (15)).


**خشتەی ژمارە (6)**

**پوختەی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران"بە بەرمیل" لە ناوخۆی هەرێم لە ساڵی 2021 و 2022**

| وردبینی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت | سافی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران/ بەرمیل | | تێکڕای نرخی (1) بەرمیل | | کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 | 2021 | 2022 |
| چارەکی یەکەم | 124,238 | 409,037 | $59.47 | $84.23 | $7,388,907 | $34,453,394 |
| چارەکی دووەم | 175,842 | 237,475 | $64.19 | $54.09 | $11,288,944 | $12,844,028 |
| چارەکی سێیەم | 722,812 | 435,731 | $49.84 | $45.85 | $36,028,560 | $19,976,044 |
| چارەکی چوارەم | 559,087 | 384,554 | $55.74 | $61.29 | $33,393,623 | $23,569,580 |
| **کۆ/ تێکرا** | **1,581,979** | **1,466,797** | **تێکرا $57.31** | **تێکرا $61.36** | **$88,100,034** | **$90,843,046** |


چارتی ژمارە (13)
پوختەی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران"بە بەرمیل" لە ناوخۆ
ساڵی 2021 و 2022
DRAW
دامەزراوەی میدیایی درەو
124,238
409,037
175,842
237,475
722,812
435,731
559,087
384,554
2021
2022
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم


چارتی ژمارە (14)
تێکڕای نرخی نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی گواستراوە بۆ کڕیاران"بە بەرمیل" لە ناوخۆ
ساڵی 2021 و 2022
DRAW
دامەزراوەی میدیایی درەو
$59.47
$84.23
$64.19
$54.09
$49.84
$45.85
$55.74
$61.29
2021
2022
چارەکی یەکەم
چارەکی دووەم
چارەکی سێیەم
چارەکی چوارەم




**تێبینی**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/3/4) بڵاوکراوەتەوە؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12258

**سەرچاوەکان**

- **ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت لە ساڵانی (2021 و 2022) لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛**

https://gov.krd/information-and-services/open-data/

- **درەو میدیا، پرۆسەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022)دا، لە 2023/2/16؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12127

- **درەو میدیا، دیوی ناوەوەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت لە ساڵی (2021)، لە 2022/4/2؛**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9981

## نەوت وەک سەرچاوەی سەرەکی داهاتی وڵاتانی نەوتی هەرێم (67%)، عێراق (96%)، سعودیە (68%)، قەتەر (85) داهاتی سەرەکیان نەوتە

**پاڵپشت بە زانیارییەکانی بەردەست دەربارەی داهاتی گشتی (نەوتی و نانەوتی) هەرێم کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی (OPEC) لە ساڵی (2022)دا بەم شێوەیەیە؛**

# داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (16 ملیار و 42 ملیۆن) دۆلار بووە، (12 ملیار و 331 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (77%)ی داهاتی نەوت و برِی (3 ملیار و 710 ملیۆن و 820 هەزار) دۆلاری بە رێژەی (23%) داهاتی نانەوتی بووە.

# داهاتی گشتی عێراق زیاتر لە (120 ملیار و 750 ملیۆن) دۆلار بووە، (115 ملیار و 466 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (96%)ی داهاتی نەوت و برِی (5 ملیار و 284 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (4%) داهاتی نانەوتی بووە.

# داهاتی گشتی سعودییە (333 ملیار و 180 ملیۆن) دۆلار بووە، (227 ملیار و 340 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (68%)ی داهاتی نەوت و برِی (105 ملیار و 840 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (32%) داهاتی نانەوتی بووە.

# داهاتی گشتی قەتەر (80 ملیار و 352 ملیۆن) دۆلار بووە، (68 ملیار و 364 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (85%)ی داهاتی نەوت و برِی (11 ملیار و 988 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (15%) داهاتی نانەوتی بووە.

# داهاتی گشتی کوەیت (60 ملیار و 962 ملیۆن) دۆلار بووە، (53 ملیار و 138 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (87%)ی داهاتی نەوت و برِی (7 ملیار و 824 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (13%) داهاتی نانەوتی بووە.

# داهاتی گشتی لیبیا (28 ملیار و 224 ملیۆن) دۆلار بووە، (22 ملیار و 155 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (78%)ی داهاتی نەوت و برِی (6 ملیار و 69 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (22%) داهاتی نانەوتی بووە.

# داهاتی گشتی بەحرەین زیاتر لە (6 ملیار و 375 ملیۆن) دۆلار بووە، (4 ملیار و 21 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (63%)ی داهاتی نەوت و برِی (2 ملیار و 354 ملیۆن) دۆلاری بە رێژەی (37%) داهاتی نانەوتی بووە.

## یەکەم؛ داهاتی نەوتی و نانەوتی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی (OPEC) لە ساڵی 2022 بە دراوی نیشتمانی

**پاڵپشت بە زانیارییەکانی بەردەست دەربارەی داهاتی گشتی (نەوتی و نانەوتی) بەشێک لە وڵاتانی (OPEC) لە ساڵی (2022)دا بەم شێوەیەیە؛**

1. **داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان (23 ترلیۆن و 249 ملیار و 620 ملیۆن و 69 هەزار و 565) دینار بووە، پاڵپشت بە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت (17 ترلیۆن و 871 ملیار و 620 ملیۆن و 69 هەزار و 565) دیناری بە ڕێژەی (77%)ی داهاتی نەوت و بڕی (5 ترلیۆن و 378 ملیار) دیناری بە ڕێژەی (23%) داهاتی نانەوتی بووە. کە سەرچاوەی گرتووە لە؛**
   - **(200 ملیار) دینار پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق کە تەنها یەک جار ڕەوانەی هەرێم کراوە.**
   - **(1 ترلیۆن و 680 ملیار) دیناری داهاتی گومرگ.**
   - **(720 ملیار) دیناری داهاتی باج.**
   - **(2 ترلیۆن و 400 ملیار) دیناری داهاتی ڕەسم.**
   - **(378 ملیار) دیناری هاریکاری هاوپەیمانان بووە**
2. **داهاتی گشتی عێراق (175 ترلیۆن و 1 ملیار و 171 ملیۆن و 624 هەزار) دینار بووە، پاڵپشت بە داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق (167 ترلیۆن و 342 ملیار و 384 ملیۆن) دیناری بە ڕێژەی (96%)ی داهاتی نەوت و پاڵپشت بە داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق بڕی (7 ترلیۆن و 658 ملیار و 787 ملیۆن و 624 هەزار) دیناری بە ڕێژەی (4%) داهاتی نانەوتی بووە.**
3. **داهاتی گشتی سعودیيە (ترلیۆنێک و 234 ملیار) ریاڵ بووە، (842 ملیار) ریاڵی بە ڕێژەی (68%)ی داهاتی نەوت و بڕی (392 ملیار) ریاڵی بە ڕێژەی (32%) داهاتی نانەوتی بووە.**
4. **داهاتی گشتی قەتەر (297 ملیار و 700 ملیۆن) ریاڵی قەتەری بووە، (253 ملیار و 200 ملیۆن) ریاڵی بە ڕێژەی (85%)ی داهاتی نەوت و بڕی (44 ملیار و 400 ملیۆن) ریاڵی بە ڕێژەی (15%) داهاتی نانەوتی بووە.**
5. **داهاتی گشتی کوەیت (18 ملیار و 700 ملیۆن) دیناری کوەیتی بووە، (16 ملیار و 300 ملیۆن) دیناری بە ڕێژەی (87%)ی داهاتی نەوت و بڕی (2 ملیار و 400 ملیۆن) دیناری بە ڕێژەی (13%) داهاتی نانەوتی بووە.**

6. داهاتی گشتی لیبیا (134 ملیار و 400 ملیۆن) دیناری لیبی بووە، (105 ملیار و 500 ملیۆن) دیناری بە ڕێژەی (78%)ی داهاتی نەوت و بڕی (28 ملیار و 900 ملیۆن) دیناری بە ڕێژەی (22%) داهاتی نانەوتی بووە.
7. داهاتی گشتی بەحرەین (2 ملیار و 405 ملیۆن و 881 هەزار) دیناری بەحرەینی بووە، (1 ملیار و 517 ملیۆن و 536 هەزار) دیناری بە ڕێژەی (63%)ی داهاتی نەوت و بڕی (888 ملیۆن و 345 هەزار) دیناری بە ڕێژەی (37%) داهاتی نانەوتی بووە.

بۆ بەرچاوڕونی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (1)؛

خشتەی ژمارە (1)

خشتە

داهاتی گشتی (نەوتی و نانەوتی) هەرێمی کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی (OPEC) لە ساڵی 2022

| هەرێمی کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی ئۆپیک | داهاتی نەوت بە دراوی نیشتمانی | داهاتی نانەوتی بە دراوی نیشتمانی | کۆی داهات بە دراوی نیشتمانی | ڕێژەی داهاتی نەوتی | ڕێژەی داهاتی نانەوتی | جۆری دراو | بەهای (1) یەکەی دراو بەرامبەر بە دۆلار | داهاتی نەوتی بە دۆلار | داهاتی نانەوتی بە دۆلار | کۆی داهات بە دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | 17,871,620,069,565 | 5,378,000,000,000 | 23,249,620,069,565 | 77% | 23% | دیناری عێراقی | $0.00069 | $12,331,417,848 | $3,710,820,000 | $16,042,237,848 |
| عێراق | 167,342,384,000,000 | 7,658,787,624,000 | 175,001,171,624,000 | 96% | 4% | دیناری عێراقی | $0.00069 | $115,466,245,000 | $5,284,563,461 | $120,750,808,421 |
| سعودیە | 842,000,000,000 | 392,000,000,000 | 1,234,000,000,000 | 68% | 32% | ریالی سعودی | $0.27000 | $227,340,000,000 | $105,840,000,000 | $333,180,000,000 |
| قەتەر | 253,200,000,000 | 44,400,000,000 | 297,600,000,000 | 85% | 15% | ریالی قەتەری | $0.27000 | $68,364,000,000 | $11,988,000,000 | $80,352,000,000 |
| کوەیت | 16,300,000,000 | 2,400,000,000 | 18,700,000,000 | 87% | 13% | دیناری کوەیتی | $3.26000 | $53,138,000,000 | $7,824,000,000 | $60,962,000,000 |
| لیبیا | 105,500,000,000 | 28,900,000,000 | 134,400,000,000 | 78% | 22% | دیناری لیبی | $0.21000 | $22,155,000,000 | $6,069,000,000 | $28,224,000,000 |
| بەحرەین | 1,517,536,000 | 888,345,000 | 2,405,881,000 | 63% | 37% | دیناری بەحرەینی | $2.65000 | $4,021,470,400 | $2,354,114,250 | $6,375,584,650 |

## دووەم؛ بەهای دراوی نیشتمانی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی (OPEC) لە ساڵی 2022 بەرامبەر بە دۆلار


1. تێکڕای بەهای (1) دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلار لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (0.00069) دۆلار.
2. تێکڕای بەهای (1) ریاڵی سعودی بەرامبەر بە دۆلار لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (0.27) دۆلار.
3. تێکڕای بەهای (1) ریاڵی قەتەری بەرامبەر بە دۆلار لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (0.27) دۆلار.
4. تێکڕای بەهای (1) دیناری کوەیتی بەرامبەر بە دۆلار لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (3.26) دۆلار.
5. تێکڕای بەهای (1) دیناری لیبی بەرامبەر بە دۆلار لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (0.21) دۆلار.

6. تێکڕای بەهای (1) دیناری بەحرەینی بەرامبەر بە دۆلار لە ساڵی (2022)دا بریتی بووە لە (2.65) دۆلار.


## سێیەم؛ داهاتی نەوتی و نانەوتی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی (OPEC) لە ساڵی 2022 بە دۆلار

پاڵپشت بە زانیارییەکانی بەردەست دەربارەی داهاتی گشتی (نەوتی و نانەوتی) بەشێک لە وڵاتانی (OPEC) لە ساڵی (2022)دا بەم شێوەیەیە؛


1. داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان (16 ملیار و 42 ملیۆن و 237 هەزار و 848) دۆلار بووە، (12 ملیار و 331 ملیۆن و 417 هەزار و 848) دۆلاری بە رێژەی (77%)ی داهاتی نەوت و بری (3 ملیار و 710 ملیۆن و 820 هەزار) دۆلاری بە رێژەی (23%) داهاتی نانەوتی بووە. بڕوانەی چارتی ژمارە (1)،




2. داهاتی گشتی عێراق (120 ملیار و 750 ملیۆن و 808 هەزار و 421) دۆلار بووە، (115 ملیار و 466 ملیۆن و 245 هەزار) دۆلاری بە ڕێژەی (96%)ی داهاتی نەوت و بڕی (5 ملیار و 284 ملیۆن و 563 هەزار و 461) دۆلاری بە ڕێژەی (4%) داهاتی نانەوتی بووە. بڕوانەی چارتی ژمارە (2).




3. داهاتی گشتی سعودییە (333 ملیار و 180 ملیۆن) دۆلار بووە، (227 ملیار و 340 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (68%)ی داهاتی نەوت و بڕی (105 ملیار و 840 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (32%) داهاتی نانەوتی بووە. بڕوانەی چارتی ژمارە (3).




4. **داهاتی گشتی قەتەر (80 ملیار و 352 ملیۆن) دۆلار بووە، (68 ملیار و 364 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (85%)ی داهاتی نەوت و بڕی (11 ملیار و 988 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (15%) داهاتی نانەوتی بووە. بڕوانەی چارتی ژمارە (4).**




5. داهاتی گشتی کوەیت (60 ملیار و 962 ملیۆن) دۆلار بووە، (53 ملیار و 138 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (87%)ی داهاتی نەوت و بڕی (7 ملیار و 824 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (13%) داهاتی نانەوتی بووە. بڕوانەی چارتی ژمارە (5).



6. داهاتی گشتی لیبیا (28 ملیار و 224 ملیۆن) دۆلار بووە، (22 ملیار و 155 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (78%)ی داهاتی نەوت و بڕی (6 ملیار و 69 ملیۆن) دۆلاری بە ڕێژەی (22%) داهاتی نانەوتی بووە. بڕوانەی چارتی ژمارە (6).



7. داهاتی گشتی بەحرەین لە (6 ملیار و 375 ملیۆن و 584 هەزار و 650) دۆلار بووە، (4 ملیار و 21 ملیۆن و 470 هەزار و 400) دۆلاری بە ڕێژەی (63%)ی داهاتی نەوت و بڕی (2 ملیار و 354 ملیۆن و 114 هەزار و 250) دۆلاری بە ڕێژەی (37%) داهاتی نانەوتی بووە. بڕوانەی چارتی ژمارە (7).




تێبینی
ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2023/3/18) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12359

## سەرچاوەکان


1. ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ وردبینی نەوتی هەرێم لە ساڵی (2022).
2. داهات و خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (2022)دا، (ڕاپۆرتی درەو میدیا) لە 2022/1/3.
3. ڕاگەیەندراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە بارەی بڕو داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە ساڵی (2022).
4. ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی عێراق تایبەت بە داهات و خەرجی عێراق لە ساڵی (2022).
5. إكرامي عبدالله من الرياض، جريدة العرب الاقتصادية الدولية، 392 مليار ريال الإيرادات غير النفطية في 2022 .. قفزت 209 % في 8 أعوام.
6. وكالة الانباء القطرية، وزارة المالية: موازنة قطر للعام 2022 تحقق فائضا فعليا قدره 89 مليار ريال، 23فبراير 2023.
7. وزارة المالية – دولة الكويت؛ وزارة المالية تصدر الحساب الختامي للدولة للسنة المالية 21/22.
8. بوابة الوسط، أعلن مصرف ليبيا المركزي، تسجيل إيرادات عامة بقيمة 134.4 مليار دينار خلال العام الماضي، بينما بلغ الإنفاق العام 127.9 مليار دينار.
9. مملكة البحرين، وزارة المالية والاقتصاد الوطني، جدول رقم ن ن 2022 و 2021 الماليتي الإيرادات.

## پرۆسەی نەوتی هەرێم

## (گرافیک)




DRAW
زیانە داراییەکانی
فرۆشی نەوتی هەرێم
81,000,000,000,000 دینار
پشکی خۆی لە بودجەی گشتی عێراق لەدەستداوە
45,000,000,000,000 دینار
قـــەرزار بـــووە
حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا
کەمتـــر لە 31 ترلیۆن دینـــاری بۆماوەتـــەوە
+1,100,000,000 بـــەرمیل
فرۆشی نەوتی هەرێم لە 8 ساڵدا
Drawmedia.net



DRAW
بەهای نەوتی کوردستان
هەناردەکردنی لە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ
ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێم فرۆشتویەتی لە 2021
151,211,000
$ 3,870,024,521
داهاتی نەوتی فرۆشراو بەشێوەی سەربەخۆ
$ 10,670,453,860
داهاتی نەوتی فرۆشراو بە نرخی سۆمۆ
Drawmedia.net



DRAW
نەوتی هەرێم لە 2021
نەوتی فرۆشراو 152,000,000
کۆی داهات $9,000,000,000
کۆی خەرجی $5,000,000,000
داهاتی ماوە $4,000,000,000
نرخی بەرمیلێك $59.4
OIL
Drawmedia.net
سەرچاوە / کۆمپانیای دیلۆیت



DRAW
پارەی هەرێم لە بانکێکی لوبنان بلۆککراوە
" کۆمپانیای دیلۆیت "
310,000,000 یۆرۆ
294,000,000 دۆلار
$637,000,000
کۆی گشتی
Deloitte
Drawmedia.net
سەرچاوە کۆمپانیای دیلۆیت


DRAW
کرێی بۆری نەوتی هەرێم لە 2021
$1,274,000,000
ڕوسنێفت
$504,000,000
%40
کۆمپانیای کار
$336,000,000
%26
%34
تـــورکیـــا
$434,000,000
Drawmedia.net
سەرچاوە / دیلۆیت


DRAW
داهاتی مانگی ڕابردووی نەوتی هەرێم
31/1/2022 - 1/1/2022
%42
داهات بۆ حکومەت
%58
داهات بۆ خەرجی پرۆسەی نەوت
1،384،116،683،500
کۆی داهاتی نەوت
802،787،376،430
خەرجی پرۆسەی نەوت
OIL
581،329،307،070
داهات بۆ حکومەت
Drawmedia.net



DRAW
نەوتی فرۆشراوی هەرێم
لە سێ مانگی یەکەمی 2022
%56
خەرجی نەوت
$1,719,515,659
%44
داهاتی ماوە
$1,343,841,232
سەرجەم داهاتی ماوە تەرخانکراوە بۆ مووچە
$3,063,339,547
بەهای نەوتی فرۆشراو
%1
نەوتی فرۆشراو بەناوخۆ
ژمارەی بەرمیل 409,037
نرخی بەرمیلێك $84.230
داهات $34,453,187
%99
نەوتی فرۆشراو بەبۆری
ژمارەی بەرمیل 34,923,168
نرخی بەرمیلێك $86.730
داهات $3,028,886,361
Drawmedia.net
سەرچاوە/حکومەتی هەرێم



DRAW
خەرجی موچە لە داهاتی نەوتی هەرێم
نەوتی فرۆشراو لەمانگێکدا
داهاتی نەوت بۆ موچە
تێکڕای نرخی نەوت
تێکڕای نرخی نەوت- بەونرخەی حکومەتی هەرێم دەیفرۆشێت
$75.51
12,860,000 بەرمیل
$488,000,000
$86.13
11,400,000
$488,000,000
$100.88
11,180,000
$363,000,000
مانگی 2022/1
مانگی 2022/2
مانگی 2022/3
Drawmedia.net
سەرچاوە: وتەبێژی حکومەت


DRAW
بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی
پارێزگای دهۆك 2020-2022
ئاستی بەرهەمهێنان 2022 - بەرمیل/ڕۆژانە
ئاستی بەرهەمهێنان2020 - بەرمیل/ڕۆژانە
شێخان
46,800
36,625
ئەتروش
41,273
45,100
سەرسەنگ
31,000
30,800
دهۆك
61,780
56,320
تاوکێ
46,933
53,850
بەرهەمی ڕۆژانەی سەرجەم کێڵگەکان
227,786 بەرمیل
222,695 بەرمیل
2020
2022
Drawmedia.net





DRAW
کێڵگەی نەوتی خورمەڵە
$525,000,000
داهاتی مانگانەی کێڵگەکە
%45
کـــۆی بـەرهەم و داهاتــی نەوتی هەرێم پێکدەهێنێت
2007
کەوتۆتە دەست حکومەتی هەرێم
KAR
کۆمپانیای کار ئیدارەی کێڵگەکە دەکات
بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگە
105,000
110,000
130,000
160,000
160,000
160,000
175,000
2016
2017
2018
2019
2020
2021
2022
FIRST OIL
KHURMALA DOME TO ERBIL REFINERY
July 18, 2009
Drawmedia.net
سەرچاوە: وەزارەتی سامانەسروشتییەکانی هەرێم



DRAW
تورکیا و نەوتی هەرێم
سودمەندبوونی کۆمپانیا تورکییەکان لە پرۆسەی نەوتی هەرێم
$252,455,135
کۆی پارەی دراو لەچارەکی یەکەمی 2022
$127,455,135
تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (کرێی بۆری)
$125,000,000
قەرزدانەوەی کۆمپانیاکانی (وزەی تورکی و پیترۆڵی تورکی)
%8
8%ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ کۆمپانیا تورکیەکانە
$7
لە هەر بەرمیلێک نەوت (7) دۆلاری بۆ کۆمپانیا تورکییەکانە
Drawmedia.net
سەرچاوە /ڕاپۆرتی دیلۆیت


DRAW
پرۆسەی نەوتی هەرێم
جیاوازی چارەکی یەکەمی 2022 بەراورد بە 2021
%7
کەمبوونەوەی هەناردە
%39.5
زیادبوونی داهات
%1.9
زیادبوونی خەرجی
داهاتی ماوە بۆ حکومەت
2022 2021
%43.9 %45.8
کرێی گواستنەوەی 1بەرمیل لەناوخاکی هەرێم
2022 2021
$3.50 $5.75
کرێی گواستنەوەی 1بەرمیل لەناوخاکی تورکیا
2022 2021
$3.65 $1.41
2022 2021
$1,719,515,659
$997,962,859
$1,343,841,232
$842,750,668
$3,063,356,891
$1,840,713,527
34,923,168
37,444,522
خەرجی پرۆسەی نەوت
داهاتی ماوە بۆ حکومەت
داهـــات
کـۆی هەنـــاردە
Drawmedia.net
سەرچاوە /ڕاپۆرتی دیلۆیت

\



DRAW
کڕیارانی نەوتی هەرێم
لەسێ مانگی سەرەتای 2022
نەزانراو 4,214 %11
ڕۆمانیا 650 %2
ئیسپانیا 2,074 %5
بولگاریا 1,902 %5
یـۆنـان 6,506 %17
کرواتیا 2,736 %7
ئیسرائیل 6,190 %16
ئیتاڵیا 14,360 %37
ملیۆن بەرمیل
Drawmedia.net
سەرچاوە/ڕوونبین



DRAW
توانای پاڵوگە نەوتییەکانی هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی سپی
لەساڵێکدا دوو هێندەی پێداویستی ماڵان نەوتی سپی بەرهەم دەهێنن
هەولێـــر
80,000 بەرمیل
نەوتی پاڵێوراو ڕۆژانە
لانــاز
30,000
کـــار
50,000
سلێمانــی
40,000 بەرمیل
نەوتی پاڵێوراو ڕۆژانە
بازیان
40,000
دهـــۆك
6,000 بەرمیل
نەوتی پاڵێوراو ڕۆژانە
6,000 تاوکێ
توانای پاڵوگەکانی هەرێم
پاڵاوتن/ڕۆژانە
256,000
پاڵاوتن/ساڵانە
93,440,000
پاڵاوتن/ساڵانە بە لیتر
466,508,544
پێداویستی پارێزگاکان بۆ (200) لیتر نەوتی سپی
98,610,870
سلێمانی و هەڵەبجە
88,408,706
هەولێـــر
53,181,000
دهـــۆك
240,200,570 لیتر کۆی پێداویستی هاوڵاتیان
466,508,544 لیتر توانای بەرهەمهێنانی پاڵوگەکان
Drawmedia.net


DRAW
بەنزین لە هەرێمی کوردستان
توانای پاڵاوگەکان بۆ بەرهەمهێنان و بڕی خواست لەسەر بەنزین
هەولێر 2,571,409
سلێمانی 1,674,609
دهۆك 753,981
~ 5000,000 لیتر/ڕۆژانە
کۆی خواستی پارێزگاکان لەسەر بەنزین
توانای پاڵاوگەکانی هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی بەنزین
40,704,000 لیتر/ڕۆژانە
ژمارەی ئۆتۆمبێل بەپێی پارێزگا
هەولێر
%51
946,094
سلێمانی
%34
616,136
دهۆك
%15
277,411
Drawmedia.net



DRAW
داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان
کۆی داهات لە 10 مانگی 2022
$ 11,138,403,056
%44
$ 4,900,778,545
داهاتی ماوە بۆ حکومەت
%56
$ 6,237,354,512
خەرجی پرۆسەی نەوت
OIL
1/2022 918,600,037
2 997,767,574
3 1,112,397,257
4 1,220,370,052
5 1,346,889,426
6 1,209,041,111
7 1,320,256,600
8 1,011,615,600
9 1,015,560,400
10 985,635,000
Drawmedia.net



DRAW
بەهای نەوتی کوردستان
هەناردەکردنی بە ڕێگەی سۆمۆ یان سەربەخۆ
کۆی داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆریەوە
12,784,354,000
جیاوازی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم ئەگەر لەڕێگەی (سۆمۆ) وە بفرۆشرایە
$5 510 980 598
جمهورية العراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
1992
داهاتی نەوتی هەناردەکراو بەڕێگەی سۆمۆ
$11 136 096 339
داهاتی نەوت بۆ خەزێنەی حکومەت
$5 625 115 741
تێکڕای نرخی نەوت بەڕێگەی سۆمۆ
$76.43
تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت ماوە بۆ خەزێنەی حکومەت
$38.65
145 511 745 بەرمیل
کۆی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لە 2022
Drawmedia.net



DRAW
داهاتی نەوتی هەرێم
نیوەی دووەمی 2022
$ 5 569 613 724
کۆی داهاتی نەوت
بۆ خەرجی نەوت
$ 2 775 736 144
%50
بۆ خەزێنەی حکومەت
$ 2 793 877 580
%50
OIL
سەرچاوە: کۆمپانیای دیلۆیت
Drawmedia.net


DRAW
فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان
چارەکی سێیەمی 2022
1 2 3 4 5 6 7
35 977 571
1 کۆی هەناردەکراو/ بەرمیل
2 319 088
2 تەرخانکراو بۆ پاڵاوگە/ بەرمیل
433 516
3 فرۆشی ناوخۆ/ بەرمیل
$ 3 096 914 127
4 داهاتی نەوتی هەناردەکراو
$ 19 976 044
5 داهاتی نەوتی ناوخۆ
$ 1 513 801 875
6 خەرجی پرۆسەی نەوت
$ 1 603 088 296
7 داهاتی ماوە بۆ حکومەت
Drawmedia.net



DRAW
فرۆش و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 2022
سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران
کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو
چارەکی یەکەم
34 932 168
$ 3 028 903 497
چارەکی دووەم
37 618 577
$ 3 776 446 251
چارەکی سێیەم
35 977 571
$ 3 096 914 127
چارەکی چوارەم
35 876 096
$ 2 429 153 973
کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو
$ 12 331 417 848
سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران
144 404 412 بەرمیل
Drawmedia.net
سەرچاوە / دیلۆیت


DRAW
پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان
فرۆش و داهاتی نەوت لەساڵی 2022
$ 12 331 417 000
کـــۆی داهـــاتی نـــەوت
بۆ خەزێنەی حکومەت
$ 5 709 704 087
46%
بۆ خـەرجی نـەوت
$ 6 712 556 807
54%
144 404 000
کۆی نەوتی فرۆشراو/بەرمیل
OIL
Drawmedia.net
سەرچاوە/کۆمپانیای دیلۆیت


DRAW
کرێی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان
کرێی بۆری گواستنەوەی نەوتی هەرێم لە ساڵی 2022
%31
کۆی کرێی گواستنەوە لەناوخاکی هەرێم
$ 274 818 646
$ 12 331 417 848
کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو
کۆی کرێی گواستنەوە لەناوخاکی تورکیا
$ 618 129 862
%69
%7.2
ڕێژەی کرێی بۆری لە کۆی بەهای نەوتی فرۆشراو
$ 892 948 508
کۆی کرێی بۆری گواستنەوە
Drawmedia.net
سەرچاوە/دیلۆیت


DRAW
پرۆسەی نەوتی هەرێم لە نێوان 2021 - 2022
بەها و پوختەی نەوتی گواستراوە بۆکڕیاران
2021
152 001 154
سافی نەوتی
خاوی گواستراوە
بەرمیل
2022
144 404 412
2021
9 037 887 022
بەهای نەوتی
خاوی فرۆشراو
$
2022
12 331 417 848
Drawmedia.net
سەرچاوە/ راپۆرتی دیلۆیت


DRAW
کرێی بارکردن و گواستنەوەی نەوتی هەرێم
کرێ و تێچووی بارکردن و گواستنەوەی نەوت لەخاکی (هەرێم و تورکیا) لە ساڵی 2021 و 2022
$892 948 508
کرێی بۆری لە نێو خاکی تورکیا و هەرێمی کوردستان
2022
$1 304 595 838
کرێی بۆری لە نێو خاکی تورکیا و هەرێمی کوردستان
2021
کرێی بۆری لەنێو خاکی تورکیا
$618 129 862
2022
$434 421 552
2021
کرێی بۆری لەنێو خاکی هەرێم
2022
$274 818 646
2021
$870 174 286
Drawmedia.net


DRAW
نەوت وەك سەرچاوەی سەرەكی داهاتی وڵاتانی نەوتی
داهاتی نەوت و ڕێژەی لەكۆی داهات
داهاتی نانەوتی و ڕێژەی لەكۆی داهات
عێراق
%96
%4
$115 466 245 000
$ 5 284 563 461
كوەیت
%87
%13
$ 53 138 000 000
$ 7 824 000 000
قەتەر
%85
%15
$ 68 364 000 000
$ 11 988 000 000
لیبیا
%78
%22
$ 22 155 000 000
$ 6 069 000 000
هەرێمی كوردستان
%77
%23
$ 12 331 417 848
$ 3 710 820 000
سعوديیە
%68
%32
$ 227 340 000 000
$ 105 840 000 000
بەحرەین
%63
%37
$ 4 021 470 400
$ 2 354 114 250
Drawmedia.net